# مـــام جەلال

## کۆکەرەوەی دژەکان

ئامادەکردنی

**هەرێم عەبدوڵا**





# مـــام جەلال
# کۆکەرەوەی دژەکان

ناوی کتێب : مـام جەلال کۆکەرەوەی دژەکان
ئامادەکردن: هەرێم عەبدوڵا محمد
پێداچوونەوە و هەڵەبڕی: کاروان عوسمان شوانی
دیزاینی ناوەڕۆک: پێشەواشێخ ڕەئووف
دیزاینی بەرگ: ئەحمەد بابا
تیرایژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: حـەمـدی
نۆبەت و ساڵ چاپ: سێیەم ، سلێمانی ٢٠٢٠

ژمارە (١٦٠٥) ی لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکانی سلێمانی پێدراوە

**"مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوە و کۆپیکردن و بڵاوکردنەوەی بۆ ئامادەکار پارێزراوە"**

**ئەم بەرهەمە لەسەر ئەرکی بەڕێز**

**(کوێخا ئیسماعیل حەمید، فەرماندەی لیوای ١٠٤ ) لە چاپدراوە**

## سوپاس و پێزانین

❖سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز (کوێخا ئیسماعیل حەمید).
❖سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز (سەردار عەلی بنەیی).
❖ سوپاسی زۆرم بۆ بەڕێز (پێشەوا شێخ ڕەئوف).
❖سوپاسی زۆرم بۆ ماندوبونی بەڕێز (کاروان عوسمان شوانی).
❖سوپاس و پێزانینم بۆ کۆششی بەڕێز (ئاوات کۆکەیی).
❖سوپاسی زۆرم بۆ ماندوبونی (ئەحمەد بابا)
❖سوپاس بۆ هاوژین و هاوسەرم (گەشاو ئیبراهیم ).

# ناوەڕۆک

پێشەکی چاپی سێیەم ..... ١١
پێشەکی چاپی یەکەم و دووەم ..... ١٣
مام جەلال ..... ١٥
ئاخ باوکە گیان ..... ٢١
کۆچی مام جەلال و بەرپرسیاریێتی ئێران ..... ٢٤
مام جەلال هەمیشە زیندووە ..... ٢٨
دەباشان دراوسێی ئازیز، ئێستا ئەوبەرت کێی لا میوانە ..... ٣٠
سەرقوڕاوییەکانی خانووە قوڕەکان ..... ٣٢
مام: "هەواڵی خۆشی وڵات زووتر چاکم دەکاتەوە ..... ٣٥
سۆفت پاوەری تاڵەبانی ..... ٤٠
خەباتگێڕی ماندوونەناس ..... ٤٣
کۆچی دوایی مام، کۆستێکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوایەتیمانە ..... ٤٦
چ دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت ..... ٤٨
بۆ ئۆغری ئەبەدی مامی گەورەی نەتەوەی کورد مام جەلال ..... ٥٠
کاتێک کە تۆ عەفوو شمولی نەدەکردیت ..... ٥٢
نان و ئازادی بۆ نووسەران ..... ٥٧
مام جەلال و ئازادی ژن ..... ٥٩
یەکەم هاوکار و هاندەری ڕۆژگارە سەختەکانی ژیانم بوو ..... ٦١
مام جەلال ..... ٦٣
مامی ڕێباز روون و ئامانج رەوا، ئۆغرت خێر ..... ٦٦
تاڵەبانی و گریمانە بنچینەییەکان ..... ٦٩
مام جەلال گەردونی بوو ..... ٧٣
جێگەکەت خاڵی خاڵییە ..... ٧٦

مــام جــەلال ............ ٧٨
مەرگی دیپلۆماتە گەورەکە ............ ٨١
نهێنی ژمارە حەوت لای مام جەلال ............ ٨٤
مام جەلال شۆڕشگێڕێکیماندونەناس و هێمای ئاشتەوایی بوو ............ ٨٧
بۆمێــژوو ............ ٨٩
سەرکردەیەک بۆ ئاشتی؛ دیپلۆماتێک لە لوتکەدا ............ ٩١
من و مام جەلال لە فڕۆکەخانەی لوبنان ............ ٩٩
وەفایەک بۆ مــام ............ ١٠٢
ماڵئاوا مامی خۆشە ویست ............ ١٠٤
دەستوری مام ............ ١٠٦
ئەمڕۆی هەینی ڕۆژی وەفا بۆ مام جەلال ............ ١٠٨
لەگەڵ بووکەشووشەکەی هاوخەمی بۆ مام جەلال دەربڕی ............ ١١٠
یادی مام جەلال بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە ............ ١١٢
مـــام جـــەلال ............ ١١٤
ڕێبازی مام جەلال لە نێوان گوفتار و کرداردا ............ ١١٨
لەیادی مورافەعە گەورەکەی سەرۆک مام جەلال دا ............ ١٢١
سەرۆک مام جەلال ............ ١٢٥
چەمکێک لە ژیانی سەرۆک مام جەلال ............ ١٢٧
پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق پێویستی بە کەسایەتییەکی وەک مام جەلال بوو ............ ١٣٠
قسەیەکی مام جەلال ............ ١٣٣
چەند یاد و بیرەوەرییەک لەگەڵ مام جەلالدا (٢) ............ ١٣٥
چەند یاد و بیرەوەرییەک لەگەڵ مام جەلالدا(٣) ............ ١٣٩
چەند یاد و بیرەوەرییەک لەگەڵ مام جەلالدا (٤) ............ ١٤٢
مامەگیان تۆ سومبولی نەتەوەیەک بووی ............ ١٤٦
فەرەنسا و مام جەلال ............ ١٥٠
مام جەلال خەمخۆر و دڵسۆزی هەموو بوارەکان بوو ............ ١٥٣
ماڵئاوایی مام جەلال، هونەرمەندانی تەنیاتر کرد ............ ١٥٥
بەرجەستەکردنی ڕێبازی مام جەلال ............ ١٥٧

مام جەلال و تورکیا ........ ١٦٣
هێشتا زووە و جێمان مەهێڵە مام و باوکی پڕ سۆزی هەمووان ........ ١٦٦
سۆز بۆ مام لە رۆژنامەکەی مامەوە ........ ١٦٨
پیاوێک پێش زەمەنی خۆی کەوت ........ ١٧٢
زمانی گوڵ، لەدیدی مام جەلالەوە ........ ١٧٤
مامی هەمووان ........ ١٧٧
ڕێبەرایەتی شۆڕشی نوێ و بیری نوێ بووی ........ ١٧٩
پرۆتۆکۆل و پرسەی مام ........ ١٨٢
ترس لە کۆچی ڕێبەرێک ........ ١٨٥
سوپاس مامە گیان ........ ١٨٨
مام جەلال ئەندازیاری سەلماندنی بەهاکان ........ ١٩٢
پەیامەکانی ریورەسمی بەخاکسپاردنی تاڵەبانی ........ ١٩٧
دڵی کێ گرنگە؟ ........ ٢٠٠
وەرە هەڤاڵ تۆ مەڕۆ ........ ٢٠٢
مەڕۆ مام مەڕۆ ........ ٢٠٤
ئێران دڵسۆزی بۆ مام جەلال نیشاندا ........ ٢٠٦
گەورەیی مام جەلال لە دوو خاڵدا ........ ٢٠٩
مام جەلال و پرسیارێک ........ ٢١٢
مام جەلال گەردوونی بوو ........ ٢١٥
دوای جەنابی مام جەلال ........ ٢١٨
٧٣ ساڵ خەبات ........ ٢٢١
نان و ئازادی بۆ ئەدیب ........ ٢٢٣
هەوڵێکی تیرۆرکردنی سەرۆک مام جەلال یەکێک لە یادەوەرییەکانم بۆ مێژوو ........ ٢٢٥
مام جەلال، ئەفسوون و دانایی و گەشبینیی ........ ٢٢٩
چیرۆکی ئەم وێنەیە ........ ٢٣٨
کۆچی مام جەلال، قۆناغی فیترەت ........ ٢٤٠
ئێوارەیەک لە ماڵی مام جەلال ........ ٢٤٣
مام جەلال و کوردستانی مەرکەزی ........ ٢٥٠
دیپلۆماسی بە خاکسپاردن ........ ٢٥٢

راسپاردەکانی مام ........ ٢٥٤
تاڵەبانی، ساحیری کۆکەرەوەی دژەکان ........ ٢٥٧
ئەم خەمە بکەنە هەوێنی ئاشتەوایی نیشتمانی ........ ٢٥٩
مام و دۆستایەتی ئەدەب ........ ٢٦١
مام لە روحییەتی شیعرییدا ........ ٢٦٣
کێ ماڵئاوایی لێکردین؟ ........ ٢٦٥
شیعرەکەی حاجی بۆ مام جەلال بنوسن ........ ٢٦٨
مام جەلال، پیاوی بەهرە جیاوازەکان ........ ٢٧٠
ماڵئاوایی سەرۆکێکی سەربوردە پیرۆز و بلیمەت ........ ٢٧٣
سەلیقەی ئەدەبیی مام ........ ٢٧٧
کێ رۆیشت؟ ........ ٢٧٩
مام و رەخنە و رۆژنامەنووس ........ ٢٨٢
بەردەوامیی رێباز یان دووبارەبوونەوەی مام جەلال ........ ٢٨٥
مام جەلال، رابەرێکی روناکبیر ........ ٢٨٨
لەدوای مام جەلال ........ ٢٩١
کۆچی تاڵەبانی کۆچی مێژووی قۆناغێکە ........ ٢٩٣
ماڵئاوا مامی هەمووان ........ ٢٩٦
کۆچێکی ناوادەبوو گەورەم ........ ٢٩٨
کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال و چەند وتەیەک ........ ٣٠٠
مام جەلال، کوردێک جێگەی گەورەتر لە کوردستان ........ ٣٠٤
دواین نامەی مام جەلال ........ ٣٠٩
مام جەلال، مەرجەعێک بۆ سازان و چارەسەریی ........ ٣١٣
گوڵەکانی سەر جەنازەکەی تاڵەبانی ........ ٣١٧
رۆحی تاڵەبانی پێویستی بەهەڵوێستە نەک فرمێسک ........ ٣١٩
ڕۆڵی جەنابی مام جەلال لە کەرتی تەندروستی ........ ٣٢١
مام جەلال ........ ٣٢٤
دەڵێن مام جەلالیش لێرە بووە ........ ٣٢٦
بۆ کۆچی دوایی مامی هەموو کوردان ........ ٣٢٨
مام جەلال کەسایەتییەکی نیشتمانی بوو ........ ٣٣٢

پێنج داهێنانی مام جەلال ........ ٣٣٤
میدیا جیهانیەکان مام جەلال بە سەرکردەیەکی کارییزمی ناودەبەن ........ ٣٣٧
مام جەلال لە ئەلبوومی ناخی مندا ........ ٣٤٠
مام جەلال و کڵاوەکەی محمد مهدی جەواهیری ........ ٣٥٤

# پێشەکی چاپی سێیەم

لە ساتی یەکەمی مەراسیم و ناساندنی ئەم کتێبەوە، خوێنەران هێندە بە پەرۆشەوە بەرەو پیریی کتێبەکەی ئەم پیرە ژیرە هاتن، بە جۆریک نزیک بوویەوە لە تەواو بوون، بۆیە هەر لە دوای تەواوبوونی ئەو مەراسیمەوە، بیرم لەوە کردەوە جارێکی دی لە چاپی بدەمەوە.

چاپی دووەمیش لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تیراژەکەی تەواوبوو، ئیتر ئەو پرسیارە لای من دروست بوو، کە: ئایا سڕی ئەم بەرەو پیریی هاتنەی ئەم کتێبە چییە؟

_ بێگومان وەڵامی سەرەتا و کۆتاییم هەرئەوەیە: کاریزما و خۆشەویستیی مام لای کۆمەڵانی خەڵک وایکردوە بە پیریی ئەم کتێبە و تەواوی ئەو کتێبانەوە بچن، کە لەسەری نوسراون.

لەبەرامبەر گەورەیی مام جەلال دا هەرچی کارێکی بۆ بکرێت هەر کەمە، بەڵام بۆ من جێگەی شانازییە، کە ئامادەکاری کتێبێکم سێ جار لە چاپبدرێتەوە، دڵخۆشم بەوەی کە هێشتا بەرەی خوێندەواران و ئەهلی کتێب لەپێشڤەچوون دان، تەواوی چینەکان هێشتا کتێب وەک پیرۆزییەک دەبینن و دەیخوێننەوە.

شادمانم کە دەبینم دڵسۆزان و شوێنکەوتووانی ڕێبازەکەی مام بە پەرۆشەوەن بۆ خوێندنەوەی تەنانەت وشەیەکیش کە لەسەر ئەو سەرکردە مەزنەی کورد دەنوسرێت.

لە چاپدانەوەی ئەم کتێبەش ڕەنگە دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە بەرەی خوێندەواران هێشتا سوپایەکی تۆکمەن و ژمارەیان کەم نییە.

هەموو ئەو فیدباکانەی لەسەر ئەم کتێبە کردمان، ئەو پێشوازییە گەرمەی لە لایەن خەڵکەوە لێی کرا، هانی دام چاپی سێیەمی بکەینەوە.
سوپاس و پێزانی خۆشمان بۆ هەموو ئەو دۆست و ئازیزانەی لە تەواوی چاپەکانی ئەم کتێبەدا پێمانەوە ماندووبوون و ئەرکیان کێشا.

هەرێم عەبدوڵا
چەمچەماڵ
١٥/ ئابی/٢٠٢٠

# پێشەکی چاپی یەکەم و دووەم

مام جلال سەرکردەیەکە پێویستی بە ناساندن نییە، ئەو ناو و ناوبانگی لە هەموو گوندو شارو شارۆچکەیەکی وڵاتەوە تێپەڕی و گەیشت بە عێراق، لەوێشەوە گەیشت بەهەموو جیهان.
تاڵەبانی خەباتی بۆ گەلەکەی و گەلانی عێراق دەکرد، لە پێناو مافی هەموو خەڵک و گەلانی ستەملێکراوی جیهاندا قسەی خۆی هەبوو.
کاروانی دورودرێژی خەباتی وایکرد لای هەموو جیهان خۆشەویست بێت و تەنانەت سەرکردەی وڵاتە زلهێزەکانیش ڕێزی تایبەتییان لێدەنا.
مام جلال تا لە ژیاندا بوو هەموو جەمسەرە دژبەیەکەکانی کۆدەکردەوە لە خۆی، هێزی وشەکانی مام دڵی دوژمنانیشی دەسمی، کاتێکیش کە کۆچی دوایی کرد بە یارو نەیارییەوە هەستیان کرد ژیرێکی مەزنیان لەدەستداوە، بۆیە هەموان پێکەوە لە ڕێورەسمی پرسەکەی دا ئامادەبوون.
خاوەن قەڵەمەکانیش؛ لەنوسەران و ڕۆژنامەوانان پێکەوەو بێ جیاوازی لەبارەی تاڵەبانییەوە نوسییان.
کاری من وەک ئامادەکاری ئەم کتێبە تەنها کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لەو وتارانەی کە لەکات و شوێنی خۆی دا نوسراون، زۆربەی وتارەکان سەروەختێک نوسراون کە تاڵەبانی کۆچی دوایی کرد.
کۆکردنەوەی ئەم وتارانەم بەگرنگ زانی، چونکە بە کۆکردنەوەیان لە کتێبێکدا دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەبارەی مام جەلالەوە بنوسن، بە تایبەت ڕۆڵی لە مێژووی سیاسی کورددا.

خۆ ئەگەر نەکرایە بە کتێب ئەوا بۆ توێژەران و نوسەران کارێکی زەحمەت دەبوو تا لە دووتوێی ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا دەستیان بکەوێت.
وتارەکان ڕاوبۆچونی نوسەرەکانیانن و لێیان بەرپرس نیم، هەر بۆیە دەستکاری هیچ وتارێکیشم نەکردوە، ئەگەرچی لەهەندێک شوێنداو لە زمانی نوسینەکە و شێوازی دەربڕین دا ناشازبوون، بەڵام چونکە لە ڕۆژنامە و سایتەکاندا بڵاوکرابونەوە، بۆیە دەقاودەق دانراونەتەوە.

هەرێم عەبدوڵا
چەمچەماڵ
٦ی تەموزی ٢٠١٨

# مام جەلال

ناوی جەلال حسیامەدین-ە. لەناو بنەماڵەکەیو لە دەرەوەی قوتابخانە لەلایەن کەسە نزیکەکانیەوە بە (مام جەلال- بانگ دەکریێ وەک خۆشەویستییەکی بنەماڵەکەی بۆ مامی باوکی کە ناوی جەلال بوو و وەفاتی کردووە پێشگری ناوی -مام- دەخەنە پێش ناوەکەی). لە قۆناغی سەرەتاییدا، زیرەکو لێهاتوو و جیاواز بوو لە هاوتەمەنەکانی. هەم بە زیرەکییەکەی لە خوێندنو وانەکاندا، هەم بە بوونی نیشانەکانی سەرکردایەتی بە جۆریێ لێیدەرکەوتووە کە پێش هاوڕێکانی دەکەوت بۆ کۆڕی پرسە و ئەو بۆنانەی لەو سەردەمەدا بەڕێوە دەچوون. هەروەها رۆژانە لە کاتی ریزبوونی قوتابییاندا، مامۆستاکان پێش هەمووان ئەویان هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتمانیی و نەتەوەییو بەشداری دەکرد لە چالاکیەکانی قوتابخانە وەک وتار خوێندنەوەو شانۆ.

یەکێک لە کارە مەزنەکانی ئەو لە قۆناغی منداڵیدا، ساڵی ١٩٤٦ دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکار و بە ئامۆژگاری یەکێک لە مامۆستاکانی کۆمەڵەیەکی فێرکاری نهێنی دامەزراند بە ناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە) (k.p.x ) و بە سکرتێری هەڵبژاردرا. ئامانجێکی کۆمەڵەکە هاندانی خوێندکاران بوو بۆ خوێندنەوەی دەرەکی. بەو چەشنە لە خەباتی مەدەنیو رێکخراوەییەوە کاروانی کۆششو تێکۆشانەکەی دەست پێدەکاتو درێژە دەکێشیێ بۆ کایەی سیاسەتو حیزبایەتی، رۆژنامەگەریی، سەرکردایەتییو رێبەرایەتی.

لە یەکەم ساڵی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرنامەی پارتەکە و لە چوارچێوەی رێکخستنەکانیدا کەوتە چالاکی خوێندکارانە. ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کورد. ساڵی

١٩٤٩، یەکەم بەرپرسیارێتی حیزبی گرتە ئەستۆو بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی. ئەمەش وەک قۆناغی سەرەتای تێکەڵاوبوونی بە کاری سیاسیو حیزبی هەژمار دەکرێ.

**ناوەکەی دەبێتە (ئاگر)**

خولیای بۆ نووسینو خستنە رووی دیدو بۆچوونەکانیو گەیاندنیان بە دەرەوی

دەوروبەرەکەی لە کۆیە، پاڵی پێوەدەنێت بۆ ناو دنیای رۆژنامەگەریو میدیا. یەکەم وێستەگەی لەو کایەیەدا، رۆژنامەی (رزگاریە، کە پارتی دیموکراتی کورد بە نهێنی دەریدەکردو تێیدا وتاری کورتی بە ناوی خواستراوی (ئاگر)ەوە بڵاو دەکردەوە. لە ساڵی ١٩٥١ چووە کەرکوک بۆ تەواوکردنی خوێندن و بووە بەرپرسی رێکخستنەکانی کەرکوک. لە هەمان ساڵیشدا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی بە شێوەیەکی نهێنی گرتە ئەستۆ.

**ئەو بووبە (پیرۆت)**

ساڵی ١٩٥٨، چووە بەغداد و بەشداریی کرد لە دەرکردنی گۆڤاری (رزگاری)و (التحرير)دا، ساڵی ١٩٥٩، بەشداری کرد لە دەرکردنی رۆژنامەی (خەبات)دا کرد کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، وە بە ناوی (پیرۆت) ەوە وتارەکانی بڵاودەکردەوە.

ئەم دوو ناوە (ئاگر) و (پیرۆت)، بۆ ئەو قۆناغەن کە تێیدا لە پاڵ کاری بەرپرسارێتی حیزبیدا، بەشداری لە کایەی راگەیاندنی کوردیدا دەکاتو وەک نووسەرو رۆژنامەنووس ئەو دوو ناوەی بەکارهێناوە. کارەکانیشی لە بواری راگەیاندن تەنیا لەو چەند وێستگەیەدا نەوەستاوە. ساڵی ١٩٦١ بووە سەرنووسەری رۆژنامەی (کوردستان). ساڵی ١٩٥٧ بوو بە بەرپرسی رۆژنامەی (خەباتی کوردستان) کە لە سلێمانی بە نهێنی دەردەچوو. لە ساڵی

١٩٥٩ وەک ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی هەڵبژێردراوە.

**مام جەلال لەسەر زاری دنیا**

(مام جەلال) ئەو ناوەی لە قۆناغی منداڵیدا، تەنیا لە لایەن بنەماڵەو کەسوکارەکەیەوە بەکار دەهێنرا، دەبێتە ناوێک کە هەم هەموو کوردستانیان‌و هەم عەرەب‌و فارس‌و هەندێک نەتەوەی دیکەش بۆ هەتایە بەو ناوە ناوی دەبەن‌و باسی دەکەن. کاروانەکە لە ئەندامێکی ئاسایی پارتی دیموکراتەوە دەست پێدەکات (١٩٤٧)، دوو ساڵ دواتر دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی، ١٩٥١ لە کۆنگرەی دووەمی پارتی بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر پاراستنی ریزەکانی پارتی، پلەکەی خۆی بە هەڤاڵێکی خۆی بەخشی کە دوای دەرچوونی لە زیندانی بەشداری لە کۆنگرەدا کردبوو. ١٩٥٣ لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە هەمان ساڵدا سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ی کرد و لە کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردرا و لە هەمان ساڵیشدا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان). هەر لەو کاتانەدا نوێنەری پارتی بوو لای زۆربەی حزبە نهێنی‌و ئاشکراکانی عیراقی. لە ١٩٥٤ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. ١٩٥٩ جارێکی تر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی‌و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا. لە ١٩٦١ کە شۆڕش هەڵگیرسا، بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو، یەکەمین بنکەی شۆڕشی لە چەمی رەزان کردەوەو کرا بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە نەورۆزی ١٩٦٢ دا، سەرکردایەتی ئەو هێرشە بەر فراوانەی کرد بۆ سەر ناوچەی شارباژێڕکرا و لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەست بەسەر هەموو بنکەی

پۆلیسی ناحیەی بناوەسووتەو چوارتادا گیراو هێزەکانی بەرەو قەزای پێنجوێن بردو تەواو ناوچەکەیان ئازاد کرد.
١٩٦٢ ـ ١٩٦٣ زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغ و قەڵاسێوکە و گەرمیان و سەنگاو ئازاد کران. ئەو دەمە مام جەلال فەرماندەی هێزی رزگاری بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆ و هەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەی دەکرد. ١٩٦٣ و دوای کودەتای شوبات، مام جەلال بە سەرۆکی وەفدی کوردی دەستنیشان کرا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراق. هەروەها سەردانی کۆماری میسرو جەزائیری کردو چاوی بە عەبدولناسر و بن بێلا کەوت. لە هەمان ساڵیشدا سەردانی ئەوروپای کردو نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کردو سەرکەوتوو بوو بۆ ناساندنی کێشەی کوردو ئاشکرا کردنی بارودۆخی کوردستان‌و کۆکردنەوەی یارمەتی‌و هاوکاری بۆ شۆڕش لە وڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، روسیا، چیکسلۆ فاکیاو نەمسا. ١٩٦٤ گەڕایەوە کوردستان و ئەرکی خۆی لە فەرماندەیی کردنی هێزی رزگاری گرتەوە ئەستۆ. ١٩٦٧ بەشداری لە کۆڕی (ئیشتراکیەکانی عەرەب) کرد لە جەزائیرو لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی کێشەی کوردو شەرعیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردو دۆستایەتی نێوان کوردو عەرەب پێشکەشکرد.
لە ١ / ٦ / ١٩٧٥ لە دیمەشق لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵانیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی دامەزراند و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دانا کە لە ١ /٦/ ١٩٧٦ راگەیەنرا و بووە سکرتێری گشتی یەکێتیی.
(مام جەلال) ناوێکە لە قۆناغی هەرزەکارییەوە بۆ ناسینەوەی کەسێکە لە ئەندامێکی ئاسایی حیزبەوە بۆ کادیر، بۆ سەرکردەیەکی حیزبی، پێشەوای باڵێکی گەورەی حیزبێک، بۆ سکرتێری گشتی کاریگەرترین هێزی سیاسی سەر گۆڕەپانی خەباتی بەشێکی کوردستان، بۆ چەقی کوردایەتی لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان، وەک پێشەواو داناو پێشەنگی خەباتی

رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو کەسایەتییەکی سیاسییو خەباتگێڕێکی هۆشمەندی کوردەواری و نووسەر و یاساناس، هەروەها وەک کەسایەتییەکی جیهانی بەردەوام دەبیو دوای کۆچی دواییشی، بۆ هەتایە لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا، وەک ناوێکی هەرە ناسراو و دیار دەمێنێتەوە.

**ئەبو شەلال**

(ئەبو شەلال)، ئەو ناوەیە کە لەناو هێزە عەرەبیە عیراقییەکانو سیاسەتکارو ئەدیبوبەشێک لە دەوڵەتمەدارانی جیهانی عەرەبی نازناوی مام جەلال بوو. لەلای ئەوان بەو ناوە دەناسرا (ناوەکە لەوەوە هاتووە، کوڕی گەورەی مام جەلال ناوی -بافڵ-ە ، کە بە ناوی تاڤگەکانی چەمی رەزانەوە ناودێری کردووەو خەڵکی ناوچەی چەمی رەزان -٤٠کم خۆرئاوای شاری سلێمانی- بە تاڤگەکانی ناوچەکەیان دەڵێن بافڵ، یان بافڵەکان)، ناوی ئەبو شەلال لە دنیای عەرەبدا بە تایبەت لە قۆناغە سەختەکانی خەباتی کوردایەتییدا، نازناوی مام بوو دواتریش وەک یادەوەری ئەو رۆژانە بەشێک لە هەڤاڵو دۆستەکانی هەر بەو ناوە بانگیان دەکرد و پەیامیان بۆ دەنارد. یارو نەیار گەواهی دەدەن کە (ئەبو شەلال) یەکێک بووە لە بزوێنەری سەرەکی بۆ لێک نزیک کردنەوەی بۆچوونەکان لە نێو ریزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە کۆنگرەکانی نیویۆرک و لەندەن و سەلاحەدین و هەموو دانیشتنەکانی دوای ئەوانەش کە پەیوەندییان بە رێکخستن و نزیکبوونەوەی ماڵی عیراقییەوە هەبوو، میوانداری زۆربەی زۆری هێزە عیراقیەکانی کردووە لە کوردستان و پشتگیری هەمە جۆری کردوون.

**سەرۆک تاڵەبانی**

دوای ئازادکردنی عیراق بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم هەڵبژێردرا و لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ دا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کرد. لە نیسانی ٢٠٠٥، لە کۆی ٢٤٨ دەنگی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی٢٢٧ دەنگی بە

دەستهێناو بە هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ بە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێراوی عیراق هەڵبژێردرا. لەوە بەدوا لە زمانی رەسمی کوردستانو عیراقو جیهانیشدا وەک (سەرۆک تاڵەبانی)ناوی دەهێنرا. لە فراوانترینو جوانترین دەروازەکانەوە چووە ناو مێژووی کوردو مێژووی عیراقو مێژووی سیاسی و دیموکراسی جیهانەوە.

**جەلال تاڵەبانی**

ئەم ناوەیان دوولایەنە، نەیار و داگیرکەرانی کوردستانو دوژمنانی نەتەوەی کوردو دیکتاتۆرەکان بەکاریان دەبرد، لە نموونەی ئەو ناوهێنانەی لە لێبوردنە گشتییەکانی دیکتاتۆری لەناوچووی عیراق سەدام حسێن کە هەمیشە دەیگوت «لێبوردنەکە هەموو عیراقییەکان دەگرێتەوە جگە لە جەلال تاڵەبانی«.
بە دیوێکی دیکەدا ئەم جەلال تاڵەبانی ئەو بوو لە کۆڕی سیاسیو دەوڵەتمەدارەکانی هەموو جیهانو کایەی سیاسیو دەوڵەتمەداری لەسەر تەواوی گۆی زەوی، لە نموونەی ناوی ئەو وەک جەلال تاڵەبانی، جێگری سکرتێری گشتی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال.
کەسێک بەم هەموو ناوەوە، لەو هەموو کایە جیاوازەدا، وەک مۆم سێ چارەکە سەدەی تەواو جەستەی خۆی سووتاند، تاکو رێگای کاروانی خەباتی کوردایەتی رووناک بکاتەوە. لە گوندێکەوە کاروانی ژیانی دەستێکرد، لە سەر ئاستی گۆی زەوی ناسرا. ناسینێک جیاواز لە زۆر کەسی دیکە، ناو و ناوبانگێکی جیهانی، وەک سیاسییەکی هۆشیار، دانا، کارامە، ئاشتیو رزگارییو دیموکراسیخواز، چاکەکارو ... تاد.

# ئاخ باوکە گیان

**قوباد تاڵەبانی**

مامە گیان لە زۆر وڵاتدا رۆژی باوکە، ئەمڕۆ زۆر بەتاسەوە بیرم کردی، بیری سۆزی باوکایەتیت، بیری حیکمەت و سەرکردایەتیت. بیرم لەوە کردەوە ئەگەر تۆ ئێستا لەژیاندا بمایتایە سبەی ئەنجامی کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی چۆن دەبوو؟ کێشەی ئێستای کەرکوک بەکوێ دەگەشت؟ ئەمە منی خستە خەیاڵێکی قوڵەوە و بە تەواوی باوکم هاتە بەرچاوم:

لە بەیانیەوە پەرۆشە بۆ شێوازی پێشوازی کردنەکە، تەلەفۆنێکی بۆ د.خەسرەو دەکرد و پێی دەوت هەموو بازگەکانی ئاگادار بکاتەوە کە شاندی پارتی دێت و دەبێت پێشوازییەکی شایستە بکرێن.

دواتر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئاگادار دەکردەوە لە کاتی گەیشتنی شاندەکە لەبەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی پێشوازییان لێ بکرێت، خۆ ئەگەر جەنابی کاک مەسعوودیش هاتبایە، مام خۆی دەچووە پێشوازی، مام هەمیشە دەیوت پێشوازیکردن لە میوان گەورەییە.

دواتر کۆبوونەوەکە بە دوو قسەی خۆش و بە گێڕانەوەی دوو نوکتە دەستی پێ دەکرد و هەموو گرژی و ناخۆشییەکانی لە بیر شاندی هەر دوولا دەبردەوە و زەمینەی دروست دەکرد بۆ گفتوگۆیەکی دۆستانە.

پاشان داوای دەکرد شاندی پارتی قسە و باس و داواکاری و گلەییەکانی خۆی بە تەواوی باس بکات، ئەگەر لە کۆبوونەوەکە گرژییەک دروست بوایە، ئەوا مام داوای پشوویەکی کورتی دەکرد و بە کاک مەسعودی دەوت چۆنە دوو قۆڵی پێکەوە چایەک بخۆینەوە؟

که دەستیان پێ دەکردەوە مام بە زەردەخەنەوە بە هەردوو مەکتەبی سیاسییەکەی دەوت لە بیرتان نەچێت کاک نێچیرڤان تەنها هی پارتی نییە، کاندیدی یەکێتیشە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، کاک نێچیرڤان چەندە لە ئاست پارتی بەرپرسیارە دوو ئەوەندە لە ئاست یەکێتیدا بەرپرسیارە، لەهەمانکاتدا پشتیوانی خۆی و یەکێتی بۆ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی رادەگەیان و بۆ هەر دوو لای روون دەکردەوە کە لەگەڵ کاک مەسعوود رێککەوتوون پشتیوانی کاک بەرهەم بکەن وەکو سەرۆک کۆماری نوێ تاکو یەکدەنگی کورد لە کوردستانەوە بگوازرێتەوە بۆ یەکدەنگی کورد لە بەغدا. سەبارەت بە کەرکوکیش مام هەموو مەترسییەکانی بۆ ئامادەبوان ڕوون دەکردەوە.

کۆبوونەوەکە بە نیوەڕۆخوانێکی مام جەلالانە کۆتایی دەهات و هەردوو لا بە خۆشحاڵی و بە هەستێکی برایانەوە دەگەڕانەوە و  بەم جۆرە کوردستان دوور دەخرایەوە لە گرژی و ئاڵۆزی.

رۆژی دواتر لە هەر دوو رۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات ئەم هەواڵەمان دەخوێندوە:

" سەرۆک تاڵەبانی لە بارەگای خۆی لە سلێمانی پێشوازی کرد لە سەرۆک مەسعود بارزانی و پێکەوە تاوتوێی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەندیان کرد لە پێش هەموویانەوە کێشەی پارێزگاری کەرکوک. لای خۆیەوە سەرۆک تاڵەبانی هەموو پشتیوانییەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی راگەیاند بۆ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆک بارزانی جەختی کردەوە پارتی دیموکراتی کوردستان پەرۆشە بۆ کۆتاییهاتنی دۆخی نائاسایی کەرکوک و هاوکار دەبێت لە دانانی پارێزگارێکی

نوێی کورد لەو شارە وەک بەشێک لە بەرکەوتەی یەکێتی لە پێناو پاراستنی شوناسی کوردستانی بوونی شارەکە."

لە پڕ لەم خەیاڵە ڕاچەنیم و هاتمەوە ناو واقیعەکە کە مامان لەگەڵ نییە، هەربۆیە ئێستا دەستمان لەسەر دڵمانە کە ئایا یەکێتی و پارتی دەتوانن بەرپرسانە و بە گیانی لێبوردەییەوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن یان نا؟ بەشکەم ئەوانەی هەمیشە ئەڵێن ئاخ  ئەگەر مام جەلال لێرە بووایە (وەک برایانی پارتی) و ئەوانەی بەردەوام دەڵێن ئەرکی ئێمە درێژەدانە بە ڕێباز و بەرنامەی مام جەلال (یەکێتییەکان) بتوانن ناکۆکییەکان وەلاوە بنێن و وەکو مام و کاک مەسعود کێشەکان چارەسەر بکەن؟

ئاخ باوکە گیان ئێمە هەموومان بێ تۆ تەنهاین، کورد هەموو بێ تۆ تەنهایە، تۆ بە حەق باوکی هەموومان بووی.

# کۆچی مام جەلال و بەرپرسیاریێتی ئێران

**عارف قوربانی**

هەر سەرکردەیەکی سیاسی کە دەمرێت بەگوێرەی پێگە و رۆڵ و کەسایەتی خۆی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا دێنێت. لانی کەم لەناو خودی حیزبەکەی، یا لە وڵاتەکەی. لە دونیادا نمونەش زۆرن مردنی سەرکردەیەک کاریگەریی و لێکەوتەی بۆ سەر دەوروبەر و مرۆڤایەتیش هەبووە. مردنی مام جەلالیش یەکێک دەبێت لە نمونەی ئەو سەرکردە گەورانەی جیهان کە چاوەڕوان دەکرێت لە دوای خۆی لە ئاستی هەرێمایەتی و عیراق و کوردستان لێکەوتەی جۆراوجۆر و گۆڕانکاریی زۆری لێبکەوێتەوە.

یەکێک لەو دەوڵەتانەی مردنی مام جەلال کاریگەریی لەسەری دەبێت وڵاتی ئێرانە، چونکە تاڵەبانی رایەڵەی پەیوەندی و سەنگی متمانەی نێوان کوردستان و ئێران بوو. بە مردنی مام جەلال تەرازوی پەیوەندی و دۆستایەتیەکە تێک دەچێت. پرسیار ئەوەیە ئێران لە دوای مام جەلال چی دەکات و چۆن ئەو پەیوەندی و بایەخەی کوردستان رادەگرێت، بەتایبەتی کە کوردستان ئەزمونی تاڵیان لەمبارەیەوە هەیە و ئەوە تەنها تاڵەبانی بوو مایەی دڵنیایی خەڵکی کوردستان بوو کە متمانەیان بە ئێران هەبێت. لەبەر ئەوەی لە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٧٤ ئێران یەکێک بوو لە دۆستەکانی شۆڕشی چەکداری کورد و ماوەیەکی دوورودرێژ هەماهەنگی زۆر لە نێوانیان بوو، کەچی شای ئێران لە چرکەساتێکی زۆر هەستیاردا خیانەتی لە کوردەکان کرد و وەک نێچیرێکی لاواز بۆ راوچیەکەی بەجێیهێشت.

له زاکیرەی تاکی کوردا هەڵوێستی خراپی شای ئێران بیر ناچێتەوە. کاتێ تاڵەبانی لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو کە لە جەنگێکی سەختدابوو دژ بە رژێمەکەی سەدام و لە هەمانکاتدا ئێرانیش لەشەڕدابوو لەگەڵ عیراق، مام جەلال پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ ئێران بەست کە هەمووی دە ساڵ پێشتر بوو شای ئێران خیانەتی لێ کردبوون. دەبوو کوردستان توشی شۆک ببن، بەڵام کاریزمایی مام جەلال و ئەو متمانە و دڵنیایەی خەڵک بە تاڵەبانیان هەبوو وایکرد جارێکی تر شۆڕشی کورد ئامادەبێت و متمانەی ئەوەی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هاوپەیمانی ببەستێت.

ئێستا زیاتر لە ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو هاوپەیمانێتیەدا تێپەڕیووە و ئێران و کوردستان پێکەوە لەیەک سەنگەردابوون. لەم ٣٢ ساڵەدا کورد لەسەر دەستی رژێمی سەدام توشی نەهامەتی زۆر بوون و رووبەڕووی ئەنفال و کیمیایی باران و کۆڕەو بوونەوە، لەهەموو نەهامەتیەکاندا کۆماری ئسلامی ئێران دەرگای پشتیوانی و بەهاناوەچوونی بۆ کورد خستبووە سەرپشت، ئەمەش لەلایەک پێگەی تاڵەبانی بەهێزتر کرد بەوەی دۆستەکەی بە تەنگ میللەتەکەیەوە دێن و لەلایەکی تریشەوە متمانەی ئێرانی لای هاوڵاتیانی کوردستان فراوانتر کرد.

لە دوای روخانی سەدام و چوونی کورد بۆ بەغدا، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی تاڵەبانی لەگەڵ ئێران و لایەنە شیعیەکانی عیراق، لاپەڕەیەکی تر لە پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان تاڵەبانی و ئێران کرایەوە، زۆر کاری هاوبەش کران، هاوکات بەحوکمی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا و راگرتنی ئەو هاوسەنگیە لەیەککاتدا لەنێوان ئەمریکاو ئێران، ئەوەش هەر بە قازانجی پتەوکردنی دراوسێتی و رێزگرتنی دوولایەنەی نێوان تاڵەبانی و ئێران کەوتەوە.

لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە جیهان و ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت و جۆرێک لە ساردی لە نێوان کوردستان و ئێران هەست پێدەکرێت و ئێران لەگەڵ تورکیا و عیراق لە هەماهەنگی و ڕێککەوتنی سەربازیی و ئەمنی نزیک دەبێتەوە دژ بە کوردستان بەهۆی ئەو ریفراندۆمەی لە ٢٥ی مانگی رابردوو بەڕێوەچوو، لەم ساتەوەختە هەستیارەشدا کە تاڵەبانی کۆچی دوای دەکات، لە ئاستی هەرێمایەتی و عیراق و ناوخۆی کوردستان لێکەوتەی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەگەری ئەوەش دەکرێت رایەڵەی پەیوەندیەکەی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان بەیەکجاری بپچڕێت، بێگومان ئەمەش کاریگەری خراپی بۆ سەر هەردولا لێدەکەوێتەوە. بەتایبەتیش کە خەڵکی کوردستان ئەزمونی تاڵی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شای ئێران هەیە. ئەگەر خوانەکردە ئەمە رووبدات ئیتر گەلی کورد هیچ متمانەیەکیان بە ئێران نامێنێ و لە نەخشی پەیوەندیەکانی داهاتوودا ئێران و کوردستان ناتوانن پێکەوە هاوکارو هەماهەنگ بن. لەکاتێکدا مەحکومین پێکەوە بژین و خوێن و جوگرافیا و کەلتور و مێژوو پێکەوەمان دەبەستێت.

ئەرک و بەرپرسیارێتی ئێران وەک وەفایەک بۆ مام جەلال و لەهەمانکاتدا بۆ پاراستنی ئەو متمانەیەی هەبوو، لەوەدایە پشت نەکاتە کوردستان و نەبێتە بەشێک لەو گەمارۆ سیاسی و دیبلۆماسی و ئابوریەی پلانی بۆ دادەنرێت کە نیشتمانەکەی تاڵەبانی پێ بخنکێنن. دەبێ ئێران لەدوای مام جەلال بەجۆرێک سیاسەت بکات کە خەڵکی کوردستان درێژە بەو متمانەیە بدەن تاڵەبانی لە پێش زیاتر لە سی ساڵ نەخشەکەی کێشاوە. بەرپرسیارێتیی ئێرانە پاداشتی مام جەلال بەوە بداتەوە هاوڵاتیانی کوردستان سوپاسگوزاری ڕێبەرەکەیان بن لەوەی نەخشەی سیاسەتێکی دروستی داڕشتووە، ئەگەر ئێران پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوە پێش هەر شتێک دەبێتە بێ ئەمەکی بەرانبەر بە تاڵەبانی، چونکە دەیخاتە بەردەم رەخنەی میللەتەکەی کە لە هەڵبژاردنی دۆست و

هاوپەیماندا دروست نەبووە. رۆژانی داهاتوو بۆ خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەی رۆژانێکی پڕ لە خەم و حوزنن بەهۆی مردنی سەرکردەکەیانەوە، لە هەمانکاتدا رۆژانێکی هەستیاریش دەبن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دەوڵەتە دۆستە ستراتیژییەی رێبەرەکەیان.

# مام جەلال هەمیشە زیندووە

**عادل موراد**

تۆ دایمە بۆ من و ئەوانەی تری کەئەیان ناسیت براو رابەر و سەرکردە بویت، ئومێدم نەدەکرد قەد ئەو ڕۆژە بێت کەناچار بم نامەی ماڵئاواییت تیادا بنوسم، بەڵێنت پێ ئەدەین کەبەردەوام بین لەخەبات و درێژە دەری ڕێگەی خەبات و تێکۆشانت بین.

ماڵئاوا رابەر و هاوڕێی خەبات، ماڵئاوا مام جلال، لەماوەی ٤٥ ساڵی رابردوو من و چەندین رۆڵەی ئەم گەلە وانەو پەندو ئەزموونی زۆر لەم کانیاوە هەڵقوڵاوە لەبن نەهاتووەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستان فێربوین، وانە زۆر لەتۆی هاوڕێ و هاوخەبات و برا و سەرکردە و رابەر و باوکی رۆحی تێگەیشتین.

ناسنامەیەک بویت بۆ ئاشنابوونمان بەخەباتی رەوای نەتەوەکەمان، خوڕاگریی و ماندونەناسیت لەسەفین و پیرەمەگرون و شاخەسەرکەشەکانی کوردستان چنیبوو.

توانیمان بەچوار کەسەوە بەڕابەریەتی و سەرکردایەتی حەکیمانەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابمەزرێنین کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا بوو بە ئومێدو هیوای میللەتێکی ستەم لێکراوی.

بەڵێنت پێ ئەدەین کەبەردەوام بین لەخەبات و درێژە دەری ڕێگەی خەبات و تێکۆشانت بین بەپشت بەستن بە دروشم و هزرو پشتیوانی کوڕ و کچی شەهیدە سەربەرزەکان و رۆشن فکرو شۆڕشگێڕو زەحمەتکێشانی گەلەکەمان.

تۆ نامریت و هەمیشە زیندوو دەمێنیتەوە، کڵپەو چەخماغەی یەکێتیی ناکوژێتەوەو ڕۆشنایی ئایندەمان و قۆناغەکانی ترمان پێ نیشان ئەدات، بەجەستە لیمان دور کەوتیتەوە، بەلام بەبیرو هۆش و هزو رۆح لەدڵ و دەرونمان دەمێنیتەوە.
چی بڵێم بۆ ماڵئاواییت کەلێرەدا هەموو وشەکان ناتوانن تەعبیر لەهێندەی خۆشەوەیستی نەتەوەو نیشتمان پەروەریت بکەن.
بنوو بە ئارامی ئەی چیا سەرکەشەکەی سەفین، کە دڵە گەورەکەت و لێبوردەیی بێ کۆتایت هەمومانی سەرسام کردبوو، قسە خۆشەکان و بیرۆکەکانت قەد قەد لەیاد ناچن. تۆ دایمە بۆ من و ئەوانەی تری کەئەیان ناسیت براو رابەرو سەرکردە بویت. تۆ کەسوکارو خانەوادە بویت بۆ هەموو ئەوانەی کە لەغوربەتدا هاوڕێ و هاوسەنگەرت بوون لەپێناو داکۆکی کردن لەمافی میللەتێکی ستەم لێکراو. ئومێدم نەدەکرد قەد ئەو ڕۆژە بێت کەناچار بم نامەی ماڵئاواییت تیادا بنوسم، چونکە دەزانم چەند شارەزاییم هەبێت لەچنینەوەی وشەی جوان، هیچ وشەیەک شیاو نابینم تەعبیر لە هێندەی خۆشەویستی و دڵسۆزیت بۆ گەل و نیشتمان.
با زۆر بەڕاشکاوانە پێت بڵێم ئەی هاوڕێی دێرین کەچەند هەست بەغوربەت ئەکەم ئێستا لەدوای کۆچت، چونکە جێگەت لەدڵ و دەروون و بیر و هۆشم بەئاسانی پر ناکرێتەوە،ماڵئاوا ئەی هاوڕێی دێرین، ماڵئاوا ئەی برای بەوەفا، ماڵئاوا ئەی هەوێنی ئاشتی و پێکەوە ژیان، ماڵئاوا ئەی ئومێدی نەوەی نوێ، ماڵئاوا ئەی داکۆکیکەر لەمافی چینی چەوساوە، ماڵئاوا مام جلال.

# دەباشان دراوسێی ئازیز، ئێستا ئەوبەرت کێی لا میوانە
# مام لەوێ ماوە یان لە ڕێزانە

**مستەفا ساڵح کەریم**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی مەرگی سەرۆک مام جەلال ڕاگەیەنرا، ئەم کۆستە گەورەیە زامێکی قووڵی خستە دڵی هەموانەوە، مام جەلالی خەباتگێڕو نووسەرو پارێزەرو ڕۆژنامەنووس خەمخۆری هەموان بوو، ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوو، پیاوێکی زیرەک و کەسایەتیەکی بلیمەت و دیبلۆماتکار و بەحیکمەت بوو.

ئەم سونبولە گەورەیە لە ساڵانی سەرۆکایەتیدا لە بەغدا چوبوە دڵی هەموو عیراقیەکانەوە، چونکە خەمی هەموانی دەخوارد، لە خۆشی و ناخۆشیاندا بەشدار بوو، کەسێکی مرۆڤ دۆست و ئاشتی خواز بوو.

یەکێ لەو سیفەتە گەورانەی سەرۆک مام جەلال ئەوەبوو کەسێکی بەوەفا بوو، هەرگیز هاوڕێ و دۆست و هەڤاڵی خۆی لەبیر نەدەکرد، ئەم پیاوە مەزنە بەورەی بەرز بەناوبانگ بوو، هیچ کاتێک شکست کاری تێ نەدەکرد.

ئەمڕۆ بەڕاستی ڕۆژێکی خەمگینە بۆ گەلەکەمان بە فرمێسکی چاوو بەهەناسەی ساردەوە ماڵئاوایی لەو کەسایەتیە گەورەیە دەکەین و بەڵێنی دەدەینێ کە بەوەفا بین بۆ ڕێبازەکەی.

بێگومان گیانی پاکی بەوە دڵشاد دەبێ کە یەکێتی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بپارێزین، دڵنیاشین کە ناوە گەورەکەی مام جەلال بەئاوی زێڕ لە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی کوردایەتیدا دەنووسرێ و هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

ماڵ ئاوا .. گەورەم .. ماڵ ئاوا پیاوە بەوەفاکە .. ماڵئاوا سەرۆکە خۆشەویستەکەمان.
ماڵئاوا پیاوە ڕووخۆشە مەزنەکەی کوردستان.

# سەرقوڕاوییەکانی خانووە قوڕەکان

**عادل عەلی**

دیمەنەکانی پاش بڵاوبوونەوەی مەرگی رابەری نەتەوەیی، زۆرن و زۆریش دڵتەزێن و دڵ هەژێنن.

مەرگی مام، هەمووانی کردە گریان و چاوی گشتمانی خەڵتانی خوێن و فرمێسک کرد. یار و نەیاری مام لە ئاستی هەواڵی مەرگیدا ئیستی غەم رایگرت و دەستی گەل بەرەو چەنەی خەفەت بڵند کرا. هەموومان گریاین، هەموومان دڵمان بۆ ئەو کۆستە گەورەیە توشی خورپە بوو. مام موڵکی بنەماڵە و عەشیرەت نەبوو، تەنانەت موڵکی حزبیش نەبوو، مام پیاوێکی ناوازەی هەڵکەوتوو بوو، مام پیاوێکی خەباتگێڕی نیشتیمانی چەپی واقیعبینی شۆشگێڕ بوو. خەونی لە مێژینەی رزگاری نەتەوە و رزگاری ئینسان بوو، تا بەرقەرارکردنی سیستەمێک کە لانی کەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بێت.

مام جەلال لە هیچ شوێنێک و لە هیچ زەمانێکدا بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای خۆی نەشاردەوە، تەنانەت لەو دۆخانەش کە خەباتی رزگاری نیشتیمانی هەنگاوی یەکەم و برەوی سەرەکی هەبوو. مام بەرگریکاری سەرەکی پرسی چینایەتی بوو. مام خوێندکارێکی زرنگ و بەسەلیقەی مامۆستاکانی خەباتی چینایەتی بوو، هەم خوێندکارو هەم مامۆستا و هەم داهێنەر بوو، ئەو کاتانەی خەمە نەتەوەییەکان و تایبەتمەندی وڵاتی ئاوێتە ئەکرد لەگەڵ فەلسەفەی رزگاری چینەکان بە تایبەت رزگاری کریکاران و زەحمەتکێشان و وەک رێنیشاندەرێک زانستیانە پێی ئەوتین:

فەلسەفەی رزگاری چینایەتی چۆن فێر دەبین چۆن بەکاری دەهێنین.
مام هیچ وەختێک نە پاشەکشەی کرد و نە پەشیمانیش بوو، خەمخۆر و ڕێنیشاندەر بوو، مام تێکدەر نەبوو بنیادنەر بوو، لەو سۆنگەوە هەمیشە ئاراستەی خەباتی روو لە زەحمەتکێشان بوو، هەر بۆیە هەمیشە هاواری دەکرد خەبات بەرەو خانووە قوڕەکان. مام ڕێنیوێن و دەلیلی سەرەکی و دڵسۆزی بەرەی رەنجدەرانی بیروبازوو بوو. ئەوانە ئەو دەستەواژە خۆماڵییە رەسەنانە بوون مام دایهێنان. مام لە خەباتی بێوچانی خۆیدا هەر رابەر و تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی رزگاری نەتەوە نەبوو بەڵکو پیاوێکی مۆدێرن و بڕواپتەو بوو بە بیروباوەڕی سوسیالیزم کە ئامانجی بەرقەرارکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوسانەوەیە.
ئەم راستیانە مام هەمیشە لەو پرسیارە تایبەتانەدا کە لێی دەکرا جەختی دەکردەوە ، کە ئەو تا ئیستاش بروای تەواوی بە سوسیالیزمی زانستی هەیە، هەربۆیە مام لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا و لەو ڕێنماییانەی بە کارمەندانی حکومەتی ئەدا و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا هەمیشە سوور بوو ، جەختی دەکردەوە لەسەر ئاراستەی خەبات ڕوو بە خانووە قوڕەکان.
دیسان لە دیمەنەکانی شیوەن و گریانی مەرگی مامدا ئەوەی سەرنجی هەمووانی راکێشاوە، شین و واوەیلای سەرقوڕاوییەکانی خانووە قوڕەکانە.
مام هاوڕێ و خەمخۆری ئەوان بوو تەنها بۆ دروشم و راکێشانی سۆزی ئەوان نەبوو، کار و کردەوەکانی ، کارنامەی مامی رابەر باشترین بەڵگەن بۆ راستی و دروستی بیروباوەڕی چینایەتی مام .
خەڵکی بەشمەینەتی خانوە قوڕەکان ناحەقیان نیەو لەهەموو کەس زیاتر شین بگێڕن و سەر لە قوڕبگرن بۆ مەرگی مام. زۆرمان بینی و چاوی کامێراکانیش ئەو لەحزە دڵهەژێنانەیان تۆمار کردووە لە پای مەرگی مام زیاتر نەداران و خەڵکی خانووە قوڕەکان بە خەمەوەن لەچاو کەسانی تر کە

ئیمتیاز و دەلالی لە پاڵ خەبات و مێژووی حزبەکەی مام ئینتەلایان کردووە و فرمێسکی تیمساحی هەڵدەڕێژن و بوونەتە دڕندەی بەردەوامی شاشەکان...
سڵاو و درود بۆ رۆحی پاکی مامی رابەر مامی خەمخۆری سەرقوڕاویەکانی خانووە قوڕاوییەکان و رەنجدەرانی بیروبازوو.

## مام:

# ”هەواڵی خۆشی وڵات زووتر چاکم دەکاتەوەو لە دەرمانەکان باشترە بۆ من”

**د. محەمەد خۆشناو**

زوربەی خەڵک جەنابی مام-ی ناسیوەو خۆشیانویستووە، لە ڕێگای خەباتو تێکۆشان و روئیا سیاسییە واقیعیو رووناکەکانیەوە، هەروەها لە ریگای دڵسۆزییە هەمیشەییەکەی بۆ نەتەوەو نیشتمانەکەیو کارەکانیەوە، بەلام ناسینەکان جۆراو جۆرن و لە دەلاقەو گۆشەنیگای جیاوازەوەن. هەندێکی زۆر لە دوورەوەنو هەندێکیش لە نزیکەوەن. ئەوانەی کە لە گەڵی ژیاون، لە نزیکەوە هەزاران بیرەوەری جوانو شیرینیان لەگەڵ ئەو زاتە هەیە. یەکێک لە وەفادارییەکان بۆ مامو درێژەدان بە ریبازەکەی نووسینەوەی ئەو ئەدگارو یادگارییانەی جەنابی مامە، بۆ ئەوەی لە بیرەوەری کەسی و شەخسی دەربچنو هەمووان سوودو ئەزموون لە دنیابینییەکانیو ئەزموون لە ژیانی مام وەربگرن.

ئەوەی هەمووان دەست ئاوەلاتر دەکات لەو بوارەدا، ئەوەیە کە چیتر جەنابی مام لەژیاندا نییەو نووسینەوەو بڵاوکردنەوەی ئەو ئەدگارو یادگارانە ناچنە قاڵبی مەراییو خۆ نواندن، چونکە هەمووان دەزانین مام هەمیشە حەزی بەوە نەبووە کە بەشانو باڵیدا هەڵبدرێتو سەناو ستایش بکرێ. من لە خۆمەوە ئەو هەنگاوە دەست پێدەکەمو بەم نۆبەرە باسە، دوو لەو یادەوەرییانەی ئەو زاتە مەزنە دەخەمەوە بەرچاو، کە نموونەی لێبوردەییو دڵسۆزیی ئەو مێرخاسەی کوردستانن بۆ خەڵکی وڵاتەکەی.

ئەو ماوەیەی لە گەڵ جەنابی مام بووم، چ لە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو چ وەک پزیشکیکی تایبەتی، دەیان نموونەی جوامێرییو مێرخاسی ئەوم لە نزیکەوە بینی.
دەڵێم زەحمەتە جاریکی تر سەرکردەیەکی تری وا دروست بێتەوە، لە ئاست زانست و دڵسۆزیو ئازایەتی و بە پەرۆشی ئەو بۆ خەڵکو توانایی لە هەموو بوارەکانی ژیان( بەتایبەتی چارەسەری کیشە ئاڵۆزەکان کە دەیتوانی تەنها لە یەک دانیشتندا ئەنجامی بدات) . پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس و ڕابەرێکی شایستەو هەڵکەوتوو، نیشتمانو نەتەوەپەروەرێکی بێگەرد، بیرمەندێکی دانسقەو نووسەرێکی کارامەو سەرۆک کۆمارێکی لیهاتوو و...تاد.
من لەماوەی ١٦ سال کارکردنم لەگەل جەنابی مام( تاکو سالی ٢٠٠٨ ) کە هەندیک رۆژ تەواوی رۆژەکە لەگەڵی دەبووم، ئەویش بڕوای تەواوی بەمن هەبوو، بۆیە زۆر جار بەشداری پێ دەکردم لەو کارانەی کە پەیوەندی بەمنەوە نەبوو. تەنانەت زۆر جار کە بە تەنها دەبووین دڵی بۆ دەکردمەوە، لەوەوە دەزانم چەند پەرۆشیی کوردو کوردستان بوو، چەند حەزی لە یەک ریزی گەلی کورد بوو، چەند حەزی لێ بوو یارمەتی پارچەکانی تری کوردستان بدات.
من بەهەزاران یادەوەریم لە گەل ئەو بەریزە هەیە، کەهەندێکان ئەگەر بینوسم یاخود بیگێرمەوە بە زەحمەت باوەر دەکریت. لێرەدا تەنیا دوو لەو یادەوەرییانە دەخەمە روو :
١- پێش دروست بوونی شەڕی گروپی (جند ئیسلام)، جەنابی کۆبونەوەیەکی پێکردین لە فەرماندەیی گشتی ە.پ.ک، کە تەنها جیگرەکەی و کارگێرانی فەرماندەیی بەشدار بوون . زۆر رینمایی پێداینو دەیووت: ئەوانە ( جند ئیسلام ) کەسی ئێمەنو کوردن، بەڵام سەریان لێشیواوە. ئەرکی ئێمەیە بیانهێنینەوە سەر ڕیگای ڕاست. هەتا بۆمان بلوێ نابێ شەڕ رووبدات. نابێ

خوێنی یەک کەس برژێ، چ هی پیشمەرگە یاخود ئەوان ... دەیووت ئەوانە ئەمرۆ ئێمە بە کافرو دوژمن دەزانن، کە لە راستیەکان تێگەیشن، دەبنەوە کەسوکارمان، لە کۆبوونەوەکەدا من لە سەر پارچەیەک کاغەز بۆ( کاک هاشم )م نووسی کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو ووتم ئەرێ کاکە ئەوە مام جەلال بۆ ئێمە قسە دەکات یاخود بۆ راگەیاندنەکان!

٢- لە کاتی نەخۆشکەوتنی مام(جاری یەکەم ) چووین بۆ عەممان. شەوی یەکەم لە نەخۆشخانە تا درەنگی شەو تاکو نەخۆشییەکەی دەستنیشانکراو نەشتەرگەریی بۆکراو نێردرایە بەشی چاودێری چڕ تەندروستی زۆر خراپ بوو. دوای ئەوەی جەماعەت رۆیشتنەوە بۆ شوێنی حەوانەوە من و کاک شێخ لاهوری برازای لەلای ماینەوە. سەعات ٥ ی بەیانی هاتەوە هۆشخۆی‌و ووتی :

د.خۆشناو، شکور بۆ خوا باش بوو ئەم جارە نەمردم. من لە مردن ناترسم، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانم دڵی بردەران چاک بکەمەوە.

منیش ووتم: کام برادەرانە؟

ووتی کاک نەوشیروان و برادەنی ترمان.

منیش ووتم: مامە تۆ دەزانی من ئاگاداری هەموو شتەکانم کەی تۆ ئەوانت عاجز کردووە، کەی خەتای تۆیە؟

زۆر بە هێواشی ووتی: کوڕم ئەگەر خەتای ئەوانیش بێت، هەر خەتای منە، دەزانی بۆ؟ چونکە دەبێ برا گەورە هەمیشە دەست بە سەری براکانی‌دا بهێنێ‌و دڵنەواییان بکات. تۆ نازانی من و کاکە نەوە چ ژیانێکی تاڵ‌و ناخۆشمان پێکەوە بەسەربردووە. وەک دوو برا نابێ لە کاتی خۆشی پشتی براکانمان بەربدەین.

منیش ووتم: مامە تۆ ماندووی پشوو بدە.

ووتی: نەخێر، من باشم کە گەڕامەوە یەکەم کارم ئاشتکردنەوەی ئەو

برادەرانە دەبێ. ئەگەر نەشگەڕامەوە پێیان بڵێ ئەوان لە ناو دڵی منن.
پاش کەمێک ووتی: لاهور-م بۆ بانگ بکە، کە لەو دیو پەنجەرەکەوە وەستابوو. منیش کاک لاهورم بانگ کرد . مام ووتی: ئێوە زۆر بێتاقەتن، کاکە من باشم. ( بەهیچ شێوەیەک هەستی بە ترس نەدەکرد، کە چی ئاماژەکان لەسەر ئامێری بووژاندنەوەی دڵەکە خراپ بوون). ووتی وەرنە پێش با نوکتەیەکی خۆشتان بۆ بکەم . توکتەیەکی لەسەر باوکم ( مەلای مەلاقادر) و کاک شەهید عەلی عەسکەری بۆ گێرانەوەو هەردووکمانی خستە پێکەنین. دوای ماوەیەکی تر ئازاری زۆری هەبوو. منو کاک لاهور هەر بێتاقەت بووین بۆ تەندروستی جەنابی مام جەلال. دووبارە ووتی: ئێوە خەمبارن نوکتەیەکی تری لە سەر خۆشناوان بۆ گێراینەوە. من ئەو کاتە یەکەم جارم بوو لەماوەی پزیشکیم (نزیکەی ٢٠) ساڵ نەخۆشێکی وا ببینم کە ئەوەندە رەوشی تەندروستی خراپ بێتو ئازاێکی یەکجار زۆری هەبێت و بڵێ من باشمو نەترسێتو تەنانەت نوکتەو قسەی خۆش بۆ دەوروبەری بکات، بۆ ئەوەی دەورو بەرەکەی دڵخۆش بکات. دوای ئەوە دەرزی ئازارمان لێداو خەوت.
بۆ شەوی دووەم تەندروستی هەر باش نەبوو، وتی: شالاوم ---بۆ بانگ بکە.( شاڵاو شێخ سەلاح سکرتێری مامو هەم کوڕی ئامۆزایەتی). کە هات ووتی شاڵاو تەلەفۆن بکە بۆ کاک کامیل، (کاک کامیل-یش یەکێک بوو لە سکرتێرەکانی مام. ئەو رۆژە کامیل لە سلێمانی بوو). بزانە باران باریوە، بەنداوەکانی دوکان و دەربەنیخان ئاستی ئاوەکەیان گەیشتۆتە چەند؟ ئەو کاتە وشکە ساڵی بوو.
من خۆمم نەگرت، یەکسەر ووتم: مامە گیان تۆ نەخۆشی پێوستت بە پشووە.
مام ووتی: کورم تۆ نازانی هەزاران جووتیار ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان لە سەر باران و ئەو بەنداوانەیە، جگە لە کارەباش. خەمی ئەوانە هەمووی لە

ئەستۆی منه و ئەگەر خەبەری خۆشم بۆ بێنن من زووتر چاکدەبمەوەو خەبەری باشی وڵات لە دەرمانەکانی تۆ باشترە .
ئەو پیاوە لە کاتی ئەو پەڕی نەخۆشیو خراپی تەندروستیشدا لە لێواری مەرگیشدا کۆڵی نەدەداو خەمی خەڵکی بوو، گوێی بە ژیانو تەندروستی خۆی نەدەداو لە خۆی زیاتر خەمی خەڵکی بوو. ئایا کێ هەیە لەکاتی ئەو ئازارە بەهێزە و مەترسی لەسەر ژیانو لە لێواری مەرگ دا، خۆی لەبیر نەبێو بیر لە میللەتەکەی بکاتەوە ؟
مام سەرقافڵەی کاروانی چاکەکارانو شێخی تەکیەی کوردایەتیو فریشتەو فریاد رەسی ئازادییو هیواو ئومێدی میللەتێکی مەزڵومو هەموو مەزڵومانی ناوچەکە بوو. مام فریشتەی ئاشتیو ئاشتەواییو خێرو چاکەکاریی بوو، درود بۆ گیانی کە تا دواهەناسە نەسرەوت لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانو ئاواتە لەمێژینەکانی گەلەکەی. هەزاران درود بۆ روحی ئەو کە پڕ بوو لە دادپەروەرییو یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ نەتەوەکەیو مرۆڤایەتی بە گشتی.

# سۆفت پاوەری تاڵەبانی

**ڕێبین محەمەد**

تاڵەبانی سوارچاکێکی دیپلۆماسیەت بوو، هەرچەندە لێکۆڵەر یان تایبەتمەندێتی نەبوو لەبواری دیپلۆماسیەتدا، بەپێی بڕوانامەکەی بووایە دەبوو کەسایەتیەکی رەق و مۆن و جێبەجێکارێکی توندی یاسایی بووایە، بەڵام ئەم پیاوە خوا دیپلۆماسیەتی تێدا نەخشاندبوو، هەمیشە بە زەردەخەنەوە و بە پەیوەندیە دۆستانەیەکانی کێشەکان و ڕووداوەکانی چارەسەر دەکرد.

تاڵەبانی لەبەرامبەر نەیار و دۆستەکانیدا، کەمترین کات سەپاندنی هێز و بڕیارەکانی، جێبەجێکردووە، هەمیشە ئەو پیاوە هەوڵی دەدا قەناعەت بەبەرامبەرەکەی بهێنێت و بە ڕوویەکی خۆشەوە، مەبەستە سیاسیەکانی جێبەجێ بکات، تاڵەبانی هەمیشە دۆستی نوسین و ڕۆژنامە و کتێب و قەڵەم بەدەستەکان بووە، هەمیشە لە پشتیانەوە بووە و بەرگری لێکردوون، تەنانەت لەکاتانەی کە لە شاخ کە ناسکترین کاتی شۆڕشی کوردی بووە، ئازادی بە نوسین رەخنە گرتن داوە، ئەمەش بەشێک بووە لەو هێزەی بە تاڵەبانی دراوە، هێز نەرم، بۆ ئەم ڕاستیە، نوسێنێکی ئاسۆس هەردی بخوێنەرەوە، لەسەر پەیجی خۆی (ڕاستیەک لەبارەی مام جەلال) و یان پێشەکی ڕۆمانی سەگوەڕ بکەن.

تاڵەبانی ئەوەندەی من بیرم بێت لەگەڵ حزبی ئیسلامی و عەلمانی لە زۆنی سەوزدا، نەرمبووە و هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ کردوون و هاوکاری کردوون و دەستی گرتوون، تەنانەت هاوکاری مادی حزبەکانی تری کردووە، بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆیان ڕابووەستن، ئەمەش بەشێکی تربوو لە هێز بۆ

تاڵەبانی، ئەگەر تەماشایی گەرمی و حەماسی لایەنەکان بکەن بۆ کۆچیی دواییەکەی دەبینیت هێزی نەرمی تاڵەبانی، چ کاردانەوەیەکی هەیە.
تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری عیراق، بە هێزی نەرمی خۆی کۆشکی کۆماری لە کۆشکێکی تەشریفاتیەوە کردبووە ناوەندی بڕیار، ناکۆکیەکانی شیعە و سوونە، لەو کۆشکەوە چارەسەر دەکرا، سرووشتی دەبێت ئەوش بزانین بە زەبری فیدایەکانی کۆمار و هێزە تایبەتەکان ئەو کاریگەریە دروست نەبووبووە، ئەوە پەیوەندیەکانی کەسی تاڵەبانی بوو لەگەڵ سەرکردە عیراقیەکاندا.
کاتێک مام جەلال لە بەغدا بوو، کەسێک جورئەتی نەدەکرد، غەدرێک لە میللەتی کورد بکات، چوونکە دەیزانی کێ پارێزەری مافەکانی کوردە لە بەغدا، ئەگەر تەماشایی نوسینەکانی خەڵک بکەیت بە متمانەوە دەنوسن( ئەگەر مام جەلال لە بەغدا بووایە ئێستا حاڵی کورد وانەبوو)، ئەمەش بەهێزی سەربازی و دیکتاتۆریانەی مام جەلال نەبوو، بەڵکو بە لێزانی و دیپلۆماسیەتەکانی بوو.
بەهەمانشێوە لەسەر ئاستی جیهانیش، تاڵەبانی کاریگەریەکی ئەتۆی هەبوو، هەمیشە لەگەڵ سەرۆکە کاریگەرەکانی جیهاندا لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی ناوچەکە کۆبوونەوەی دەکرد، یەکێک لە سیاسیەکانی ئەڵمانیا شەوی رابردوو، نوسیویەتی (تاڵەبانی راوێژکارێکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو) .
ئیدی لەناوخۆی یەکێتی مەپرسە چەندە گرێ و گۆڵەی چارەسەر دەکرد، چی ناکۆکیەکی ناو یەکێتی داپۆشیبوو، کاتێک مام چووە بەغدا ئیدی لەژێر پەردەوە ئەو هێزە کەوتنە ویزەی یەکتری، بەڵام مام جەلال بێ ئەوەی لێدوانێک و وتەیەکی توند بەکاربهێنیت ببووە چەتری حزبەکەشی و بە ئێستاشەوە هەموویان داوا دەکەن، سیاسەتی بەڕێوەبردنی حزبەکەی وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

مام جەلال، لێدوانە دووسەرە حاسمەکانی بە قسەیەکی خۆش وەڵام دەدایەوە بۆ ئەوەی لەهیچ سەرێکەوە زیانی پێ نەگات، ئەم لێدوانەی بخوێنەرەوە (وەرمگرتووە : مام جەلال لە تورکیا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەبێت ، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان ئامادەی کۆنگرەکەی دەبن وەڵامی زۆربەی هەرەزۆری پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکان دەداتەوە لە کۆتایدا کچە ڕۆژنامەنوسێک بۆ ئحراجکردنی مام جەلال دەڵێ.

بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی تۆ لە لێدوانێکتدا ووتوتە من پشیلەیەکی کورد تەسلیمی تورکیا ناکەم ئایا لە ئێستاشدا هەمان بۆچوونت هەیە ؟

مام جەلال بە زەردەخەنەوە بە کچە ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ کچێکی ناسک و جوانی لە ڕاستیدا چاوەڕێی ئەوپرسیارەم نەکرد چاوەڕێم ئەکرد پرسیاری دڵداریم لێبکەی.

# خەباتگێڕی ماندوونەناس

**نازم دەباغ**

مام جەلال هێما و سیمبولی خەبات و ئاشتی لە کوردستانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو، مامۆستای دانوستاندا بوو لە وتووێژدا. ئەو هۆکاری دابینکردنی سازان و یەکگرتوویی نێوان ریزەکانی کورد و کورد و عەرەب بوو. مام جەلال بەردەوام لە هەوڵی چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی بوو لە کوردستانی عێراقدا. لە بواری رۆشنبیری‌دا پشتیوانی نووسەر و رۆشنبیران بوو، بە دروشمە بەناوبانگەکەی کە دابینکردنی نان و ئازادی بوو کە ئازادی بە بێ‌ئەوە بەدی نایەت. ئەو ئازادی‌خوازێک بوو دژی زوڵم و ستەم و دیکاتۆرییەت خەباتی دەکرد، لایەنگری مافی مرۆڤ بوو، کاتێک وەکو سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرا و حوکمی ئێعدام بۆ سەدام دەرچوو، بۆ جێبەجێ‌کردنی پێویستی بە ئیمزای سەرۆک کۆمار بوو، بەڵام مام جەلال ئیمزای نەکرد و دەسەڵاتەکانی خۆی‌دا بە جێگرەکانی.

تاڵەبانی لە هەموو بارودۆخێکدا بەدوای دابینکردنی سازان و ئاشتی و ئاسایشەوە لە ناوچەکەو کوردستانی عێراق و عێراق بوو. بۆیە نەبوونی ئەو دوای نەخۆشکەوتنەکەی زیاتر هەستی پێکرا و لە رووداوەکانی ناوچەو کوردستان و عێراق‌دا بەدی دەکرێت. نەبوونی ئەو لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری‌دا رەنگدانەوەی هەبوو.

ئێستاکە کە مام جەلال ماڵئاوایی لێکردووین هەموو کەسایەتییە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان، باس لە توانایی و خاڵە بەهێزەکانی ئەو کەسایەتییە مەزنە دەکەن، کە بەپێزترین باس لە سەر جەنابی مام جەلال کاتی خۆی ئایەتوڵڵا

سیستانی کردوویەتی کە بە دەریچەی دڵنیایی عێراقی تازە ناوی بردووە. ئەم وتەی جەنابی سیستانی هەروا بە سادی نەگوتراوە، لە ئەنجامی پێگەو توانا و لێهاتوویی مام جەلالە لە دروستکردنی سازان لە نێوان عێراقییەکان و کورددا.

بەندە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بەڕێزیان دەناسم و لە سەر ڕێبازی ئەم پیاوە مەزنە درێژەم بە خەباتی خۆم داوە تاوەکو ئەمڕۆ. هیچکات بێهیواییم بە داهاتوو لەو مەزنە نەدیوە، لە هەموو ڕۆژە سەختەکان چ سەرکەوتن چ شکست، چ کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال، چ لە دەستدانی پۆلێ لە شەهیدانی هاوڕێ و هەواڵی، لە سەرکردەو لە پێشمەرگە، هەمیشە هیوای بە داهاتوو پتەوتر دەبوو و ورەی بەرزتر دەبوو. لەبیرمە لە سەرەتای ساڵی ٨٠دا کە تازە چووبوومە ریزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بارەگاکانی ناوزەنگ ئەوکاتە، کە لە هەموو لایەکەوە ئابلۆقەی لەسەربوو، تێکۆشەرێکی کۆنی دژ بە شای ئێران لە بارەگاکەی خۆی هاتە لای و سەردانی کرد، جۆرێک لە بێهیوایی لە قسەکانیدا دیاربوو، بەڵام مام جەلال ئەو ڕۆژە پێی وت بە هیوابە، ئەمڕۆ ئێمە لێرە پێشوازیت لێدەکەین، لەناو خانوویەکی قوڕ و لەژێر بەرددا، دڵنیابە لە شاری سلێمانی، لە ڕێگای فڕۆکەخانەو بە پاسپۆرت سەردانمان دەکەیت و پێشوازیت لێدەکەین، ئەم پیاوە مەزنە لە پێشمەرگایەتی و لە خڕی ناوزەنگەوە بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەو هاوڕێیە کاتێک ئەو دەنگوباسەی بیستبوو لە تاران تەلەفۆنی بۆ کردم و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و داوای کرد بچێت بۆ دیداری، بە هەمان شێوەی کە بەڕێز مام جەلال وتی پێشوازی لێکرا و لە سلێمانی مایەوە.

مام جەلال هەمیشە خوێندنەوەی هەبوو بۆ داهاتوو، زۆر لێکدانەوەی هەبوو بۆ ڕووداوەکان و ئەنجامەکەشی وادەرئەچوو کە ئەو لێکی ئەدایەوە، هەروەکوو گرتنی کوێت و ڕاپەڕین کە ئەمیش داستانێکی هەیە و خۆم لەگەڵیا

ژیاوم، ئێستاکە کە مام جەلال ماڵئاوایی لێکردووین ئەو هەموو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ ئەو تێکۆشەرە ماندوونەناسە رۆحی ئەو داوامان لێدەکات کە بەردەوام بین لەسەر رێبازەکەی، سیاسەتەکانی ئەو ببێتە وانەی قوتابخانەیەک بۆ ئێستا و داهاتووی کورد. کوردستان و عێراق و ناوچەکەو جیهانیش، رابەرێکی مەزنی لەدەستداوە، بەڵام رێگای پڕسەروەری ئەو زیندووەو هیوادارم بە بەردەوامی لەسەر رێبازەکەی، رۆحی شاد کەین.

# کۆچی دوایی مام، کۆستێکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوایەتیمانە

**شۆڕش ئیسماعیل**

دواجار مامیش بەجێی هێشتین...

لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە حیکمەت و لێوەشاوەیی مام هەبوو.. سەرکردەیەکی مەزنی خاوەن زیاتر لە شەست ساڵ خۆراگری و نەبەزیی، مامۆستای هونەری گفتوگۆو دانوساندنی سەرکەوتوو... سەرکردەیەکی مەزن، لێهاتوو، شارەزا، پاڵەوانی هەموو بوارەکان، سەرکردەی هەموو رۆژگارەکان..

لە ئالۆزترین قۆناغدا، مەرگ مامی لێ فراندین. هەموومان بێ جیاوازی لە بیرو بۆچوونماندا، خەمبارین، کۆچی مام کۆستی هەموو کوردە، بەڵکو کۆستی تەواوی عیراقییەکان، بە سەرجەم نەتەوەو مەزهەب و پێڕەوە جیاجیاکانییەوە...

ئەوەی ئارامی بە دڵمان دەبەخشێت دەریایەک ئەزموون و دەسکەوتی سیاسی و جەماوەری و نەتەوایەتی و گیانی بەرگری مامە لە ڕۆژە سەختەکاندا، کە زۆرجار پیاوە زۆر نەبەردەکانیش چۆکیان دادەدا، بەڵام مام هەتا دواهەمین سات وەک قەڵا بەپێوە ڕاوەستا.

«مام» هاوڕێ و سەرکردە و فەرماندەم بووە؛ چل و دوو ساڵی تەمەن لە خەباتی شاخ و شاردا لەخزمەت ڕێبازی ڕاستی کوردایەتی و یەکێتی و ڕێبازەکەیدا بووم.

باشترین وەفا، دڵسۆزیی هەمووانە بۆ ڕێبازەکەی، ڕێبازی خۆشویستنی هەمووان، میانڕۆیی، چەپکەگوڵ... بەمە دەتوانین ڕوحی شاد بکەین.
یەکێتییەکان.... مام هەمیشە دەیگووت: دەبێت یەکێتی ناو یەکێتی و یەکێتی نێوان لایەنە سیاسییەکان و یەکێتی ڕیزەکانی گەل بپارێزین، ئەو سێ یەکێتییە دەمانگەیەنێتە ئامانجەکانمان.
مامی گەورە سڵاو لە دواهەمین مەزارت، سەفەرت خێر، خودا ئاگادارت بێت... بەڵێنت پێ دەدەین یەکێتییەکەمان ڕاستگۆیانەو بەوپەڕی توانا دروشمەکەت دەکەینە سەرمەشقی کار و کرداری ڕۆژانەمان، بناغەی سەربەخۆیی بە ڕێنماییەکانی تۆ پتەوتر دادەڕێژین.
ڕوحت شاد سەرکردە خۆنەویستەکەی کوردو گەلانی ناوچەکە...یادت دەکەین... هەتا ئێمە هەبین یادەوریت هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

# چ دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت، چ سەرکردەیەکی گەورە جێیهێشتین

**قادر عەزیز**

نەک هەر ئەو ستونەی کە من ئێستا لەسەر کۆچی سەرکردەی گەورەی گەلەکەمان مام جەلال دەینوسم ، بەڵکو دەیان کتێبیش ناتوانێ خەمی ئێمە بەرامبەر ئەم کۆستە گەورەیە دەرببرێت ، نە دەتوانێ خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە نیو سەدەی مام جەلال و سەروەری و وێستگەکانی ژیانی بنوسێتەوە ، بەراستی کۆچی ناوەختی سەرۆک مام جەلال بۆ هەمووان کۆستێکی جەرگبر و خەسارەتێکی گەورەیە ، کە نەک وا بە ئاسانی ، بەڵکو هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە ، دەگوترێ مێژووی گەلان هەر (٥٠)ساڵ جارێک سەرکردەیەک دروست دەکات ، دیارە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلی ئێمەش لەم (٥٠) ساڵەدا سەرکردەیەکی مەزنی وەکو مام جەلالی دروستکرد.ئەو سەرکردەیەی کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی گەل و نەتەوەکەی تەرخانکرد و بە نەخۆشکەوتنی چەند ساڵە و کۆچی دوایی ئێستاشی کەلێنێکی گەورەی بەجێهێشت و کۆستێکی گەورەی خستە دڵ و دەروونی هەموولایەک.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خۆم و لە یەکیتیە تێکۆشەرەکان و لە گەل و نەتەوەکەمان و لە هەموو دۆست و هاورێیانی مام جەلال دەکەم ، بە تایبەتیش لە خزم و کەس و خانەوادە تێکۆشەرەکەی ، خوشکی بەرێزم هێرۆ خان ، کاک بافڵ و کاک قوباد و کاک ئاراس و کاک لاهور و هەموو کاکەکانی تر، مام جەلال ئەزموون و کەلتورێکی سیاسی

دەوڵەمەندی بۆ جێهێشتووین کە دەکرێ لە خەبات و تێکۆشانماندا سوودیان لێوەرگرین ، بۆ هەمیشە یاد و یادەوەریەکانی ئەم سەرکردە گەورەیە لە دڵ و دەرونماندا دەمێنێتەوە. دڵنیاشم کە رێگا و رێبازەکەشی هەر بەردەوام دەبێت.

سڵاو لە گیانی پاکی سەرکردەی پایەبەرز مام جەلال و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

# بۆ ئۆغری ئەبەدی مامی گەورەی نەتەوەی کورد مام جەلال
# "هەمووتان بەبراو خەباتگێڕی خۆم دەزانم خۆمیش هی هەمووتانم"

**حاکم قادر حەمەجان عەزیز**

بەداخ و پەژارەیەکی دڵهەژێنەوە، لەساتەوەختێکی پڕ لە کێشمەکێشی سیاسی ئاڵۆز لەسەر ئاستی ناوخۆیی وعێراق وناوچەکە و عەرەبی ونێودەوڵەتی و لەسەروبەندی گوزەرکردنی هەرێمەکەمان بەتونێلێکی تاریکی پڕ لەشەڕو ئاشووب ، بەرۆک پێگرتنمان بەشەڕێکی قورسی نیمچە جیهانی دژبە ترسناکترین دوژمنی تیرۆرستان و سەرهەڵدانی چەندین قەیرانی سیاسی وئابوری ، نوێترینیان دژایەتیکردنی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر یەکلاکردنەوەی خواستی گەلەکەمان لە سەر پرسی مافی چارەنووس ڕووەو لووتکەی ڕزگاری یەکجارەکی ، مامی گەورەی ڕێبازی کوردایەتی وسەرکردەی هوشیارو خەباتگێڕی دێرینی نەتەوەی کورد( مام جەلال ) گەیشت بەکۆتا وێستگەی ژیانی پڕ لە سەروەری تەمەنی و بۆ ئەبەدماڵئاوایی کرد لە هاوڕێ وهاوسەنگەرانی وکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلی کورد بەگشتی و گەلانی عێراق وهاوڕێیان وهاوڕێبازانی لەبازنەی فراوانی ڕێی شارستانی لەچوارچێوەی ڕێبازی سۆشیال دیموکراتی جیهان ، لە یەکەم ساتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ماڵئاوایی هەمیشەیی ئەو سەرکردە کاریزمایەدا ، دەستەجەمعی دەوڵەتداران و سیاسەتمەداران ودبلۆماتکاران وئازادیخوازانی جیهانی خەمبارکرد ، مام جەلال بەدرێژایی مێژووی پڕلەسەروەری و تێکۆشانی جگە لەخەبات لەپێناو ئازادی یەکجارەکیدا سەرکردەیەکی ڕچەشکێنی مێژوویی کورد بوو کەکاریگەری بەسەر بەشێکی فراوان

لەڕووبەری شۆڕشە مەزنەکانی ڕێگوزەری ڕووەو ئازادی دیارو بەرچاو بوو ، ئەندازیارو داڕێژەری پڕۆژە نەخشەو دانەری میکانیزمی ئامانجی مافی چارەی خۆنووسین بوو بۆ گەلی کوردستان و لەژیانی سیاسی دا بۆ چرکە ساتێکیش لەو ڕێبازە پاشگەز نەبۆوە ، بۆ پێکەوە ژیان ویەکڕیزی نێومالّی گەورەی کورد بەتایبەتی و بەیەک گەیاندن ودەستەبەرکردنی ئاشتی وسەقامگیریی لەنێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق لە دژوارترین قۆناغەکانی جیاوازیی نەتەوەیی ومەزهەبی دا بەگشتی ولەلایەک و ولاّتانی دەرو دراوسێ لەلایەکی دیکە ، جێدەست وناوی لەتۆماری مێژووی گەلانی ئاشتی خواز و دیموکراس وڕەمزی برایەتی وپێکەوەیی دا ئەستێرەیەکی پرشنگدارە .
کۆچی دوایی مامی گەورەی گەلی کورد نەک بەتەنها خەسارەتێکەو لە کورد و گەلی کوردستان کەوتووە ، بەلّکو بۆ سەرجەم هێزە دیموکراتخوازەکانی دنیا بەگشتی و ناوچەکەو دۆزی هەستیاریی ڕەوای نێوخۆی گەلەکەمان کۆستێکی گەورەو خەمناکە ، دلّنیام وەک ئەوەی کەلەژیاندابوو کلیلی چارەسەری سەرجەم کێشەو گرفتە ئالّۆزەکانی کوردستان وعێراق بوو بەشێوەیەکی گشتی ، خەمی کۆچی ئەبەدیشی دەبێتە کۆکەرەوەی سەرجەم لایەنە ناکۆکەکان و لێک نزیکبوو نەوەی سەرجەم پێکهاتەو نەتەوە جیاوازەکان و ڕووبەری یەکڕیزی و یەکتر قبولّکردن فراوان دەکات .
سەری ڕێزو وەفا بۆ ڕۆحی پاک و بێگەردی سەرجەم شەهیدانی گەلی کوردستان .
ئاسوودەیی بۆ گیانی بەرزە فڕی مامی هەمیشە گەورەمان . ئۆغرت خێر.

# کاتێک کە تۆ عەفوو شمولی نەدەکردیت

**عومەر محەمەد ئەمین**

لە رۆژی (٢٠٠٥/٤/٦) عێراقیەکان بە کورد و عەرەب و سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانیەوە لە هۆڵی پەرلەمانی عیراقەوە لە بەغداو ئەو پەرلەمانەی لە (٢٠٠٥/١/٣٠) بەدەنگی ئازاد لەدایک بوو لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە لەم هۆڵە ئازادەدا هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی کۆماری عێراق دەکەن ئەو پیاوە مافناسە تێکۆشەرە هەڵدەبژێرن بۆ ماوەی یەک ساڵ هەتا دەستوری هەمیشەیی عیراق دەخرێتە دەنگدان و دوایی هەڵبژاردنەوەی گشتی ئەنجام دەدریێ،لەماوەی سەرۆکایەتی ئەو ساڵەدا بەڕێزی توانی عێراق لە قۆناغێکەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر لەماوەی ئەم ساڵەدا لە (٢٠٠٥/١٠/١٥) دەنگدرا لەسەر دەستوری هەمیشەیی عیراق و، توانی ئەو دەستورە دەنگی یاسایی خۆی بەدەست بهێنێ و لە (٢٠٠٥/١٢/١٥) جارێکی تر سەرجەم عێراقیەکان بەرەو سنودقەکانی دەنگدان هەنگاویان ناو توانیان ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەڵبژێرن ،لەم هەڵبژاردنەشدا لیستی هاوپەیمانی کوردستان توانی دەنگی دووەم بەدەست بێنێ جارێکی تر (٢٠٠٦/٤/٢٢) ئەو قارەمانەی کەتوانی ساڵێکی پر شکۆ حوکمڕانی عێراق بکات نەهێڵێت شەڕی ناوخۆ دروست ببێت، بۆ ماوەی (٤) ساڵی دیکە هەڵبژێردایەوە بەسەرۆک کۆمار بۆئەو عێراقەی کە زیاتر لە (٨٠) ساڵە ئەم گەلە ستەمدیدە لە حوکمی ئیستبدادی دیکتاتۆریدا ئەژی لە وڵاتێکدا ئەژین کەناوی عێراقە، ئەو عێراقەی بەزۆر وەک یاری میکانۆ نراوە بەیەکەوە و لە چوار چێوەیەکی بچوکدا زۆرترین نەتەوەیی ودینی لە خۆگرتووە ئەو عێراقەی کە گەورەترین و

زاڵمترین دیکتاتۆری دنیا حوکمی تیا دەکرد ئەویش (سەدامی خوێن ڕێژ) بوو، ئەو سەدامەی کە هەموو خوێنڕێژەکانی لەچواردەوری خۆی کۆکردبوەوە بۆ لەناوبردنی هاوڵاتیان و ئەنفال و کیمیابارانکردن و سوتاندن و تێزاب پیاکردنی گەلەکەی،ئەو سەدامەی کە بریاری راستەوخۆی و خوێنڕێژەکانی ئەنفالی کوردستانی کردو کیمیا بارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کرد،ئەو سەدامەی کە بەزیندوویی عەرەبەکانی هۆرەکانی زیندە بە چاڵ دەکرد، ئەو سەدامەی کەسەرجەم دام و دەستەکەی تەعەدای ناموسیان لە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق دەکرد،ئەو سەدامەی کە لوولەی تفەنگی دەبابەکانی روو بەرووی مەرقەدە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا دەکردەوە و شەهیدی دەکردن بە ئاشکرا،ئەوعێراقەی سەردەمی سەدام و دام و دەستەکەی بستێکی نەماوە کە پڕ نەبێت لە گۆڕی بەکۆمەڵ رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر کارە دزێو و ناشرینەکانی دەردەکەون،ئەو سەدامەی کە دەیویست سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانی لە بۆتەی نەتەوەیی عەرەبدا بتوێنێتەوە و ،رۆژ لە دوای رۆژ لە هەوڵی پاکتاوی نەژادی بوو،ئەو سەدامەی کە ئابووری عیراقی وێران کردبوو کە باشترین دەوڵەتی کشتوکاڵی کە دووزێی (دجلەو فورات)ی پیا دەروات بوو بووبە وڵاتێکی مشەخۆر وسەرجەم دیهاتەکانی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد و کانیاوەکانی کوردستانی کوێرکردەوەو دێهاتەکانی راپێچی ئۆردوگای زۆرە ملێ یەکان کرد و وڵاتانی لە وڵاتێکی بەرهەم هێنەوە کردە وڵاتێکی مستهلک.

لە عیراقی سەدامدا تەنها مۆمێک رۆشنایی نەئەدا لە کوردستاندا، کوردستان بوو بووە بە تاریکستانێک کەسی نەی ئەتوانی هەنگاوی ئازادی تیا بنێت.ئالەم کاتەدا پیاوێک، تێکۆشەرێک، ماندوو نەناسێک، پێشمەرگەیەک، مامۆستایەکی شۆڕش،مافناسێکی کوردایەتی، بریاری دا کە لە سەرچیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە مۆمی شۆرش دابگیرسێنێ درێژە بە خەبات و شۆڕش بدات

دژی تاریکی و زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و حوکمی استبدادی و دیکتاتۆری سەدام حسێن،ئەو پێشمەرگەیەش ئەوهەڤاڵە کۆڵنەدەرەی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان (مام جەلال) ە ئەو تێکۆشەرەی هەر لە سەرەتایی لاوی یەوە تێکەڵی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان بووە، لە کاتێکدا تۆی تێکۆشەر لەسەر چیاکانداڵەناوبەفردالەناوخێمەیەکی بچکۆلەدا داوای رووخاندنی بەهێزترین حکومەت دەکرد کە سەرجەم دەوڵەتە دراوسێکان وعەرەبەکان لێی دەترسان.ئائەمەیە زیرەکی، ئائەمەیە لیهاتوویی و توانایی، لە کاتێکدا سەدامی دیکتاتۆر لەوپەری هێزدا بوو دەیوت (بەتفەنگی برنەوەوە لەپشت شاخەکانەوەداوای رووخاندنی حکومەت دەکەن). بەگاڵتە جاری ئەم قسەیەی دەکرد،بەلام ئەی پێشمەرگەی ناوچیاو بەفرەکان تۆ زیاتر برەوت بە شۆرش، خەبات وتێکۆشان دەدا، رۆژ لەدوای رۆژ تەنگت بەسەدام و جەیشەکەی هەڵئەچنی بۆیە دیکتاتۆرت ئیجبارکرد کە (عەفوو)بدات بۆئەوەی پێشمەرگە لە شاخ بگەرێتەوە،لەهەموو بریارەکانیدا دووبارەی دەرکردەوە دەیووت: ((عەفوەکان شمولی هەموو کوردێک دەکات بێجگە لە جەلال تاڵەبانی)). لە کاتێکدا کە عەفوو شمولی تۆ نەئەکرد ، تۆ بویتە سەرۆک کۆمار و دیکتاتۆریش بەر سزای گەل وشۆرش کەوتووە،لە ئێستادا کە عێراقیەکان رزگاریان بوە لە دەست استبدادیە دیکتاتۆریەکەی تۆبۆ دووەمین جار هەلبژاردنێکی ئازادیان ئەنجامدا لە ٢٠١٠/٣/٧ لە دوای هەڵبژاردنیشدوای زیاتر لە ((٨))مانگ بە بێ درستکردنی حکومەت بە دەستپێشخەرییەکی کورد توانرا ئەو بەستەڵەکە بشکێنن وبتوێتەوەوسەرئەنجام لە شەوی ١٣/١٢ /٢٠١٠/١١ ئەو پیاوەی بە شاهیدی زۆربەی عێراقییەکان کە چەتری هەموان بووە هەلبژێردرایەوە ،عێراقیەکان بە ئازادی حوکمی خۆیان دەکرد، ئەو کوردەی کەلە شاخەکانەوە مۆمی شۆڕشی هەڵگیرساند بۆ سێیەمین جارسەر کۆماری عێراق بوو،سەرکۆماری ئەو عیراقەی کە سەرجەم مافەکانی مرۆڤ

لەسەردەمی سەدامدا لە جانتایەکدا کرابوون، نەئەکرایەوە و، بەڵام لە سەردەمی مام دا هەر هەموویان بە ئازادی دەژین و رووبەرووی سندوقەکانی دەنگدان دەبنەوە بێ ترس و لەرز دەنگی خۆیان ئەدەن و، پیاوی تێکۆشەر و، ماندوو نەناسی هەڵئەبژێرین بۆ سەرۆک کۆمار.ئەو عێراقەی لەسەردەمی سەدامی دیکتاتۆردا یەکەم وڵات بوو لە پێشەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا. لە سەردەمی تۆدا ئەی هەڤاڵی تێکۆشەر بە ئازادی گوێ لە سەرجەم بیرو بۆچوونەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق دەگرت و مافی سەرجەم تاکەکان پارێزراوە و دام و دەزگاکانی راگەیاندن بە ئازادی پەخش و کارەکانی خۆیان دەکەن بەبێ سانسۆر.ئەو عێراقەی کە لەسەردەمی فاشستی سەدامی حسێندا کە رۆڵەکانی لە گیاندان بوون و بەبرسی و هەژاری ژیانیان دەگوزەراند لە کاتێکدا عێراق دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهانە. هەر هەموو داهاتەکان بۆ خزمەتی خۆی و دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکەی خەرج دەکرا، بەڵام لەسەردەمی تۆدا ئەی پێشەوای پێشمەرگە تەواوی مافە ئابوورییەکان گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لە ژیانێکی تەواو خۆشیدا دەژین.لەو عێراقەی سەردەمی حوکمی دیکتاتۆردا سەرجەم شوێنەکان کرابوون بە زیندان و پڕبوون لە خەڵکی بێ تاوان، لە زەمانی تۆدا ئەی سەرکۆمارە لێهاتووەکەی عێراق و شۆرە سوارەکەی کوردستان چۆڵ کراون .

بەڵام سەد مەخابن لە ٢٠١٢/١٢/١٧ مام جەلال نەخوش کەوت، لە دوایی ئەم نەخوشییە هەموو عێراق نەخوش کەوت ،لە دوای نەخوشکەوتنی گەورەترین کارەسات رووی لە عێراق و کوردستان کرد ،هەر لە شەری داعش و، قەیرانی دارایی و ، تێکچونی تەوافقی نیشتمانی لە نێوان هێزو حزبە سیاسییەکانی کوردستان وعێراق و، بڕینی بوجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ،چەندین کیشەو ئالوزی تر لە نێوان سەجەم

بێکهاتەکانی عیراق ، کە مام جەلال بە حیکمەتەکانی خۆی چارەسەری دەکردو وەکوو هەموو عێراقییەکان دەڵێن بوو بە چەتری هەمووان .
جێگەی داخە ئێوارەی سێشەممە لە بەرواری ٢٠١٧/١٠/٣ ئەو کارێزما گەورەیەی عێراق و کوردستان دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.بەڵام بۆ هەتاهەتایە مام جەلال زیندووەو بە زیندویش دەمێنیتەوە.

# نان و ئازادی بۆ نووسەران

فەرهاد چۆمانی

«جانێ جانان» لەوێ مرد، لەوێ مرد، بەڵام هەم بای ئەوێ و مەلەکانی و بگرە ئاوی ئەویش دەیانزانی ئەو لە بەفری کامە شاخانەوە هاتووە. ئەو لە هەشتاو چوار ساڵ، ٧٠ ساڵی بەخشیە ڕەوایەتی دۆزێک و بە هەموو دونیای ناساند. ئێستا ئەو نووسەرانەی کە »لەوێ» ناسیویانە دڵبەژانتر دەنووسن، ئەوەتا جەنگیز چاندار لە دوایین وتاریدا دەنووسێت: «کە هەواڵی مەرگی مام جەلالم بیست هیچ شتێکم نەما بیڵێم. ئەوەی مام جەلال بۆ کورد کردی تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک نەیکردوە و لێرە بەولاوەش کەس ناتوانێ وا بە ئاسانی ئەنجامی بدات.»

ئەگەر شان نانە ژێر ئەو دۆزە لە ڕووکاردا گشتگیر بووبێت و زۆر لایەن و کەسایەتی تری سیاسیی کوردستان جەختیان لێ کردبێتەوە، بۆ مام جەلال لەوەدا جیاواز بووە، کە ناوکۆ و ناوەڕۆکەکەی تژی بووە لە دەستەبەری ماف و ئازادی بۆ توێژ و چینە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا، هەربۆیەشە هەمیشە ئەو پانتایی و ڕووبەرەی خاکی کوردستان کە سێبەری مام جەلالی بەسەرەوە بووە جیاواز لە ڕووبەری ژێر تیشک و خۆری سیاسییەکانی دی هەمیشە نەشونومای ئازادی و ڕادەربڕینی تێدا بەرچاو بووە.

ڕەنگە ترسێک کە ئەدەب و ئەدیبان سڵی لێ بکەنەوە ترسی «ئەفسانەی سەرۆک» و «سەرۆکی موقەدەس» بێت. ترسێک کە دواجار وادەکات درزێکی گەورە بخاتە نێوان دونیای ئەدەبی و سیاسییەوە، وەک چۆن لە کوردستان وێناندنی «سەرۆکی ئەفسانەیی» و «موقەدەس کردنی سەرۆک»

ئەم درز و کەلێنەی دروستکردوە، بەڵام زۆرن ئەو نووسەرانەی کە لەبیرەوەرییەکانیان لە شاخەوە تاوەکو ئێستا وەدەنگهاتن و بەرگری مام جەلالیان بینیوە، بەبێ ئەوەی مام جەلال پێویستی بەوە بووبێت لە ڕێگەی ئەدەب و نووسینەوە بەرگری لێ بکرێت و بە وشە »بتی سەرۆک»ی بۆ دابتاشن و لەنێو پیاهەڵدان و پەخشانەکاندا بیکەنە »سەرۆکی موقەدەس» و پیرۆزکراو. کاتێک موکری لەسەردەمی شاخدا «سەگوەڕ دەنووسێت و پێشمەرگەکان تووڕە دەکات مام جەلال دەڵێ ئەو بە قەڵەم ڕەخنە دەگرێت و ئێوەش بە قەڵەم وەڵامی بدەنەوە. ئەو دەمەی فەرهاد پیرباڵ لە دەیەی نەوەدەکاندا «ملازم تەحسین» بڵاودەکاتەوە و ناڕەزایی لێ دەکەوێتەوە، هەر مام جەلال بوو گوتی دەبێ نووسین بە نووسین وەڵام بدرێتەوە. شێرکۆ بێکەس لە سێ قۆناغ ڕەخنە لە یەکێتی و مام جەلال دەگرێت، بەڵام دوای هیچ کام لەو قۆناغانە قەڵەمەکەی بێکەس بێکەس ناکات و هەمیشە پشت و پەنای دەبێت.

«نان وئازادی بۆ نووسەران» دروشمێک بوو مام جەلال زۆر جار جەختی لەسەر کردوەتەوە. بۆچی نان و ئازادی؟ بۆ تەنیا نان نەبوو؟ یان تەنیا ئازادی؟ دوانەی نان و ئازادی کۆجێکتۆیەکی سادەیە، بەڵام دەرخەری ئەو ڕاستییە کە مام جەلال بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی لەبار بۆ داهێنان دەبێ ئەم دوو وشەیە هاوزای یەکدی بن و بەیەکەوە بێن. دەبێ بەر لە هەمووان ڕەخنە لەو بگیرێت، مام جەلال بە جۆرێک تەئکیدی لەم دروشمە کردۆتەوە کە بە کردار لە بۆتە و چوارچێوەی دروشم دەرچووە و لە ئارای ژیان و پراکتیکی سیاسیدا بێ ئەوەی لازم بە پەنجەبێت لە ئاسمانی ئەو فەزایەی ئەو سازی کردبوو بینراوە.

# مام جەلال و ئازادی ژن

**روناک شوانی**

وەکو نووسەر و وەرگێڕێکی ژن، کە زۆربەی کارە ئەدەبییەکانم بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادیی بووە، هەرگیز نایەتەوە یادم ڕۆژێک لەڕۆژان بابەتێکم بۆ پێداهەڵگوتنی کەسایەتییەکی سیاسیی نووسیبێت، وەلێ هیچ نووسەرێک، نەژن نەپیاو ناتوانن نکوڵیی لەوە بکەن، کە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، سەرکردەیەکی وەکو بەڕێز( مام جەلال ) هەڵکەوتبێت لەپاڵ کاری سیاسیی، گرنگیی بەچەند چەمکێکی هەستیار دابێت، ئەو چەمکانەی پێویستیی ژیاریی و حەیاتیی بن بۆ میللەتێک دیرۆکێکی لەژێردەستەیی و چەوسانەوەدا بەسەر بردبێ، لە ئەنجامدا لە سادەترین مافەکانی بێبەش بووبێت. یەکێ لە دروشمە هەرە جوان و دیارەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، هاوخەباتیی دووانەی قەڵەم و چەک بوو، قەڵەم لە دیدگەی ( مام )ەوە قەڵەمی ئازاد بوو، قەڵەمێک سڵ لە ڕەخنەگرتن نەکاتەوە، بڕوای بەوە هەبوو ڕەخنە بەڕەخنە وەڵام بدرێتەوە( لە وەڵامی ئەو نووسەرانەی ڕەخنەیان لە سەگوەڕەکەی موکری هەبوو) بۆیە گرنگیی بە فراوانبوونی دەزگا و دامەزراوەی میدیایی لە ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە دەدا، ئیدی ئەوانەی لە سایەی حوکمڕانی( مام جەلال)دا چەندیان ڕێز لەو ئازادییە گرتبێت، نووسەر و ڕۆژنامەنووسیان ئازار دابێت، ئەوەیان بابەتێکی ترە. چەمکێکی دیکە، مەسەلەی ئازادیی ژنان بوو، دێتەوە یادم، لە کۆتایی ۱۹۹۲ دا، لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ مامۆستایانی ژن ساز کرد، تیایدا ئاماژەی بەوە دا، کە ژن نەک تەنها نیوەی کۆمەڵە، بەڵکو تەواوکەری

نیوەکەی دیکەیەتی، دەبێت بێ سڵەمینەوە بێتە مەیدان و داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، بەخەبات و تیکۆشان شوناسی خۆی وەکو ژنێکی ئازاد بەدەست بهێنێت، دەنا چۆن دەتوانێت نەوەیەکی ئازاد و بڕوابەخۆ پەروەردە بکات. ئەم پەیامانە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرن، ڕەنگە لێرەدا دەرفەتی ڕوونکردنەوەی پتریان نەبێت، لێ بوونی چەندین ڕێکخراوە، نێوەندی ژنان، گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە ژن لە کوردستاندا بەرهەمی بەجێهێنانی ئەو پەیامانەن. لە کۆتاییدا دەڵێم، ڕەنگە زۆربەمان ڕەخنەی زۆرمان لە سیاسەتی( مام )هەبووبێ، بەڵام ناتوانین ئەو ڕاستییە بشارینەوە، کە لە دوای بەڕێز کاک نەوشیروان، سیاسیی کارامە، ڕۆشنبیر، زمانزان و بیرمەند و سەرکردەی وەکو بەڕێز( مام جەلال ) لە باشووری کوردستاندا هەڵناکەوێت.

# یەکەم هاوکار و هاندەری رۆژگارە سەختەکانی ژیانم بوو

**زاهیر صدیق**

ئەو کاتەی لە سەرەتای هەڵکشانی تەمەنی لاویدابووم لە دوا قۆناغی خویندندا سەرقاڵی پرۆژەی ساڵانەی پەمانگای هونەرە جوانەکان بووم بەداخەوە بەرشاڵاوی گرتنی رژیمی بەعس کەوتم . بەرێکەوتێکی سەیر، موعجیزە ئاسا دەرباز بووم و رووکردە چیا ... بەڵام لەوێ خەمی بەردەوامی کاری هونەری بووە خولیاو بیرکرنەوەی بەردەوامم . ئیدی بڕیارمدا بیرۆکەی پرۆژەی کارەکەی پەیمانگا بگۆرم و پەیکەرێک بکەمە یەکەم کاری گەورەی ژێر سێبەری شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتی، ئەم هەنگاوە بۆ یەکەم جاربوو هونەری پەیکەرسازی لە شارەوە بگوازرێتەوە بۆ ژیانی سێبەری چیاکان و ناوچە ئازد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. لە ژورێکدا کە شوێنی کارکردن و نان خواردن و خەوتنم بو پەیکەرێکم بە پێوانەی نزیک لە (٣ م ) سێ مەتر ئەنجامم دا و ناومانا پەیکەری (سەرەتا ) لە دەروازەی گوندی چۆخماخ لە دۆڵی جافایەتی دامنا، بەر لەکۆتایی کارەکە هەواڵ گەیشتە مامی گەورە، مام جەلال بانگهێشتی کردم. کاتێک بەدیداری شاد بووم لەسیماو تەمەنی گەنجانەی روانیم دوای بەخێرهاتن فەرموی: چۆن بەم تەمەنەوە بیرت لەدروستکردنی پەیکەری پێشمەرگە کردۆتەوە؟ تۆ نازانی هونەر لە شوێنێک دەکرێت ژیانی دور لەشەڕو بۆردومانی تیا بیت؟ تۆ چۆن ئەم کارە دەکەی؟ لەوەڵامدا وتم: مامە گیان منیش پێشمەرگانە بیر ئەکەمەوە و پێشمەرگانە ئەم سمبولەم لەم نەبوونی و نارەحەتییەدا دروستکردوە دەیکەمە رەمزێک بۆ هەموو هێزی پیشمەرگەی کوردستان، بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان.

مام بەسەرنجێکی پڕ لە زەردەخەنەوە فەرموی: وەڵامەکەت لە ئاستی تەمەنتا نییە قسەی لەخۆت گەورەتر ئەکەی هاهاها، ئافەرین کاکی پەیکەرسازو ژیر. ئیدی من هاوکارو پشتیوانتم بەتایبەت هاوکاری گەنج و لاوی وەک ئیوه دەبم. ئیدی هەر وەفدێک هەر رۆژنامە نووسێک هەر میوانێک بێت بۆلام دەڵێم لەپێشدا بچۆ بۆلای پەیکەری پێشمەرگە تا بزانن ئێمەش مونۆمێنتی پێشمەرگەمان هەیە. ئێمە هەر خاوەنی خەباتی چەکداری نین شۆڕشی ئێمە پیشمەرگەی هونەرمەندو نوسەرو ئەدیبی هەیە. دواجار مامی گەورە فەرموی: پەیکەرەکە، کەی تەواو ئەبیت؟ وتم: با بۆیاخ کردنەکەی تەواوکەم کە بەرێگەی قاچاخ بڕیارە گالۆنێ بۆیاخم بۆ بێنن و رەنگی خاکی دەکەم. خێرا وتی: ئە ورەنگە من دەتوانم بۆتی پەیداکەم. بۆیاخێک بۆ گۆڕینی رەنگی ئۆتۆمبێلەکەی ئامادەکرابوو کە لە گوندی یاخسەمەر وابزانم سکرتارێت تەنها دوو ئوتومبێلی هەبوو ساڵی ١٩٨٦، دەست بەجێ بۆیاخەکەی پێشکەشی پەیکەرەکە کرد. مام ئەو کاتە بایەخی هونەرو کاری هونەری لە زۆرشت لا گەورە و گرنگتر بوو، تەنانەت لە ئوتومبێلە تەنیاکەی ئەوکاتەی ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتی. هەمیشە لەزۆر کۆڕو کۆبوونەوەدا دووبارەی دەکردەوە: «نان و ئازادی بێ سنوور بۆ نوسەران و هونەرمەندان» .

# مام جەلال

**زیرەک کەمال**

سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٣، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وتارێکی بە ناونیشانی (یەکگرتنی چەپەکان) لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوکردەوە، ناوەرۆک و هێڵە گشتییەکانی ئەو وتارە ئەوەبوو کە مام جەلال پێی وابوو بۆ ئەوەی رۆڵی چەپەکانی کوردستان لەناو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا کاراو کاریگەرتربێت، پێویستە هەموویان بێنە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەر دوای ئەوە کورستانی نوێ تەوەرێکی کردەوەو تیایدا داوای لە نوسەرانی کورد کردبوو کە ئازادن لەوەی کە لە سەر وتارەکەی مام جەلال بنووسن و ئێمە وەکو ئازادی بیروڕا بڵاوی دەکەینەوە، منیش وتارێکم لەو بارەیەوە نووسی و ناردم بۆ کوردستانی نوێ کە ئەوکات بارەگاکەی لەبەرامبەر وەزارەتی شارەوانی بوو لەهەولێر.نایشارمەوە ئەوەی بیرم لێ نەدەکردەوە بڵاوکردنەوەی وتارەکە بوو، چونکە هەم رەخنە بوو لە وتارەکەی مام جەلال و هەم کۆمەڵێک رستەم بەکارهێنابوو کە لە سیاقی هەلومەرجی ئەوسا بە ئاستەم جێگای دەبووەوەو لەلایەکیش رەخنەبوو لە پیاوێک کە من هەموو تەمەنی منداڵی و هەرزەیم بە ئاوات بووم ببیینم و وێنەیەکی لەگەڵدا بگرم. واتا من سێوی نەگەییو هەڵوژەی تاڵ بووم، بەڵام ئەو چەندین ساڵ وەکو رەمزێکی سیاسی و گەڕیدەیەکی ماندوونەناس، شاخ بەشاخ و وڵات بە وڵات دەرگاکانی دەکوتاو بەوێنەی منداڵێکی بێ باوک بەبێ ئومێد بوون لە کردنەوەی دەرگاکان بەروویدا لەبرسان خەوی لێ دەکەوت. دوو رۆژ دوای ناردنی وتارەکەم لەناو بازاڕی هەولێر کاک فریاد هیرانیم بینی و گوتی

زیرەک کەمال پیرۆزە وتارەکەت لە کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە، بەهەڵەداوان خۆم گەیاندە نوسینگەی رۆژنامە فرۆشی و (کوردستانی نوێ)م کڕی، سەیرم کرد وتارەکەم بەپانایی و درێژایی لاپەرە چواری رۆژنامەکە بە دیزاین و نەخشەیەکی جوان بەبێ ئەوەی دەستکاری یەک وشەش بکرێت بڵاوکراوەتەوە، نایشارمەوە تەزوویێکی خۆش سەراپای جەستەمی گرتەوە، وەکو بلێی تینوێکی قەڵای دمدمی گەمارۆدراو بووم و دەستم لە مەتارەیەک ئاو گیربووبێت، ئاوا کەوتمە خۆشی و هەلەکە سەما، ئاخر ناهەقیم نەبوو کەبینم منێک تەمەن بیست و شەش ساڵە لەگەڵ یەکێک لە رەمزە سیاسیەکان و پیاوێکی گەورەی ناو دنیای سیاسەتی سەرووی تەمەن شەست ساڵ کەوتوومەتە دیالۆگ و رەخنەگرتن، منێکی تازە پێرەوتەبووی ناو دنیای نوسین و خاوەن ئەزموونێکی سادەو ساکاری ناو مێرغوزاری رۆژنامەو جیهانی ترسناکی رەخنە!! رەخنەم لە پیاوێک گرتووە کە بەقەد هەموو ساڵەکانی تەمەنی من لە زیندان و ژیانی تاڵی غوربەتی و ئاوارەییدا ژیاوە. دواتر بەهەڵە نەچووبم وابزانم ساڵی (١٩٩٩) کە هێشتا بۆنی خوێنی برا کوژراوەکانی شەڕی براکوژی لەهەموو کونجێکی کوردستان دەهات و تەقەی شەڕە بێ ماناکانی ناوخۆیی هێشتا لەگوێدا دەزرنگایەوە، لەگەڵ شاندێکی ئەدیب و رۆشنبیرانی شاری هەولێر بۆ بەشداریکردن لە ڤیستیڤاڵی ئەدەبی چوومە سلێمانی و رۆژی دواتر جەنابی مام جەلال ئێوارە خوانێکی بۆ رێکخستین، یەک بەیەک پرسیاری ناوەکانی لێکردین، کە گوتم (زیرەک کەمال)م دەستمی گرت و لەتەنیشت خۆی دانیام، گوتی زیرەک بیستومە کوڕە ئاغای و شیوعی؟ گوتم بەڵێ. گوتی ئەو وتارەی لەسەر وتارەکەی منت نوسیبوو ئەگەرچی لەگەڵ بەشێکی نەبووم بە فوتەو ربەی سۆڤیەت لەسەر منت نوسیبوو، بەڵام وتارێکی چاک بوو بەوردی خوێندمەوە، ئەو قسەیەی مام توانای وزەیەکی گەورەی بەخشیە دنیای بیرکردنەوەو نووسینم، لەو

راستیەش تێگەیشتم کە ئەو (مام جەلال)ەی سیاسەتی یەکتری قبوڵنەکردن و پاوان خوازی وێنەی بۆ من کێشابوو، جیاوازە لەو (مام جەلال)ەی لەشاخ پێشەکی بۆ رۆمانی سەگوەڕی محەمەد موکری نووسیی و ئێستاش ئافەرین لە گەنجێکی وەکو من دەکات، وەغەرت خێر مام جەلال تۆ کە ئێستا لە وەرزی خەزان بەوێنەی پەپولە پایزییەک بەجێمان دەهێڵیت راشکاوانە پێت دەڵێم مام جەلال خۆشم دەوێی.

# مامی ڕێباز ڕوون و ئامانج ڕەوا، ئۆغرت خێر

**مەحمود سەنگاوی**

بە داخ و پەژارەیەکی ئێجگار زۆرەوە، جەرگبڕترین و دڵسوتێنەرترین هەواڵ گەشت و هەموومانی هەژاند و گریانێکی ناوەختی کردە میوانی هەموان. مەرگی دڵهەژێنی گەورە ڕێبەری ئازادیخوازی گەلەکەمان و قوتابخانەی فێربوونی کوردایەتی هەڤاڵ مام جەلال، لەم ساتەوەختە سەخت و دژوارەدا کە گەلەکەمان بە قورسترین ساتەکانیدا تێپەڕدەبێت و چەندین قەیرانی سیاسی و ئابووری بەرۆکی هەرێمەکەمانی گرتوە و لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش کۆدەنگیەک دژ بە خواستی لە مێژینەی گەلەکەمان کە مافی چارەی خۆنوسینە بۆ گەشتن بە لوتکەی ڕزگاری یەکجارەکی دروست بووە، دڵی هەموومانی سمی و ناخی ڕاتەکاندین و گورزێکی کوشندەی دا لە پرۆسەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و هەرێمەکەمان بە تایبەتی.

کاتێک هەواڵی ژیانئاوایی هەڤاڵ مام جەلال-م پێ گەیشت، کوڵی فرمێسک بەرینی گرتم و ماتیەک دایگرتم، لە بارێکی دەروونی تایبەتیدا بووم، بیر و ئەندێشەم بۆ دەیەها مەبەست باڵی گرتبوەوە، نائومێدیەک هەموو ڕۆحی تەنیم، وەکو بڵێی فیلمێکم بۆ لێ بدەن هەموو ووتە پڕ ماناکانی، سیاسەتی چەپکە گوڵەکەی، بزە و پێکەنینەکانی، کار و کردەوەکانی، هەڵوێستە قەندیل ئاساکانیم دە هاتەوە بەرچاو، ئامادەگیم نەبوو بڕوا بە مەرگی وەها ڕابەرێک بکەم.

هەڤاڵ مام جەلال، توێنەرەوەی شەختەی نائومێدی پاش نسکۆ، ڕابەر و هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و شۆڕەسواری ساتەوەختە دژوارەکان بوو. مام، ڕێبەرێکی گەورەی هەڵکەوتوو لە بواری پێشمەرگایەتی و سیاسەت و ڕۆشنبیری بوو، بۆ زۆربەمان مامۆستا و سەرکردە و فێرکەری هەم سەردەمی شاخ و شاریشمان بوو. مام، کارێزمای هەڵوێستە پڕاوپڕ لە جوامێریەکان، پیاوی گفتوگۆ و دانوستاندنی سەرکەوتوو، پاڵەوانی هەموو بوارەکان و هەموو ڕۆژگارەکان بوو، بوێر لە ڕوبەڕووبونەوەی تەحەداکان و هەمیشە پڕ بوو لە هیوا و ئومێد بە سەرکەوتن. مام، مێژویەک بوو پڕاوپڕ لە سەروەری و تێکۆشان و خەبات بۆ چێکردنی قەڵمڕەوییەک بۆ ئازادیی گەلێکی ستەمدیدە، پڕاوپڕ لە شکۆمەندی و هەڵوێستی قەندیل ئاسایی و مەردایەتی.

هەڤاڵ مام جەلال، ئەندازیار و داڕێژەری میکانیزمی ئامانجی مافی چارەی خۆنوسین بوو بۆ گەلی کوردستان و هەڵگری دروشمی ئازادیی و ئاشتی و دیموکراسی بوو، داینەمۆی ڕووداوە بەرهەمدارەکانی گەلەکەمان و هاوسەنگەری هەموو شۆڕشگێرە ئازادیخوازەکانی ناوچەکە بوو. مام پێشەنگی ڕاپەڕینی ڕزگاری و ڕوخێنەری ڕژێمی فاشیستی بەعسی و یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی پێشمەرگەی پاش ئازادی عێراق بوو. مامی پاش ئازادی عێراق، ئەفسانەی یەکڕیزی نیومالّی کورد و سەرجەم گەلانی عێراق بوو، کلیلی چارەسەری کێشە و گرفتە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە بوو، ڕێبوارێکی نەفەس درێژی ڕێگای چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی بوو، لە هەمان کاتدا داکۆکیکەرێکی سەرسەختی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد بوو. مامی کوردان پیاوێک بوو بە سیاسەتی چەپکە گوڵەکە وەڵامی نەیارەکانی دەدایەوە، بە زمانی شاعیرانە خەڵکی فێری سیاسەت دەکرد.

چەندە سەختە بۆ پێنوسی کول و کۆڵەواری من باسی مەزنی و شۆڕشگێڕی و خەباتی پڕ بەرهەمی مامی کوردان بکات، زمان لاڵە و گوزارشتی پێ ناکرێت، هەرچی بۆ مامی کوردان بووترێت و بنوسرێت هێشتا ناگاتە ئاستی گەورەی و مەزنی ئەو، مام ئەو مرۆڤە مەزنەیە کە لە مێژووی دوور و نزیک و ئێستاشدا تاقانەیە، لە نێوان جوامێری و سیاسەت هەڵوێستدا تارماییەکی تیژڕۆبوو کە ژیان جارێکی تر وێنەی ناکێشێتەوە، شەپۆڵێکە لە ڕووباری شۆڕشی نوێدا هەرگیز ناسرەوێ، پشکۆیەکی ئاگردانی شۆڕشی نوێیە و هەرگیز دانامرکێتەوە.

مەرگی مامی شۆڕشگێڕ و ئاشتیخواز و سەرۆک، کۆسپێکی نیشتیمانییە، نەک بە تەنها بۆ گەلی کورد بەڵکو بۆ سەرجەم گەلانی ناوچەکە و هێزە دیموکراتی خوازەکان خەسارەتێکی گەورەیە و کەلێنێکی ئێجگار گەورەیە بۆ پرۆسەی سیاسی لە ناوچەکەدا. مەرگی مام بۆ ئێمەیەکی قوتابی و پێشمەرگە و ڕێبواری ڕێبازەکەی ئەو برینێکی قوڵە لە ناخماندا کە بە هیچ دەوایەک سارێژ نابێت.

ئەوەی لە کۆتایدا ئارامی بە دڵ و دەرونمان دەبەخشێت دەریایەک ئەزمون و دەسکەوتی نەتەوەی و سیاسی مام، کار و کردەوەکانی، گەورەی بیر و ئامانجەکانی، دڵسۆزی و پاکی کەسێتی ئەو هانمان ئەدات هێندەی تر لەسەر ڕێبازە پڕ ڕێبوارەکەی شێلگیرتربین.

لە کۆتایدا، هەزاران سڵاو بۆ ڕۆحی هەمیشە نەمرت مامۆستا و سەرکردە و سەروەرم، لە یەزدانی مەزن داواکارم ڕۆحی ئەو مەزنە ڕابەرەی گەلەکەمان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

# تاڵەبانی و گریمانە بنچینەییەکان

**فەرید ئەسەسەرد**

کاتێک دەربارەی تاڵەبانی دەنوسین، پرسیارێکی سادە دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە تاڵەبانی بە چ مەبەستێک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراندووە؟ ئینجا بۆچی لە ساڵی ١٩٧٥دا نەک پێشتر؟ لێرەدا ساڵەکە یارمەتیی وەڵامدانەوەی پرسیارەکە دەدا.

ساڵی ١٩٧٥ ساڵی هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستانە، نەک بەهۆی رێککەوتننامەی جەزائیرەوە، بەڵکو بەهۆی پووکانەوەی گیانی بەرگری لەدەستدانی فاکتەری دەستپێشخەرییەوە.

ئەگەر ١٩ی ئازار بە رۆژی هەرەسهێنانی شۆڕش دابنێین، دەردەکەوێ کە تاڵەبانی پاش ٦٤ رۆژ لە هەرەس، یەکێتیی دامەزراندووەو لە بەیاننامەی دامەزراندن دا ئاماژەی گرنگ و رۆشن بۆ کارکردن لەپێناوی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداردا، دەبینین و لە یەکەم سەروتاری رۆژنامەی شەرارە-ش کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥دا دەرچووە هەر ئەو ئاماژانە، بەڵام بەشێوەیەکی رونتر، دوبارە کراونەتەوە.

ئەمە بەم واتایە دێت کە پەیامی مێژویی یەکێتی ئەوە بووە کە بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە، خەباتی چەکدار هەڵگیرسێنێتەوە و رابەرایەتیی گەل بکات.

ناو وڵات، رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی لێ دەرچێ، هیچ رێکخستنی دیکەی لێ نەبوو. کۆمەڵەش تا ئەو کاتە رێکخراوێکی دەستەبژێر بوو، هێشتا ئەو دەرفەتەی بۆ نەلوا بوو کە ببێ بە رێکخراوێکی جەماوەری.

دواتر کە بزوتنەوەی سۆسیالیست لەسەر دەستی ساڵح یوسفی دامەزرا، ئەویش زۆرتر وەک ڕێکخراوێکی نهێنیی ناڕاگەیەنراو کاری دەکرد. پێنج مانگ پاش دامەزراندنی یەکێتی، ئینجا سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حزبێکی شۆڕشگێڕی مارکسیست لەسەر دەستی سامی عەبدولڕەحمان و هەڤاڵەکانی دامەزرا.

بیرۆکەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار تەنها لە مێشکی تاڵەبانی-دا یەکلاکرابۆوە. ئەم بیرۆکەیە لەناو کۆمەڵەدا تەنها پاش دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ تاڵەبانیدا گەلاڵە بوو. پاشان، دوابەدوای ئەوەی کە کۆمەڵە سەرکردایەتیی خۆی لەدەستداو سەرکردایەتییەکی گەنجتر هاتە ئاراوە، بیرۆکەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ تاڵەبانی، هەنگاوی کردارەکیی بۆ پێشەوە نا.

لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستدا بیرۆکەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار بیرۆکەیەکی بەهێز نەبوو، بەتایبەتی کە بزوتنەوە لە قۆناغی دامەزراندندا وەک ڕێکخراوێکی "طریفۆرمیست" هەڵدەسوڕا، بەڵام دوای ئەوەی ڕێکخراوەکە چووە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بیرۆکەکە لە بیرۆکەیەکی ناواقیعییەوە بووە بیرۆکەیەکی شیاوی جێبەجێ کردن، بەڵام چەمکی خەباتی چەکدار لەلای تاڵەبانی و لەلای سەرکردەکانی بزوتنەوە دوو چەمکی جیاواز بوو، چونکە تاڵەبانی ئامانجی بە عیراقی کردنی شۆڕش و روخاندنی رژێمی هەبوو، لەکاتێکدا بزوتنەوە خەباتی چەکداری وەک کارتێکی فشار دەویست و ئامادە بوو بە وازهێنانی بەغدا لە پرۆژەی راگواستنی گوندەکان و هەموارکردنەوەی هەندێ برگەی ناو یاسای ئۆتۆنۆمی، لەگەڵ بەغدا ئاشت ببێتەوە.

ئایا ئەگەر تاڵەبانی پلانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دانەنایە، دەتوانرا خەباتی چەکدار لە کوردستان دەست پێبکاتەوە؟ ئەستەمە بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناو وڵات و

شێوەی بیرکردنەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ وا بۆ مەسەلەکە بچین کە ئەگەر تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٧٦ دەستی بە جێبەجێ کردنی پلانی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار نەکردایە، دەشێ خەباتی چەکدار لەکاتێکی درەنگتردا هەڵبگیرسایە و ئەوەی کە زۆرتر رێی تێدەچێ ئەوەیە کە دەشێ خەباتی چەکدار لە ساڵی ١٩٧٩، پاش هەرەسهێنانی رژێمی شا لە ئێران، یاخود لە ساڵی ١٩٨٠ پاش هەڵگیرسانی جەنگی عیراق-ئێران دەستی پێ بکردایە، بەڵام دەبێ ئەوە لەبەر چاو بێ کە لە ساڵانی ١٩٧٩و ١٩٨٠دا بەغدا قۆناغی یەکەمی راگواستنی گوندەکانی تەواو کردبوو.

بۆیە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەو کاتەدا ئاسان نەدەبوو، لەکاتێکدا تاڵەبانی دەیویست، هەر واشی کرد، خەباتی چەکدار پێش دەستپێکردنی پرۆژەی راگواستنی گوندە سنورییەکان دەست پێبکا بۆ ئەوەی دانیشتوانی گوندە راگوێزراوەکان بتوانن بەرپەرچی پرۆژەکە بدەنەوە و بەشدار بن لە خەباتی چەکداردا.

ئەگەر تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٧٥دا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دانەمەزراندایە چی رووی دەدا؟ زۆر ئەستەمە بیر بەلای ئەوەدا بچێ کە کۆمەڵە لەو کاتەدا، بەو سەرکردایەتییە بێ ئەزمونەی کەهەیبوو و بەو ژمارە کەمەی کادیر کە لە ریزەکانیدا بوون، بیتوانیایە تەنها رابەرایەتیی خەباتی چەکداری بکات. ئەگەر ئەو دەستپێشخەرییەشی بکردایە، پێشبینی نەدەکرا تاسەر بتوانێ بەردەوام بێ.

بزوتنەوەی سۆسیالیستیش، سەرەڕای ئەوەی کە باڵێکی شۆڕشگێڕ لەناویاندا هەبوو، ئەستەمە بەو بیرە ریفۆرمیستییەی کە بەسەریدا زاڵ بوو، بیتوانیایە ئەزمونێکی سەرکەوتوی خەباتی چەکداری پێشکەش بکردایە. خۆدورخستنەوەی رابەری بزوتنەوەی سۆسیالیست، ساڵح یوسفی، لە بەشداری کردن لە خەباتی چەکدارو مانەوەی لە بەغدا بەبێ هیچ پاساوێک تا

ئاشکرابون‌و تیرۆرکردنی لە ساڵی ١٩٨١، زۆر شرۆڤەو لێکدانەوە هەڵدەگریّ.
هەروەها ئەگەر کاربەدەستانی ئێرانی سەردەمی رژێمی شا، لە جموجوڵی تاڵەبانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار نیگەران نەبونایە، هەرگیز کارئاسانییان بۆ دامەزراندن و جموجوڵی سەرکردایەتیی کاتی بۆ پەکخستنی هەوڵەکانی تاڵەبانی نەدەکرد.
لەبەرەنجامی کۆتاییدا دەردەکەویّ کە تاڵەبانی بە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دانانی پلان بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لە کوردستان، ژیانی سیاسیی لە کوردستان، زیندووکردەوە و ئومێدێکی تازەی بە گەلەکەی بەخشی.
جۆرجی بلیخانوڤ لە کتێبەکەیدا دەربارەی»رۆڵی تاک لە مێژوودا« وتویەتی خەسڵەتەکانی پیاوە مەزنەکان «خەسڵەتە تایبەتەکانی رووداوەکانی مێژوو دیاری دەکەن». ئەمەش، بەدڵنیاییەوە، لە زۆر رووەوە تاڵەبانی دەگرێتەوە

# مام جەلال گەردونی بوو

**مستەفا شێخ محەمەد**

یەکەمجارە گەلی کوردستان لە مێژوی دورو نزیکیدا سەرکردەیەکی جیهانی بەخۆیەوە ببینێت، کە چەند خەسڵەتێک بەیەکەوە گرێبدات لەیەک کات، پێشمەرگەو رۆژنامەنوس و پارێزەرو دیبلۆماتکارو دیموکرات و ئاشتیخوازو سەرکردەیەکی جیهانی ئازادیخوازیش بێت.

مام جەلال لە شۆرشگێرێکی نەناسراوی ناو شاخ و داخەکانی کوردستانەوە، بزێویەکی گەورە دەکات و لە پەنجاکانەوە رودەکاتە میسرو لەوێوە، بناغەکانی گەردونی بونی کارەکانی دادەنێت، دواتر بەدونیادا دەگەرێت بانگ لە خەڵکی جیهان دەکات، بۆ ناسینی کێشەیەک.

لە سوریادا پشتیوانی حافز ئەسەدو حکومەتەکەی بۆ کورد مسۆگەر دەکات، بەجۆرێک توانای دەستپێکردنەوەی شۆرش گەرەنتی بکرێت، مامجلال رۆڵێکی بنچینەیی دەگێرێت، جگە لە کوردانی باشور، کوردانی پاچەکانی دیکە لە سوریادا پەنابدرێن، بۆ ئەوەی شۆرشی کوردستان بەردەوام بێت، ئەمە بە جۆرێکە ئەم وڵاتە دەبێتە شادەمارێکی گرنگ لەژیانی جوڵانەوە شۆرشگێریەکانی کوردستان..

سەرەڕای هەموو ئەو دۆخە ناهەموارەیی، لەدژی کوردان بەرێوەدەچوون، مام جەلال وەک خەباتگێرێی بزێو لەناو گەلێکی (زۆرینە نەخوێندەوار) کە دەوڵەت نەتەوەکان بڕستی هەموو جوڵەیەکی لێبڕی بوو، دەستدەکات بە خەبات، بەدانایی قەڵەمەکی لەناو گەلەکەی خۆی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەستپێدەکات.

دواتر دەبێتە دیبلۆمات و دانوستانکارو پارێزەری مافەکانی گەلی کوردستان، یەکێک لە دیارترین کەسایەتیەکانی کورد لە کۆتای پەنجاکان دەبێت، تا نسکۆی ١٩٧٤ کە هەموو کورد بەتەواوەتی توشی نائومێدی دەبێت، مامجەلال ناگاتە (عەبەسە وەتەولەو) نایەوێت لە دۆخی شکست ببێتە مەلاو دەستپێدەکاتەوە.

لە ١٩٧٥ بەدامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە دروشمی (یان کوردستان یان نەمان) ١٦ ساڵ دەبێتە ڕابەری شۆرشێکی خوێناوی، روبەروی بەعس دەبێتەوە، لەگەڵ دەیان ڕێگری و کۆسپی زۆری کوردستانی، روبەروی دڵرەقترین دوژمن، تا ١٩٩١ بەعس لە کوردستان ڕادەماڵ درێت.

مام جەلال دوای نزیکەی ٥٠ ساڵ لە خەباتکردن، دەگاتە لوتکەی حوکمڕانی و دەبێتە سەرۆک کۆماری عێراق، بەپێچەوانەی ئەوانەی نەیانناسی بوو، دەبێتە چەتری کۆکردنەوەی عێراق و لەماوەی سەرۆکایەتیەکەی لە عێراق نازناوی (صمام امان)ی پێدەدرێت، لەپای هەوڵەکانی لە بەرقەرارکردنی ئاشتی لە عێراقدا، لەو عێراقەی کە هیچ کەسێک ناتوانێت وەک کەسایەتیەکی دیموکرات و ئاشتیخوازێک تێیدا رێبەرایەتی سیاسی بکات.

ئەوەش دەرفەتێک دەبێت، کە مام جەلال تێیدا کێشەی گەلی کوردستان دەگەینێتە ئەو جێگایەی کە ئیدی هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، خۆشی دەبێتە پارێزەری داوایەیەکی هەق و ئەندێشەی سیاسی خۆی بۆ کێشەکانی ناوچەکە بەکاردێنێتە، بەجۆرێک ئەو مام جەلالە دروستدەبێت کە هیچ کەسێک ناتوانێت لە وەسفکردنی بۆی بەداخ نەبێت کێ دەتوانێت نەڵێت خەسارەتێکی گەورە بو ئاشتیخوازێکی گەورەمان لەدەستدا، شانازی دەکەین بەهارێیەتی...هتد ئەو ڕستانەن کە لە دەمی سەرکردە گەورەکانی جیهان

دەردەچن بۆ کەسایەتیەکی کورد، لە ناوجەرگەی ئاشوبی رۆژهەڵاتی ناوەراست.
مام جەلال لە کوردستاندا هەرچەند گیرۆدەیی ئەقڵیەتی کۆنەخوازی دەبێت، بەڵام دەیەوێت ئەو دەرفەتە مێژویەی نێوان ٢٠٠٣_ ٢٠١٢ لە عێراق بقۆزێتەوە بۆ بوژانەوەی کوردستان، چونکە لە روانگەی ئەو گەشەکردنی کێشەی کورد یەکسانە بە بەرەوپێشچونی کۆمەڵگاو کرانەوە، لەم ماوەیەی مام جەلال لە بەغدایە و پارێزەری داواو، مافەکانی خەڵکی کوردستانە، سەدان رۆژنامەو گۆڤارو چالاکی مەدەنی و ئابوری و ئاوەدانی لە کوردستان بەرێوەدەچن و شێوەیەکی دیکە بە ژیان دەدەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە، بەدەیان ملیار دۆلار دەرژێتە هەرێمی کوردستان و بەماوەیەکی دیاریکراو، گۆرانێکی گەورە دروستدەبێت، لە هەموو رویێک، لەپاڵ ئەوەشدا مام جەلال دەبێتە پارێزەری خانوە قورەکان و رۆژنامەنوسان و تەنانەت ئۆپزسیۆن گەشە دەکات، مام جەلالیش لەپاڵ ئەرکەکانی خۆبەخشانە دەبێتە پارێزەریی تەنانەت رکابەرە سیاسیەکانی.
بە هەموو پێوەرێک مام جەلال کاریزمایەکە، کە لە پێشمەرگەیەکەوە کە قەدەغە بوو، لەو وڵاتەکەشی بژیێت گەیشتۆتە، سەرۆکایەتی وڵات و لە جیهاندا ناوبانگێکی سەنگین و گەردونی هەبوە، بۆیە مام جەلال چەندە کورد بوبێت هێندە زیاتر مرۆڤانە رەفتای کردوە، بەمەش بۆتە مرۆڤێکی گەردونی، لەگوندێکی شارۆچکەی کۆیەوە، بەرەو دورترین سنورەکان رۆیشتوە.
درود بۆ گیان مام جەلال.

# جێگەکەت خاڵی خاڵییە

**لەتیف فاتیح فەرەج**

١

هەرزەکار بووم ، وێنەیەکی تۆم لەت و پەت کرد ، وێنەیەک کە شەهید فاخیری برام لە رێکەوتنەکەی ١٩٨٣ وەریگرتبوو، زۆری لاجوان بوو ، منیش رێکەوتنەکەم پێ خۆ بە دەستەوەدان بوو ، بۆیە داخی دڵم بە وێنەکەت ڕشت، ساڵ هات و چوو ، جگە لەوەی چەندین جار هەڵکەوت بتبینم و قسەو باسی زۆر بکرێت ، لێ وێنەشمان بە یەکەوە گرت ، لەم دوایانە وێنەیەکی زۆر جوان و دانسقەی تۆم لابوو ، نازانم کێ بردی ، هەرچۆنێکە ئێستا تۆ بەس لە وێنەکاندا لە گەڵماندای ، ساڵی ٢٠١٧ ساڵی جیاکردنەوەی تۆو کاکە نەوە بوو لە ئێمەو باشوری کوردستان ، وای کە جێگەکەت خاڵیە ، خاڵی خاڵی .

٢

رامینی جیهانبەگلوو چەند سەرسامە بەو تولەرانسە، ئاخر تۆ ئامادە نەبووی واژوی لە داردانی جەلادەکەش بکەیت ، لام وایە لە دیرۆکا کەم رێکدەکەوێت قوربانی ئەوەندە لێبوردە بێت لە کاتی دەسەڵاتداریدا ، ئەوەبۆیە رەوان شاد حەمە موکری لە پەنای تۆوە" سەگوەڕ" ی دەنووسی ،حەمە کەریم عارف کۆچی سووری دەنووسی ، رەخنەو سەرنجمان زۆربوو ، لێ تۆ لە کوێبووی ئازادی لەوێ بوو ، بیرمە بە تەنیشتەوە دوان دانیشتبوون ، من رەخنەم دەگرت هەردوکیان ئێستا لە ژیاندان دەیانوویست بێدەنگم بکەن لێ تۆ بە ئارامی گوێت گرتبوو ، دوایەش بە نوکتەیەک بارودۆخەکەت گۆڕی .

٣
نامیلکەیەکی تەواوم بە رەخنە لە سەرت نووسی و بڵاویشم کردەوە ،" تاڵەبانی و دەوڵەتی کوردی " دانەیەکیشم بۆ ناردی ئێستاش دەیان وتاری رەخنەم لە سەر حزبەکەت هەیە ، کەس ، نەخۆت ، نەکەسی تر لەسەر رەخنەگرتن هیچتان پێ نەوتوم ، نەگلەی نەگازندە ، نەهیچ ، ئەوانی دوای تۆ مەرج نیە وا بمێنن، خەڵکی تریش هەبووە لە سەر بچوک ترین رەخنە تاڕی تێبەرداوین .
٤
نەتۆ نەکاک نەوشیروان نابوو بەو جۆرە بڕۆن ، ئەو لەبەر ئەوەی هێشتا تەواوی گوڵەکانی سەر ڕێگای نەچنی بوو ، تۆش هێشتا شوێنت خاڵی خاڵی، دوێنێ لە کۆمێنتێکا بۆ ستران عەبدوڵا نووسی بووم مام جەلال و کاک نەوشیروان دەڕۆن و فلان و فیسار دەمێنن، ناوی دوو بەرپرسی دیکەی یەکێتیم نووسی بوو ، ئەو تەنیا نیشانەی پرسیارێکی دانابوو ، قوربان بۆ مردنت بەو هەموو ماندوێتیە ، دەتوانم نیشانەی پرسیارەکەی ستران عەبدوڵای هاوڕێم دانەم.
ئۆغرت خێر
با یەکەم دیدارت لە تەک کاکە نەوەدا بێت، چونکی زۆریان هەوڵدا بتانکەنبە گژ یەکترا .

# مـــام جـەلال

**د.عیزەدین مستەفا رەسول**

دەبێ چ ناوونیشانێک لەوە سامناکترو دەربڕتر بێ کە بڵێم «مام جەلال مرد....».

بێگومان مام جەلال ناوێکی گەورە بوو و هەر بە گەورەییش دەمێنێتەوە لە مێژووی کوردو عیراقو رۆژهەڵاتو جیهانیشدا.

بۆ مەرگی مام جەلال- بێجگە لە گریانی بەکوڵو ڕاستەقینە (کە پیاو کەم دەگرین) کۆمەڵێکی فراوان لە لێکدانەوەو یادگارم لایە،کە تەمەنو نەخۆشی ڕێگەم بدەن، کەرەسەی کتێبێکە.

کە باسی ئەوەم دەکرد کە لە ساڵی ١٩٤٧ەوە یەکتر دەناسین دەیفەرموو: من لە (١٩٥١)ەوەم لەبیرە. هێناوەمەوە بیری کە ساڵی ١٩٤٧ لە ناوەندیی کۆیە بوو. سەری سلێمانیی دا. کۆمەڵێک قوتابیی ناوەندیی کۆکردەوە- کە منو خوالێخۆشبوو (جەمال شاڵی) یان لە نێواندا بووین. باسی کوردایەتیو دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ کردین. یادگاری هەرە گەورەم- رۆژانەی (شام)ە کە ئەو و شەهید عەبدورەحمان زەبیحیو من ژوورێکمان لە نزیک سەنتەری شامەوە بە کرێ یەکی هەرزان گرتبوومان. ئەو سەردەمە لە دوو حیزبی جیاوازادا بووین. بەڵام هەر دۆستو خۆشەویستی یەکتری بووین.

که باسی ئەو ساڵانەی دەگێڕایەوە، دەیفەرموو: ڕۆژی پێنج شەڕمان دەکردو من دەمووت: مام جەلال: بەڵام شەش جاریش ئاشت دەبووینەوە. خواردنمان پێکەوە، ماڵان گەڕان‌و هاتنەوە ژوورەکەمان پێکەوە.
دوێنێ لە کۆچی دووایی ئەودا کە(سەرەخۆش)یم لە ئامۆزایەکی کرد. ووتی: من سەرەخۆشی لەتۆ دەکەم: چونکە ڕاستە ئامۆزای من بوو.بەڵام دۆستی نزیکی تۆ بوو، ئەو یادگاریانەی تۆ لە گەڵیدا هەتە من نیمە.
بێگومان – مەرگی کەس-(بەتایبەتی- یا کرمانجی ووتەنی –نەخاسم)کەس شادمان ناکات، بەڵام ئەوەی من شادمان دەکات کە مام جەلال لەکاتێکدا ماڵئاوایی لێکردین، کە کورد یەک بوون‌و ئەو بوو بوو بە ڕەمزێکی گەورەی ئەو یەکبوونەو ڕەمزێکی گەورەی ریفراندۆم‌و سەربەخۆیی بەڵام زامی دڵ لەوەدایە کە فریا ناکەوت ئەرک‌و ئاواتی تەواو بکا.
لە دووا دیداردا- کە نەخۆشبوو- چوومە خزمەتی. قسەی پێ نەدەکرا، خواردنی وەک جاران پێ نەدەخورا، بەڵام بیرەوەری یا (زاکرە)ی وەک جاران بوو.
بە ئیشارەت لێی پرسیم: ئێستا چی دەنووسی. ووتم: کتێبێک لەبارەی (جەواهیری)یەوە-بەڵام شتێک هەیە دەبێ پرست پێ بکەم.
کە جەواهیری قەسیدە ڕەنگینەکەی خۆیی(قلبی لکردستان): لە بەرلین خوێندەوە. جەنابت هەستایت ستایشت کرد، بەڵام بە زۆرەملێ منیشیان هەستان: قسەمکرد. جەواهیری ستایشی هەردووکمانی کرد ئەوەی بۆ جەنابتی فەرموو زیاتر بوو یا ئەوەی بۆ من- هەر بە ئیشارەت فەرمووی: ئەوەی تۆ، بەڵام بینووسە، بینووسە. ئەوە بوو لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبیدا نووسیم.
پێوەندیی لەگەڵ جەواهیریدا زۆر بوو. جەواهیری پارچەیەکی هەیە (شوقا جلال کشوق العین للوسن) ڕەخنەشی تێدایە-بەڵام مام جەلال خۆی

بڵاویکردەوە. کە پێم دەووت: تۆ لە من شارەزاتری شیعری جەواهیریت. دەیفەرموو: نەء، من زۆرترم لەبەرە، بەڵام تۆ شارەزاتری- ئەمەش هەر لە تەوازوعکاری یەوە بوو. ئەگینا- ئەو شارەزاترو لێزانتر بوو.

دەبوو بۆ مەرگی مام جەلال شتێک هەر بنووسم. یا ئەم چەند دێرە- بەرکوڵ- ی کتێبێکی گەورە بێ. ئاخ خۆزگە دەمتوانی تەواوی بکەم- یا بڵێم: بینووسم.

مام جەلال لە پیاوە گەورەو نەمرەکانە.

# مەرگی دیپلۆماتە گەورەکە

**چرۆ شەهاب**

بواری دیبلۆماتی بوارێکی قورس و ئەرکێکی گەورە و بەرپرسیارانەیە، کە ئاسان نییە هەموو کەسێک سەرکەوتوبێت تیایدا بە تایبەت لە وڵات و ناوچەیەک، کە کێشەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لەڕوی مەزهەبی و نەتەوایەتی زۆری لەخۆگرتبێت.

ئەم ئەرکە دیبلۆماتیەش لە عیراق و لە دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی ٢٠٠٣ کەوتە بەر دارِمان و مەترسیەکی گەورەوە، بۆ کەوتنەوە سەرپێی خۆی پێویستی بە کەسایەتیەکی بەهێز هەبوو، کە کاریگەری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیی لە ئاستێکی زۆر باڵادا هەبێت، لێرەوە بە حوکمی ئەوەی جەنابی مام جەلال خودی خۆی خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و پەیوەندیەکی توندوتۆڵی دیبلۆماتی هەبوو، وە توانای بڕوا پێهێنانی بەرامبەری هەبوو، کە ئەمە یەکێکە لە سیفاتە گرنگەکانی کەسایەتی دیبلۆمات،توانی لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ڕەنگدانەوەی هەبێت.

مام جەلال بووە ئەو خێمە گەورەیەی کە سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکان بەکوردو عەرەب و بە بێ جیاوازی مەزهەبی و سیاسی لەخۆ بگرێت، ئەو هەروەک چۆن زۆرێک لە سیاسەتمەدارەکانی جیهان ناوی بە » صەمامی ئەمانی عیراق« دەبەن .

هیچ کاتێک سڕینەوەی نەتەوەکان لە فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا جێگەی نەبۆتەوە،ئەمەش وایکرد کەمایەتییە نەتەوەییەکان و ئاینزادە جیاوازەکان متمانەی پێبکەن و ئایندەی خۆیانی ڕادەست بکەن،چونکە دڵنیابون لەوەی کە پارێزەری سەرسەختیان دەبێت، هەربۆیە لە دەرکەوتنی هەر کێشەو گرفتێک ڕووبەڕوی هەر لایەکیان بوایەتەوە، وەک کامەران قەرەداغی دەڵێت (گەر کێشەکان گەورەبوونایە، ئەوا وەکو سەرۆک کۆمار چارەسەری دەکردن، زۆرجاریش گەر کێشەکان قوورس و ئەستەم بوونایە، ئەوا وەکو شەخسی مام جەلال هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرکردنی دەدا.) چارەسەرکردنی کێشەکان وەک مام جەلال،جێگەی هەڵوێستەیەکی دیبلۆماتی زۆر گەورەیە و لێکدانەوەی زۆری دەوێت لەوانەش: یەکەم: مام هەمیشە وەک کەسایەتیەکی ئاشتی پارێز، وشەی ئاشتی لەنێو فەرهەنگە سیاسیەکەی ڕۆڵی گەورەی بینیوە و پراکتیزەی کردووە.

دووەم: کاریگەری کەسایەتی بەهێزو ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیبووەو یارمەتیدەری بوون لە چارەسەر کردنی کێشەکان.

سێهەم: توانای بەهێزی زمان زانیو شارەزای لە کولتوری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتان،کە ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەرکەوتنە دیبلۆماتیەکانی و توانیویەتی بەهۆییەوە بەرەی لێک تێگەیشتنەکان فراوانتر بکات.

چوارەم : پەیوەندیە لە مێژینەکانی لەگەڵ سیاسەتمەدار و نوسەر و ڕۆژنامەنوسە بیانیەکان، خاڵی جەوهەری گەشەی پەیوەندیەکانی بووە و توانیویەتی تەوزیفی بکات لە پرۆسەی ئاشتی و پێکەوە ژیان.

پێنجەم : متمانە بە خۆبونی لە چارەسەر کردنی هەرکێشەیەک بهاتایەتە بەردەمی،لەبەرامبەریشدا لەدەست نەدانی متمانەی بەرامبەرەکەی پێی .

شەشەم: توانی ببێتە پردی پێکەوە ژیانی کورد وعەرەب، ئەو وێنانەی لەلایەن عەرەبە شۆڤێنیەکانەوە لەسەر کورد هەبوو، بی ڕەوێنێتەوە و پێکەوە ژیان بکاتە هەوێنی ئاشتی لەناو سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان.

حەوتەم: لەخۆ بوردی و دڵ گەورەیی و لێبوردەیی کەسایەتیەکەی هەمیشە وایکردووە کەس لێی زویر نەبێت، توڕەبونەکانی زۆر کاتی بوون و لە دڵیدا جێگەی نەبۆتەوە.

لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە کە باسکران مام هەمیشە بە قسە خۆش و نوکتەکانی توانیویەتی لە دەستپێکی هەر کۆبونەوەیەکدا گرژی و ئاڵۆزیەکان بڕەوێنییێتەوە و پاشان کۆبونەوەکە دەست پێبکاتەوە.

مام جەلال هەمیشە لە پرۆسەی سیاسیدا باوەڕی بە پشتیوانیکردنی ژنان و لاوان بووە و رۆڵی گەورەی بینی لە بەشداری سیاسی ژنان و پشتیوانیان بوو،تەنانەت ئەمەشی لەدەستوری عیراقیدا چەسپاند.

لە پێش مەرگی جەنابیان و نەخۆش کەوتنی و دورکەوتنەوەی لە پرۆسەی سیاسی بۆشاییەکی گەورەی لە کوردستانو عیراق و ناوچەکەو جیهان دروستکرد و هیچ کەسێک نەیتوانی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕبکاتەوە، ئیتر مەرگی دیبلۆماتە گەورەکە ئەبێت مەودای ئەو بۆشاییە گەورەیە بەرەو کوێ ببات.

# نهێنی ژمارە حەوت لای مام جەلال

**خەڵەف غەفور**

ساڵانی پەنجاکان سەرۆک مام جەلال لە بەغدا سەردانی دوکانەکەی ئوستاد بەشیر موشیری دەکرد، مام جەلال جگە لەوەی چالاکوان و کادرێکی سیاسی کاریگەر بوو، هاوکات سەروکاری لەگەڵ رۆژنامەوانی و ئەدەب و نووسینیشدا هەبوو. بەو هۆیەشەوە تێکەڵاوییەکی سەیری لەگەڵ ئوستاد بەشیر موشیر پەیداکرد و لەکاتی جیاواز جیاوازدا سەردانی دوکانەی ئوستاد "قیبلەی ئامالی کورد"ی دەکرد.

ئوستاد بەشیر موشیر لەو دەمەدا خۆی بە سەرۆکی کوردان دەزانی و دەیوت "ئەمین گەورەی کوردانم". دواتریش بیرکردنەوە و قسەکانی کە بەشیریستەکان وەکو دەستوور چاوی لێدەکەن لە چوارچێوەی کتێبی "سیپارەی حەقپەرستی"دا بڵاوکرایەوە و لەو کاتەوە ئەو دەستوورە بێ گۆڕانکاری جێبەجێ دەکرێت.

لە حەوت مژدەبەرەکەی ئوستاد یەکێکیان سەرۆک مام جەلالە کە لە قسە و نووسین و ژیانی رۆژانەیدا کوردایەتی بێ غەل و غەش کە وەکو ئوستاد بانگەشەی بۆ دەکرد خستە واری کردارییەوە. رەنگە لای هەندێک ئەوانەی ئوستاد دەیوت و بانگەشەی بۆ دەکرد وەکو جۆرێک لە شۆخی لێ روانرابێت، بەڵام راستییەکەی لای سەرۆک مام جەلال وانەبوو، بەڵکو پەیوەست بوو بە بنەماکانی دەستوورەکەی ئوستادەوە.

ساڵی ١٩٨٤ و کاتی بەڕێوەچوونی دانووستانەکانی نێوان یەکێتی و حکومەتی ئەوکاتەی عیراق مام جەلال لە نامەیەکدا بۆ رەوانشاد د.کەمال فوئاد بەم

شێوەیە لەبارەی بەشیر و کوردایەتییەوە نووسیویەتی "مایەوە میری، ئێمە زۆر وریاین و بەپێی ئامۆژگاریی بەشیر کاردەکەین. بەشیریزم ڕێبەرە لەم مەیدانەدا. جارێ هەر قۆناغی گفتوگۆ- دانووستاندنە، گەر هەق درا زۆرباشە، ئەگینا ئێمە هەر لە شوێنی خۆمانین".

دوای نسکۆی شۆڕش و بە چەند مانگێک مام جەلال هەوڵەکانی بۆ هەڵێسانەوەی شۆڕش خستەگەڕ، کۆبوونەوەی یەکەم لە تولەیتوڵە بۆ دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کرا، حەوت کەس بوونە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر کە دوانیان لە حەوتەی مژدەبەر بوون.

پرسیاری ئەوەی بۆ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی حەوت بوو نەک هەشت یان هەر ژمارەیەکی تر بۆ من گرنگە، ڕاستییەکەی ئەوە ڕێکەوت نییە، ئەوکات سەرکردەی زۆر، کادری باش و پەیوەندیدار ئامادەی بەشداریی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوون، بەڵام لەو هەموو خەڵک و ژمارەیە مام جەلال حەوت کەسیان هەڵدەبژێرێ.

حەوتەی مژدەبەر و حەوت سەرکردەکەی دامەزرێنەری یەکێتی دوو ژمارەن مانای گرنگی خۆیان هەیە، لە بەغدای پایتەختی عەرەبی دوکانەکەی ئوستاد بەشیر دەبێتە قیبلەی ئامالی کورد، لەوێوە کوردایەتی دەمەزەرد دەکرێتەوە، دەستووری کوردایەتی لەژێر ناونیشانی سیپارەی حەقپەرستی ڕەنگڕێژ دەکرێت و بەو هۆیەشەوە بە نەمری ناوی ئوستاد ماوەتەوە.

لە گەڕی دووەمی بزووتنەوەی کوردایەتی و سەروەختی بێ هیواییدا مام جەلال کە یەکێکە لە حەوتەی مژدەبەر لە پایتەختی وڵاتێکی تری عەرەبی مانیفێستی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ دەنووسێتەوە و حەوت کەسیش دەکاتە ئەندام تیادا.

مانیفێستی دووەم لەماوەی پەنجا ساڵدا بۆ دەمەزەردکردنەوەی کوردایەتی لەسەر دەستی مام جەلال لە دیمەشق نووسرایەوە، بەشیریستێکی سەر

راست بە ژمارە و پەیام لە گێمی دووەمدا کە تائێستاش بەردەوامە یادی بەشیری بەرز راگرت و پەیامەکانی سیپارەی حەقپەرستیشی خزاندە بەیاننامەکەی دامەزراندنی یەکێتییەوە.
ئەوەی مام جەلال بۆ کوردایەتی کردی بە تەنیا رووە سیاسییەکەی نییە، بەڵکو وەفا بۆ مێژوو و بەرزڕاگرتنی یادەوەرییان، ئاوڕدانەوە لە کولتووری بەرزی کوردەواری کە خۆی لە وەفا بۆ دۆست و مامۆستاکانیدا دەبینێتەوە.
حەوتەی مژدەبەر لە بەشیریزم بەشێوەیەکی تر لە حەوتەی دامەزرێنەری یەکێتیدا لەسەر دەستی سەرۆک مام جەلال دووبارە کرایەوە، بێگومان ئەوەش لوتکی وەفایە.

# مام جەلال شۆڕشگێڕێکی ماندونەناس و هێمای ئاشتەوایی بوو

**نازم دەباغ**

مام جەلال هۆکاری جێگربوونی یەکگرتوویی نێوان کورد و عەرەب بوو. ئەو بەردەوام هەوڵی داوە ئازادی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا جێگر بکات. یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانی ئەوە بوو کە نان و ئازادی پێکەوە ببینێت و لای وابوو کە بە بێ نان، ئازادی مومکین نییە. ئەو ئازادیخوازێک بوو کە دژی ستەم و زوڵم و دیکتاتۆری وەستا. لایەنگری مافی مرۆڤ بوو. کاتێک بە سەرۆک کۆماریی عێراق هەڵبژاردرا و حوکمی لە سێدارەدانی سەدام دەرکرا و جێبەجێ کرانی حوکمەکە پێویستی بە واژۆی سەرۆک کۆماری بوو، ئەو خۆی لەو کارە بوارد؛ مام جەلال ئەو کەسە بوو کە تەنانەت نەیدەویست شایەدی لە سێدارەدانی سەدام بێت.

تاڵەبانی لە هەموو هەلومەرجێکدا لە پێناو ڕێککەوتن و ئاشتی و ئاسایشی ناوچە و هەرێمی کوردستاندا هەوڵی داوە. هەر بۆیە ئەمڕۆ بۆشاییەکەی لە گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی ناوچە و عێراقدا زیاتر لە جاران هەست پێدەکرێت. ئەو بۆشاییە هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتییدا بەرچاوە.

کۆچی دوایی مام جەلال زیانێکی قورسی بە هەرێمی کوردستان گەیاند. خۆزگە کورد و عێراقی پێڕەو ڕێگای جەلال تاڵەبانی بن، هەتا لەمڕۆدا کە مام جەلال لە ناو ئێمەدا نییە، هەر هەموو باسی نیازپاکی و کەسایەتیيە سیاسییەکەی بکەن. بەڵام باشترین و چڕترین پێناسەیەک کە لە مام جەلال کراوە، هەمان پێناسەی ئایەتوڵڵا سیستانییە کە وەک سوپاپی خاترجەمیی

عێراق ناوی لێبردبوو. ئەم بۆچوونەی ئایەتوڵڵا سیستانی هێمایەکە بۆ دۆخی عێراق و پێگەی مام جەلالی خوالێخۆشبوو. من لە ساڵی ١٩٦٤ لە گەڵیدا ئاشنابووم و تا ئەمڕۆ هاوڕێتیی نزیکمان پێکەوە بووە. لەو ماوەیەشدا هەرگیز ئەوم بێ هیوا بە داهاتوو و شادمانی نەدیوە. ئێمە پێکەوە و شان بە شانی یەکتر ڕۆژانێکی سەخڵەتمان بینیوە و ڕۆژانی سەرکەوتنمان لە بیرە، ئێمە سایەدی کارەساتی هەڵەبجە بووین و بۆ ئەنفال گریبیان، بەڵام بێ َجگە لە هیوا بە دوارۆژ شتێکی دیکەم لێ نەدی. لە ڕۆژانی سەخڵەتیشدا بەردەوام هیوای بە دوارۆژ بوو. هیوای بە داهاتوو هیچکات نەکوژایەوە.

لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا لە هەرێمی کوردستان دانیشتنێک بوو و هاوڕێیەکی شۆڕشگێڕمان باسی لە نائومێدیی خۆی کرد و مام جەلال دڵخۆشیی دایەوە کە ڕۆژێک لە عێراقدا دەبێتە سەرۆک کۆمار و هەرواش بوو. تالەبانی هیچکات خۆڕاگری و تاقەت هێنانی لە بیر نەکرد. ئەو سیاسەتوانی داهاتووبین بوو و گەلێ جار تاکتیک و ستراتژییەکانی بەر لە ڕوودانی دەخستەڕوو و لە ئەنجامیشدا هەروا دەبوو.

ئێستا بە چوونی تاڵەبانی، هەرێمی کوردستان پاڵپشت و پێگەیەکی قورسی لە دەست داوە؛ ئەو شۆڕشگێڕێکی ماندوونەناس بوو، بەڵام ڕێگا و ڕێبازی مام جەلال هەمیشە زیندووە؛ هیوادارین کە هەر وابێت و خوا لێی خۆش بێت.

# بۆمێـژوو

**عەبدوڵای حاجی مەحمود**

کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرکردەی تێکۆشەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان خەسارەتێکی گەورەبوو بۆ هەمووما‌ن و ناتوانین بە چەند پەڕەگرافێک باس لە مێژووی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە بکەین کە هەموو تەمەنی خەباتیکردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی گەلی کوردستان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانی ناوچەکە .

لێرەدا بۆ مێژوو یەکێک لەو یادگاریانە باسدەکەم کە ئاماژەن بۆ ئەزموون و وربینی و پێشبینیەکانی بۆ پێشهات و ڕووداوەکان. پێش ڕووخانی حزبی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ لە کۆتا کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی حزب و لایەنە کوردستانیەکان لە قەڵاچۆلان کە بۆ ئامادەکاری و کۆدەنگی بوو لەبەرانبەر پێشهات و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە.

مام جەلال ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرنگ کرد کە دواتر زۆربەی خاڵەکان وەک خۆی ڕوویاندا.

لە کۆبوونەوەکەدا ووتی: ئەمەریکا دێتە عێراق و دەسەڵاتی چەند ساڵەی حزبی بەعس و سەدام لەناودەبات ، ئێمە کە چەند ساڵە لەو پێناوەدا تێکۆشاوین دەبێت سوود لەو گۆڕانکار و ڕووداوانە وەربگرین و بەشدار بین و دوانەکەوین. هەروەها لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا ووتی: پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتی ئیداری کورد زۆر بەرەوپێش دەچێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کورد دەبێتە خاوەن بڕیار و پێگەی تایبەت لە عێراق و ناوچەکەدا و ئەگەری زۆر هەیە تا ١٥ ساڵی تر سەربەخۆیی خۆمان

ڕاگەیەنین. یەکێک لەو خاڵانەی تر باسیکرد ووتی: تورکیا ناتوانێت عەبدوڵا ئۆجالان لە سێدارە بدات بەڵام دادگایی دەکات ، ئەگەر بێت و پەکەکە حەکیمانە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشەکەدا بکەن دەتوانن دەستکەوتی گەورە بۆ کوردستانی باکوور بەدەست بهێنن بە تایبەت کە تورکیا دەیەوێت بەرەو کرانەوە و چارەسەری کێشەکانی کورد بچێت. جگە لەو خاڵانە ئاماژەیکرد بەو گۆڕانکاریانەی لە عێراق و ناوچەکەدا ڕوودەدەن و ئێستا زۆرێک لە پێشبینییەکانی ڕوویانداوە.

# سەرکردەیەک بۆ ئاشتی؛ دیپلۆماتێک لە لوتکەدا

**هاوکار ڕەفیق**

**مام جەلال؛ گەڕیدەی ئاشتی و تەبایی**

پیاوێک بۆ سیاسەتی حەکیمانە، سەمامی ئەمان لە عێراق، سەرۆککۆمارێک تینووی ئاشتی و لەیەکترگەیشتن، سەرکردەیەک تا دواچرکە دژی پەراوێزی و سڕینەوەی بەرامبەر، خولیای ئاشتی و نوێخوازی، پیاوێک بوو بۆ تیمارکردنی سەرجەم گرفتەکان، خاوەن هێزی یەکلاکەرەوەی دانوستانی جەمسەرە دژبەیەکەکان بوو، میانڕەو و بێلایەنانە داکۆکیکاری مافی ڕەوای هەموو پێکهاتەکانی عێراق بوو، دیپلۆماتێکی گەڕیدە بوو بۆ داکۆکی لە نەتەوە و نیشتیمانەکەی، لەبەر هەموو ئەمانە پێویستە وەک ڕەمزی ئاشتی و لێبوردەیی بناسێنرێت. هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین، بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری و مێژوویی و وەسفی، باس لە هەوڵی ئاشتیخوازانەی ئەم سەرکردە نموونەییە بکەین، لە سیاسەتی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا، کە پێویستمان بە یەک سەدەی ترە هەتا سیاسەتمەدارێکی لەم چەشنە هەڵدەکەوێتەوە.

**دەرگایەکی کراوە بە ڕووی هەمواندا؛ دیپلۆماتێک لە لوتکەدا**

گەر بڕوانین لە وێستگە دیپلۆماسییەکانی ئەم سەرکردەیە، دەبینین چۆن دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو، بە هەمان چەشنیش جێگەی ڕێز و متمانەی وڵاتانی ناوچەکە ئێران تورکیا سوریا... هتد بووە.

ئەو ڕۆڵە هاوسەنگییە توانای ئەوەی پێ بەخشیبوو لە دەرەوەی سنوورەکانی عێراقیش هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بدا و لایەنەکانی بگەیەنێتە ڕێککەوتن، تاکە سەرکردەی سیاسیی ناوچەکە بوو لە یەک کاتدا دەیتوانی دەرگای پێشوازی لە ئەمەریکا بکاتەوە و لە دەرگای پشتەوە خواحافیزیی لە دۆستە ئێرانییەکانی بکات و لە دەرگایەکی تریشەوە چاوەڕوانی هاتنی سوننەکانی دەکرد و لە لایەکی تریشەوە سەرکردە شیعەکان لە دەرگاکەیان دەدا، کاتێکیش دەگەڕایەوە کوردستان ئاگری فیتنەیی و ناکۆکییەکانی دەکوژاندەوە.

**دۆستی دوژمنەکەم دۆستمە؛ هاوخەمی دۆست و دوژمن**

تایبەتمەندییەک کە لە مام جەلالدا هەبوو، ڕاگرتنی هاوسەنگی بوو لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا، خاڵی سەرکەوتنی ئەوە بوو دوژمنەکانی دەکرد بە دۆست و دەستبەرداری دۆستەکانی نەدەبوو، بە جۆریک وەک دۆستی باشی هەموو لایەک مامەڵەی دەکرد، هەر ئەمەش وای دەکرد هەموو پارت و سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان بە دەستکۆیی پەیامی هاوخەمیی خۆیان بەیان بکەن و تاجەگوڵینەی ماڵئاوایی بخەنە سەر تەرم و گڵکۆکەی، وەک ئەو پەندەی دەڵێت دۆستی دوژمنەکەم دۆستمە، لە مردنیشیدا ئەوانەی کۆکردەوە کە بۆچوون و دیدەکانیان بەرامبەر یەکتر ناکۆک بە یەک بوون، بەم شێوەیە کوتلە و سیاسییە سوننییەکان هاوشێوەی سەرکردە شیعییەکان، ناوەڕۆکی هاوخەمییەکانیان لە یەک دەچوو، عەبادی هاوشێوەی بارزانی پرسەنامە و ماتەمینیی ڕاگەیاند، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگرەکەی بە یەکەوە تاجەگوڵینەیان دانا، دەوڵەتی ئێران و پارتە کوردییەکانی ناوی هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی سەرکردەیەکی گەورە

ماڵئاوایی کردووە، موراد قەریلان و سەلاحەدین دەمیرتاش و فەتحوڵڵا گیولەن لە لایەک و ئەردۆگان و یەڵدرم و عەبدوڵڵا گیول لە لایەکی تر هاوخەمییان بۆ ئەم کۆسپە دەربڕی، کاتێک پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان ماتەمینیی سێ ڕۆژەی ڕادەگەیاند، بەشار ئەسەد سەرقاڵی نووسینی نامەی هاوخەمی بوو بۆ مەرگی سەرۆککۆمارێکی هاوڕێی، وەزیری دەرەوەی ئێران و باڵویزی ئەمەریکا دوابەدوای یەک تاجەگوڵینەی ڕێزلێنانیان خستە سەر تەرمەکەی، ئەوانەی دژ و ناکۆک بە یەک بوون لە چاوەڕوانیی تەرمەکەی مام جەلالدا لە یەک ڕیزدا وەستابوون.

**پردی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان؛ گرێکەرەوەی جەمسەرە دژەکان**

کوردەکان و سوننە و شیعەی عەرەب، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە مام جەلال کۆکەرەوەی ئاڕاستە دژەکان بووە، بە سیاسەتی حکیمانەی هەمیشە هەوڵی هێورکردنەوەی کێشە گرگرتووەکانی سوننە و شیعەی دەدا، دەیتوانی ئەوە بسەلمێنێت کە وەک سەرۆککۆمارێکی بێلایەن نێوەندگیری دەکات، بێجگە لەوە هۆکاریی خاوبوونەوەی تەنگژەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بووە و هەرگیز ڕێگەی نەداوە کوردەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە ناهەقییان بەرامبەر بکرێت، بەبێ ئەوەی ڕێکاری نادەستووری بگرێتە بەر، بەم شێوەیە توانیویەتی بە هێزی نەرم و زمانی بەرزی دیپلۆماسی و پابەندی یاسایی و دەستووری کێشەی کورد و شیعە و سوننەی عەرەب بڕەوێنێتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا ئاوی بە هەزاران ئاگری گەورەی شەڕی تایفی و نەتەوەیی و ناوخۆییدا دەکرد، ئەو هەمیشە گرێکوێرەکانی دەکردەوە، بەبێ ئەوەی پەتی کێشەکان بپچڕێنێت، سەرباری ئەوەی هیچ کاتێک سڕینەوەی نەتەوەکان لە فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەودا جێگەی نەبووەتەوە، ئەمەش وای دەکرد کەمایەتییە نەتەوەییەکان و

ئایینزا جیاوازەکان متمانەی پێ بکەن و ئاییندەی خۆیانی ڕادەست بکەن. دانانی تاجەگوڵینەی پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لەسەر گڵکۆکەی ئەم ڕاستییە باشتر دەسەلمێنێت.
ستراتیژی نەگۆڕ و تاکتیکی گۆڕاو؛ سازشنەکردن لە بستێک خاکی کوردستان مام جەلال خاوەن یەک بنەما و ستراتیژی نەگۆڕ بوو، بەڵام بە تاکتیکی گۆڕاوەوە دەچوو بۆ وەگیرخستنی ستراتیژەکانی، هەڵوێستی خۆی لە پێناو پاراستنی سەقامگیری و ئاشتیدا دەگۆڕی بەبێ ئەوەی لە پرەنسیپ و بەها باڵاکانی لا بدا، بۆ نموونە کوردستانیبوونی کەرکوک ستراتیژی باڵای ئەو بووە، لە کاتێکدا کاردانەوەی توندی نەبووە لە هەمبەر هەڕەشەکان بەرامبەر ئەم پارێزگایە، بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی مالکیدا، تەنانەت ئەو پشتگیریی ئەو گەلەکۆمەی نەکرد کە دەربارەی لێسەندنەوەی متمانەی مالکی خرابووە گەڕ، بەڵکو بە بەڵگەو دۆکیومێنت و نەخشەی مێژوویی سەردەمی عوسمانی داکۆکی لە کوردستانیبوونی کەرکوک دەکرد، زۆر بە هەستیاری لەگەڵ ئەم پرسە مامەڵەی دەکرد، لە کۆبوونەوەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە کە ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی هەمەلایەنەی گرنگە کە هەموو عێراق دەگرێتەوە، نەک تەنیا کوردستان یان کەرکوک، بەڵکو حلە، کەربەلا، نەجەف، بەغدا، دیالە، موسلیش دەگرێتەوە، تا هەموویان ناچار بکات بیر لە چارەسەر بکەنەوە، مام جەلال بە هێزی نەرم وەڵامی لوولەی تفەنگ و هەڕەشەکانی دەدایەوە (مەبەست ئۆپەراسیۆنی دیجلەیە بۆ سەر کەرکوک). وەک سەرکردەیەکی پابەند بە دەستوورەوە پرۆژەیاسای تایبەت بە چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکانی بردە پەرلەمانەوە، بەڵام لەوێ لە نێوان دەمارگیریی سوننە و شیعەدا دیزەبەدەرخۆنە کرا. بۆیە دەبینین هەتا بۆی کرابێت داکۆکیکاری مافە نیشتیمانییەکانی کورد بووە، بێ ئەوەی دۆخەکە تێک بدات، سازشنەکردنی لەسەر سنووری خاکی کوردستان، سەرەکیترین پرەنسیپی سیاسی و

ستراتیژیی بەردەوامی بووە، لە گوێماندا ئەم ڕستەیە هەمیشە دەنگ دەداتەوە (شنگار و تەلەعفەر و و زومار و شێخان، بڕۆوە بەرەو خوار، بۆ خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان، هەمووی خاکی پیرۆزی کوردستانە).

**سەرکردەیەکی داهێنەر؛ پیاوی پڕۆژە گەورەکان**

مام جەلال نەخشەدارێژەری ڕاپەڕین بووە و ڕۆڵی هەبووە لە نزیککردنەوەی ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعسدا، هاوشانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی پلاندارێژەری بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی سەدام بووە، کلیلی قۆناغی ڕاگوزەری و پشکداری سەرەکی بووە لە بونیاتنانی عێراقی فیدراڵدا، لە داڕشتنەوەی دەستووری نوێی عێراقدا کاریگەریی هەبووە، هەوڵی داوە بۆ گەڕانەوەی سوننەکانی عێراق و کۆتاییهێنانی جەنگی تایفی، ناکۆکییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەلا نا وەک پێویستییەکی مێژوویی یەکڕیزیی کوردی لا مەبەست بووە، هەمیشە وەک سەرۆککۆمار بە ئەرکە ئاشتیخوازییەکانی خۆی هەستاوە، یەکەمین سیاسیی کورد و عێراق بووە کە دژ بە حوکمی سێدارە وەستاوەتەوە (تەنانەت ئیمزای لەسێدارەدانی سەدام حسێنیشی نەکردووە)، عێراقی لە زوڵم و زۆرداریییەوە گواستەوە بۆ دیموکراسییەتی دەستووری، داهێنەر و داکۆکیکاری مافی چارەی خۆنووسین بووە بۆ کوردەکان، خاوەنی چەمکی کوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە بووە، خوڵقێنەری لێبوردەیی و یەکترویستن بە کردار نەک گوفتار، ئازادیی گەلی کوردی لەناو یەکێتیی فیدراڵیی عێراقدا چەسپاند، سەرباری ئەوەی کێشە و لەمپەری زۆری لە بەردەمدا بوو، بەڵام بە هەنگاوی درووستی ڕۆڵە گەورەکەی خۆی گێڕا.

## هیوایەک لە بێهیوایدا؛ مەشخەڵی شۆڕش و هەستانەوە

مێژووی هاوچەرخی کورد، لە هیچ شوێنێکدا باسی لە بێهیوایی و ماندووبوونی ئەم سەرکردەیەی نەکردووە، تەنانەت لە خراپترین هەلومەرجیشدا باسی لە هیوا و گەیشتن بە مافی ڕەوای کوردەکان کردووە، زۆرینەی شارەزایان پێیان وایە مام جەلال لە ساتی گەمارۆی توندی سەربازی و سیاسی و ئابوورییشدا پڕ بووە لە هیوا و ئومێد و چۆکی دانەداوە. وەک دەبینین دوای ئەو شکستەی لە دەرئەنجامی ڕێککەوتنامەی جەزائیرەوە بەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەوت و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی بە دوای خۆیدا هێنا، مام جەلال تەسلیمبوونی ڕەت کردەوە و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی ڕاگەیاند و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دانا. زۆرێک لە مێژووناسان پێیان وایە ئەگەر ئەو نەبوایە هەتا ساڵی ١٩٨٠ شۆڕش نەیدەتوانی دەست پێ بکاتەوە، لە هەشتاکانیشدا ڕۆڵی کارای بینیوە لە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتی عێراقدا، هەرگیز سازشی لە مافی گەلەکەی نەکرد، کیمیاباران و جینۆساید و ئەنفالکردنی کورد لە جووڵەی سیاسی نەخست و دوای چەند ساڵێک لەگەڵ هاوەڵەکانیدا نەخشەی ڕاپەڕین و پاککردنەوەی بەعسییەکانی جێبەجێ کرد، لە دوای ٢٠٠٣ گرەنتییەکی دڵنیایی بوو بۆ گەلی کورد و دەستکەوتەکانی لە سیستمی نوێی عێراقدا، لەو وادەوە یەکڕیزی ناوخۆیی زیاتر پەرە پێ دا و قەڵغانێک بوو لە بەردەم تیری دەمارگیریی دەسەڵاتدارانی عێراقدا.

## چاندنی تۆوی ئاشتی و چنینەوەی بەرهەمی پێکەوەژیان

مام جەلال لەسەر ئاستی عێراق و کوردستانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات هەمیشە هەوڵی چارەسەری ئاشتییانە و هەوڵی دیپلۆماسی و دانوستانی داوە، هەرچەندێک بۆی کرابێت بە ئەرکی نێوەندگیریی خۆی

هەستاوە، زۆرجار دەیگوت: «ناتەبایی ناوخۆییمان قورسایی و حورمەتمان کەم دەکاتەوە»، بەم شێوەیە یەکترقبوولّکردن و کاری پێکەوەیی و یەکهەلّوێستی سێکوچکە بوون لە بنەمای ئاشتی و تەبایی ئەم سەرکردەیە، بیرورِا ئاشتیخوازییەکانی لە ٢٠٠٨دا کردی بە جێگری رِێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالّ، سەرۆکی ئەم رِێکخراوەش (جۆرج پاپاندریو) بە جوانترین شێوە باسی لە رِۆلّ و پێگەی کاریگەریی مام جەلال کرد و وتی: «مام جەلال سەرکردەیەکی گەورە بوو، پیاوی بنەما بوو، باوەرِی بە بەهای پێشکەوتن هەبوو، بەرەنگاری گرژیی زۆر بووەوە و شەرِی قورس و دووروودرێژی کرد بۆ شەرەف و ئازادی، قورسایی خۆی بەکار هێنا بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و دیمۆکراسی و هاوکاریی برایانە، وەک سەرۆکی عێراق بە ژیری و بە مەردانە بەرەنگاری گرفتەکان بووەوە، هەروەها وەک هاورِێیەک هەموو کات لەگەلّمان بووە و هەستمان بە مرۆڤایەتی و گرِوتینەکەی کردووە».

**کەلێنێکی سیاسیی بەجێماو لە عێراقێکی ئالّۆزدا**

دوای خراپبوونی باری تەندرووستی و دوورکەوتنەوەی لە گۆرِەپانەکە، ناکۆکی و سەنگەرگرتنی پێکهاتەکانی عێراق زیاتر لە هەرکاتێک هەستی پێ کرا و کوردستانیش بەشێک بووە لەم بەرەو هەلّدێرچوونە و کەوتە بەردەم قەیرانی سیاسی و ئابووریی توندی چارەسەرنەکراو، تەنانەت بە جۆرێک کێشە و گرفتەکان لە پێکدادان نزیک بوونەوە، بۆیە دەبینین بە شێوەیەکی بەرچاو هەست بەو بۆشاییە گەورەیە دەکرێت، کە دوای بەجێهێشتنی گۆرِەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق دروستی کردووە. ئەمە تەنیا قسەی دلّی کوردەکان نییە، بەلّکو هەموو شەقامی عێراقی درک بەم رِاستییە دەکەن.

**سەرۆککۆمارەکانی پێشووی عێراق و مەراسیمی بەخاکسپاردنیان**

مەراسیمی ماڵئاوایی مام جەلال، بەراورد بە سەرۆککۆمارەکانی تر پڕشکۆترین ماڵئاوایی بوو، بەم شێوەیە پێنج سەرۆککۆماری پێشووتر بە نموونە وەردەگرین، عەبدولکەریم قاسم گوللەباران کرا و تەرمەکەی خرایە ڕووباری دیجلەوە، عەبدولسەلام عارف لە فڕۆکە کەوتە خوارەوە و تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، عەبدولڕەحمان عارف لە ئەردەن بە خاک سپێردرا و لە خاکی خۆی مەرحوم کرا. ئەحمەد حەسەن بەکر بە بێدەنگی شاردرایەوە و پرسەیەکی شایستەشی بۆ دانەنرا، سەدام حسێن خراپتر لە هەموویان، بە پەتی سێدارە ماڵئاوایی لێ کرا.

**دەرئەنجام**

هەرگیز ناکرێت بەبێ مام جەلال باسی مێژووی ٦٠ ساڵی ڕابردووی پڕۆسەی سیاسیی عێراق و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بکرێت، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد هەڵبدەینەوە، دەبینن جێپەنجەی بە ڕووداوەکانی ٦٠ ساڵی ڕابرووردا دیار بووە، بە جۆرێک یان داهێنەری دەستکەوتی گەورە بووە، یان ڕۆڵی لە گۆڕانکاریی جەوهەریدا هەبووە، هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ و نەخشەی ڕاپەڕین و وەستانەوە دژ بە ڕژێمی سەدام و هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری گرنگترین نموونەی گۆڕانکارین، هەرچەندە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا بە هەموو پلەکاندا ڕۆیشتووە، بەڵام خاڵی بنەڕەتی لە سیاسەتی مام جەلالدا سفرکردنەوەی گرفتەکان بووە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئاشتی و سەقامگیریی بەردەوام، چ لە ئاستی ناوخۆی کوردستان و چ لە ئاستی عێراقێکی فرە مەزهەبی و تایفیی پەرتەوازەدا، هەر خۆیشی بە ڕۆڵی حەکیمانەی چارەسەری ناکۆکی و گرفتی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق کردووە، لە هەمان کاتیشدا وەدیهێنەر و جەنگاوەری بەرژەوەندی و دواکارییە ڕەواکانیان بووە.

# من و مام جەلال لە فڕۆکەخانەی لوبنان

**شێرزاد شێخانی**

ماوەی شەش مانگ خەریکی وەرگێڕانی کتێبی ( دیداری تەمەن ) ی مام جەلال بوم بۆ سەر زمانی عەرەبی . ئەم ئەرکەم لەئەستۆ گرت بۆ گەیاندنی وێنە جوانەکانی ڕێبەری میللەتەکەمان و وێستگە پر لەهەورازو نشێوەکانی کاروانی خەباتی نەپساوەی ئەم زاتە گەورەیەو ناساندنی بە نێوەندە عەرەبیەکان ، وەکو شانازییەک بەم ڕێبەرە نەتەوەییەمان ویستم خزمەتێکی ڕێبازە پیرۆزەکەی بکەم.

دوای تەواوبونی وەرگێڕانەکە هەولْمدا خانەیەکی چاپی باش بدۆزمەوە بۆ ئەوەی چاپکردن و دابەشکردنی بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا لەئەستۆ بگرێ ، هەڵبەت لەم ناوچەیەشدا وڵاتی لوبنان و چاپخانەکانی باشترین شوێنن بۆ ئەمکارە ، بۆیە جانتام پێچاو هەفتەی رابردوو رووم لەبەیروتی پایتەختە جوانەکەی لوبنان کرد .

سەرەتا لەبەغدا دابەزیم بۆ ئەوەی رۆژی دواتر بەفرۆکە سەفەری بەیروت بکەم ، بەڵام لەبەر پەلەپەلی و گەشتن بەفرۆکەخانەی بەغدا جزدانی پارەو گشت ناسنامەکانم لەبیر کرد ، واتا بەگیرفانی بەتاڵەوە چومە فرۆکەخانەو کاتێک لە ناو فرۆکە دەستم بردە گیرفانم بینیم جزدانەکەم لەبەغدا جێهێشتوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی فرۆکە خەریکی هەڵسان بو هیچ بوارێک نەما بۆ گەڕانەوە ، بەبێ ئەوەی یەک دینارم پێبێت بەتەمای خودا سەفەرم کرد.

کاتێک لەفرۆکەخانەی بەیروت دابەزین بینیم خەڵکەکە سەرەی بەستوە بۆ بەردەم بەشی فیزاو هەر یەکەو مەبلەغێکی پێیە بۆ نرخی فیزا کە پێی دەڵێن (

ڕەسمی پوول ) ئەویش ٣٥ دۆلارە .. کەوتمە مەوقفێکی زۆر موحریجەوە ، تەلەفۆنم بۆ برادەریک کرد کە لەبەیروت چاوەڕێی ئەکردم ، بەڵام ئەو پێی وتم کەوا بەهیچ شێویەک ناهێڵن بێتە ناو فرۆکەخانەوە تەنها ئەتوانێ لەدەرەوە چاوەڕێم بکات..
بەناچاری هانام بۆ کوڕێکی گەنجی خەڵکی کۆیە برد ئەویش مەردانە پارەی فیزاکەی بۆ دام و ، گەیشتمە لای ئەفسەرەکانی فیزای داخڵبون. ئەفسەرەکە کچێکی گەنج بو سەیری پاسپۆرتەکەی کردم وپرسی : ئایا حیجزی ئوتێلت هەیە؟. وتم بەڵێ . پرسی دوو هەزار دۆلارت پێیە بۆ مەسرەفی ناو بەیروت ؟ پێموت " بەخوا یەک دۆلاریشم پێ نیە ، چونکە جزدانی پارەم لەبەغدا لەبیر کردوە !. کچەکە وتی ناتوانین دخولییەت بۆ بکەین تا دوو هەزار دۆلارت پێنەبێ . هەرچەندی هەوڵمدا تێبگەیەنم کەوا من ئەمە یەکەم سەفەرمەو جزدانەکەم بیر چوە با یارمەتیم بدات چونکە خەڵکی لەدەرەوەی فرۆکەخانە چاوەڕێم ئەکەن و ئەتوانم بچم لەوان وەریبگرم ، بەڵام ئەو نەیسەلماند . بۆیە بریارمدا مادام پلیتی گەڕانەوەم هەیە ، شەو لەفرۆکەخانەکە بمێنمەوە رۆژی دواتر بگەڕێمەوە بەغداو سەفەرەکەم هەڵوەشێنمەوە.
ئەفسەرێکی گەنجی فرۆکەخانەکە لەولاوە بینی مشتومڕمانە لەگەڵ کچە ئەفسەرەکە هاتە لامان وپرسی " کێشەتان چییە؟. منیش پێموت " جزدانی پارەم لەبەغدا لەبیر چوەو ئەم خوشکەش ئەڵێ دوو هەزار دۆلارت پێنەبێ ناهێڵم داخلی لوبنان بیت . وتی " هەقیەتی چونکە ئیجرائاتی فرۆکەخانە وایە ئەوەی پارەی پێنەبێ ناتوانێ داخڵ ببێ ". منیش وتم" ئاخر خەتام نەبوە من پارەم هێنابو بەڵام لەبەغدا لەبیرم کرد. ئەفسەرە گەنجەکە لێی پرسیم" تۆ چ کارەیت ؟. منیش وتم " رۆژنامەنوسم ". پرسی" بۆچی هاتوی بۆ لوبنان ؟. وتم" هاتوم کتێبێکم هێناوە ئەمەوێ لێرە چاپی بکەم ". وتی" کتێبەکە چییە ؟. وتم؟" یادەورییەکانی مام جەلالە ". وتی" مەبەستت فەخامەتی سەرۆک جەلال

تال َةباني يه "؟. وتم " بەڵێ ". يەكسەر وتی" پاسپۆرتەكەت بێنە " پاسپۆرتەكەی لێوەرگرتم ومۆری داخڵبونی خستە سەرو سەلامێكی عەسكەریشی بۆ كردم وتی" فەرمو خۆتو بەرێز سەرۆك تاڵەبانی بەخێر بێن بۆ لوبنان ".
لەم كاتەدا خەریكبو لەخۆشی گەورەیی ناوی مام جەلالەوە فرمێسك بەچاوما بێتەخوار و لەدڵی خۆما وتم" ئای مامە گیان تەنانەت لەدوای مردنیشت ناوە گەورەكەت فریامان ئەكەوێ وكێشەكانمان چارەسەر ئەكات ، درووود لەخۆت و گۆڕە پڕ لەنووەرەكەت ئەی رێبەری مەزن ، ناوی تۆ قەت قەت لە مێژوودا ناسڕێتەوە ، شانازم بەوەی سەربازێكی رێبازە پرۆزەكەتم ئەی گەورەم تاڵەبانی.

# وەفایەک بۆ مــام

**بەهرۆز گەلاڵی**

چەندین رۆژ لەبەرلین لە خزمەتی جەنابی مام دابوین، چرکە بە چرکە، لەگەڵ هێروخان و کوڕەکان و هەڤاڵەکانم (حەمە سابیر و یوسف زوزانی) بە هیوای هەواڵێکی خوشی باشتربونی تەندروستی مامی کوردستان، مامی هەمومان لەچاوەڕوانیدا بوین.

بەدلێکی توندو چاوی پڕ لە هیواوە چاودێری تەندروستی مامەمان دەکرد! کە هە ڤاڵێکمان لە کوردستانەوە هەواڵی مامی لێدەپرسیم، دەمزانی هەمویان وەک من و زیاتر، بە ئارەزووی ئەوەن قسەیەکی خوشیان دەربارەی تەندروستی مام گوێ لێبێت.

بەداخەوە هەندێ جار نەمدەتوانی وەلامیان بدەمەوە، دەمزانی چەند پەروَشن بۆ مام، لەپڕ ئەو هەواڵە دلتەزێنە جەرگبڕەمان لە دکتورەکانی پێکەیشت کە باری تەندروستی بەرە و خراپی دەڕوات، ئەنجام روَژی سیشەمەی رابردو ئەوەی کە هەرگیز لە ژیانمدا نەمدەویست بیبینم و بیبیسم! بە داخەوە بینیمان و دلمان بەتەواوی تەنگ و چاومان پڕ لە فرمێسک و گریان، بارانی ناخوَشی و دلتەنگی بەتەواوی بە سەرماندا باری.

ئەو ڕوَژەی کە هەرگیز نەمدەویست بیبینم بوە واقیعێکی تاڵ و بوە میوانی دڵ و دەرونی هەمومان و تەواوی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و میللەتانی ناوچەکە.

بێگومان لەنەخوَشخانە زوو زوو سەرمان لێدە دا، بانگم دەکرد مامە گیان من بە هرۆزم، هاتوم بولات و هەندێ جار چاوەکانی بۆم دەکردەوە و کەمێک

تینویەتی دڵم بە بینینی دەشکا، جەنابی مام جەلال، مامی سەرۆک و ڕابەر و مامۆستام، خۆشەویسترین و بەنرخترین کەس بو لام، مام عە قڵی گەورەی کورد بو، مامی هەموو خەڵکی کوردستان بو، شەخسیەت و سەرکردەیەکی جیهانی ناسراو، سەرۆک و عەقڵێکی ستراتیژ و دوروبین و لێزانی روژهەڵاتی ناوەڕاست، دیموکرات و ئاشتیخوازێکی گەورە، سەرۆکی هەموو عێراقییەکان، بەعەرەب و کوردو تورکمان و ئاشوری و کلدانی و سریانی و ئیزیدی و هەموو پیکهاتەکانی تری عێراق.

هەروەک خاڵی کۆکەرەوەی خاڵەجیاوازەکان، باوکی تورکمانەکان و ئاسوری و کلدانی و ئاشوریەکان، مامی لێقەوماوانی کوردستان بو، بێگومان لە کوردستانیش مام جەلالەکەی هەرچوارپارچەی کوردستان بو.

مامە گیان ناتوانم پێتبڵێم خواحافیز، چونکە تۆ لەناو دڵ و میشکم هەمیشە زیندویت و هەمیشە هەیت و روحت لە گەڵمادەژیت، ئەی ڕابەر و سەرکردەی مێژوویی گەلانی کوردستان، مامە گیان بیرت دەکەم.

# ماڵ ئاوا مامی خۆشه ویست

**زەکەریا عەبدوڵا-هونەرمەند**

ماڵئاوا مامی خۆشەویست و مەزنمان جەنابی مام جەلال، ئەی ئەو مرۆڤە جوانەی کە هەمیشە لە دڵمان زیندووی، دەزانم ژیانی تۆ لە مردنەوە دەستپێدەکات ، تۆ نیشتمانێکت خستە سەرپێ و مێژووی نەتەوەیەکت درەوشاندەوە، ماندوو نەناسێک بووی بێ پشوودان، پێشمەرگەیەک بووی بەردەوام لە نوێ بوونەوەدابووی، سیاسەتمەدارێک بووی بە ئاگا لە هەموو وەچەرخانەکانی جیهان.

تۆ کتێبخانەیەک بووی لە رۆشنبیری و ڕووناکبیری، ئەی نوێخوازی بێ هاوتای نیشتمان و هەموو شتێکی کوردەواری بە تۆوە جوان بوو.

مامی خۆشەویستم نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم لەو چرکە ساتەی کە خودا چانسی ئەوەی پێبەخشیم بووم بە هاورێت و بووی بە هاورێم تۆ زۆر لە هاورێیەتی لێم نزیکتربووی، هەموو ئەو چرکەساتانەی دانیشتنەکانی نێوان خۆت و خۆم هەرگیز لە یادناکەم، کاتی دانیشتنمان و نانخواردن و حیوار و گفتوگۆکانمان و ئامۆژگاریت و قسەی خۆش و ناوە ناوەش دەستەکانت دەخستە سەرشانم و بە پێکەنینەوە من وەک قوتابیەکی گوێرایەڵ و تۆش وەک مامۆستا و مامێکی هەرە بەئەزموون شیعری شاعیرانت بۆ دەخوێندمەوە بە کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی و هەرخۆشتان بۆتان شەرح دەکردم و چەند جوان باسی مۆسیقا و ئاوازی کوردی و هونەرمەندانت دەکرد، رۆژبەرۆژ و دەم بە دەم زرنگی تۆم بۆ دەردەکەوت، جگە لەو خۆشەویستییەی کە هەتان بوو بۆ من.

بەراستی ئەمرۆ بەکۆچی ناوادەت هەست بە لەدەستدانی مەزنێکی هەر چوار پارچەی کوردستان بەتایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی دەکەم، مامی خۆشەویستم دەزانم رۆحی تۆ ئێستا بێ ئاگا نیە لە خەمباری ئازیزانت، دەزانم ئێستا شەهیدانی کوردستان و ئازادی هەر هەموویان لە پێشوازی شکۆی تۆ وەستاون و گوڵی وەفاداریت پێشکەش دەکەن.
مامی ئازیزم ئەو کۆچەی تۆ داخێکی گەرمی نا بە جگەرمانەوە هێشتا زووبوو و پێویستی زۆرمان پێت بوو، کەس نیە ئەو ڕاستیە نەزانێ کە تۆ ئەفسانەی سەدەی (٢١) بووی، ئێستاش هاورێی ئازیز و مامی من دەستی ئارامی لەسەر دڵت دابنێ بیری نەتەوەیی و نیشتمانخوازی و دیموکراسی و ئازادی بە سەنگی بەهرە و رەنجی تۆ بەرەو لوتکە قۆناغەکانی بڕیووە"
درووود بۆ تۆ و بۆ شەهیدانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان.

# دەستوری مام

**مریەم سەمەد**
لەساڵی ١٩٩٥ کۆنفرانسی مەڵبەندو کۆمیتەکان کرا، بەنەدەش ئەوکاتە ل. پۆلی ژنان بووم بەنیاز نەبووم خۆم کاندید بکەم ، هەڵبژاردنەکە لەمەکتەبێک بوو دەگەرام بەدوای دەنگدەر بۆیەک دو هاوریٰ ی کچم ، تکلیفم لەهاورێیەکم کرد بۆ دەنگ ، پێی وتم باشە تۆ بۆخۆت کاندیت ناکەی بەڵکو شانست هەبیٰ دەرچی منیش ئەوکاتە کەمیٰ پرۆسەکەم بەلاوە قورس بوو دواتر قەناعەتی پێهێنام ووتی شانسی خۆت تاقی کەوە ، لانی کەم دەرچی دەبی بەئەندامی کۆنفراس و دەتوانی دەنگ بدەیت بەئەنجومەنی مەڵبەند ، منیش ئەو دەقەیة بریارم دا رێک نیوسەعاتی مابوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کۆمیتە دەست پێبکات ،٢١کاندیدی ژن بووین لەکۆی ٧٠دەنگدەری ژن یەکەم دەنگم هێنا ٦٣دەنگ ، چەند سەعاتێک دوای دەرچونی پێنج کاندیدی ژن و پێنج احتیات، یەکێک لەوکاندیدە ژنانەی کە دەرنەچوو بو کەوتە رقە بەرایەتی کردنمان بەتایبەت من بەئێیستاشەوە هەرگیز چاوی پێم هەڵنایە لەکاتێکدا هەمیشە من خۆم بەنزیکی ئەو دەزانی ،کێشە و سەرئێشەی زۆریان لەگەڵ خۆم و خێزانەکەم دروست کرد ، لەدوای کۆنفراسی کۆمیتە و مەڵبەندەکان وتیان جەنابی مام جەلال دێیت کۆبوونەوە لەگەڵ ستافی تازە دەکات بۆ پیرۆز بای ، ئەو خاتونەش بەردەوام هەرەشەی دەنارد بۆ ئێمەو مانان کەمام دێیت سکالآ دژی ئێمەو پرۆسەکە دەکات و زۆر شتی تر.
کوبونەوە دەستی پێکرد جەنابی مام دەستی کرد بەگفتوو گۆ بەشێکی زۆری قسەکانیم بیر ماوە کەچۆن باسی دۆخی ناخۆو سیاسەتی دەرەوەی

بۆدەکردین ، ئەوەی من هەمیشە لەبیرم ناچێ باسی مافی چارەی خۆنوسین و دیموکراسی و باسی رووخانی رژێم و ئازاد کردنی کەرکوک و ناوچە دابرێنراوەکان و داهاتوێکی باشی کوردستانی دەکرد ، دواتر گەیشتە سەرباسی هەڵبژاردن وتی ی ن ک حزبێکی سۆسیال دیموکراتە چوارساڵ جارێک هەڵبژاردن دەکات ، کورسی و پلەو پۆست تاسەر بۆکەس نیە کێ کەسی لێهاتو بو ئیش کەرو خۆشەویستی ناوخەڵک و جەماوەر بێیت ، دەتوانێیت هەر چوار ساڵ جارێک خۆی کاندید کات قۆناغ بەقۆناغ سەرکەوێ تا دەگاتە کورسیەکەی من، وتی ئەوکورسیەش تاسەر بۆمن نیە ،بوبە چەپڵە رێزان کادیرە دەرنەچوەکانیش ئامادەبون لەکۆبونەوەکە ، دواتر دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ ئامادەبوان زۆر لەکادیرەکان قسەیان کرد بەشێکی زۆریان رەخنەی زۆر توند ئامێزیان دەگرت ، بەرێز مام لال بەوپەری دڵفراوانیەوە گوێ ی بۆرەخنەکان دەگرت و وەڵامی دەدانەوە ، یەکێک لەوانەی رەخنەی گرت ئەو خاتونە بوو هەستا گوتی جەنابی مام من یەکیک بوم لەکاندیدەکان لەرابردودا وابوم و وام کردوە بە دەستێک هەبوو نەیان هێیشت من دەرچم خەڵکی تر هەیە دەرچوە ، مام نەی هێیشت قسەکانی تەواو کات بەتورەییەوە وتی دانیشە ئەوانەی دەرچون پر بەدل پیرۆزبایی لێدەکەم دەست خۆشی لەو کەسانەش دەکەم کەدەنگیان پێداون ، وتی ئەوە ئەوپەری دیموکراسیەتە لەناو ی ن ک ، وتی سەعاتێکە گوێز بۆ کێ دەژمێرم نالێم پلە و پۆست لەناو ی ن ک تاسەر بۆکەس نیە ، تۆش ئیشت کردبا با وەک ئەوان دەنگت هێنابا ،

ئەوەی سەیرە ئەو باسەی کەمن بۆم گێرانەوە شەوی رابردوو هەموویم وەک فلمێک هاتە خەونم ، کەخەبەرم بۆە قسەی مام لەبن گوێچکەم دەزرنگایەوە دەیگووت ئە وە دەستوری مامە.

ئەوە گەورەیی و دنیا بینی مام جلال بوو...

# ئەمڕۆی هەینی ڕۆژی وەفا بۆمام جەلال

**ئەبوبەکر هەڵەدنی**

ئەوەی ئەمڕۆخەڵکی کوردستان کردی ،وەفا ودەربڕینی پێزانینی نەتەوەیەک و خودا حافیزیەکی شایستە مەگەر هەر هەر لەکوردان بوەشێتەوە ،بۆ سەرکردەیەکی خۆیان کە تەمەنی خۆی بۆ خۆشبەختی وئازادی گەلەکەی تەرخان کرد.

کە دەمانووت مامی هەموانە ئەمڕۆ بە مەراسیمی بەڕێکردنی تەرمە ماندووەکەی کەڵە سەرۆکەکەی کوردەوە دیار بوو کە هەموو جیاوازەکان لە ڕەنگ ودەنگ وتەمەن و ئاست و حزب چۆن خرۆشابوون.

بەڕاستی مام زۆر لەوەت زیاتر شایان بوو،ئاخر لە چ سەرکردەیەکی کوردا کۆمەڵێ ئاکارو تایبەتمەندی گەورە کۆدەبنەوە، وەک لە مام داهەبوون(ورەبەرزی وئازایەتی ،ئومێدوگەشبینی،زیرەکی ووریایی،خاکی بوون وسادەیی،ڕەوشتی بەرزی کوردانە،ڕۆشنبیری وکراوەیی،بیرتیژی ودووربینی، سەخاوەت ومیهرەبانی، وتاربێژی وقسە ڕەوانی، خۆش مەشرەب وقسەخۆش، کۆکەرەوەی جیاوازەکان،بەهێزی مەنتیق وقەناعەت دروست کردن بۆبەرامبەر، قارەمان ودەست وبرد لەئاشتبونەوە)ئەمانەو چەندین خەسڵەتی تر کەخودا دابوی بەو (دیاردە وتاقانەو فێرگە)یەی کەپێی دەڵێن مام جەلال. مەبەستمان تەقدیس کردن ودوورخستنەوەی هەڵە نیە لەهیچ کەسێک، بەڵکو ئەوە تەنها خودایە بێ هەڵە وکەموکوری بێت، بەڵکو ئامانجمان ئەوەیە کەمیللەتی ئێمە هیچی کەمتر نییە لەگەلانی دونیا کە کەسایەتی وسەرکردەی گەورەی لەبوارە جیاجیاکاندا هەڵخستوە.

ئەمڕۆوئەمشەو دڵمان لەلایەک پڕلەنیگەرانی وخەم بۆلەدەستدانی مام، لەلایەکی تر ئاسودەین کەکەمێک لەقەرزی سەرشانمان دایەوە کە تێکۆشایت بۆگەل و ئەوەی پێت کرا بۆ نەتەوەکەت کردت وئەنجامت دا.
دەلە ئامێزی پێزانین و وەفاداری گەلدا ئارام بنوو.

# لەگەڵ بووکەشووشەکەی هاوخەمی بۆ مام جەلال دەربڕی

**سامان محەمەد**

دەربڕینی هاوخەمی بۆ سەرۆک مام جەلال تەنها لە پیر و گەنجەکان قەتیس نەبوو، بەڵکو سەرجەم تەمەنە جیاوازەکان بە پەرۆشەوە هاوخەمییان بۆ ئەو سەرۆکە گەورەیەی کورد دەربڕی و لەنێویاندا وێنەیەک دەبینرێت کە منداڵێک بووکەشووشەکەی لەسەر مەزاری سەرۆک مام جەلال داناوەو هاوخەمی بۆ دەردەبڕێت.

ئەوەی دەبینرێت لەساتی بە خاکسپاردنی مام جەلالی سەرۆکی پێشووی عیراق و سکرتێرتی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە تا ئام ساتە خەڵکانێکی زۆر لە بیرو ڕاو رەنگە جیاوازەکانەوە هاوخەمی دەردەبڕن و پەیتا پەیتا سەردانی مەزاری دەکەن و چەپکە گوڵی هاوخەمی بۆ ئەو سەرۆکە دادەنێن و ماتەمینی دەگێڕن.

ئەوەی بەدیدەکرێت و هزر درکی پێدەکات لەساتی مردنی هەر کەسێکدا زیاتر پیر و گەنج و لاو و مێردمنداڵەکان سەردانی گۆڕی مردووان دەکەن و چەپکە گوڵ دادەنێن یان هاوخەمی دەردەبڕن، بەڵام مردنی سەرۆک مام جەلال ئەو هاوکێشەیەی پێچەوانە کردەوەو منداڵانیش هزرو هۆشیان بۆ لەدەستدانی دەجوڵێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان هاوخەمی بۆ دەردەبڕن.

لای منداڵان هیچ شتێک هێندەی بووکەشووشەیەک خۆشەویست نییە بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکەن و لەدەستی نەدەن، ئاخر ئەوان هەموو خەونە پەمەیی و ئەرخەوانییەکانیان لای بووکەشووشەکەیان دەدرکێنن و شەوان بەدەم خەوەوە تا سپێدەی بەیان سەرجەم نهێنییەکانیان لای ئەو

بووکەشووشەیە دەگێڕنەوە، بەڵام ئەو منداڵە دەستبەرداری بووکەشووشە خۆشەویستەکەی دەبێت و لەسەر مەزاری سەرۆک مام جەلال دایدەنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە خۆشەویستی بێ پایانی بۆ ئەو سەرکردەیە هەیەو خەمێکی گەورە بۆ لەدەستدانی دەردەبڕێت.
گوڵەکان جێی بایەخن و نیشانەی خۆشەویستی بۆ مام جەلال دەردەبڕن، بەڵام دانانی ئەو بووکەشووشەیە زۆر مانا دەبەخشێت و خۆشەویستی پاک و بێگەردی منداڵان لە سروشتێکی قوڵ و دانەبڕاوەوە سەرچاوە دەگرێت، هەربۆیە بینینی ئەو بووکەشووشەیە نەک سەرنجی زوومی کامێراکانی راکێشاوە، بەڵکو سەرنجی هەموو ئەو تەماشاخوازانە رادەکێشێت کە لە تەنیشت مەزاری مام جەلال وەستاون یان لە شاشەی تیڤییەکان و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە وێنەکەی دەبینن.

# یادی مام جەلال بۆ هەمیشە لە دڵماندا دەمێنێتەوە

**عەبدوڵڵا مۆهتەدی**

پێشمەرگە و خەباتکاری شاخ، نووسەر و رۆشنبیر، شۆرشگێری داهێنەر، دیپلۆمات و سەفیری کورد لە جیهان، ئەو کەسەی لە چەمی رەزان و قەندیلی سەربەرزەوە هەتا حۆکمی بەغدا چوو، دۆستی دێرینی کوردستانی رۆژهەڵات، سەرکردەیەکی مەزنی گەلی کورد کە سنوورەکانی تێپەڕاند و بوو بە سیاسەتمەدارێکی جیهانی، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی عێراق و یەکەم مرۆڤێک کە لە تالاری کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زمانی کوردی دوا، سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی، ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد .

مام جەلال بۆ ماوەی پتر لە ٦٠ ساڵ بێ وچان و ماندوویی نەناسانە بۆ رزگاری نەتەوەی کورد و ئازادی سیاسی و مافەکانی خەڵک تێکۆشا. تەنگ و چەڵەمەی زۆری هاتە رێ، بەڵام هەرگیز ورەی نزم نەبوو و بزە لە لێوی نەکەوت. شکانی بە سەر دادەهات، بەڵام سەرلە نوێ تێهەڵدەچووەوە. لە سەختترین رۆژەکانیش دا هیوا بڕاو نەدەبوو، بە پێچەوانە ئۆمێدی بە هەمووان دەبەخشی. کەسایەتییەکی کاریزمایی گەورە بوو، بەڵام هەمیشە خاکی و خۆماڵی مایەوە، دۆستی رۆشنبیران و داکۆکیکاری مافی ژنان بوو.

مام جەلال کوردستانییەکی راستەقینە و خەمخۆری هەموو پارچەکانی کوردستان و لەوانە بە تایبەتی دۆست و پشتیوانی کوردی رۆژهەڵات بوو. هێزی پشتیوانی بۆ یارمەتی ئێمە و دێمۆکرات رەوانەی ناوخۆی ئێران کرد. پەیوەندی و دۆستایەتییەکی دوور و درێژی لەگەڵ کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دامەزراند و بە وریاییەوە پاراستی. حەقی

بەسەر هەموو کوردی ئێرانەوە هەیە و بە تایبەتی چاکەی زۆری بۆ ئێمەی کۆمەڵە بووە کە هەرگیز لە بیری ناکەین. من بە شەخسی خۆم شانازی ئەوەم هەبووە کە بۆ نزیک ٤٠ ساڵ مام جەلالم لە نزیکەوە ناسیوە و لەگەڵی دواوم و لە راوێژ و تەگبیر و ئەزموونی سوودم وەرگرتووە. بەراستی مام جەلال دۆستێکی بە وەفا و پشتیوانێکی قایم بوو.
بە مەرگی مام جەلال کۆستێکی گەورەی هەموو کوردان کەوت. پڕ بە دڵ سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە بەرێز هێرۆ خان و کاک باڤل و کاک قوباد و هەموو بنەماڵە و دۆستان و یارانی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

# مـــام جــەلال

**عەزیز ڕەئووف**

یەکەم: ناتوانین لە نیو سەدە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد باس لە ڕۆڵی مام جەلال نەکەین. بە هەموو شکست و هەستانەوەکانیەوە بە هەموو جوانی و ناڕێکیەکانی دنیای سیاسەتیەوە، بە هەموو بەرزی و نزمی و هەڵبەز و دابەزی دنیای سیاسی ئێمە، مام جەلال فیگەرێکی کاریگەر بووە و ڕۆڵی دیاری لە مێژووی نزیکەی پەنجا ساڵ خەباتی شار و شاخ هەبووە.

دووەم: لای مام جەلال سیاسەت هیچ نەبووە جگە لە زاڵبوون بەسەر مەحاڵدا. هەمیشە مام جەلال بە ئومێد بووە، بەجۆرێک لە گەورەترین شکستدا مام جەلال پێکەنین لەسەر لێوی نەترازاوە. ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ : (جەلال حیسامەدین تاڵەبانی ئەو کەسەی هەرگیز ناتوانێ بەبێ پێکەنین سیاسەت بکات). من لە ڕوداوەکانی ۳۱ی ئاب لە گوندی (زەڵێ)ی سەر سنوری ئێران مام جەلالم بینی هەر ئەو پێکەنینەی لەسەر لێو بوو کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە لەسەر لێوەکانی دەمبینی.

سێیەم: ئەوەی مام جەلالی کرد بە فیگەرێکی سیاسی دیار، بنەماڵە و پاشماوەی خەباتی خێزانەکەی نەبوو، بەڵکو جوهد و هەوڵی خۆی بوو. ئەوەی مام جەلالی کرد بە مام جەلال تەنها هەوڵەکانی خودی خۆی بوو، کە زیاد لە کایەیەک لە کایەکان کاری دەکرد و زیاد لە سەرکێشی و زیاد لە عەجولییەک لەم پیاوەدا هەبوو کە توانی ببێتە فیگەرێکی گەورەی دنیای سیاسی ئێمە.

چوارەم: مام جەلالیش وەکو کۆی فیگەرە سیاسیەکانی دوای ڕاپەڕینی ئێمە نەیانتوانی سیستەمێکی سیاسی تەندروست لە کوردستان بنیاد بنێن و دام و دەزگاکانمان بکەن بە دامەزراوە و وەک (کاک نەوشیروان) و دڵنیام وەک سەرکردەکانی دواتریش "ئەگەر وا بڕوا" شکست دەهێنن لەوەی بەچاوی خۆیان حوکمڕانیەکی سەرکەوتوو و دەسەڵاتێکی دامەرزاوەیی لە کوردستان ببینن.

پێنجەم: مام جەلالیش وەک کۆی سەرکردەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانی یان نەیویست بەدیلی خۆی دروست بکات و چەندین مام جەلالی تر لە دوای خۆی جێبهێڵێت کە بەم شێوەیە وەک زۆرێک پێیان وایە لە فەراغی مام جەلالدا عیراق و کوردستان و یەکێتی بێکەس کەوتووە. بە مانایەکی تر مام جەلال نەیتوانی یەکێتی بکاتە دامەزراوەیەک کە هەر کەس بۆخۆی مام جەلالێک بێت بۆخۆی. بۆ نمونە کە دەڵێن بێ مام جەلال عیراق بێکەس کەوت، خۆ ئێستا سەرۆک کۆماری عیراق " فواد مەعسوم" هاوڕێ و هاوخەباتی مام جەلالە بۆ ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت کە مام جەلال لە عیراقدا گێڕای؟ ئەمە خەسڵەتی زۆرێک لە سەرکردەکانی ناوچەکەیە کە دوای خۆیان بۆشایی گەورە جێدەهێڵن.

شەشەم: دوای پرۆسەی ئازادی عیراق خراپترین وێستگەی ژیانی سیاسی مام جەلال دەست پێدەکات بەوەی کە عیراقیان زیندوو کردەوە و بە هاوەڵی بارزانی و سەرکردەکانی تری هەرێم ماری سڕبووی عیراقیان زیندوو کردەوە و کەچی لە چرکەساتی مەرگی مام جەلالدا هاوڕێکانی مام جەلال کۆمەڵگەیان خستە بەردەم "بەڵێ" و "نەخێر"ی ڕیفراندۆمەوە.

حەوتەم: سەرقاڵبوونی مام جەلال بە پۆستی سەرۆک کۆمار و گرنگیدانی بەو پۆستە و بوونی بە فیگەرێکی ناوچەیی و جیهانی، وایکرد ساحەی سیاسی لە کوردستان بۆ حزبێکی بنەماڵەیی نەیاری مێژینەی تاڵەبانی چۆڵ بێت و

ئەمەش وایکرد کە (نەوشیروان مستەفا)ی هاوڕێ و هاوخەباتی هەست بەم بۆشاییە سیاسیە بکات لە کوردستان و سەنگەرەکەی خۆی و مام جەلال جێبێڵێت و بۆخۆی سەنگەرێکی تر هەڵکەنێت و بناغەی یەکەم ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دروست بکات.

هەشتەم: لەسەروبەندی نەخۆشکەوتنی مام جەلال و بوونی فەراغی سیاسی لە سەرکردایەتیکردنی ئەم پارتە، وایکرد کە یەکێتیش چون پارتی ببێتە پارتێکی بنەماڵەیی و ئەوەی مام جەلال بە درێژایی خەباتی گەنجێتی خۆی دژ بە دەسەڵاتی سوڵتانی و بنەماڵەیی بوو، دواجار یەکێتیش بوو بە پارتێک بە هاتنە پێشەوەی هاوسەر و منداڵەکانی تاڵەبانی وایکرد کە ئەوەی مام خەباتی بۆ دەکرد بەهەدەر بچێت و یەکێتیش وەک پارتی دواجار ببێتە پارتێک کە نەوەی دووەمی شۆڕشگێڕەکان جومگە سەرەکیەکانی پارتەکە کۆنترۆڵ بکەن و پاشگری " تاڵەبانی"یش وەک پاشگری "بارزانی" نیعمەتێکی گەورە بێت بۆ کەس و کاری و دەرئەنجام (بەرهەم ساڵح)ی جێگری چۆن نەوشیروان مستەفا ماڵی خۆی لە یەکێتی جیا بکاتەوە.

نۆیەم: لە مەرگی مام جەلال و پێشتریش لە مەرگی نەوشیروان مستەفا دانانی پرسەیە بۆ خود. ئەوە خەڵکە بۆخۆی دەگری نەک بۆ سەرکردەکان. ئەوکاتەی کە خەڵک لە دۆخێکدا دەژی پڕە لە خەم و بێتاقەتی، ئیتر دەبێت بەهانەیەک هەبێت بۆ دەربڕینی ئەم بێتاقەتیە و مەرگی سەرکردەکان باشترین بەهانەیە بۆ ڕژانی فرمێسکەکان و هەڵواسینی کۆی برینەکانی دنیای ئێمە بە زیندووی و مانەوەی سەرکردەکان لە ساحەی سیاسیدا. پێشتریش ئەم سەرکردانە هەر هەبوون و دنیای ئێمە هەر خەم و برینی تێدا بووە. زۆرێک لەوانەی کە بۆ مام دەگرین بۆ کاک نەوشیروانیش دەگریان لەکاتێکدا لە دواساتەکانی ئەم دوو سەرکردەیە دنیایەک جیاوازی لەسەر شێوازی حوکمڕانی لە کوردستان دەرکەوت.

دەیەم : دانانی یەک هەفتە پرسەی ماتەمینی بۆ مام جەلال و بچوککردنەوەی پرسەی نەوشیروان مستەفا و ڕانەگەیاندنی پرسەی نیشتمانی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی ماوە بەسەرچووەوە، تەنها بەرتیلی سیاسیە بۆ یەکێتی دوای مام جەلال و پێشاندانی عینادی سیاسی و تەنگەنەفەسی ئەم سەرۆکایەتیەی هەرێم دەردەخات لە جیاوازیکردن لە مەرگی سەرکردەکان. دڵنیام ئەگەر نەوشیروان مستەفا نەیارێکی سەرسەختی کورسیەکەی بارزانی نەبوایە ڕووداوەکان بەو شێوەیە نەدەکەوتەوە.

# ڕێبازی مام جەلال لە نێوان گوفتار و کرداردا

**کاروان یاروەیس**

بۆ مەرگی مام جەلال، رۆژ و هەفتەو چلەو ساڵیاد نییە، ئەو هەمیشە لەگەڵماندایە، بیرەوەریەکانی ناپێچینەوەو لەیادی مردن یان لەدایکبون دیسانەوە هەڵیبدەینەوە. کە دەڵێن هەمیشە مام جەلال لەگەڵماندایە، پێویستە بەدەر لە سۆزو لایەنی رۆحی، لەبیرکردنەوەو کرداردا، کەڵک وەربگرین لە بیرو ئاکارو فەلسەفەی سیاسیو ئەزمونو مێژوی سێچارەکە سەدەی مام جەلال.

ئەوەی هەوڵبدات مام جەلال تەنها لە بازنەی سۆزو وتنەوەی قسەو وتەکانیو یادکردنەوەی تەقلیدیدا قەتیس بکات، غەدر لە مام جەلالو کوردو یەکێتی-یش دەکات. گرنگ وتنەوەو دەرخکردنی وتە و بیرەوەرییەکان نییە، بەڵکو گرنگ بەرجەستەکردنی فکرو فەلسەفەو وتەو ئەزمونی مام جەلالە.

وەک چۆن قەتیسکردنی یادی مام جەلال بەتەنها لە شیعرو پەخشانو بابەتی سۆزئامێزدا، (کە لایەنێکی گرنگە) گونجاو نییە، بەڵکو پێویستە ناوەندی لێکۆلینەوەی سیاسیو مێژوییو زانکۆکان، لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەکادیمی لەسەر ئەزمونو مێژوی مام جەلال ئەنجام بدەن.

جگە لە زیندوڕاگرتنو وەفاو ئەمەکداری، پێویستیمان بە فکرو فەلسەفەو ئەزمونی مام جەلال-ە. لەکتێبخانەو ناوەندی ئەکادیمی کوردی دا، سەدان کتێبو لێکۆلینەوە لەسەر بیریارو سەرکردە سیاسیەکانی جیهان هەیە، ئاخۆ ئەزمونو فەلسەفەی سیاسی مام جەلال، کە خۆماڵیەو باشتر لەگەڵ واقیعی کوردستانو عێراقدا دەگونجێ، زۆر پێویست تر نیە؟

جگە لەمەش، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیو نوسینی رۆژنامەوانی لەسەر مام جەلال، ئەوەشمان بۆ ساغدەکاتەوە، کە «رێبازی مام جەلال» و خۆشەویستیو ئەمەکداری بۆ مام جەلال، تەنها دروشمو قسەی هەستبزوێنی رووکەش نییە، بەڵکو پابەندبونە بە ئاکاری بەرزو بیری ژیرو ئەزمونی دووردرێژی مام جەلال.

کاتێک ئەزمونو فەلسەفەی سیاسیو رێبازی مام جەلال دەخرێتە چوارچێوەی نوسینو لێکۆڵینەوەو بەردەست دەبێتو هێڵە گشتیو وردەکارییەکانی روون دەبێتەوە، ئیدی گوفتار و کرداری ئەوانەش یەکلادەبێتەوە، کە لەسەر رێبازی مام جەلال-ن. چونکە پابەندبون بە رێبازو فکرو سیاسەتی مام جەلال، لەخۆبردوییو دەستبەرداری بەرژەوەندیو ئاکاری جۆراوجۆری دەوێ، کە ڕەنگە بۆ زۆر کەس ئەستەم بێت.

پێویستە یەکێتی پێش هەموولایەک دەستپێشخەربێت بۆ ڕەنگرێژکردنی ستراتیژو کارنامەی سیاسیو رێکخراوەیی خۆی لەبەر رۆشنایی ئەزمونو بیری مام جەلال، ئەگەرنا ئەو ئەوکات یەکێتی روبەرووی ڕەخنە دەبێتەوە کە بۆچی کەڵک لەو سامانە مەعنەوییە گەورەییەی حزبەکەی وەرناگرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو خۆسازدانەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستانو عێراقیش.

هەروەک ئەو گلەییو ڕەخنەیەش هەیە، بۆ لەسایەی سێبەری کەلەپوری فکریو سیاسیو ئەزمونو مێژوی ڕابەرو سکرتێری گشتی حزبەکەیدا، خۆی سازناداتەوەو وەک هێزێکی سیاسی، جەماوەریی گەورە رۆڵی خۆی ناگێڕێ؟

ئەم قسانەی ئێمەو ئەوانەی تریش لەسەر مام جەلال نوسراون، نەک بۆ پیاهەڵدان نین، بەڵکو دڵۆپێکن لەدەریایەکی خەباتو ئەزمونی مام جەلال، ڕەنگە ئەوانەشی کە کورد نین، یان کوردنو یەکێتی نین، زۆر جوانتر لەسەر مام جەلال-یان نووسیبێت. چونکە مام جەلال، کەسایەتیەکی لۆکاڵی نەبوو،

بەڵکو لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دونیادا ناسراو و جێگای رێز بوو، بۆیە زۆرجار من لەناخەوە نیگەران دەبم، کاتێک لەمەراسیمو میدیاکاندا بروسکەی فلان فەرمانگە و کۆمیتەو عەشیرەت دەخوێنرێتەوە یان پێشدەخرێ، لەکاتێکدا لەئاستی جیهانیدا وتارو بروسکە و قسەی ناوازەو پڕمانا لەبارەی مام جەلال-ەوە کراون.

ئەوەی ئێستا لەکوردستانو عیراقو ناوچەکەدا دەگوزەرێو زۆربەشی بۆ کورد مایەی نیگەرانین، لەدەرئەنجامی قۆناغی دوای مام جەلال-ە، هەمیشەش مرۆڤی سەرکەوتو لەکاتی نائامادەییدا گەورەیی‌و پێویستی دەرئەکەوێ.

بۆیە تێڕوانینو ئەزمونی سیاسی مام جەلال لەبارەی کوردستانو عیراقو ناوچەکەو چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان، دەلاقەی گەورە بەرووی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە.

# لەیادی مورافەعە گەورەکەی سەرۆک مام جەلال دا

**بارزان شێخ عوسمان**

لەیادی مورافەعە گەورەکەی سەرۆک مام جەلال دا بۆ کوردستانی بوونی کەرکوک

رۆژی٩ی شوباتی ٢٠٠٤ ئەو کاتەی کە عێراق تازە لە دەست درندەترین رژێمی دیکتاتۆریی رزگاریی ببوو، سەرۆک مام جەلال لە پاڵ هەڵگرتنی هەموو خەمە نیشتمانیی و نەتەوەیی و چینایەتییەکانی گەلەکەی بێ جیاوازیی، خەمە سەرەکییەکەی گەلی کوردستانیشی لە هەموو کۆڕ وکۆبونەوەیەکدا بە بیر دەهێنایەوە ، ئەویش دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ناوچانە بوو کە بەر شاڵاوەکانی تەعریب و راگواستن و پاکتاوی نەژادیی کەوتبون کە شاری کەرکوک خاڵی یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشە ئاڵۆزە ئیداریی، قانونیی، جوگرافیی و مرۆییەیە. سەرۆک مام جەلال لەو کاتەدا کە ئەنجوومەنی حوکم وڵاتی بەڕێوە دەبرد کۆبونەوەیەکی تەرخانکرد بۆ ڕاستییە مێژویی، جوگرافیی، سیاسیی و مرۆییەکانی کوردستانیی بوونی کەرکوک و دەوروبەری، بۆ ئەو مەبەستەش سەرباری سەرچاوە مێژوییە ئەکادیمییەکان، چەند نەخشەیەکی سەردەمە جیاجیاکان لەوانە هی عوسمانلییەکانی خستە روو، تا هیچ بیانویەک نەمێنێت بۆ درێژەدان بە سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق و دەستە بژێری تازەی عێراقی نوێش دەرس و پەند لەو رابردووە تاڵە وەربگرن و هەمان ئەو چەوتیی و خوار وخێچییە دووبارە نەکەنەوە.

سەرۆک مام جەلال ئەو هەوڵ و ماندوو بوونەی لەو پێناوەدا بوو، تا شێواز و مۆرکێکی قانونی ببەخشێت بە سەندنەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان، بێ توندوتیژیی و بەریەککەوتنی هەمووان، ئەو گرێ کوێرەیە بکرێتەوە. بۆیە رۆژی ٩ی شوبات بووە مێژوییەکی پرشنگدار لە خەبات و ماندوو بوونی سەرۆک مام جەلال و یەکێتییەکەی و تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و گەلی کوردستانیش، کە هیچ تێکۆشەرێکی عێراقییش لاری نەبوو لە ئاست سەلماندنی ئەو بەڵگە مێژوییانەی کە سەرۆک مام جەلالی مەزن خستنیە روو، کە بە مورافەعەیەکی بێ وێنە لە قەڵەم دەدرێت، لە مێژوودا. هەر ئەو مورافەعەیەش بووە بەردی بناغە ئیلهامی مادەی ٥٨ ی قانونی ئیدارەی دەوڵەت و دواتریش مادەی ١٤٠ی دەستوور، کە تایبەت کرا بۆ یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی ئەو ناوچانەی رژێمی لەناوچوو بۆ مەرامی شۆڤێنیی روخسارو دیمۆگرافیای شێواندبون، کە جگە لە کەرکوک چەندین ناوچەی ناوەڕاست و باشووری عێراقیشی گرتبووەوە .

هیچ کەسایەتییەکی سیاسیی و قانونیی دەوڵەتدار لە ئاستی عێراق و کوردستاندا وەک سەرۆک مام جەلال چارەسەری بۆ کێشەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تری کوردستان و عێراق نەدۆزیوەتەوە، لە بەشەکەی کوردستان هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە «شەڕی یا کەرکوک و خانەقین، یان تا ماوین دەجەنگین» هەر بەردەوامە، بەڵام بە زمانی دیالۆگ و رێککەوتن و بنەما قانونیی و دەستورییەکان، نەک بە زەبری چەک وتوند و تیژیی، مامەڵەکردنیش لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەبێت زۆر ورد و ژیرانە بێت، کە «وەک نەشتەرگەریی مێشک وایە، دەبێت زۆر وریا بین « .

داکۆکی سەرۆک مام جەلال لە کورستانی بوونی کەرکوک کە مێژووییەکی زۆر دوورو درێژی هەیە ، بووە فاکتەرێک کە هەموو پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە بە نەخشە رێگەکەی جەنابیان قایل بن. هەرچەندە جارو بار هەندێک

لایەن چ کوردستانیی چ عێراقیی چ دەرەکیی پەلەقاژەیان دەکرد بۆ تێکدانی ئەو بەرنامەیە و سەپاندنی ئەجیندای خۆیان، بەڵام هەر ڕێگە چارەکانی سەرۆک مام جەلال جێی خۆیان گرت و حکومەتی فیدراڵیی قایل بوو کە ئەوەی پەیوەستە بە قەرەبوو کە لە بڕگەیەکی مادەی ١٤٠ دا جێبەجێی بکات . مورافەعەکەی ٩ی شوباتی ٢٠٠٤ کە لاپەڕەیەکی گەشی ترە لە سەدان هەزار لاپەڕەی خەباتە مەدەنیی و سیاسییەکەی سەرۆک مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تێکۆشەرەکانی، ڕاستیی جیهان بینیی و ڕوانینیی واقیعی سەرۆک تاڵەبانی دەسەلمێنێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر، لەڕێی دانوستان و دیالۆگی بنیاتنەر، هەر ئەو گیانی بیرکردنەوەیەش بوو کە پێگەی کورد وەک پێکهاتەیەکی گرنگ لە کەرکوک لە لایەن هێزە سیاسییەکانی تری عێراقەوە بە تورکمان و کلدۆ ئاشوریی و عەرەب و ئەوانیترەوە مامەڵەی لە تەکدا کراوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو جێگەی متمانەیەکی بەهێزیان بوو بۆ بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە گرنگ و قورسەکانی ئەو ناوچانە، کە لە سایەیدا هەموو پێکهاتەکان هەستیان بەئۆقرەیی و ئارامیی کردووە. هەمیشە ڕێنمایی و فەرمانەکانی سەرۆک مام جەلال بۆ پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکان و ئیدارە و لێپرسراوانی ئەم ناوچانە، مامەڵەی بەیەک چاو سەیر کردنی هەموو پێکهاتەکان و دور لە خۆسەپاندن و تەنگ پێهەڵچنین و گێچەڵ پێکردن بێت، سەبارەت بە هەر گۆڕانکاریی و پێشهاتێکیش فەرمان و ئامۆژگارییەکان هەر هەماهەنگی کردن بووە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لە ئاست مەسەلە سەربازیی و ئەمنییەکانیشدا جەنابیان هەمیشە تەئکیدیان لەسەرهاریکاریی و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان کردوە، لەگەڵ فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەوپێیەی ئەو هێزانە بەشێکن لە سیستمی بەرگریی عێراق، هەر بۆیە لێپرسراویەتیی هەرە گەورەی کەرکوک و ناوچەکانی تر بە پێکهاتەی کورد سپێرابوو.

به داخەوە لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢ەوە بەو گیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو میتۆدو روانینە راست و رەوان رەوایەدا نەکرا، کە زامنی بەهێزیی پێگەی کورد بوو لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تردا، بەڵکو نەهجێک پەیڕەوکرا کە رێک لەدژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچانە بوو، سەرەنجام ئەوەیشی لەو چەند ساڵەدا بەدەست هاتبوو لەدەستبچێت. ئەوەش دەرەنجامی چەندین پێشلکاریی دەستوریی و خۆسەپاندن و بەبێ هەماهەنگی جێگیرکردنی هێز لە ناوچە جیاجیاکانی چوارچێوەی مادەی ١٤٠ و چەندینی تریش. ئێستاش لەیادی ئەو رۆژی مورافەعەیەدا ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت و بوار مابێت هەقە ئەو گیانی کارکردن و روانینە ببوژێتەوە، بە تایبەتیی (ی.ن.ک) ئەو چەکە بەهێزەی سەرۆک مام جەلالی مەزن بهێنێتە شەرگە سیاسییەکە کە مورافەعەکەی پێ بەڕێوە برد و بە یەکڕیزییەوە مادەی ٥٨ لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت ومادەی١٤٠ی لەدەستووری عێراقدا پێ چەسپێنرا، کە مادەیەک تا دەستووری عێراق کاری پێ بکرێت ئەویش هەر دەمێنێت و بەهای خۆی دەمێنێت و نابێت هەلومەرجەکانی رابردوو کە پەلاماردان و دەستدرێژییەکانی داعش سەپاندبووی کاربکاتە سەر قۆناغەکانی تری جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستورییە. ئەوەش ئەرکی ئەم قۆناغەی خەباتی نوێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تێکۆشەرەکانیەتی لەگەڵ هەموو ئەو هێزە کوردستانیی و عێراقییانەی کە بەراستیی گەرەکیانە مادەی ١٤٠ و مادەکانی تری دەستور جێبەجێ ببێت و کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری و ناوچە کێشە لەسەرەکانی تر ببنەوە مێرگی پێکەوە ژیان و عێراقە بچوککراوەکە، کە لە سایەی بیردۆز و روانینەکانی سەرۆک مام جەلالدا هەمووان شانازییان بە ئارامیی و بە ئاشتیی پێکەوە ژیانەکەی دەکرد و ئەو رۆژگارەی کە سیمبولی برایەتیی وتەبایی پێکهاتەکان بوو.

# سەرۆک مام جەلال

**هەژار نامیق**

سەرۆکێک بوویت پڕاوپڕبوویت لە خۆشەویستی لە لێبوردن و پێکەوە ژیان ، تۆ ئەو سەرۆکە بوویت توانای چارەسەکردنی کێشەکانت هەبوو ، ئەو سەرۆکە بوویت کە پاک و بێگەرد بوویت ، تۆ ئەو کەسە بوویت لە گوندێکی چکۆڵەی کوردستان بەرەو کۆشکی سەلام ڕۆشتیت هەمیشە لەسەر ڕێبازی نەسرەوتن تا سەرکەوتن بوویت ، تۆ ئەو سەرۆکە بوویت سەرۆک و سەرکردەکانی جیهان بە شانازیەوە گوێیان بۆ قسەکانت هەڵدەخست و بە شانازیەوە لە تەنیشتی تۆ دادەنیشتن و وەک شانازیەک لە کتێب و نوسراو بیرەوەریەکانیان ئەینوسنەوە ..

سەرۆک مام جەلال تۆ داڕێژەری پێکەوە ژیان بوویت ، سەرۆکێک بوویت کە لێبوردە بویت تۆ مانای کوردایەتیت دەزانی ، تۆ بە جوانی لە ڕێساکانی سیاسەت تێگەشتبوویت تۆ پارێزەری میللەتێکی بەشخوراوی بەشمەینەتی هەمیشە زوڵم لێکراو بوویت ، یەکەم سەرۆکی کورد بوویت بەڵام تۆ بەتەنها بۆ کورد سەرۆک نەبوویت دوای تۆ هاوڕێکانت لە حیزب و لایەنە شیعی و سونییەکان باس لەوە دەکەن کە کاریزمایی تۆ بووبوو بە هۆی کەمکردنەوە کێشەکانی نێوانیان و سەقامگیرکردنی عێراقێکی مەزهەبی داڕوخاو ، تۆ ئەو سەرۆکە بوویت کە بە هەمووانت ووت کەرکوک کوردستانیە و خاکی پیرۆزی کوردستانە.

سەرۆکم ئەی ڕابەرم تۆڕێبازێکت دامەزراند کە دژایەتی تیرۆر بوو ، تۆ هاوڕێ ڕۆژنامەنوس و شاعیر و نوسەر و ڕۆشنفکران بوویت ، تۆ ئەو

کەسە بوویت کە وەک مانگ لە ئاسمانی تاریکی سیاسەتی ڕۆژهەڵات ئەدرەوشایتەوە ، تۆ ئەو کەسە بوویت خەڵکت فێرکرد ودواتر ڕۆشتن بە دەیان و سەدان سەرکردەت پێگەیاند و ڕۆشتن سەرۆکم تۆ بە تەنها بۆ کورد کاریزمایی نەبوویت بەڵکو بۆ هەمووان کاریزما بوویت ، چارەسەری کێشە سەخت و دژوارەکان لای تۆ ئاسان بوو ، هەمیشە وەک چەترێک بوویت بۆ کورد و کوردستان بۆ یەکێتیەکان تۆ ئەو سەرۆکە بوویت کە هەمووانت لە دەوری مێزێک کۆدەکردەوە و گەورەترین کێشەکانت بەقسەیەکی خۆش چارە دەکرد.

سەرۆک مام جەلال تۆ لە ژیان نەماویت بەڵام ڕێبازەکەت هێشتاپایەدارە و ماوە ، هەمووان باس لە تۆ ئەکەن و دەڵێن چەپکە گوڵەکەی مام جەلال . من داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی ، تەواوی ئۆرگانەکانی یەکێتی لە گەورە تا بچوکی سوێندتان ئەدەم بە خاکی پیرۆزی کوردستان ، بە گۆڕی شەهیدان خیانەت مەکەن لە ڕێبازەکەی سەرۆک مام جەلال ، پێتان ئەڵێم ئێوە ئەگەر خەمی یەکێتی و ڕێبازەکەی مامتانە دە هیچ نەبێت لە سەر ڕێبازەکەی ئەو بن ، بگەڕێنەوە بۆناو خەڵکی خۆتان چیتر بزنس و بازرگانی مەکەن بە ناوی یەکێتی و مام ! چیتر ناوی سەرۆکم بە کارمەهێنن بۆ مەرامی شەخسی خۆتان ! لە خۆتان بپرسن تەنها بۆ یەکجار ئەگەر سەرۆک مام جەلال لە ژیان دەبوو چۆن سەیری ڕوخساری ئەوتان ئەکرد ؟ چۆن وەڵامگۆی ئەبوون ؟ ڕۆحت ڕەوان سەرۆک مام جەلال..

# چەمکێک لە ژیانی سەرۆک مام جەلال

**ئەردەڵان ڕەفیق**

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر ئەو سەرکردە مەزنە سەرەتاو کۆتایی نییە هەمووومان ئەوە دەزانین کە مام جەلال تێکۆشەرێکی زۆر گەورەبوو و بە توانا بوو هەرگیز پشووی نەداوە و بەردەوام تا کاتی نەخۆش کەوتنی بەردەوام بوە لە هەوڵدان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان چوار پارچەی کوردستان، کەس ناتوانێت وەک خۆی پێناسەی بکات چونکە ئەو هەوێنی پی َکەوە ژیان بوو .

مـــام جەلال ناوی تەواوی جـەلال حوسامەدین نورالله نوری تاڵەبانی لەدایکبووی ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٣ی گوندی کەلکانی بناری چیای کۆسرەتە، هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا تێکەڵ بە سیاسەت بووە، یەکەم وێستگەی ژیانی سیاسیشی ئەندامێتی بووە لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا و لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەک ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی هەڵبژێردرا، ساڵی ١٩٥٣ سەرپەرشتی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کردووە و هەر لەو کۆنگرەیەشدا بووە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە هەمان ساڵدا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دامەزرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٥٥ سکرتێری یەکێتی لاوان بووە.

ساڵی ١٩٥٤ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، ساڵی ١٩٥٥ یەکەمین سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد و بە نوێنەرایەتی لاوانی کورد و عێراق

بەشداری لە کۆنگرەی سالانەی لاوان و قوتابیانی جیهانی لە وارشۆ کرد، هەر لەو ماوەیەدا سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کرد و بۆ یەکەمین جار چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی کەوت.

لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا لە ساڵی ١٩٦١ بووە بەرپرسی ناوچەی سلێمانی و یەکەمین بنکەی شۆڕشی لە چەمی ڕێزان کردەوە، لەدوای کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٦٣دا وەک سەرۆکی وەفدی کوردی بۆ دانووستان لەگەڵ بەغدا دەستنیشان کرا.

لە ساڵی ١٩٦٤دا بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان باڵی مەکتەب سیاسی و باڵی مستەفا بارزانی، لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێکانی ڕێگەی خۆیان لە بارزانی جیا کردەوە، ساڵی ١٩٧٠ جارێکی دیکە لەگەڵ مەلا مستەفا یەکیان گرتەوە.

لە دوای ڕێککەوتنی جەزائیر و شکستی شۆڕشی ئەیلول، جەلال تاڵەبانی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و چەند کەسێکی دیکە لە سوریا لە ساڵی ١٩٧٥دا یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دامەزراند و بووە سکرتێری گشتی یەکێتی و تا کاتی کۆچی دواییەکەی لە پۆستەکەیدا مایەوە.

بە درێژایی سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سەرکردایەتی گەورەترین شۆڕشی چەکداری کرد لە دژی حکومەتی بەعسی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٧دا دوای دامەزرانی بەرەی کوردستانی بەرپرسی کاروباری دەرەوەی بەرەی کوردستانی بوو.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ تاڵەبانی ڕۆڵی هەبوو لە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و لە یەکەم هەڵبژاردنیشدا بۆ ڕابەری ڕزگاریخوازی گەلی کورد تاڵەبانی یەکێک بوو لە کاندیدەکان.

لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەییدا تاڵەبانی وەک ڕێبەری ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە زۆنی سەوز ناودەبرا، بەدرێژایی ساڵانی شەڕی ناوخۆ تاڵەبانی لەگەڵ بارزانیدا لە دانوستاندندا بوو.
لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨دا و بە نێوەندیگیری ئەمریکا بە تایبەت مادلین ئۆڵبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تاڵەبانی و بارزانی ڕێککەتننامەی واشنتۆنیان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ ئیمزا کرد.
تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم و هەڵبژاردنی وەک سەرۆک کۆماری عێراق تاڵەبانی کەسی یەکەمی ئیدارەی سلێمانی بوو.
لە دوای روخانی حکومەتی بەعس و لە ساڵی ٢٠٠٥ وە تا ساڵی ٢٠١٤ سەرۆک کۆماری عێراق بوو، یەکەم سەرکردەی کورد بوو لە مێژووی عێراقدا بووبێتە سەرۆک کۆمار، لە ماوەی سەرۆک کۆماریدا هەرچەندە پۆستەکەی پۆستێکی تەشریفاتی بوو، بەڵام تاڵەبانی رۆڵێکی دیاری هەبوو لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا و زۆربەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بە ڕێزەوە سەیری تاڵەبانیان دەکرد.
هەرچەندە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢وە بەهۆی نەخۆشکەوتنییەوە بە کردار تاڵەبانی لە سیاسەت دوور کەوتووەتەوە بەڵام تا کاتی کۆچی دواییەکەی لە پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتیدا مایەوە.
زۆربەی چاودێران و مێژوونووسانی کورد و بیانی لەسەر ئەوە کۆکن کە تاڵەبانی لە ماوەی ٦٠ ساڵی رابردوودا زیاتر لە هەر سەرکردەیەکی دیکەی کورد گرنگی بە کاری دیپلۆماسی داوە و زیاتریش لە هەر سەرکردەیەکی دیکەی کورد پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی دیکەدا هەبووە.

# پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق پێویستی بە کەسایەتییەکی وەک مام جەلال بوو

**سایتی گەلی کوردستان**

بۆ یەکەمینجار لە مێژووی دەوڵەتی عیراق لە رۆژی ٦-٤ی ساڵی ٢٠٠٥، ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتدا و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی، سەرۆک مام جەلالی وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردی هەڵبژێردراو لە عیراق دەستنیشانکرد.

بەوەش سەرۆک مام جەلال بووە یەکەم کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد لە مێژووی عیراقدا ئەو پۆستە گرنگەی پێبسپێردرێت و لەمێژووی دوای دیکتاتۆریەتی عیراقیشدا بووە یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراو.

لەو هەڵبژاردنەدا لە کۆی ٢٥٧ ئەندامی ئامادەبووی دانیشتنەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق، سەرۆک تاڵەبانی ٢٢٧ دەنگی بۆ سەرکۆماری بەدەستهێناو هەریەک لە د.عادل عەبدولمەهدی و تارق هاشمی یش بەجێگیرانی سەرۆک کۆماری عیراقی فیدراڵ هەڵبژێردران.

لەو بۆنەیەدا سەرۆک مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراق لە وتەیەکدا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە: وەک دەستەی سەرۆکایەتی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ تا هەمیشە لە جێی ئەو متمانەیەدابن و گوێڕایەڵی ئیرادەی گەل بن و بەجدی و چاکی و دڵسۆزییەوە بەشداربن لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشمانیی و ئەنجومەنی وەزیران بۆ هێنانەکایەی حوکمێکی دیموکراتی کە ئازادییەکان و مافە تایبەتی و گشتییەکانی مرۆڤ بۆ گەل دابین بکات.

هەرهەمان ڕۆژیش جۆرج دەبلیو بوش-ی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا پیرۆزبایی لە سەرۆک مام جەلال کردو هاوکات چەندین بروسکەی پیرۆزباییش لە سەرۆکی وڵاتانی جیهان و سیاسەتمەدارو گەورە بەر پرسانی جیهانەوە ئاڕاستەی مام جەلال کرا.
دوای هەڵبژاردنی سەرۆک تاڵەبانی بەسەرۆک کۆماری عیراق گەلانی عیراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی هەموو هیواکانیان لەسەرۆک تاڵەبانیدا هەڵچنی بەپارێزەری مافەکانی خۆیان ناوبرد. بوونی سەرۆک تاڵەبانی لەو کاتەدا وەک سەرۆک کۆماری عیراق، جیا لەوەی پەڕینەوەی عیراق بوو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، هاوکاتیش پێگەدان بوو بەو پۆستە لەلایەن سەرۆک تاڵەبانییەوە، چونکە وەک زۆرێک لەسەرۆکی وڵاتان و سەرکردەکانی عیراق باسیان کردبوو: ئەو پۆستە پێویستی بەکەسایەتییەکی وەک مام جەلال بوو، تا پێگەو کاریگەری و رۆڵی پێ بداتەوەو لەپۆستێکی تەشریفاتییەوە، بیکاتە پۆستێکی سیادی و سیاسی گرنگ و پارێزەری جێبەجێکردنی دەستورو فەراهەمکردنی چەمکی یەکسانیبوون لە مافەکان بۆ هەموو عیراقییەکان.
لەدوای هەڵبژاردنیشی بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی، بەپێی ماددەی (٥٠)ی دەستوری عیراقی، سەرۆک مام جەلال سوێندی یاسایی خوارد و بەڵێنیدا بەو پەڕی دڵسۆزی و پەرۆشییەوە کاربکات و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل بپارێزێت. هەروەک سوێندی تەئکیدی لەسەر پابەندبوون کردەوە بە پارێزگاریکردن لەسیستمی دیموکراتی و فیدراڵی وڵات لەگەڵ پارێزگاریکردن و کارکردن بە هەموو یاسا و ڕێساکان بەوپەڕی بێ لایەنییەوە.
سەرۆک مام جەلال لە ماوەی ئیدارەدانی قەیرانە سیاسییە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقدا سوێندەکەی خۆی نەشکاندوو و بەوپەڕی هەست کردن بە

بەرپرسیاریێتی لەبەرامبەر گەلی عیراق و ئەوسوێندەی خواردووییەتی مامەڵەی لەگەڵ قەیرانەکان کردووە.
هەروەک عیراقییەکان بەسەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانیانەوە سەرۆک مام جەلالیان بە زامنی ئۆقرەیی داناوە و وەک عەرەب وتەنی پێیان دەووت: سەمام ئەمانی هەموو عیراق بوو بۆ راگرتنی ئارامی و سەقامگیری رەوشی سیاسی و ئەمنی. لایەنە سیاسییەکانیش کردبوویانە مەرجەعی سەرەکی خۆیان و لەهەموو کێشەیەکدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەر روویان لە سەرۆک کۆمار کردووە کە بۆتە چەتر و پارێزەری هەموو عیراقییەکان بەکورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشورییەکانەوە.
مێژووش سەلماندی کە سەرۆک مام جەلال تا لەپۆستی سەرۆک کۆمار بوو لەیەک کاتدا هەم لەخەمی گەلەکەی بووە وەک کورد و هەم بۆ عیراقیش باوکێکی دڵسۆز بووە. بەدوورکەوتنەوەشی لە گۆڕەپانی سیاسی و تا کۆچی دواییەکەی، دەرکەوت گەلی کورد چ خەسارەتێکی گەورەی لێکەوت و ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی لەعیراقیش رایگرتبوو، وەک خۆی نەمایەوە.

# قسەیەکی مام جەلال

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**

پێنج رۆژێک بوو هێزەکانی ئەمریکا وبەریتانیا هێرشەکانیان بۆ سەر سوپای سەدام دەسپێکردبوو لە مانگی سێی ٢٠٠٣ بەهۆی خۆڵبارین و بارانەوە، پێشڕەوییەکانی ئەمریکا و بەریتا زۆر سست بوو. مام جەلال میوان بوو لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی (ئەبوزەبی) کە ئێستا ئەو کەناڵە نەماوە، خۆم تەماشای بەرنامەکەم دەکرد هەرچەند عەرەبییەکەشم باش نەبوو.

لە کۆتایی بەرنامەکەدا بێژەرەکە لێی پرسی: مام جەلال پێشبینی دەکەی ئەم شەڕە کەی کۆتایی پێبێت؟

مام جەلال وتی: کەمتر لە مانگێک دەخایەنێ. بێژەرەکە پێکەنی و بە عەرەبی وتی: ئەمە سروشتە بەناوبانگەکە خۆتە کە گەشبینی یان چی مام جەلال؟ ئاخر خۆ ئەوە پێنج رۆژە دوو سوپای زۆر گەورە و پیشکەوتوو ناتوانن بچنە پێشەوە.

مام جەلال وتی: کاکی برا راستە من کەسێکی هەم قانوونی و هەم سیاسیم... بەڵام ئەوەش بزانە عەسکەرییەکی باشیشم... هەر سوپایەکی هێرشبەر لەرۆژێکدا ١٠ کیلۆمەتر پێشڕەویی بکات، ئەوا سەرکەوتنی مسۆگەرە. ئێستا سەربازانی ئەمریکا و بەریتانیا لە رۆژێکدا بیست کیلۆمەتریش دەبڕن بێ بەرپەرچدانەوەیەکی ئەوتۆ، بۆیە دەڵێم کەمتر لە مانگێک دەخایەنێ ئەم شەڕە.

قسەکەی مام جەلال هاتەدی و سەدام و سوپاکەیو حکومەتەکەی بە کەمتر لە مانگێک تەفروتونا بوون.

بۆ هێرش و پەلاماردانەکانی تورکیاش بۆ شەر عەفرین. دەتوانی پێودانگەکەی مام جەلال بەکاربێنی.. وا چوار رۆژە سوپای تورکیا، کە پێنجەم سوپای دەوڵەمەندی ناتۆیە، پەلاماری عەفرین دەدا لە ئەرز و ئاسمانەوە، بەڵام پێشڕەوییەکانی زۆر زۆر کەم و زیانەکانی زۆرن لەبەرانبەر هێزێکی تەقلیدی ... لەڕووی چەک وتفاقەوە دەڵێم... نابەرابەری وەکو یەپەگە و یەپەژەدا.
خەریکە بەرچاوی کورد و دنیا روون دەبێتەوە، کە لەناوبردنی ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان بۆ تورکیا و سوریا ئەستەمە.
لەمێژووی ٦٠ ساڵی رابردوودا دوو ئەزموونی هاوشێوە هەیە، کە هێزی بچووک بوون، بەڵام بە ئیرادە هەن روبەڕووی سوپای بەهێز و پڕچەکی مۆدێرن بوونەتەوە و لوتیان شکاندوون. ئەوانیش شەڕی سوپای ئەمریکا و ڤیتکۆنگەکانی ڤێتنامی باکوورو داگیرکاری سوپای روسیا لەئەفغانستان، کە دواتر چەکدارانی ئەفغانستان روسیایان تا ئاستی شپرزەبوون برد و ناچاریان کرد بکشێتەوە.

# چەند یاد و بیرەوەرییەک لەگەڵ مام جەلالدا

**دکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز**

(٢)

دوای (٣) ساڵ و (٥) مانگ، ڕۆژی (٢٧. ٦. ١٩٩٩٩)، لە ڕێی (ئێران)ەوە، بۆ پێنجەمین جار، سەرم لە (کوردستان) دایەوە. لەبەرئەوەی لەسەر هەڵوێستی کوردانەی خۆم، سەبارەت بە ڕووداوەکانی (٣١. ٨. ١٩٩٦) و جەنگی نێوخۆ نەمدەتوانی، لە ڕێی (تووركیا)وە بگەڕێمەوە.

لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆربوو، (کوردستان)م نەدیبوو، ئەم سەردانەم زۆر لا خۆشبوو. گەلێ دۆست و برادەری خۆشەویستم بینی. ئێوارەیەکیان برادەرانی (P.K.K.)، سەریان لێدام و بە ناوی ڕێکخستنی (سولەیمانیی)ەوە، بەخێرهاتنیانکردمەوە. پاشان داوایان لی کردم، وەک کەسایەتییەکی ناسراو و نووسەرێکی دیار، مام (جەلال) ببینم و تکای لێ بکەم، نامەیە بۆ شالیاری دەرەوەی (ئەمێریکا) بنووسێ، داوا لە سەرانی (توورک) بکا، (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لە سێدارە نەدەن. منیش گوتم: هەوڵدەدم، گەر بیبینم، داواکارییەکەی ئێوەی پێ بگەیەنم.

کاک (نیاز سەعید)، لێپرسراوی پەیمانگەی کادێرانی (ی. ن. ک.)، تێلیفۆنی بۆ کردم و گوتی: حەزدەکەین، داوەتتبکەین، سیمینارێ لەسەر هوشیاریی نەتەوەیی، پێشکەش بە کادێرەکان بکەی. منیش ڕەزامەندی خۆم دەربڕی. بەیانی زوو هات بە دوامدا و بەرەو (قەڵاچوالان) ڕۆیشتین. کاتێ باسەکەم تەواوکرد، باسی (مام) و (ئاراسی شێخ جەنگی) بۆ کردم. گوتم: (ئاراس) لە کوێیە؟ گوتی: لە ماڵی (مام جەلال)ە و لە ئەو بەر ئێمەوەیە. منیش گوتم:

تێلیفۆنێکی بۆ بکە، بڵێ برادەرێ لێرەیە دەیەوێ، قسەت لەگەڵ بکا. بۆی وەرگرتم و بە زمانی ڕووسیی، چۆنی و چاکیم لەگەڵ کرد، یەکسەر ناسیمییەوە و گوتی: ئەوە لە کوێی؟ گوتم: لە پەیمانگەی کادێرانم. گوتی: تێلیفۆنەکە داخە، وا هاتم. دوای (٥) خولەک پەیدابوو. کاتی خۆی لە شاری (کیشینۆڤ)ی پایتەختی کۆماری (مەڵدۆڤە)،ساڵێ پێکەوە بووین، زۆر هاوڕێ بووین. بەڵام پاشان لە ئەو شارە نەما و ماوەی (٧) ساڵ بوو، نەمدیبوو. زۆر بە کوڵودڵەوە، باوەشمان بە یەکدیدا کرد و کەمێ قسەمانکرد. دوایی پێم گوت: کارێکی زۆر پەلە و گرنگم هەیە، دەمەوێ، مامت ببینم. گوتی: هەر ئێستە دەڕۆم، پێی دەڵێم و وەڵامت لێ دەگێڕمەوە. پاش کەمێ تێلیفۆنی بۆ کردم و گوتی: سبەینێ کاژێری (٦)ی ئێوارە، (مام جەلال) لە ماڵەوە چاوەڕێتدەکا، کاک (نیاز)یش لەگەڵ خۆت بێنە.

ئێوارەی ڕۆژی (٢. ٧. ١٩٩٩٩)، لە کاتی خۆیدا چووین و (مام) چاوەڕێیدەکردین. زۆر بە گەرمیی پێشوازی لێ کردین و کەمێ سەبارەت بەرهەمەکانم دواین. پاشان ماوەی (٣٠) خولەک، باسی ڕەوشی خۆیان و (کوردستان)ی بۆ کردین. ئینجا گوتی: فەرموو. منیش تەماشایەکی کاتژمێرە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکەم کرد، یەکسەر گوتی: تەماشامەکە، کات بۆ تۆ کراوەیە. منیش گوتم: من هاتووم، (٣) بابەتی جیاوازت لەگەڵ باسکەم. گوتی: فەرموو، با بزانین، چین؟

گوتم: یەکەمین خاڵ ئەوەیە، دوێنێ ئێوارە برادەرانی (P.K.KK.) سەریان لێ دام، داوایان لێ کردم، تکات لێ بکەم، نامەیە بۆ شالیاری دەرەوەی (ئەمێریکا) بنووسی، داوا لە سەرانی (توورک) بکا، (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لە سێدارە نەدەن. ئەمە کارێکی نەتەوەیی گرنگە و تاهەتایە بیریان ناچێتەوە.

گوتی: زۆر باشە، بەسەرچاو، لە ئینتەرنێتیشدا بڵاویدەکەمەوە.

گوتم: زۆر سوپاس.

گوتی: دووەمین خاڵ چییە؟
گوتم: کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بگرن، نوێنەری هەموو پارتەکانی باشووری (کوردستان) بانگکەن. هەروەها دەتوانن، هێندێ لە مامۆستایانی زانکۆ، پیاوانی ئایینیی، کەسایەتی ناسراو و نووسەرانی کوردیش بەشداربن. کێشەی دوو فەرمانڕەوایی و ناکۆکییەکانی نێوان (پارتیی) و (یەکێتیی) باسکەن، بەڵکوو بە هەموو لایە، چارەسەرێ بۆ ئەم ڕەوشە نالەبارە بدۆزنەوە. گەر پێویستیشی کرد، من دەمێنمەوە و بەرنامەیەکی تێروتەسەل ئامادەدەکەم.
گوتی: زۆر باشە. بەڵام (پارتیی) نایەت.
گوتم: ئێوە ئەوەتان لەسەرە نامەیان بۆ بنێرن و بانگهێشتیانکەن، گەر هەر نەهاتن، ئەوا ئەو دەسپێشخەرییە، بۆ ئێوە جێی شانازییە و بێ ئەوانیش دەتوانن، کۆنگرەکە بگرن، ڕوو لە ئامادەبووان بکەن و بڵێن: ئێمە ویستمان، کێشەکانمان بە دیالۆگ چارەسەرکەین و (کوردستان) یەکخەینەوە، بەڵام (پارتیی) نایەت و نایەوێ، ئێوە دەڵێن چی؟ ئەو کاتە بەشداربووانی کۆنگرەکە، هەڵویستێکی دیکەیان دەبێ.
گوتی: ئێمە لە ڕووی سەربازییەوە، لە (پارتیی) باشترین و دەرەقەتمان نایەن، بەڵام نامانەوێ، چیدیکە شەڕی براکوژی بکەین. بیرێکی لێ دەکەینەوە.
گوتم: خاڵی سێیەم دەمەوێ، وەک چاوپێکەوتنەکەی مامۆستا (برایم ئەحمەد)، دیدارێکی دووروودرێژ، هەر لە لەدایکبوونەوە تا ئێستە، لەگەڵ بەڕێزتدا سازکەم.
گوتی: زۆرم پێ خۆشە. میوانخانەشمان هەیە، دەتوانی، لێرە بمێنیتەوە. بەڵام کەمێ لێم بوەستە، زۆر سەرم قاڵە.
گوتم: سوپاس، پێویستم بە میوانخانە نییە. بەڵام ڤیزەی (ئێران)م تەواودەبێ و دەبێ، بگەڕێمەوە.
گوتی: ئێمە بۆت درێژدەکەینەوە. پەسپۆرتت پێیە؟

گوتم: بەڵێ. ئیدی لێی وەرگرتم. پێشمەرگەیەکی بانگکرد و گوتی: ئەو پەسپۆرتە بدەن بە (ئاراس)، دوو مانگی بۆ درێژکاتەوە.

بە ئەو شێوەیە، ماوەی (٣٣) مانگ مامەوە، (مام) خۆی بەدەسەوە نەدا و چاوپێکەوتنەکەمان نەکرد. نامەیەکیشم بۆ نووسی و بیرمخستەوە، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

# چەند یاد و بیرەوەرییەک لەگەڵ مام جەلالدا

**دکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز**

(٣)

بڕیاربوو، (٢٠. ٩. ١٩٩٩٩) بگەڕێمەوە بۆ (سوید). هاوڕێیان ملازم (عومەر) و (مستەفا چاوڕەش) هاتن بۆ ماڵەوە، خواحافیزیم لێ بکەن. ملازم گوتی: هەموو شتێکت تەواوە؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: کوا پەسپۆرتەکەت، پیشانمبدە، بزانم، ماوەی مانەوەت لە (کوردستان) تەواو نەبووە؟ کاتێ سەیریکرد، گوتی: کاکە تۆ مانگێ ڕێیان داوی، لێرە بمێنیتەوە، کەچی (٣) مانگە لێرەی. دەبێ بچی بۆ ئاسایش و چاکیکەیت، ئەگینا لە سنوور نایەڵن، ڕەتبی. ئەمەش بە هۆی (مام)ەوە بوو!

منیش چووم بۆ ئاسایش، پرسیم، کێ بەرپرسی ئاسایشە؟ گوتیان: (خەسرەو گوڵ موحەممەد). ماوەی (٢٧٧) ساڵ بوو، ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم نەدیبوو. چووم بۆ لای و بەرزەپێ لەبەرم هەستا، یەکدیمان ماچکرد، دانیشتین و گەلێ یادگاری کۆنمان باسکرد. پاشان پەسپۆرتەکەم دایە، هەر زوو بە پێشمەرگەیەکدا ناردی و بۆیان نوێکردمەوە. دوایی گوتی: ئەم شەو دەبێ، میوانی من بی، کۆمەڵێ برادەری دیکەش دەبینی.

ئێوارە چووم و جگە لە دوکتۆر (خەسرەو)، برایان (قادری حاجی عەلی، مستەفای سەیید قادر، دلێری سەییدمەجید، دوکتۆر حەمەسابیر و مامۆستا موحسین)یش لە ئەوێ بوون. منیش بۆ بەیانیی دەڕۆیشتمەوە بۆ (ئێران). هەواڵی (مام جەلال)م لێ پرسین، گوتیان: نەخۆشکەوتووە و بردوویانە بۆ

(تاران)، له گەڕانەوەتدا سەرێکی لێ بدە و ناونیشانیان دامێ. له (تاران) تێلێفۆنم بۆ (بەهرۆز گەلاڵیی) کرد و گوتم: دەمەوێ، (مام) ببینم.
گوتی: تێلێفۆنت بۆ دەکەمەوە. هەر دوای کەمێ، تێلێفۆنی بۆ کردم و گوتی: سبەینێ ئێوارە، چاوەڕێتدەکەین. نهۆمێکیان له ئوتێل (ئیستیقبال) بۆ گرتبوو، منیش چەپکێ گوڵی گەورەم بۆ کڕی، تەکسییەکم گرت و چووم. (ئاراس)ی برازای بە پیرمەوە هات و زۆری پێخۆشبوو. خەڵکێکی زۆر، له هۆڵەکه دانیشتبوون، جگه له لیژنەی پزیشکیی، هەردوو بەڕێز (عومەری سەیید عەلی) و دوکتۆر (ئەحمەد بامەڕنی)ش له ئەوێ بوون.
پاش کەمێ (مام) هات و یەکدیمان ماچکرد. تەندرووستیی زۆر باشبوو. کەمێ بە شانوبازووی مندا هەڵیدا و گوتی: گوتارەکەی له (کوردستانی نوێ)دا، لەسەر دۆسییەی (کەرکووک) بڵاوتکردووەتەوە، له هەموو گوتارەکانی دیکە، باشتربوو.
گوتم: ڕاسپاردەیەکی مامۆستا (مەسعوود)م پێیە.
گوتی: چییە؟
گوتم: داوا له بەڕێزتان دەکا، کارگەیەک له (کۆیە) بکەنەوە.
گوتی: کارگە ناکەینەوە، بەڵکوو زانکۆیان بۆ دادەمەزرێنین. پاشان گوتی: تۆ رات چییە، دەمانەوێ، ئاو بە (ئەزمڕ)دا سەرخەین و وەک شەقامی (وەلی عەهد) له (تاران)، بە نێو شاری (سولەیمانیی)دا بیبەین، تا له چەمەکەی (تانجەرۆ) دەڕژێ؟
گوتم: کارێکی زۆر سەختە، چونکە پێکهاتەی جیۆلۆجی چیای (ئەزمڕ)، بە کەڵکی ئەوە نایە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ. ئەویش هیچ قسەی نەکرد.
ماوەی (٣٠٠) خولەک دانیشتین و ئیدی هەستام. گوتم: گەر کارێکتان بۆ (سوید) هەیە، من بەیانیی دەگەڕێمەوە.

گوتی: زۆر سوپاس. هەر بەسەر پێوە، وەڵامی دوو داواکاریی پێشووی دامەوە و بیری نەچووبووەوە. گوتی: بەرنامەی چاوپێکەوتنەکە، بۆ جارێکی دیکە هەڵدەگرین. بەڵام من پێم وایە، (ئۆجەلان) لەسێدارەبدرێ، کورد زۆر قازانجدەکا و خۆشی وەک پاڵەوانێکی مێژوویی دەناسرێ. منیش هیچ قسەم نەکرد و ماڵاوایيم لێ کرد. کەچی لە (برۆکسل)، لە برادەرانی (P.K.K.)م پرسی، (مام) نامەکەی نووسی؟ گوتیان: بەڵێ، لە ئینتەرنێتیشدا بڵاوکراوەتەوە! (ئاراس) لەگەڵم هات و گوتی: مامم دەڵێ: بۆ بە یەکجاریی بۆ (کوردستان) ناگەڕێتەوە.

منیش گوتم: چی بکەم و بە چی بژیم؟

گوتی: هەموو شتێکت بۆدەکەین.

زۆر سوپاسم کردن و بەڵێنم نەدا، گوتم: بیری لێ دەکەمەوە.

# چەند یاد و بیرەوەرییەک لەگەڵ مام جەلالدا

**دوکتۆر حوسێن موحەممەد عەزیز**

(٤)

لە کۆتایی مانگی (٨)ی ساڵی (٢٠٠٢)دا، سەردانێکی دیکەی زێدەکەم کردەوە. دەبووایە، هەرچی چۆنێ بووایە، چاوم بە (مام جەلال) بکەوتایە. لە (قەڵاچوالان) لە پەیمانگەی کادیرانی (یەکێتیی)، وانەیەکی هوشیاریی نەتەوەییم هەبوو. پاشان کاتی نیوەڕۆ بوو، لێپرسراوی پەیمانگەکە (نیاز سەعید) نانی نیوەڕۆی ئامادەکردبوو. (عومەری سەییدعەلی)شی بانگکردبوو. پێکەوە نانمانخوارد، پاشان دووبەدوو ماینەوە و بابەتەکەم بۆ باسکرد. گوتی: وەڵامتدەدەمەوە. دوای ماوەیە، تێلێفۆنی بۆ کردم و گوتی: کاژێری (١٠)ی سەرلەبەیانی، (مام جەلال) لێرە چاوەڕێتدەکا. منیش ڕۆژی (١٨. ١٠. ٢٠٠٢) هەر زوو چووم و (بەرزانی ئەحمەد کوردە)ش، ئامادەی دانیشتنەکە بوو، ئەو کاتە سکرتێری بوو.

یەکدیمان ماچکرد و زۆر بە گەرمیی، پێشوازی لێ کردم. کراسێکی خاکی و بۆنێکم بە دیاریی بۆ بردبوو، بۆنەکەی وەرگرت، بەڵام گوتی: من کراسی خاکی لەبەرناکەم. منیش گوتم: بیبەمەوە؟ گوتی: نەخێر، دەیدەم بە پێشمەرگەیەک. پەرتووکی (مەسعوود موحەممەد و دوو دیاری دۆستانە)شم پێشکەشکرد، نووسینی سەر بەرگی پشتەوەی، سەبارەت بە جەنگی نێوخۆ بوو، خوێندیەوە و گوتی: ئەمە قسەی کێیە؟ *

گوتم: هی مامۆستا (مەسعوودە). هەر ئەو شەوە، (مام) پەرتووکەکەی خوێندبووەوە. دیارە هێندێ پرسیاری لا درووستبووبوو، بۆیە بۆ بەیانی

سکرتێرەکەی، تێلێفۆنی بۆماڵەوە کردبوو، گوتبووی: مام (جەلال) هەواڵی دەپرسێ. دایکم گوتبووی: ڕۆیشتووەتەوە!
پێشەکی دەسخۆشانەم لێ کرد، کە لەگەڵ (پارتیی)دا ڕێککەوتوون و ستاییشێکی زۆرم کرد. پاشان بابەتەکەم لەگەڵ باسکرد. لە ڕاستیدا، من و (ئەیوب بارزانیی - پیرەش) و چەن برادەرێکی دیکە دەمانویست، پارتێکی نەتەوەیی دیمۆکراسیخواز دامەزرێنین. ڕەشنووسی پرۆژەکەش من نووسیبووم. بڕیارماندابوو، دژایەتی هیچ ڕێکخراو و پارتێ نەکەین، لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا کۆکبین. منیشیان بۆ ئەو مەبەستە ناردبوو، تا قسە لەگەڵ سەرکردایەتی هەموو پارتەکاندا بکەم. بەرنامەکەم دایە و (مام) خوێندییەوە و زۆری پێ خۆشبوو. گوتی: من یارمەتیتاندەدەم و شوێنێکیشتان بۆ دابیندەکەم. منیش گوتم: ئێمە نیازمان نییە، لە هیچ شوێنێ بارەگە بکەینەوە، بە نهێنیی کاردەکەین، بەڵام پێوەندیمان لەگەڵ پارتەکان، لەڕێی نوێنەری پارتەکەمانەوە دەبێ. داوای لێ کردم، ژمارەی کۆنتۆیەکی بدەمێ، پارەمان بۆ بنێرێ، بەڵام من ڕەتمکردەوە.
(مام) سەری سووڕمابوو، ئاخر پارتێ تازە دامەزرێ، نە شوێن و نە پارەی بوێ، دەبێ، بەرنامەکەی چی بێ و چۆن جێی خۆی بکاتەوە؟! پاشان پەرتووکێکی (پیرەش)م دایە، بۆی چاپکا. هەرچی چۆنێ بوو، لەسەر زۆر شت یەکڕابووین و ڕێککەوتین. دوایی تێلێفۆنیشمان گۆڕییەوە.
دووەمین بابەت سەبارەت بە دەوڵەتی فیدراڵ بوو. من گوتم: ناکرێ، دەوڵەتێ تەنیا هەرێمێکی فیدراڵیی بێ و نێوچەکانی دیکەش، جۆرە سیستەمێکی دیکەی هەبێ. بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەی تۆ چی پێشنیازدەکەی؟
گوتم: (عێراق) دەبێ، بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵدا دابەشکرێ. یەکەم (کوردستان)ی فیدراڵ، نێوچەی سووننەنشینەکان و شیعەنشینەکانیش لە نێوەڕاست و خوارووی (عێراق)، دوو میریی فیدراڵ بۆ خۆیان دامەزرێنن.

گوتی: بە قسەی تۆ بێ، ئێمە بە زۆر دوو فیدراڵیی بۆ عەرەبەکان دامەزرێنین؟
گوتم: نەخیر. خۆشیان ئەوەیان دەوێ. (ئیاد جەمالەدین) لە سەر تێلێفیزیۆنەکەی خۆتانەوە گوتی: (عێراق) پێویستی بە (٤-٥) هەرێمی فیدراڵ هەیە.
گوتی: نەم بیستووە، لە (بەرزان)ی پرسی: شتی وا هەیە؟ ئەویش گوتی: بەڵێ، خۆم گوێم لێ بوو.
پاشان باسەکەی گۆڕی و دیسانەوە گوتی: تۆ بۆ ناگەڕێیتەوە و لە نزیکەوە ڕاژەی گەلەکەی خۆت بکەی؟
گوتم: خۆشم زۆر حەزدەکەم، بگەڕێمەوە. بەڵام هێشتا بە تەواویی بڕیارم نەداوە.
بە پێکەنینەوە گوتی: وا چەن ساڵە (کوردستان) ئازادە و هێشتا بیرت لێ نەکردووەتەوە، بگەڕێیتەوە؟!
گوتم: لە ڕاستیدا، توانام نییە، لێرە بژیم.
گوتی: بۆچی توانات نییە؟
گوتم: من لە دەرەوەی وڵات، کارم نەکردووە، هەر خەریکی خوێندن و خوێندنەوە و نووسین بووم. لێرەش هیچ شتێکم نییە، ئیدی چۆن بژیم؟
گوتی: گەر بگەڕێیتەوە، خانووت دەدەمێ، ناوماڵت بۆ دەکڕم و ترومبیلێکیشت بۆ دابیندەکەم، لە هەر شوێنێکیش دەتەوێ، داتدەمەزرێنم. *
منیش کە ئەوەی گوت، زۆر سوپاسمکرد و گوتم: مادام بەڕێزت، هێندە بە پەرۆشی، من بێمەوە، گەلەکەشم پێویستی پێم هەیە، بەڵێنبێ، کارەکانی خۆم لە (سوید) جێبەجێکەم و بگەڕێمەوە. بەڵام هیچ جۆرە شتێکم لە بەڕێزت ناوێ.
گوتی: بۆ پێت ناخۆشە، مامی خۆت یارمەتیتبدا؟

گوتم: نەخێر، شانازیی پێوە دەکەم. بەڵام دەمەوێ، پشت بە خۆم ببەستم و وردەوردە، پێداویستییەکانی خۆم دابینکەم. ئیدی بە ئەو شێوەیە، دیدارەکە کۆتاییهات و گوتی: هەر کارێکت هەبوو، تێلێفۆن بکە.

تێبینی:

ساڵی (٢٠٠٨)، بەشی زۆری ئەو دیدارەم، لە سایتی (کوردستانپۆست) و پەرتووکی (نووسەری ساختە)دا بڵاوکردووەتەوە.

* ئەمەش قسەکانی مامۆستا (مەسعوودە)

(لەتاو سوێی دواکەوتوویی و تێکشکانی (٢٧٠٠) ساڵەی کورد، لەتاو دۆزینەوەی ئەو هۆ جادوبازانەی، وا لە نەتەوەیەک دەکەن، مەرگ بەسەر ژینیدا زاڵبێ، بە دەستی خۆی، بەردی بناغەی خانووەکەی دەربێنێ، بۆ شەڕی براکوژی، پێشمەرگەکەی لە جاشەکەی چالاکتربێ، مێشکۆڵەی نێو ئێسقان دەسووتێ، مرۆ گێژدەبێ، گرێی پەنجە لەکاردەکەوێ، چرای مێشک دەکوژێتەوە، دڵ کوێردەبێ و ئەندێشەش خاودەبێتەوە!)

# مامەگیان تۆ سومبولی نەتەوەیەک بووی

**محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی**

مامەگیان..ئەو رۆژەی لەگەڵ مالکیدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەند و هەرێم کۆبوویتەوە. تەندروستیت لەوپەڕی باشیدا بوو. بەهۆی پێداگرتنی ئەو عەرەبە نمەک حەرامو شۆفێنیە لە سەر خاونەکردنەوەی تەنگژەکان و زیادکردنی ناکۆکییەکان بە گوێ نەگرتن لە بەرێزتانو رازی نەبوونی بە رێنماییەکانی جەنابتان بووە هۆی تێکچوونی باری تەندروستیت و کەوتیتە سەر جێگا.

مامەگیان لەو رۆژەوە کورسی سەرۆک کۆماریت وەکو(صمام الامان) چۆڵکردووەو گۆڕەپانی فەرمانڕەوایی بێ تۆ مایەوە. عیراق لێکهەڵوەشاوەو هەموو کۆڵەکەکانی دەسەڵاتداری لە گرێژەنە چوون. کێشەو ناکۆییەکانی نێوان ناوەندو هەرێم زیاتر زەقبوونەوەو کەسێک نەبوو لەم عێراقەوة لە وڵاتانی دەوروبەردا بتوانێ بێتە پێشەوە تۆ ئاسا جڵەوی چارەسەرکردنی کێشەکان بگرێتە ئەستۆو دۆخی ناهەمواری عیراقو کوردستان خاو کاتەوە.

مامە گیان..لەو رۆژەوە کەوا دەگاتە پێنج ساڵ (ی.ن.ک) بەهۆی بێ تۆییو نەبوونی گۆچانەکەتەوە. سەرکردایەتیەکانی بەربوونەتە گیانی یەکترو لێکترازانی ریزەکانی یەکێتی. لەو رۆژە دووبەرەکیو باڵباڵێن هەڕەشە لە یەکێتی ناو یەکێتی دەکات و دەیانەوێت ئەو یەکێتیەی بەرێزتان دەتانووت (سەفین لەبن بێ یەکێتی لەبن نایەت) لێکی هەڵوەشێنو وتەکەی بەرێزتان بشکێنن.

مامەگیان لەو رۆژەوە ناکۆکی ناو لایەنە کوردستانیەکان بەتەواوی پەرەیان سەندووەو کەس بە گوێی خواستی گەلو نیشتمان ناکاتو هەریەکە بەلای خۆیدا رادەکیشێو ئاشتەوایی سیاسیو نەتەوەییو نیشتمانی بە یەکجاری پەڕوباڵکراوە.
مامە گیان دڵنیام ئەگەر جەنابتان لە ئارادا بوونایە... نە یەکێتییەکەت وای بەسەردەهاتو نە کوردستان وا بەیەکدا دەئاڵاو نە ناکۆکییەکانی ناوەندو هەرێم وا چەقیان دەبەستو دەگەیشتە ئەم دۆخەی ئەمڕۆ .
مامەگیان ئەوە تۆ بووی. بە ماڵئاواییت هەزارانی خانووە قوڕەکان. نووسەرانو ئەدیبانو رۆژنامەنووسانو هونەرمەندانو رووناکبیران ژنانو گەنجانو خوێندکاران، کەسوکاری شەهیدان، کەم ئەندامان، پێشمەرگە بە کۆنو نوێوە، زیندانیانی سیاسی، رێکخستنە دێرینەکان، تێکۆشەرە خەباتگێرەکان، تەنانەت مەلاو شێخو تەکیەو خانەقاکان بێ کەسی داکۆکیکار ماونەتەوە.
مامەگیان تۆ پیاوێکی ئەوەندە خەتمخمۆرو گەورە بوویت لە مێژووی نەتەوەکەکاندا بە تاقانە دەبینرێتو کاریزمایت وێنەی نەبوو.
مامەگیان تۆ سیاسەتمەدارێکی باشووری کوردستان نەبوویت بەڵکە سیاسەتمەدارێکی دڵسۆزی هەر چوار پارچەکەی کوردستانو هەموو کوردێک بووی لەم دنیایەدا.
مامەگیان تۆ پێشمەرگەو فەرماندەیەکی ئازاو ضەنگ بە گڕ بووی. من بیرمە لەوێ رۆژێ تۆ فەرماندەی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووی. لە ساڵی ٦٢ لە رۆژێکی پایزی ساڵەکەدا، لەناو کۆمەڵانی گابەردی ناو دەربەند باسەڕە لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا لە ژێر گابەردێکدا با بۆڵەیەک نانت وەکو پێشمەرگەکان بەدەستەوە بوو بۆ نیوە رۆژەو نمەنمیش باران دەباری ئەوێ رۆژێ تۆ بووی.

مامە بیرمە ساڵی ٦٣ کە سوپاسی عیراق لەهەموو لایەکەوە پەلاماری چەمی ڕێزانیاندا بوو. ئەو کاتە جەنابتان فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو سەرپەرشتیاری ئەو هێزەی چەمی ڕێزان بوویت.. بڕیارتدا بوو لە سەدا حەفتای پێشمەرگە بکەیتە قوربانی بۆ ئەوەی ناوچەکە بپارێزیت. بەڵام لەسەر فەرمانی تۆ لەگەڵ ئەوەی فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترسبووی نووسەرێکی بەتواناو قەڵەم بەبڕشتو شۆڕسواری زمانی کوردیو عەرەبی بوویت. ڕۆژنامەنووسێکی ناودار بووی زمان زانێک بووی پێویستیت بە موتەرجم نەبوو.تۆ سومبولی نەتەوەیەکی ستەمدیدەی نیشتمان داگیرو دابەشکراو بووی. تۆ ڕابەرو شکۆمان بووی.

مامەگیان..کاتێ لە ساڵی ٢٠٠٩ نەخۆشکەوتیت لەکاتی نەخۆشیو گەڕانەوەتدا لە عەممان دوو نووسینم لەسەر نووسیت لە ڕۆژنامەکاندا بە ناونیشانی (بەخێر بێیتەوە ڕابەری گەلەکەکمان) و (مام جەلال بۆ؟) بڵاوکردنەوە لە کتێبی (پانۆرامای ڕووداوەکانی ناو یەکێتیو کوردستانو عیراق) یشدا وەکو یەکەمو دووەمی بابەتەکانی کتێبەکە دام ناون.

مامەگیان ئەو ساڵە رام چۆن بووە لە ئێستا گەلێ زیاتر من تۆ بە گەورەو شکۆی نەتەوەکەم دەزانم. سەد مخابن بۆ کۆچەکەت.

مامەگیان بەماڵئاواییکردنت تاسام، جەستەم کەوتە لەرزین. لەو ساتەوەختەی هاوڕێی ڕۆژنامەنوسم (شێرکۆ مەنگوری) بە تەلەفون بە دوودڵییەوە پێی ڕاگەیاندم کە بەرێزتان ماڵئاواییت کردووە. من لە ماڵەوەو لەسەر جێگا شەپۆری خۆمم کردو لەو ساتەشەوە شەوورۆژ دڵم پڕەو فرمێسک لە چاوەکانم نابڕێ..داخو حەسرەتی ئەوەش دەخۆم کە لە بەر باری تەندروستیم لە ڕۆژانی کەڕنەڤاڵی بۆسەتا وەکو خوێندکارێکت نەمتوانی بە پێوە ڕاوەستمو کۆژانەکانم تێکەڵاوی کۆژانەکانی جەماوەری بەوەفای کوردستان بکەم هەر

ئەوەندەم لە دەستدێ بڵێم مامەگیان کۆچت بەخێر، دەباشانت پیرۆز کرد، سلێمانیت گەورەتر کرد، گۆیژەو ئەزمڕت بەرزتر کرد.
مامەگیان..کۆچەکەشت وەکو سەرۆک کۆماریەکت وا بوو. پەیامی ئاشتەوایی لێکەوتەوە. دژەکانت کۆکردنەوە. دۆخە ئاڵۆز ناهەوارەکەت خاو کردەوە.
مامەگیان تۆ(ماندێلا)ی نەتەوەکەت بووی ماندێلا ئاسا لە هەوڵی سەرفرازیو سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی سەرخۆیی کوردستاندا بووی.
مامەگیان تۆ دەشتو شاخو کێو نەما لەم کوردستانەدا سەنگەرکێشیت تێدا نەکردبێ دێ بە دێ، ناوچە بە ناوچە دەگەڕایت تا بوویتە شکۆی نەتەوەکەمانو کەسایەتیەکی جیهانی.
مامەگیان تۆ لەکاتی شکستدا دەستەوستان رانەدەوەستایت چۆکت دانەدەدا.خۆت ئاسا بە گەشبینیەوە بەرنامەی هەڵسانەوەت دادەڕشتو شکستت بە شکست دەهێنا.
مامەگیان..دڵنیابە تۆ تەنها بە جەستە لەناوماندا نەماویت. فەلسەفەت، وتەکانت، هزرو بیروبۆچوونەکانت دەبنە کتێبی شۆرشو شۆرشگێریی وانەیان لێوە فێر دەبین بیری نوێو ژیانی نوێی لەسەر بیاد دەکەین نەوە دوای نەوە نەتەوەکەت پەیرەوی دەکەن.
مامەگیان..تۆی خەباتکەرێکی شۆرشگێری ئەوتۆ بووی کە لە تەمەنی ٨٤ ساڵ ژیاندا ٧٢ ساڵیت بۆ خەباتو سیاسەتو تێکۆشانو سەرفرازی گەلو نیشتمانەکەت تەرخانکرد. ئیتر چۆن دەمری.من دەڵێم هەرگیز نامری. مامەگیان ماڵئاوا..ماڵئاوا..تۆ سومبولی نەتەوەیەک بووی لە ئاسمانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئاوا بوویت.

# فەرەنسا و مام جەلال

**دکتۆر لوئەی جاف**

رۆژی سێشەممە ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، ڕابەری شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان ماڵئاوایی کرد لەنیشتمانو گەلەکەی. وەکو ڕووداوێکی گرنگ تێکڕای میدیاکانی فەرەنسا (رۆژنامە، رادیۆو تەلەفزیۆن) هەواڵی کۆچی دوایی مام جەلال-یان بڵاوکردەوەو دەیەها هەواڵو بابەتو وێنەی مێژوویی لەسەر کەسایەتیو خەباتی مام جەلال؛ بڵاوکرایەوە.

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە خەمبەخشە، لەپاریس دۆستو هاوڕێکانی مام جەلال؛ دەستیانکرد بەناردنی پرسەنامەو بروسکەی سەرەخۆشی. ئەوەی کە زیاتر سەرەنجی راکێشام پەرۆشیی هاوڕێ دێرینەکانی بوو بۆ بەشداریکردن لەمەراسیمی ماتەمینیی مام جەلال کە لەڕۆژی دووشەممە ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە دەستەجەمعیو بەسەرپەرشتی نوێنەرایەتی یەکێتیو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمو ئەنستیتوی کوردی لەکۆشکی شارەوانی پاریسی پانزە، رێکخرا.

هاوڕێکانی مام جەلال؛ هەستی هاوڕێیانەی خۆیان دەربڕیو باسیان لەکەسایەتیی مام؛ دەکرد وەکو سەرکردەیەکی مەزنو پیاوێکی مرۆڤدۆستو خۆش مەجلسو هەمیشە خاوەن ورەو خاوەن بیری ستراتیژ. ئەوان کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە هاوڕێی مام-ن، بەپیاوی ئاشتیو چارەسەری کێشەکان وەسفیان دەکرد. لێرەدا حەزدەکەم گۆشەی ئەم هەفتەیەم تەرخان بکەم بۆ وتەی هاوڕێکانی مام جەلال؛ کە بۆ ئامادەبووانی مەراسیمی ماتەمینیی کۆچی دوایی مام جەلال؛ لەپاریس بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ مام-دا باسکرد.

*وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا بێرنار کوشنێر تەئکیدیکردەوە کە مام جەلال؛ ئاشتیخوازبوو بەمانای وشە.
*کونسوڵی پێشووی فەرەنسا لەهەولێر دکتۆر تیسۆ؛ دووپاتیکردەوە کە مام جەلال؛ سەرکردەیەک بوو کاریدەکرد بۆ کۆکردنەوەی ماڵی کوردی. داواشیکرد کە لەم قۆناغەدا کورد یەکبگرن بۆ روبەڕوبونەوەی مەترسییەکان.
*کەنداڵ نزان سەرۆکی ئینستیوتی کوردی پاریس، باسی لەئاستی بەرزی رۆشنبیریی مام جەلال؛ کرد کە شارەزایی هەبوو لەزۆربەی بوارەکاندا. باسی لەوەکرد کە مام جەلال؛ وەک سیاسییەکی واقیعبینانە بیری دەکردەوەو زۆر گوێی دەگرت بۆ پێشنیارو بیروبۆچوونی جیاواز.
*کەریم پاکزاد لێپرسراوی پێشووی بەشی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی پارتی سۆسیالیستی فەرەنساو هاوڕێی دێرینی مام جەلال، باسی ئەوەی کرد کە مام جەلال بەتەمابوو یەکێتی بکاتە حزبێکی مۆدێرن وەکو حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا. ئەو وتی: مام جەلال؛ چەندینجار قسەی لەگەڵ کردووین بۆ ئەوەی ریفۆرمی ریشەیی بکاتو شتی زۆر باشی کرد، بەڵام بەداخەوە کات دەرفەتی نەدا هەموو بەرنامەکانی جێبەجێ بکات. هەروەها باسی لەسەخاوەتی مام جەلال کرد کە قەت بەدەستی بەتاڵ نەدەهات بۆ لامان، بگرە هەمیشە وەکو هاوڕێ ئەرکەکانی هاوڕێیەتیی جێبەجێ دەکرد.
*ئۆلیڤیە ڤێبێر نووسەرو گەورە رۆژنامەنووس، کە پێشووتر باڵیۆزی فەرەنسا بوو، وتی: سەرکەوتنی مام جەلال؛ لەگەشبینییەوە بوو. یادگارییەکی خۆی لەگەڵ مام-دا گێڕایەوەو وتی: هەمیشە مام؛ لەکاتە سەختەکاندا خاوەن ئیرادەو ورەی بەرز بووە، مام؛ هەمیشە گەشبین بووەو بەقسەی خۆش هەموو هاوڕێکانی هێورو پڕهیوا کردۆتەوە.
لەدوای ئەو وتانەو ئەو هەموو شایەتییە، هیچ هەستێکی ترم نییە جگە لەهەستی فەخرکردن نەبێت کە ئەو سەرکردە گەورەیە بۆی جێهێشتووین.

هیوادارم ئەو پرەنسیپانەی، کە مام لەپێناویدا ژیانی خۆی بەختکرد، جارێکیتر یەکێتیو ئەندامەکانی بەفۆرمێکی نوێو مۆدێرنەوە خەبات بکەن لەپێناویانداو ڕێبازە ڕاستەقینەکەی مام؛ بەردەوامی هەبێت. هەزار سڵاو لەگیانی پاکی مام جەلال و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

# مام جەلال خەمخۆر و دڵسۆزی هەموو بوارەکان بوو

**رەسوڵ بۆسکێنی**

ئەو کاتەی لەمەڵبەندی ڕێکخستنی ٨ی ڕاپەڕین، لێپرسراوی کۆمیتەی شەهیدان بووم، لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ هەڤاڵانم لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جەنابی مام جەلال لەسلێمانی، لەناو خەرمانی زانیاری و ئامۆژگارییەکانی مامدا دەرفەتم وەرگرت بۆ ئاخاوتن لە حزووری مامدا لەناو پرسیار و سەرنج وقەسەکانمدا پێشنیارم کرد بۆ بەڕێزیان لەپای بوونی ئەو هەموو خاوەن شەهیدە و بنەماڵەی زۆری شەهیدان لەسنوورەکەمان، بەهۆی کەمدەستی و هەژاری خەڵکی ناوچەکە، ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر کردنەوەی نەخۆشخانەیەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدان و کەمئەندامی سەنگەر و پێشمەرگە و خەڵکی هەژار لە سنوورەکەمان، بەهۆی پەرۆشی و پێویستی بایەخی پێشنیارەکەم بەلایەوە، سەرەڕای دۆخی نالەبار و ئەو تەنگژە داراییەی وڵات تووشی هاتبوو، مام یەکسەر فەرمووی من لەئێستاوە ئامادەم بۆ هاوکاری ئەم پرۆژەیە، بەڵام بۆ زیاتر سەرکەوتنی کارەکە پێویستە یەکێک وەک پسپۆڕی کارەکە واتە دکتۆرێک هاوکارت بێت، ئیتر هەر لەوێ، لەناو کۆبوونەوەکەدا هەڤاڵانم لە مەڵبەندی ڕێکخستنی ٨ی ڕاپەڕین، پێشنیاریان کرد، دکتۆر خەسرەو مام قادر وەک تایبەتمەندی و پسپۆڕی ئەو ئەرکە لەگەڵ مندا بگرێتە ئەستۆ، جەنابیان قبوڵی کرد و مام کۆمەڵێک سەرنج و ڕێنمایی پێداین و لەسەر ڕێنمایی جەنابی مام جەلال بەیانی لەهەولێر چووینە خزمەتی بۆ گرتنەبەری ڕێکارییەکان، زۆر هانی داین لەسەر ئەنجامدانی ئەو ئەرکە پیرۆزە، ئێمەش

خۆبەخشانە و دڵسۆزانە کەوتینەکار، شەومان خستە سەر ڕۆژ لەماوەیەکی کەمدا نەخۆشخانەکە ئامادەکرا و دوای تەواو بوون و دابین کردنی دکتۆر و کارمەندان و دەرمان و پێویستیەکانی ڕادەستی ئیدارەی نەخۆشخانەکەمان کرد، لەگەڵ تەواو بوونی نەخۆشخانەکە جەنابی مام جەلال هەر خۆیشی بەبایەخەوە نەخۆشخانەکەی کردەوە و وەک دیارییەک پێشکەشی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە و خەڵکی هەژاری سنوورەکەی کرد، ئیترنەخۆشخانەکە کەوتەکار، لەو ماوەیەشدا خزمەتێکی زۆری بە کەسوکاری شەهید و پێشمەرگە و خەڵکی سنوورەکە کرد.

جەنابی مام جەلال پسپۆڕ و خەمخۆری هەموو بوارەکان بوو، هەر بۆیە هەستی بەئازاری زۆری خەڵکی سنوورەکەکرد، ئەو مرۆیە نایابە هەتا دەمرین کارە نایابەکانی بخەینەبەرچاو تەواو نابێت، گەوهەرێک بوو لەدەستمان چوو، هەرچەندە زۆری ڕێگای سەرکەوتنی پڕی و کاری زۆر گەورەی بۆ ئەنجامداوین، ئەو نەخشەدانەری دیموکراسی و ئاشتی و ئاوەدانی بوو، ئەو سونبولی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان بوو، ئەو هێمای سەرکەوتن و هەڵکشان بەرەو لوتکە بوو، ئەو کەسە هەمیشە زیندووە کە ڕێبازەکەی پڕ ڕێبوار و زیندووە، بەداخەوە زوو لەدەستمان چوو، ئارام بە مامە گیان....بۆ ئارامی ڕۆحی بەڕێزتان تا دواهەناسە لەسەر ڕێبازە پیرۆزەکەتان بەردەوام دەبین.

# ماڵئاوایی مام جەلال، هونەرمەندانی تەنیاتر کرد

**ئەرسەلان دەروێش**

لە مێژووی بزاڤی ئازادی خوازیی گەلی کورد دا ، دەیان سەرکردەو ڕۆشنفکرو بیرمەندو تێکۆشەری ناودار هەڵکەوتووە، بەڵام کاریزما وبیرمەندیی و مێژووی خەباتی سیاسی پڕ بەخششی سەرۆک (مام جەلال) ، لەریزی پێشەوەی ئەوە جوامێرانەدا دایدەنێن..

چۆن نا کەئێمە باس لە پیاوێک دەکەین هەموو تەمەنی خۆی لەپێناوی ئازادی خاکەکەی و ئازادی مرۆڤەکانی سەر ئەو خاکە بەخشی.. ناوازەترین داستانی جەنگاوەرێکی تۆمارکرد کە بەخەباتی نەسرەوەتی لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا، توانی ببێتە سەرۆک کۆماری ئەو دەوڵەتەی کە بەدرێژایی تەمەن لەدژی دەجەنگا.

ڕەوانشاد داستانێکی مەزنی بۆ جیهان و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو تۆمارکرد، داستانێک پڕاوپڕ لەوانەکانی بوێرو نیشتیمان پەروەریی ومرۆڤ دۆستی.. ئەو وەک ئازادی خوازێکی سەرکەش پشتیوانی هەموو بەهاکانی لێبوردەیی و ئینسان دۆستی بوو ، پاڵپشتی مافی ژنان و ئازادی ڕادەربڕین وداپەروەری کۆمەڵایەتی بوو.. چی پێکرا کردی لەو پێناوانەدا . دەستپێشخەریەکانی هێندە کاریگەربوون سەرەتایەکی نوێی بۆ ژیانێکی ئازادو پێشکەوتوو لە کوردستاندا چاڕدا. ڕەوانشاد کە هەر لە هەرتی لاوێتییەوە لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا کاری کردبوو ، پاشئ‌ن وەک نووسەرێکی سیاسی گەورە خامەکەی درەوشایەوەەو وەک سەرکردەیەکی بیرمەند و ڕۆشنفکر هەرچۆن پشتیوانی چین و توێژە خێرلەخۆ نەدیوو ستەملێکراوەکانی

نیشتیمان بوو ، ئاوەهاش هاندەرو پشتیوانی توێژە بژاردە و داهێنەرەکەی بوو، هاوەڵ و هاوڕێی نووسەران و هونەرمەندان بوو، لە خەمی ژیان و بەرهەمەکانیان بوو . چونکە بڕوای پتەوی بەو راستییە بوو کە رۆڵی فەرهەنگ و هونەر ، هۆکارێکی بنچینەییە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو سەرفرازیی و پێشکەوتن.. سەرۆک (مام جەلال) وەک ضیایەکی سەرکەش پشت و پەنای هونەرمەندان بوو هێزو وزەی پێ دەبەخشین هەروەها سایەو سەیوانی پاراستنیشیان بوو.. بۆیە ماڵئاوایی جەنابیان لەم ساتەوەختە هەستیارو مێژوویەدا نووسەران و هونەرمەندانی بێ سایەو تەنیا کرد ، هەر چۆن پرسەو ماتەمینی و خەمی قوڵی لەناو دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی کوردو هەموو ئازادیخوازێکی جیهاندا خولقاند، دروودو سڵاو بۆ گیانی شادو بەرزی ئەم سومبوولە مەزنەی کاروانی خەباتی گەلی کورد، کە رێبەرەی کوردایەتی بوو..

# بەرجەستەکردنی ڕێبازی مام جەلال

**کاروان یارەویس**

سێچارەکە سەدە خەباتو ئەزمونی دوورودرێژی (مام جەلال)، لەکایەی سیاسیو دیموکراسی، پەیوەندی دیپلۆماتییو کۆمەڵایەتی، ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشی نویو هێزێکی سیاسیو جەماوەری وەک یەکێتی، خەرمانێکی گەورەو چڕوپڕو لێوانلێوە لە ژیریو پەندو وانەی بەهێز. نەک بۆ ڕێکخستنەوەو درێژەپێدانی ژیانی ڕێکخراوەییو سیاسی یەکێتی، بەڵکو بۆ کوردستانو عیراقو ناوچەکەش بەکەڵەکەو دەتوانێ زۆر گرێکوێرەش بکاتەوە، بەو مەرجەی لەبەرجەستەکردنیشی بەرۆحیەتو ئاکاری بەرزی مام جەلال بێت.

ئیتر لەمەودوا پێویستیمان بە نوسینەوەو گەڵالەکردنی هێڵە گشتییو وردەکارییەکانی فەلسەفەی سیاسی (مام جەلال) هەیە، کە سەرچاوەی بەردەستیش بریتیە لە وتەو نوسینوکتێبو کۆبونەوەو ئەزمونی دەوڵەمەندی. بێگومان پەروەردەی ڕۆژانەو ئەزمونی هەڤاڵانو کادران لەگەڵ (مام جەلال) لەراپەراندنی کاروباری ڕێکخراوەییو سیاسی لە کوردستانو عیراقو ناوچەکە، هۆکارێکی گرنگ دەبێت لە بەرجەستەکردنی ڕێبازی (مام جەلال).

پێویستە (ڕێبازی مام جەلال) لەو قسە زارەکیانەی، کە بەشی زۆری ئاوێتەن بە سۆزو دەربڕینی سەرزار، بگوازرێتەوە بۆ لایەنی کردەییو واقیعیو بخرێتە خزمەت پرۆسەی سیاسیو چارەسەرکردنی کێشەکانو باشکردنی گوزەرانی خەڵکو پەرەپێدانی دیموکراسی.

سادەترین وەفاداری بۆ (مام جەلال)، پابەندبونە بەو ئامانجانەی لەپێناویدا تەمەنو تەندروستی خۆی بەخشی، وەک چۆن ڕاستگۆیی لەگەڵ (مام جەلال) بریتیە لە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سیاسیو ڕێبازەکەی لە ڕاپەراندنی ئەرکەکانماندا.

لەمێژوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا (کوردایەتی)، مام جەلال تاکە سەرکردەیە، کە دیدی رۆشنی بۆ تێکڕای پرسەکانو بوارەکانی خەبات هەیەو پۆلێنبەندی کردوە لە ستراتیژ، تاکتیک، گوتاری سیاسیو گوتاری گشتی بۆ کۆمەڵانی خەڵک.

قۆناغ بەقۆناغو لەگەڵ گۆڕانکارییو پێشهاتەکاندا، دیدی نوێی بۆ بەرخوردکردن لەگەڵ پرسو کێشەکاندا خستۆتەرو. سەرکردەیەکی سیاسیو جەماوەری (پراگماتیک)بوەو بەدەستو بردیش بوە لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنو کپکردنەوەی ئاشوبو مەترسیە گەورەکان.

سەرمایەیەکی گەورەی یەکێتی!

سەرمایەیەکی گەورەی یەکێتی، کە دەتوانێت بیکات بە شاڕێی خەباتو ستراتیژی کارکردنی ڕێکخراوەییوسیاسیی خۆی،فەلسەفەوئەزموونی سیاسیی(مام جەلال)ە. دەکرێ بە(ڕێبازی مام جەلال) ناوی ببەین، چونکە لە ڕاستیدا ڕێبازی سیاسیو شۆڕشگێڕی تەنها سۆزوپەیوەندیی کارێزمایی جەماوەرو ئەندامانی حزب نییە بەسەرکردەکەیانەوە،بەڵکودەبێت لە واقیعدا سەرکردە خاوەنی دنیابینیو فەلسەفەی تایبەتی خۆی بێت،کەئەوەش لە ئەنجامی ئەزمونی دورودرێژی خۆیەوە گەڵاڵە دەبێت.

مام جەلال لەباری شۆڕشگێڕیدا، خاوەنی تێڕوانینو ڕێچکەی خۆیەتی،کە لەکوردایەتیدا پێشینەی نییە، چ ئەوکاتەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەبێو چ ئەوکاتەشی سکرتێری گشتیی یەکێتیی دەبێت.

فەلسەفەیەکی سیاسی ئەوتۆی هەیە، کە لەوانی تر ناچێت، دەکرێت لەبەرئەنجامی خەباتو ئەزموونی خۆیەوە جۆرێک لەرێبازی سیاسی خولقاندبێت، تایبەتبێت بەخۆی، بۆیە کاتێک ئامادەیی نامێنێ لەگۆڕەپانی سیاسیدا، ناتوانرێ شوێنو رۆڵی لەپڕۆسەی سیاسیدا پڕبکرێتەوە.
بەرخوردی مام جەلال لەگەڵ هەلومەرجە سیاسییە ئالۆزەکانداو پشوودرێژییو دوربینی لەبڕیاردان، خەسڵەتێکی ناوازەیە، مام جەلال تەنها بەرپێی خۆی نەدەبینی، بەڵکو زۆر دوور دەیڕوانی، بۆیە هەندێکجار، بڕیارو بۆچوونو پێشبینیەکانی جیاوازیی هەبوو لە هەڤاڵانیو جەماوەرییەکێتی، بەڵام دواتر رۆژگارو هەلومەرجە سیاسییەکان دەریاندەخست چەند ژیرانە واقعیەکە بخوێندوەتەوە، بۆیە جەماوەری یەکێتی بڕوای تەواویان بەسیاسەتی ئەوهەبو.
مام جەلال،ئەندازیاری ئاشتیو پێکەوەژیان
لەدوو قۆناغی جیادا، لەدوو هەلومەرجی جیاوازدا، مام جەلال، دەبێتە ئەندازیاری ئاشتیو پێکەوەژیان. لەپاش راپەڕین، هەوڵی دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕی براکوژیو هەڵکردن لەگەڵ هێزەنەیارەکانی دەدا، تابگات بەپێکەوە کارکردنو یەکخستنەوەی نێومالّی کورستان.
داهێنەری ئەو تێزەشە، سەرکردەی نیشتمانی، لەهەستکردنی بە لێپرسراوێتی نیشتمانییو مێژوویی، دەستپێشخەری گەورە دەکات، هەندێکجاریش سازشی کاتیی دەکات بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی گەورە لەداهاتوودا.
مامەڵەکردنی مام جەلال لەگەڵ جیابونەوەی هەڤاڵەکانیو قبولّکردنی جیاوازییەکانیان، تارەنگرێژکردنی ستراتیژی ئاشتبوونەوەو گەڕانەوەیان، یان مامەڵەکردن لەگەڵیان وەک هێزێکی سیاسی لەروانگەی بڕوابوونی بەفرەحزبی وەک دیاردەیەکی دیموکراسی،کە لەمێژوی سیاسی خۆیدا هەوڵی چەسپاندنیداوەو دژی حزبی پێشڕەو حزبی سەرکردە بووە.

قۆناغی پاش پرۆسەی ئازادی عیراق، کە لەواقعێکی سیاسیوکۆمەڵایەتیو هەلومەرجێکی تەواو گۆڕاودا،کە ناکۆکیی مەزهەبیو سیاسیونەتەوەییو بەرژەوەندیی وڵاتانو تەراتێنی دەزگای هەواڵگریی ئامادەیی کارای هەبوو، مام جەلال دەبێتە ئەندازیاری ئاشتیو پێکەوەژیان، ئەمەش ئەرکێکی ئێجگار دژوار بوو، ئێستا وڵاتانی زلهێزیش دەرقەتی نایەن.

بەڵگەیەکی بەرجەستەش ئەوەیە کورد هەمیشە لەعیراقدا میللەتێکی ستەملێکراوو بەکەم سەیرکراو بوە، بەڵام یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە کورد دەبێتو دەبێتە چەتری ئاشتیوگرێدانەوەی لایەنە ناکۆکەکان،کەمەرجەعێکی گەورەی وەک سەماحەتی سیستانی بە (صمام الامان) ناویدەبات، هەروا ئاسان نیە.

لەباکوری کوردستانیش، مام جەلال سێکچی پرۆسەی ئاشتی کێشاو بەردی بناغەکەی دانا. لەمەشدا هەر دوربین بوو، وەک خۆی دەیوت: «باکووری کوردستان بۆئاییندەی کورد گرنگە، وەکچۆن میسر بۆ عەرەب گرنگە».

پەرۆشییەکی تری مام جەلال پەیوەندیی بەبڕوابوونی بوو بەئاشتیو چارەسەری سیاسییانەی کێشەی کورد،کە دواتر هەنگاوی گەورەی بڕی،گەرچی ئێستا چارەنووسی پرۆسەی ئاشتی لەناوچوندایە.

تیزی راگرتنی هاوسەنگی

هاوسەنگی لەهەموو پرۆسەیەکی ژیاندا گرنگە، پێوەری ڕەش یان سپی دەرئەنجامەکەی نێگەتیڤە. زۆرجار ڕاگرتنی هاوسەنگی هاوکاریمان دەکات بۆئەوەی بەشێنەیی بڕیاری گونجاو بدەین.

مام جەلال وەک سەرکردەیەکی نیشتمانییو مێژوویی، لەروانگەی ئەوەی لێپرسراوی هەمووان بووە، لەکاری حزبیدا هاوسەنگیی رادەگرت، چونکە تیۆری یەکلاکردنەوەو لایەنداری راستەوخۆ لەسەرکردەی هەمووان

ناوەشێتەوە. جگە لەوەش خەسڵەتی کەسێتی مام جەلال بوو، ئەوکەسێکی ئاشتیخوازبوو جیاوازییەکانی پەسەند دەکات.

مام جەلال دەیزانی بۆمیللەتی کورد،کە یەکەمجارە دەبێتە خاوەنی ئەزموونێکی لەمشێوەیەی هەرێمی کوردستان، راگرتنی هاوسەنگی چەند گرنگە، چونکە تێکچوونی هاوسەنگیی مەترسیی گەورەی لەسەر چارەنووسی ئەزمونەکە دروستدەکرد. ئەزمونەکانیش لەچەند قۆناغێکی دیاریکراودا ئەمەیان سەلماند.

دەیزانی راگرتنی هاوسەنگیی لەناوخۆی حزبو هەڤاڵەکانی، یەکێتی ناو یەکێتی دەپارێزی،گەورەتر لەمەش ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، یەکڕیزیی گەلی کوردستان زامن دەکات. فراوانتر لەمەش ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان سوننەو شیعەو پێکهاتەکانی عیراق، پێکەوەژیان دێنێتە ئاراوەو کوردیش باشتر دەتوانێت مافەکانی بەدیبهێنێت. لەئاستی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی دەیزانی چەند گرنگە هاوسەنگی ڕابگری‌و کورد لەنێوان بەرداشی ناکۆکی‌و بەرژەوەندیی زلهێزەکان‌و جەمسەر بەندیەکاندا ناهاڕدرێ.

پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان‌و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەپەیوەندییەکان. چۆنێتی ئیدارەدانی ناکۆکییەکانی هێزە سیاسی‌و تایفییەکانی عیراق، بەگیانی پێکەوەژیان پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەجۆرێک ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتبوو،کە ڕۆڵیشی هەبووە لەدەستپێکردنی دانوستاندن‌و پرۆسەی ئاشتی لەباکورو پشتیوانیکردنی خەباتی بەشەکانی تری کوردستان.

ئەزموونی مام جەلال‌و ڕەنگرێژکردنی ستراتیژیمان

بۆ ژیانی رێکخراوەیی‌و حزبیی یەکێتی-یش مام جەلال، مام جەلالی هەمووان بوو. شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسوکاری شەهیدان‌و پێشمەرگە دێرینەکان‌و تێکۆشەرانی تری یەکێتی، لەگەڵ ژنان‌و لاوان‌و خوێندکاران،

لەگەڵ کادرانی حزب لەئۆرگانە جیاجیاکان، روناکبیران‌و هونەرمەندان، تایبەت بو بەخودی مام جەلال.

بەڵام ئێمە بۆپەرەپێدانی کاری حزبیی‌و ڕەنگرێژکردنی ستراتیژی تێکۆشان لەهەموو بوارەکاندا، پێویستمان بەخوێندنەوەی فەلسەفەی سیاسی‌و دنیابینیی(مام جەلال)ە، بەداخەوە لەم بوارەدا هەوڵی جددی نەبووە، چونکە درێژەدان بەرێبازی مام جەلال، تەنها سۆزوخۆشەویستی نییە،کە ئەمە هێندە گەورەو پیرۆزە گوزارشتی لێناکرێت، بەڵام خۆشەویستی گەورەتر بۆ مام، بەردەوامبوونە لەسەر رێبازەکەی. سوودوەرگرتن‌و بەکارنامەکردنی تێڕوانین‌و ئەزمونێتی لەناو ژیانی حزبیی‌و سیاسیی یەکێتیدا،کە بەدەر لەدامودەزگا حزبییەکانی یەکێتی، دامودەزگا ئەکادیمی‌وسیاسی‌و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەش لەکوردستان کەمترین هەنگاویان ناوە، چونکە ئەزموونی سیاسی‌وکوردایەتیی مام جەلال، هێندە بەرفراوان‌و دەوڵەمەندە، کوردەواریی‌و کوردایەتی‌و کۆی پرۆسەی سیاسی‌وئەزمونی دیموکراسی کوردستان‌وعیراق‌وگەلانی ناوچەکەش دەتوانن سودی لێوەربگرن.

# مام جەلال و تورکیا

**بورهان شێخ ڕەئوف**

مام جەلال ئەو سەرکردەیەی نزیکەی نیو سەدە زیاترە کارەکتەرێکی چالاک و دیار و بوێر و ئازاو دیپلۆماتێکی بەتواناو سەلیقە بوو جێ پەنجەی لە سەر زۆربەی ڕوداوو گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان و عیراق و ناوچەکەش بە گشتی دیارە .

ئێستا کە مام جەلال لە ڕۆژی ٣/١٠/ ٢٠١٧ لە دوای تەمەنێکی درێژی پڕ هەورازو نشێو بۆ دواجار ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان کرد لە ڕووی فیزیکیەوە،بەڵام پەیامەکەی و مێژووە پڕ خەبات وچالاکیەکانی کە دەکرێت بکرێنە چرای ڕووناکی ئایندە و کەڵکیان لێوەربگیرێت نەوە دوای نەوە .

مام جەلال ئەو پیاوەی کە ڕۆژنامەنووس و نووسەر بوو لە هەمان کاتدا پشت و پەنای ڕۆژنامەنووسان و ئەهلی قەڵەم و هونەر بوو ئەو خاوەنی ئەو وتەیەی کە ئەگەر هەرکەسێک ڕەخنەی لە من و حزبەکەم هەبوو با لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بینووسێت کە زمانحاڵی حزبەکەی بوو .

ئەو پشت و پەنای ژنان و کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان بوو هەر لە تورکمان و کریستیان و ئێزدی وتەنانەت کوردانی کاکەیی و هەورامی و ئەوانی تریش .

لە هەمانکاتدا مام جەلال خاوەنی پەیوەندیی توندو تۆڵ بوو لە گەڵ هەموو ڕەوتە جیاوازاەکان هەرلە سۆسیالیست ئینتەرناسیونالیستەو بگرە کە بووە جێگری سەرۆکی گشتی ئەو ڕێکخراوە تا دەگاتە پەیوەندییە کانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کە خاوەنی باشترین پەیوەندی بوو هەروەکو لەم

ڕۆژانەی پرسەکەیدا دەرکەوت ئێرانیەکان بە وەزیری دەرەوە بەشداری مەراسیمەکەی بوون چەندین لێدوان و هەڵسەنگاندنی بەرزیان بۆ کەسایەتی مام جەلال دەربڕی لە زۆر ئاستی جیاجیاوە .

ئەوەی مەبەستمە زیاتر لەم وتارە کورتەدا باسی لێوەبکەم پەیوەندییەکانی کوردی باشوورە بە دەوڵەتی تورکیاوە، کۆماری تورکیای ئەتاتورک نکووڵی لە بوونی کورد کردووە لە هەموو کوردستانی گەورەدا هەرچەندە لە سەردەمی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جۆرێک لە ڕێکەوتن لە نێوان میرنیشینە کوردەکان و دەوڵەتی ناوبراودا هەبووە کە باج و سەرباز بدەن بە دەوڵەت لە کاتی جەنگدا بەڵام ئیتر زۆر دەستیان لەکاروباری ڕۆژانە میرنیشینەکاندا وەرنەداوە .

بەڵام ئیدی لەوساوە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و فەرمی لە نێوان کوردی باشوور و دەوڵەتی تورکیادا نەبووە تا لە ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕینی ئازاری ئەو ساڵە مام جەلال توانی پەیوەندی لە گەڵ تورگۆت ئۆزالی سەرکۆماری ئەوسای تورکیا ڕێکبخات و بەم هەنگاوە بە ستەڵەکێکی هەشتا ساڵی مێژوویی نێوان کۆماری تورکیا و کوردی باشوور تووایەوە .

بەڵێ لە ڕۆژی هەینی ١٩٩١/٦/١٤ لە کۆشکی چانقایە بۆ یەکەم جار سەرکردەیەکی کوردی عیراق مام جەلال کە هەریەک لە بەرهەم ساڵەح و سەرچڵ قەزاز یاوەری بوون لەگەڵ سەرکۆماری تورکیا تورگۆت ئۆزال دیدارێکیان ئەنجامدا.

هەر دەربارەی ئەم کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنەو لە بەرگرنگی ئەو بابەتە پێمخۆشە پەرەگرافێک لە کتێبی شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا لەنووسینی جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورک بخەمەڕوو کەباسی ئەو کۆبوونەوە دەکات :

پێش ئەوەی بچێتە لای سەرکۆماری تورکیا یەکمان بینی مام جەلال زۆر بێ ئۆقرە بوو وەکو منداڵ پڕ جۆش و خرۆش بوو بەردەوام بە عەرەبی دەیگوت ڕۆژێکی مێژووییە . خۆمم پێڕانەگیرا، وتم مام جەلال !لە تەمەنتدا ئەمە یەکەمجار نییە کە سەرۆکی دەوڵەت یان کەسێکی مێژوویی ببینی لە ماوتستۆنگەوە بگرە تا جەمال عەبدولناسر لە گیڤاراوا تا حافز ئەسەدو ڕەفسنجانی لە گەڵ هەموویاندا بوویت ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا لە گەڵ سەدام حوسێن لە بەغدا لە سەر مێزی دانوستان دانیشتووی ئەوە چیتە بۆ وا بێ ئۆقرەی ؟

تاڵەبانی وتی : ئەمە لە هیچ شتێکی دیکە و لە هیچیان ناچێت ئەوەی کورد نەبێت بەئاسانی لە گرنگی دیداری کەسێکی وەک من لە گەڵ سەرکۆمارێکی تورکیا تێناگات!

هەر لە هەمان بابەتدا نووسەر باسی هاوسەنگی یەکانی ناو تورکیا دەکات کە ئەوکات سەرکۆمار لە حزبێک بوو سەرەک وەزیران لە حزبێکی تر هەر نزیک بوونەوەیەک لە کورد هەڵای لە سەر دروست دەکرا و بڤە بوو دەڵێت مام جەلال پێشنیازی بۆ ئۆزال کرد بۆ ئەوەی لەو کێشەو هەڵاو بەزمانە بە دووربێت وتی بە ناوی شاندی ئۆپۆزەسیۆنی عیراقەوە من و مەسعود بەرزانی بانگهێشتی تورکیا بکە .

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەوانشاد مام جەلال ئەندازیاری پەیوەندییەکانی کوردستانی باشوورو دەوڵەتی تورکیا بووە زۆر بە وردی لە ڕۆڵ و پێگەی تورکیا ڕوانیوە بەو پێیەی تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆ بووەو بۆ نزیک بوونەوەی زیاتر لە ئەمریکا، تورکیا دەلاقەو دەرگایەکی گرنگ بووەو هەروەکو دواتریش دەرکەوت کلیلی واشنتۆن لە تورکیای ئەوساوە بۆکورد کرایەوە،لە هەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی مام جەلال لە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی باکووریش بکەین کە ئەوەش ڕاستییەکە نکوولی لێناکرێت.

# هێشتا زووه و جێمان مەهێڵه مام و باوکی پڕ سۆزی هەمووان

**هیوا سەرهەنگ**

ئەی مامۆستای کوردایەتی.. ئەی هیممەتی مەردایەتی.. هەر بۆ کوردو کوردایەتی لەدایکبوون و هەڵکەوتن..

دروشمی تۆ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، نەسرەوتنەو تا سەرکەوتن، ئەی دیارییە بەنرخەکەی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو کوردستان، بۆ دەڕۆی، شۆڕە سواری بێ هاوتای مەیدانی خەبات جێمان مەهێڵە، ئەی مرۆڤدۆست و خەمخۆری هەمووان، مامی گەورە، کەسایەتییە شۆڕشگێڕو سیاسەتمەدارو دیبلۆماتە دەگمەنەکەی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تۆ بۆ کوێ دەچێت هێشتا زووەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێویستیان بە تۆیە، کورد خراوەتە میحنەتێکی گەورەوەو دەرچەیەکیان بۆ نەهێشتۆتەوە، هەمووان چاوەڕوانی پلانە حەکیمەکانی مامی گەورەن، بۆ کوێ دەڕۆی مامە گیان.. چرایەک بۆ کوێرە رێگاکانی ئەم میللەتە هەڵکە، هێشتا زووە بۆ دوا سەفەرو جڵەوگیری کاروانە سەرگەردانەکەی ئەمرۆ بکە، ئاخر ئەم میللەتە چیتر بەرگەی هەڵدێر ناگرێت، بێ تۆیی بەهەموو کوردەوە دەرکەوتووە، ئەی نازانی تۆ چاو و دڵ و بیرمەندی هەموو کوردانی، ئەی نازانی هیوات لەنێو بێ هیواییدا ژیاندەوە، ئەی نازانی زانست و پێشکەوتن و داهێنان و یەکسانی بەبێ تۆ بێ پاڵپشت و پشتگیری دەمێننەوە، مەڕۆ لە پێناوی کوردستاندا، لە پێناوی یەکێتیدا، لە پێناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، من دەڵێم مەڕۆو

هەرگیز ناچمە ئەو باوەڕەوە کە مامی گەورە دوا سەفەری کردبێ و ئیتر هەرگیز نەیبینینەوە.!

# سۆز بۆ مام لە ڕۆژنامەکەی مامەوە

## PUKmedia و کوردستانی نوێ

مامتان لەگەڵە، لە قەڵاچوالانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە هەتا ماڵئاواییمان لە تەرمی پیرۆزت نەکرد هەر وامان دەزانی ئەم هەموو بروسکەو بەسەرهاتانە، ئەم هەموو گوڵو ئاڵاو دروشمانە، ئەم هەموو شیعرو پەخشانو پرسانە بەشێکن لە کەمپینی نەتەوەییو نیشتمانی، خۆت وتەنی بۆ (جۆشدانەوەی خەبات)ە. بۆ ئەوەیە بۆنەی جەماوەری بکەینە دەرفەتێک بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵک، بۆ بڵاوکردنەوەی زیاترو زیاتری بیری کوردایەتی پێشکەوتنخواز. وامان دەزانی ئەم کەمپینەش هەر خۆت بە چاوی دڵو بە نیگای ڕەخنەگرانەوە سەیری دەکەیتو سەرپەرشتی دەکەیت. وامانزانی ئەمجارەش ئەگەر چاک بکەین دەڵێی وعند (کوردستانی نوێ) الخبر الیقین، وەکو چۆن دەتگوت لای پراڤدا القول الفصل هەبوو. دەستمان لەسەر دڵ بوو نەکا هەڵە بکەینو پێمان بڵێیتەوە (ئەزی تێدا شەرمەزارم) و کۆتایی هەفتەش دەستخۆشی ڕاستکردنەوەو ڕابوونەوەی کارەکانمان لێ بکەیتەوە.

وامانزانی هەموو ئەم نووسینو پۆستەرو وەرگێڕانەمان هەر بەشێکە لە کۆششی یەکێتیانەو میدیایانە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری دروشمەکەی مافی چارەنووس. ڕاستە ئەمانە ڕەسمی تۆ بوون، وتەی تۆ بوون، خەندەو سەرنجو لاواندنەوەی تۆ بوون، ئەمما واماندەزانی ئەوە هەر خۆتی ڕامان دەسپێری لەسەر بەدرخان پاشاو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بنووسینو یادی شەهیدەکان بکەینەوە، هەر خۆت بە قەڵەمی خۆت ئاخ بۆ شێخ سەعیدی پیران هەڵدەکێشی. واماندەزانی خۆتی دەڵێیت بە باسی

شەهیدەکان، فەرماندە قارەمانەکان، سەرکردە خۆبەختکردووەکان کەمێکی چاکەی زۆریان بدەنەوە. رەسم رەسمی فەرماندەیی تۆ بوو، بەڵام بەرجەستەی حەسرەتی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشای دەکرد. وێنە وێنەی گەشتی دیپلۆماسی جەنابت بوو. واماندەزانی لەسەر شەریف پاشای خەندان‌و عوسبەتی ئومەم دەنووسین.

وێنە وێنەی خۆت بوو کە لەگەڵ جەماوەر قسەت دەکرد، واماندەزانی شێخ عوبەیدوڵڵایەو لە کۆنگرەی هۆزە کوردەکان پەیڤین دەکات. وێنەکان هی تەمەنی بە بەرەکەت‌و ئاوەدانی خۆت بوو یەکیان دەبووە شێخی نەمر لە بەردەقارەمان، یەکیان وێنەت بوو کە بۆ شەرارە دەتنووسی، کەچی لامان وابوو شینی دەستنووسی مامۆستا برایمە کە گەلاوێژو خەبات دەلاوێنێتەوە. وێنە وێنەی خۆت بوو لە سورداش کە بانگەوازیی ئاشتەوایی گشتی دەدەیت‌و ڕامان دەسپێری لەگەڵ بارزانیش ئاشت ببینەوەو حورمەتی شۆڕشی ئەیلول بە هەموو باڵەکانییەوە بگرین.

خۆت هەمیشە دەتگوت بۆ حزبە شۆڕشگێڕەکان هەڵبژاردن هەر کورسی‌و دەنگ‌و دەسکەوت نییە، هەڵبژاردن دەرفەتە بۆ جۆشدانەوەی خەبات، بۆ چارەسەری پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەر، ئەگەر ژەنگی هەڵێنابێ. کە دەماننووسی سەفین لەبن بێت، یەکێتی لەبن نایە، واماندەزانی ئەوە هەر خۆت بوویت بە چرپەو بە چرکە لەگەڵمانی تا ڕامان دەسپێری لە دڵەوە بنووسین تا بچێتە دڵەوە. وامانزانی هەر ئێستا زەنگی تەلەفونەکەیەو دەڵێ مام لە قەڵاچۆلانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە، لەگەڵتانە.

مام دەپرسێ بۆ ئەم ژمارەیە باسی ئاوو باو بارانی تێدا نییە؟ بۆ ئاوەدانی‌و پرۆژەکان، بە ئامارو بە ژمارەو بە وێنەوە بەسەر ناکەنەوە؟ بۆ یادی شەهیدەکانتان لەبیر کردووە؟ بۆ باسی مافی مەسیحی‌و تورکمان ناکەن؟ دیارە ئێوە کۆمەڵێک سمێڵ بابڕن‌و کەیفتان بە مافی ژنان نییە، بۆیە هیچی

لەسەر نالێن، یەکێتی ژنانتان لێ هاندەم؟ مامەیەو راسپاردەی هەیە لەسەر خەت بمێنن هەڤالان: دەبوایە لەسەر بێشکچی، لەسەر یەشار کەمال‌و جەواهیری‌و شێرکۆ بێکەس زیاترتان بنووسیبا.

مامەیە و دەڵێ:

دۆستێکی دێرینی خۆم هەیە شتێکی لەسەر کوردستان نووسیووە. باسی بکەن‌و رۆژنامەکەتانی پێ بڕازێننەوە.

هەڤالان مامەیە و دەڵێت:

کەرکوک و فەیلییەکان بایەخی زیاتریان دەوێت؟. خانووە قوڕەکان‌و هەژارانی لادێ بۆ ڕەنگ نادەنەوە لە لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دا؟ دیارە ئێوە بوونەتە ئەفەندی سەر چەور بە ئیستلاحی پشدەری، بۆیە گوندەکانتان فەرامۆش کردووە کە وەک ئاو وا بوون بۆ ماسییەکەی شۆڕش. سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا بردوویانەتەوەو ئێوە هیچتان لەسەر نەنووسیون؟

لەسەر ئایشەشان نانووسن؟ هەر خەریکی رەسمی مام جەلالن بە کولاوی‌و بە برژاوی؟

لاپەڕەیەک تەرخان بکەن بۆ رێکخراوە پیشەییەکان، ئەمانە گرنگن بۆ خەباتی جەماهیری؟ رۆڵە ئەم هەموو هەڵە زمانەوانییە چییە؟ دیارە دیارە ئێوە.... زمانی کوردی نازانن سەیری گۆڤاری گەلاوێژ بکەن. ئەو کوردییە جوانەیان هەبوو.

با کاکە نەوە بۆتان روون بکاتەوە، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدینتان لەیاد نەچێت؟

پێم خۆشە پاشکۆتان لەسەر موکری هەیە، ئەو دۆسێیەی لەسەر سەعید نورسییە شتی چاکە، لەسەر یەکی ئایارو دکتۆرەکەی ماوچی تۆنگ بنووسن کە بیرۆکەی دەرزی ئاژنی هەبوو؟ دڵدارو دڵزارو عەزیز شەمزینی کوان؟

سۆسیال ئینتەرناسیۆنالو شیعری حاجی قادری کۆیی؟ یادی کاک رەسوڵ مامەندو کاکی کاکانو شەهید ئارام بارزتر بکەن.
شتێکم لەسەر خاڵە شیهابو هاوڕێکانی نووسیوە، بۆ تیڤی بنێرنو چەند جارێک بخوێنرێتەوە. برادەرانی عەزیز وتمان ئازادو دیموکرات بن، بەڵام بێ وەفاش مەبن بەرامبەر سەرهەنگ قەزافی کە لە تەنگانەدا پشتیوانمان بوو.
لە کۆبوونەوەکاندا دەتگوت: چاکەی کۆماری ئیسلامی لە هەڵەبجەو کۆڕەو و ئەنفال لەیاد مەکەن، بەڵام خەباتی کوردستانیمان بەشی یادی قاسملۆو شەرەفکەندیو د.جەعفەری شەفیعیشی تێدایە. دەتگوت یەکێتی هێزی لەبن نەهاتوو و دامەزراوەی کوردستانێتییەکی واقیعییە کە بۆ مافی چارەنووس خەبات دەکات، ئەمما باکوور میسری کوردستانتان لەیاد بێت کە ئاپۆ رەمزە خۆڕاگرەکەیەتی. چاکەی حافز ئەلئەسەدو سوریاکەیمان لەیاد نەچێ، بەڵام شام شەکرە ئەمما وڵات شیرینترە کە کۆبانی موقاوەمەت دەکات.
چێ گیڤارانە نەک تشی گیڤارا، لەسەر چین و ماچین، لەسەر مەلای گەورە بنووسن. کوردستانی نوێ دیارە لە بیرتان چووەتەوە خۆیشم کەرکوکیم. قامووسی ئیعلامی تورکیا باسی کوردستانێتی کەرکوکی کردووە. پێم باشە بایەخی زۆرتر بدەن بە ئێزدییەکان، ئەوانە تێکۆشەری هەڵکەوتووی باشیان تێدا بوو لە سەرەتای شۆڕشی نوێوە.
هەتاماڵئاواییمان لێ نەکردی، وامانزانی خۆت لە کایەکەدای. ئێستاش کە ماڵئاواییمان لێ کردووی پێمان وایەو هەر واشە، خۆت لە کایەکەدای ئەلو تەلەفۆنە لە قەڵاچوالانەوە، لە دەباشانەوە، لە دوکانەوە، لە جادرییەوە مامتان لەگەڵە.

# پیاوێک پێش زەمەنی خۆی کەوت
# هەر قۆناغە ناوێک، هەر ناوێک ئەرکێک

**ئاودێر شێخ عومەر**

جەلال حسیامەدین نورەڵلا نوری، ئەمە ئەو ناوەیە لە تۆماری دانیشتوانی کوردستانو عیراقو لەسەر ناسنامە ناوی کەسێکە، بەڵام لە دەرەوەی تۆمار و نووسراوە رەسمییەکان، هەمان کەس خاوەن چەند ناوێکی جیاوازە کە هەر یەکەیان لە قۆناغێکدا بەکاری هێناوە. بە پێی ناوەکەی ئەرکێکی لە ئەستۆ گرتووە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو دەوروبەرەکەی. ئەو بە درێژایی ٨٤ساڵی تەمەنی چەندین ناوی جیاوازی هەبووە. ئەگەر بمانەوێ -لەو- بدوێین دەبێ هەموو ناوەکانی بهێنینو باسی لە رۆڵو ئەرکەکانیشی بکەین.

لە گوندێک لە دایک بوو (کەلکان- ناحیەی چناران لەو رۆژگارە هەبوو- قەزای دوکان- پارێزگای سلێمانی)، لەو رۆژەدا (١٩٣٣/١١/١٢) هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدا نەبوو، خوێندنگە، بنکەی تەندروستی، کارەبا، تەنانەت رێگاو بانێکی باشیشی نەبوو. نزیکترین شارۆچکە لێیەوە رانیە بوو، بە دووری زیاتر لە (٣٠ کم). لەو رۆژگارەدا تەنیا سێ کەس لە دانیشتووانی گوندەکە خوێندەوار بوون، (باوکیو هەردوو مامەکەی). هەر چۆنێک بووایە ناچار بوو وەک بەشێک لە کەسوکارەکەی هەر زوو گوندەکە جێبهێڵێو بچێتە شارۆچکەیەک بۆ ئەوەی بچێتە بەر خوێندن، بەڵام وەرگرتنی بەرپرسیارێتی رێبەری تەکیەی بنەماڵەکەیان لە شاری کۆیە، لە لایەن باوکیەوە، دەبێتە کارئاسانییەک بۆ ئەو، تاکو لەگەڵ تەواوی خێزانەکەی کەلکان جێبهێڵن و روو بکاتە ژیانی شار لە کۆیە، وەک خۆی چەندین جار وەک بیرەوەری منداڵی

باسی کردووە، زاڵ بوونی کلتوری لادێ، هەروەها جیاوازی شێوەزارەکەی لەگەڵ شێوەزاری کۆیە (دانیشتووانی بناری کۆسرەت لەژێرکاریگەریی شێوەزاری موکریانیدان، جگە لەوەش عایشەخانی دایکی لە عشرەتی مەنگوڕ بووە، کە تەواوی عەشرەتەکەی بە شێوەزاری موکریانی دەدوێن)، بەڵام هەر زوو دەتوانێ تێکەڵاوییەکی فراوان لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی لە خەڵکی شاری دروست بکات، خۆ گونجاندنێکی تەواویشی هەبێت لەگەڵ خەڵکی شاری. ئەو دەبێتە پێشەنگو پێشەوای شارییەکانیش بەتایبەت هاوکۆفو هاوتەمەنەکانی.

# زمانی گوڵ، لەدیدی مام جەلالەوە

**ئەسعەد جەباری**

گوڵ، سەرچاوەی بۆنی خۆش و دیمەنێکی دڵڕفێن بەبارتەقای کێشە سوکەکەی هەڵگری مانایەکی گەورەو مەزنە لەدیدی مرۆڤایەتیەوە، بێ هۆ نیە گوڵ تەمەنی کەمە وەلێ سیحری پێشکەشکردن و سەیرکردن و بۆنکردنی دەلالاتی خۆی هەیە لەبیرو ئەندێشەی ژیانی بونەوەرەکانی سەر گۆی زەوی، ئەوانەی عاشقی گوڵ و باخچەی رازاوەی پڕ گوڵن هەمیشە گەشبینن بەرامبەر بەهەورازو نشێوەکانی ژیان هەر بۆیە گوڵ دەبێتە رەمزی جوانی و رێگاخۆشکەر بۆ هەنگاوی خێر و نزیکبوونەوە لەجوانیەکانی سرووشت.

گوڵ، یان چەپکە گوڵ دەیان ئیلهامی گەش دەبەخشن بەمرۆڤ، کاتێکیش دەبێتە وێنەی تابلۆیەک ئەگەر وردبینەوە لەتابلۆکە ئەوا سەدان مانا دەبەخشێ کە گوڵ بەو جوانیە چۆن دەتوانێ دڵ و دەروون ئاسوودەو بەختەوەر بکات، وەبەتەنها تەماشاکردنێکی دەمانباتەوە بۆ دەیان چیرۆکی سەرنجڕاکێش کە هەر یەکەیان حیکایەتێکی لەپشتەوەیە.

بێ هۆ نەبوو کە سەرۆک «مام جەلال» هەمیشە ئەوەی دەدا بەگوێماندا هەڵگری سیاسەتی چەپکە گوڵەکەبین کە ئیلهامە بۆ کۆکردنەوەی هەموو رەنگ و جیاوازیەکان، کاتێکیش لەدیدارێکیدا لەگەڵ بەشێکی زۆر لەنوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی نوێنەران لەعیراقدا راشکاوانە پێیان دەڵێ: دەبێت کورد بەزمانی گوڵ قسە بکات و رێگاش بەکەس نەدرێ زمانی زبر بەکار بهێنێ، ئەم دیدگایەی سەرۆک»مام جەلال» تازە نەبوو بەڵکو ڕەگی ئەم قسەیە دەگەڕێتەوە بۆ توانای سەلیقەی خودی خۆی کە بۆ ژیانی سیاسی نەتەوەیەک

هەمیشە نەیارانی بەزمانی ئاگرو ئاسن وەڵامی داخوازیەکانیانی داوەتەوە، ئاسان نیە بۆ سەرکردەیەک رووحی تۆڵەسەندنەوە لەفەرهەنگی سیاسی خۆی دەرهێنابێ سەرەڕای ئەوەی لەمێژوودا ستەمێکی زۆری لێکرابێت لەلایەن نەیارانی نەتەوەکەیەوە، ئەم زاڵبوونە بەسەر خود زاڵبوونێکی نەوعیەو پێویستی بەئیرادەیەکی بەهێزو مەزنە بەئەندازەی قوربانیەکان کەسێک گیانی بەخشندەیی و میهرو خۆشەویستی بنوێنێ بۆ بەرامبەرەکەی کە ئەو رێگایەکیتری لەخەیاڵ بێت.

ئێمە بۆچی هەڵگری زمانی گوڵ بین؟ بێگومان گوڵ بەسروشت هەم نەرمونیانە هەم مرۆڤ دڵشادو بەختەوەر دەکات، کاتێکیش ئەم بابەتە وەردەگێڕینە سەر زمانی واقیع رێک هەر وایە، مرۆڤی نەرمونیان و لەسەرخۆو رێزبەرز هەمیشە گرەوەکانی ژیان دەباتەوە بێ ئەوەی بەرامبەر ئازار بدات کاروانی رەورەوەی خەباتی هەمیشە لەئاسۆیەکی گەشدا باڵاو نەشونما دەکات، بەپێچەوانەوە مرۆڤێک نەزانێ زمانی گفتوگۆو هەڵسوکەوتەکانی خۆی رێکبخات بێگومان مرۆڤێکە ناتوانێ رەچەشکێن و داهێنەربێت، ئێمە لەدیدی «مام جەلال»ەوە ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو لەیەککاتدا دەیتوانی ببێتە لینک و هەوێنی دروستکردنی پردی پەیوەندیەکانی هەموو ئایدیاو بیرو فەلسەفەیەکی ژیان، بەستنەوەی دۆخی هەمیشە ئاڵۆزکاوی عیراق ئاسان نەبووەو نیە، مەگەر هەر لەتوانای ئەودابوویێت رووح و گیانی لەخۆبردوویی، لەبەر بەرژەوەندی باڵای نیشتمان و نەتەوەکەمان ئامادەبوو لەهەر کوێبێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی دیدارو چاوپێکەوتنەکانی درێژە پێبدات دوور لەدەمارگیری و خۆبەزلزانین کە ئەو دەستپێشخەریانەت دەبینی ئەم پیاوەمان زیاتر لەلا شیرینتر دەبوو.

«مام جەلال» کاتێ پێمان دەڵێ: بەزمانی گوڵ لەگەڵ پێهاتەکانیتردا داوای داخوازیەکانتان بکەن لەسۆنگەی ئەزمونێکی دوورو درێژی زیاتر لەشەست

ساڵ خەباتەوە ئەم تێڕوانینەی لادەستەبەر ببووە، ئەو هەموو ڕێگاکانی تێکۆشانی تاقیکردبوەوەو، دەرئەنجام جگە لەهەنگاوە ئاساییەکانی نەرمونیانی و ڕێزگرتن لەبەرامبەرو خوێندنەوەی واقیعیانەی بارودۆخی وڵات هیچ ڕێگایەکیتر بەڕاست نەدەزانی، هەرچی مێژووە ئەو راستیەی سەلماندوە کەئامانجەکانی گەل نایاتەدی بەسڕینەوەی بەرامبەرو گوێنەگرتن لەپەیامەکانی یەکتر، بۆیە ڕێبازەکەی هانمان دەدات هێمن و لەسەرخۆ دەتوانین هەر بەزمانی گوڵ تەواوی دەسکەوتەکانمان دەستەبەربکەین لەم هەلومەرجە مێژوویەدا بێ ڕشتنی خوێن و ئازار.
بەهەقەت مام خاوەنی ئەو دڵ و دەروونە گەورەیە بوو کە پێویستە نەوە لەدوای نەوەوە لەدەوروپشتی فەلسەفەو قسەکانی بین بۆ هەتا هەتایە مرۆڤ دەتوانێ ئەزموونی ئەو بکاتە قوتابخانەیەکی هەمیشەیی نەک هەر بۆ ژیانی سیاسی بەڵکو بۆ بۆ ژیانە ئاساییەکەی رۆژگاریش.
رووحت شاد ئەی مامی گەورەو میهرەبانە خۆنەویستەکەی نیشتمانم، تۆ رۆیشتی و فەلسەی هەڵسوکەوتەکانت بۆ هەتا هەتایە لەبیرو ئەندێشەماندا دەمێنێتەوە، چەگێ گوڵی رەنگاوڕەنگ پێشکەش بەمەزاری تۆ ئەی خاوەن چەپکە گوڵەکەی بەختەوەری وڵاتم، ئەڕۆی ئۆغر.

# مامی هەمووان

**پەروین بابەکر**

من بۆ خۆم کەم دەنووسم، لە بەردەم زۆرێک لە رووداوە ئاسایییەکاندا بێدەنگی هەڵدەبژێرم، یاخود هەندێک رووداو بە هۆی کاریگەرییە گەورەکەیەوە بێدەنگت دەکات و ناهێڵێت هیچ بڵێیت، چۆن لە ساتی وەفاتی جەنابی مام جەلالەوە دەمویست تەعبیر لە ناخی شێواوی خۆم بکەم و ئەو نیگەرانی و خەمە گەورەیە بە دەربڕین لەسەر شانم کەمتر بکەمەوە، هەرچی جارێک نووسینێکم ئامادە دەکرد، هەر زوو پەشیمان دەبوومەوە و دەمزانی نووسینەکە لە ئاست شکۆ و مێژووی مامدا نییە.

ئەگەر بمانەوێت بە قسەکردن یان بە نووسین تەعبیر لە رۆیشتنی جەنابی مام جەلال بکەین، یان بمانەوێت بە دەربڕین پێناسەی ئەم زاتە گەورەیە بکەین، بە دڵنیاییەوە دەکەوینە هەڵەوە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانین مافی خۆی پێبدەین، قسەکردن و نووسین لەبەردەم شکۆی ئەم سەرکردە مەزنەدا کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت، هەرچی بڵێین شایستەی باڵای کەسایەتی مام نییە، چونکە مام گەورەتر بوو لە هەموو پێوەر و سنورەکان، مام بە تەنها مامی ماڵی خۆی و یەکێتی و تەنانەت کوردانیش نەبوو، بەڵکو مامی هەمووان بوو بێ جیاوازی، مامی لێقەوماو و نەداران و خەمخۆران و گەنجان و ژنان و هەموو چین و توێژەکان بوو، مامی هەموو پێکهاتە نەتەوەی و مەزهەبییەکان بوو.

کۆچی دوایی مام لە یەک کاتدا کۆچی دوایی خەمخۆرێکی هەمیشەیی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەیە، چۆن مام پاڵپشتی هەمیشەی پزیشکان و نووسەر و رۆژنامەنووسان و وەرزشەوانان و ئابووریناسان و تەواوی کایە

پێویستەکانی کۆمەڵ و نیشتیمان بوو، لە کوێ زانیبێتی کەموکوڕی هەیە دەستی خۆی پێگەیاندووە، کەی پێویستی کردبێت هاتۆتە مەیدان، لە هیچکام لە قۆناغەکاندا ڕۆڵ و کاریگەری ژنان و گەنجانی لەیاد نەکردووە و هەمیشە پشتی پێبەستوون.

ئەو ژیانەی مام ژیا، ئەنجامەکەی هەر دەبوو خەمخۆران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو شێوەیەماڵئاوایی لێبکەن، سەرکردەیەک بەو شێوە شەرەفمەندانەیە ژیابێت و خەمخۆر و پاڵپشتی هەمووان بووبێت، بۆ چرکەیەک پشتی نەکردبێتە مافی ڕەوای نەتەوەکەی و بۆ جارێک هەڵوێستێکی ناجۆری نە نواندبێت و هەمیشە لەسەنگەری خەمخۆری و چارەسەری کێشەکان و بەدەستهێنانی مافی کورد و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستاندا بووبێت، شایەنی لەوەش زیاترە، ئەوەی لە مەراسیم و پرسەی پرشکۆیدا بینیمان پشتڕاستی ئەو وتەیەی دەکاتەوە کە بە بێ جیاوازی مام بۆ هەمووان ژیا و خۆشی هی هەمووان بوو.

درود بۆ گیانی پاکت، سوپاس بۆ هەموو ئەو دەستکەوتانەی بۆت بەدەستهێناین

سوپاس بۆ ئەو ڕێبازەی بۆت دانایین، سوپاس بۆ هەموو شتێک کە ڕێز ناکرێت و لە توانای دەربڕیندا نییە.

# ڕێبەرایەتی شۆڕشی نوێ و بیری نوێ بووی

**احمد هەرتەلی**

دیسان شیوەنی کۆچی دوایی زەردەشتی کورد دووبارە بوویەوە، دوای هەزاران ساڵ لە شەهیدی کردنی زەردەشت پێغەمبەر، خوا پێداوێک لەناو هەمان گەلو نیشتماندا هەڵدەکەوێت هاوشێوەی زەردەشت پیرو دڵسۆزانی خۆی بە نیشتمانی لەتە لەت کراودا ئامۆژگاریو ڕێنوێنی دەکات بۆ ڕزگاربوونی گەلو وڵاتی کوردەواری کە پەیامی ڕزگاری مرۆڤایەتی بگەیەنن. شۆڕشی ڕزگاری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی بەها مرۆڤایەتییەکان دەکاتە خەسڵەتێکی نەگۆڕو لەگەڵ ڕەوڕەوەی ڕووداوەکاندا بە پێی سەردەم هەنگاو دەنێت ڕێبەرایەتی شۆڕشی نوێو بیری نوێ لە ئەستۆ دەگرێت. کۆمەڵگەی کوردستان ئاشنا دەکات کە دەبێ مرۆڤەکان ئازادبنو بە ئاشتیو بەیەکەوە ژیان وەک خۆی دەفەرموێت چەپکە گوڵەکە دەکاتە کەلتوری هەمیشەیی خۆییو هاوبیرانی. زیاتر لە ٦٠ ساڵە مام لە سەختترین ڕۆژگارە ڕەشەکاندا ماندووەو بێوچانە لەهەوڵدانە بۆ گەیشتن بە ڕۆژی ڕزگاری گەلو نیشتمان هیچ پشوویەکەت نەدا ڕۆژێک دۆستو دوژمنەکانت بێ ئومێدیەکیان هەست پێ نەکرد لە خەباتو تێکۆشانت هیوات زۆربوو بۆ ڕزگاری گەلی کوردستانو مرۆڤایەتی، نەسرەوتی تا سەرکەوتی بەشێک لە مافەکانی گەلەکەت بەدەست هێنا لە باشووری کوردستانو لە بەشەکانی تریش پیرو مریدانت لە ململانێیەکی سەخت دان بۆ گەیشتن بە ڕۆژی ڕزگاری، ڕێنوێنیەکانت ڕابەرایەتیت بۆتە وانەی ڕۆژانە ئەی هەڤاڵی سەرکردەو زەردەشتی سەردەم ئەی ڕابەری ڕۆحی کورد. یاران هەواڵێکی دڵ تەزێنە لە

ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/٣ دا گەورەترین ڕێبەری دڵسۆزی گەلو وڵات و مرۆڤایەتی ماڵئاوایی دەکات لە ڕۆژوسەردەمێکدا کە گەلەکەمان پێویستی بە مرۆڤێکی وەک بەڕێزیانە مامەگیان ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە ئێمە ترسمان لێی هەبوو گەلەکەت ئەو ڕۆژە ناخۆشەی دیت داخەکەم تۆ ڕۆژی سەربەخۆیی کوردستانت نەدی کە زۆر بۆی تێکۆشای.کەچی گۆمی بێدەنگیو کەڕولاڵی جیهانت شەقاند بۆ سەربەخۆیی کە لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەبەردەم نوێنەری هەموو گەلو دەوڵەتەکانی جیهاندا بە زمانی شیرینی دایک هاتیتە دەنگو هەموو مەجلیسەکەت سەرسام کرد کە بە زمانی کوردی دوایت (مامە) ئەمە زەنگی سەربەخۆیی کوردستانت بە گوێیان دادا ئاماژە بوو کە ڕۆژێک کورد سەبەخۆ بێتو دەبێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئالای کوردستان لە تەک ئالای هەموو وڵاتان دەشەکێتەوە ئەمە پەیامی سەرەتایی بوو بۆ جیهان. هۆ مامی بەڕێز ئەمە کۆچی تۆیە گشت گەلو دەوڵەتەکان کەسە دیارو نادیارەکانی جیهان دڵگرانن بە بروسکەو وتارو پەیام بۆ کۆچی ناوەختت هاتونەتە دەنگ داگیرکەرانی وڵاتەکەشت بێ دەنگیان شکاندو نەیان توانی لە ئاست کەسایەتی هەڵکەوتووت بێ دەنگ بین ئەی ڕێبەری شۆڕشی نوێو سەرۆک کۆماری وڵاتی خوێناوی هۆ سەرکردەی گەلی بێ پشتیوان: کوردەواری تاساوەو ڕەش پۆشە کە لەم ڕۆژەدا کەسێک یادەوەریەکانی لەگەڵ جەنابت بیر نەماوەو واوەیلاو فرمێسک ڕژانە بەشێوەی شیوەنی حوسێن ئاهو ناڵەو سینک کوتانە خەڵک ڕژاوەتە کووچەو کۆڵانو سەرشەقامو بانی دێهاتو شارەکان نازانم ئەو سەحرای کەربەرلایە یا شاری شێخو تەپۆڵکەکانی دەباشانە ئەمە چیە دۆستینە هەڤاڵینە ئەمە خەونە ئەمڕۆ حەشرە ئاخرزەمانە چ ڕۆژێکی ڕەشە ئەمە یادی لە خاچ دانی مەسیحە یا ڕاستەو دواکۆچی (مامە) هەڤاڵینە ٢٠١٧/١٠/٦ یە چ ڕوویداوە ئەمڕۆ هاتنی هەواڵی وونبوونی

یوسفی کەنعانە کە ئاهوو ناڵەی یەعقوب نەک مرۆڤەکان گورگە گۆشت خۆرەکانیشی بەدەنگ هێناوە ماڵئاوا مامی گەورەمان ماڵئاواو یادت بەخێر تۆ لەبیر کەس ناچیتەوە ماڵئاوا ئەی پێشەوای مەزن ئەی هاوڕێو هەڤاڵو رابەری رۆژانی ؟؟؟ ماڵئاوا: هەزاران سڵاو لە گیانی پاکت لە رێگەی جەنابیشتەوە سڵاو لە کاک نەوشیروانی هاوبیرت رۆحت شاد مامە گیان.

# پرۆتۆکۆل و پرسەی مام

**چرۆ شەهاب**

لە ساتەوەختی وەفاتی جەنابی مام جەلال و تا گەشتنەوەی تەرمی پیرۆزیانو بەخاکسپاردنی لە ڕێورەسمێکی فەرمیو شایستەدا زۆر قسەو باس لە بەڕێوەبردنو شێوازی مەراسیمەکە کرا.

جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە قورسە وەک یەکەمین ئەزموونە کە هاتۆتە بەردەم فەرمانگەی پرۆتۆکۆلی ئەنجومەنی وەزیران کە مەراسیمی پێشوازیو بەخاکسپاردنی سەرۆکێکی گەورەی وەک جەنابی مام-ە، بێگومان هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نابێت، بۆیە نابێت تەنها چاومان لەکەموکوڕییەک بێتو کۆی کارە باشەکان زەڕبی سفر بکەینو هەموو کارێک بە گومانەوە بڕوانین، لەسەروو ئەمانەشەوە ئەرکێکی ناوازەیان ئەنجامدا، ڕەنگە بۆ کەسانێک کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە بەڕێوەبردنی مەراسیمەکان نەبێت ئاسان بێت بەدڵی خۆیان لێکدانەوەی بۆ بکەنو رەخنەی لێبگرن، بەڵام ئەرکی کارە پرۆتۆکۆلییەکان زۆر قورسو گەورەن.

ئاڵای کوردستانو عیراق بوونە جێگەی مشتومڕی شارەزاو ناشارەزا لە بواری پرۆتۆکۆل، دەبێت هەموو ئەوانەش لەبەرچاوبگرین کە کورد ئەزموونێکی کەمی هەیە لەم بوارەداو هیچ گومان ناکەم کە هەموو ئەوانەی هەستاون بەئەنجامدانی پرۆتۆکۆلی پێشوازیو ڕێوڕەسمی پرسەکە مەبەستیان بووبێت پەیوەندییەکانی کوردستانو بەغداو ناوچەکە بەئاقارێکی تردا ببەن، چونکە دواجار ئەوان مەبەستیان سەرکەوتنی کارەکەیان بووە بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکەن کە هیچ گرفتو کێشەیەک بێتە بەردەمیان.

گفتوگۆو قسەکردنەکان زۆر بوون لەسەر بوونی ئاڵای کوردستان لەسەر تەرمی پیرۆزی جەنابی مام جەلال، هەندێک وایان بەباش دەزانی کە پێویستبوو ئاڵای عێراق بەسەر تەرمەکەوە بوایەو هەندێکیش ئاڵای کوردستانیان بەباش دەزانیو لەبەرامبەریشدا بۆچوونێکی دیکە هەبوو کە هەردوو ئاڵاکە بەکاربهێنرایە. گرفتە سەرەکیەکە ئەوەیە لەم ساتەوەختە هەستیارەی کە حکومەتی هەرێمو بەغدای پیادا تێپەڕدەبن، شیکردنەوەکان ئاڵۆزانە خۆیان خزاندۆتە نێو پرسێکەوە کە هەرچۆنێک باس لە بەکارهێنانی ئاڵاکان بکەین، دەچینە قولایی دۆخێکی دژوار.

کۆی کارە پرۆتۆکۆلیەکان بەشێوازێکی رێکخراو بەڕێوەچوو، وەک ئەوەی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەمانبینی هیچی کەمتر نەبوو لەو مەراسیمە فەرمیانەی بۆ مەرگی پاشاکانو سەرۆک کۆمارەکان بەڕێوەچوون. بەو بەدواداچوونو خوێندنەوانەی لەسەر ئەم پرسە کردم، دەرکەوت بۆم کە:

یەکەم: بەکارهێنانی ئاڵای کوردستانو داپۆشینی تەرمی پیرۆزی جەنابی سەرۆک لە شوێنی خۆیدا بوو، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆرینەی خەباتی سیاسیو تەرخانکردنی هەموو ژیانی لەپێناوی دۆزی نەتەوەکەی بووە.

دووەم: کەسایەتی سیاسی جەنابی مام کەسایەتییەکە کوردیو جیهانی بووە، هیچ کاتێک وەک کەسایەتییەکی عەرەبی عیراقی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە.

سێیەم: خەونی هەر پێشمەرگەیەک ئەوە بووە کە شەهید دەبێت تەرمەکەی بە ئاڵای کوردستان بڕازێننەوە، کە بێگومان ئەمەش خەونی ئەم سەرکردە ماندووە بووە، کە رۆژێک لە ڕۆژان شەهید ببێت یان وەفات بکات، ئاڵای کوردستان لەسەر تەرمەکەی بێت.

چوارەم: مەراسیمی پێشوازییەکە لە کوردستانەو لە شاری سلێمانیو تەنانەت بەخاکسپاردنەکەش هەر لە هەمان جێگەیە.

پێنجەم: مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری پێشوو، وەک سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆچی دوایی کردووە، هەربۆیە ئاساییە ئاڵای نەتەوەکەی خۆی بە تەرمەکەیەوە بێت.
گرنگە ئێمە بزانین ئەمە ساناترین ئەرکە کە لەسەرشانی کوردستانیان بووە، کە بەو ئاڵایەوە تەرمی جەنابی مام بە دوامەنزڵگەی بسپێردرێت‌و بچووکترین وەفا بۆ سەرکردەو کاریزما گەورەکە بنوێنین.
بۆ هەموو ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وابووە هەردوو ئاڵای کوردستان‌و عیراق لەسەر تەرمی مام بوایە، بێگومان ئەمەیان لە هیچ زانستێکی پرۆتۆکۆلی بەڕێکردنی مەراسیمی ماتەم‌و جەنازەکان جێگەیان نابێتەوە.

# ترس له كۆچی ڕێبەرێک

**دەشتی عبدالرحمن**

كۆچی دوایی سەركردەو ڕێبەری ڕزگاریخوازی گەلەكەمان،كارێزمای ئەفسانەیی شۆڕش و خەباتی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی گەلی كورد،دامەزرێنەرو ڕێنیشانەدەرو سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، هەستێک بووە هەمیشە یەكێتیەكان لە ئاستیدا شعوریان بە ترسێكی گەورە كردووە.

ترس لە بزربوونی هەیمەنەی كەسێک،كە توانی بووی بە كارێزمایی خۆی حزبێک بە پێچەوانەی خەباتگێڕەكانی ڕابردوو، دوور لە پابەندبوون و پشت ئەستور بوون بە بنەمای خێڵەكی و ئاینی دروست بكاو،كۆمەڵێک چەمک و بنەمای نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی بكاتە خاڵی هاوبەش و كۆكەرەوەی كۆمەڵێک خەڵكی ئەهلی فكری جیاوازو ناوچە جیاواز و ئاڕاستەیان بكات لە یەک بەرەی شۆڕشگێڕی،بۆ یەک ئامانجی نەتەوەیی بە ناوی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان.

ترس لە لەدەستدانی سەركردەیەک، كە بەر لە دیاریكردنی چۆنیەتی جوڵەو ئاڕاستەكردن و بەژداریكردنی یەكێتی بۆ ناو ڕووداوو پیشهاتەكان،دەیتوانی بە پێشبینیە وردوو دوورەكانی،بە خوێندنەوە وردو ئەزموونە دەوڵەمەندەكەی،ڕاسترین ڕێگا بۆ یەكێتی هەڵبژێرێ،وە بەو جۆرەی كە پێویستەو بە قازانج دەشكێتەوە بۆ كوردو یەكێتی،جوڵە بە یەكێتی بكات.

ترس لە لەدەستدانی دیبلۆماتكارێک،كە خاوەن هونەرێكی تایبەت و دەگمەن بوو لە دروستكردنی پەیوەندی و پاڵپشتی بۆ گەلەكەیی و یەكێتی نیشتیمانی

کوردستان.دیبلۆماتکارێک بە لێوەشاوەیی و شارەزاییەکەی،بە سام و هەیبەت و شەخسیەتە سیاسیەکەی، بێ خواستی خۆی هەقیقەتێکی دروست کردبوو،کە زۆر جارو لە زۆر شوینی ئەم دونیایەدا،گەلەکەیی و یەکێتی بە هۆی ئەوەوە دەناسران،نەک یەکێتی و کورد ئەویان بناساندایە بە دونیای دەرەوە.

ترس لە لەدەستدانی چێژ لە شانازی و سەرکەوتنەکان،لە نەمانی متمانەو مردنی ئیرادەو سەبر تا دەرکەوتنی ڕاستی دەرئەنجامی جوڵە سیاسی و حزبیەکان،لە دروست بوونی فەوزاو بزربوونی پێوەرەکانی هەقیقەت،لە نەمان و تێکشکانی پرەنسیپی(کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو)،لە نەمانی هاوسەنگی لە ئاستی لێهاتوویی و هۆشیاری و دڵسۆزی نێوان(هەڵسەنگێنەرو هەڵسەنگێندراوەکان)و دەرکەوتنی نادەداپەروەریەکی کوشندە لە ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا وەک حزبێکی گەورەی سیاسی لە ناوچەکە.ئەمانەو چەندین ترسی تر بە هۆی مردن و ماڵئاوایی سەرۆک مام جەلالەوە،هەستیکەو ڕەنگە وا بە ئاسان نەڕەوێتەوە.

بە داخەوە،دواجار ئەم ترسە بووە ڕاست و ئەم ماڵئاواییە یەک جاریەی سەرۆک ڕوویدا،وە ئێستا بە واقعی یەکێتیەکان لە ناو چەشتنی ئازارو دڵەڕاوکێی ئەم هەستەدان.کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی وەک خۆیان ماونەتەوەو یەکێتی لەبەردەم لێکترازانێکی تردایە،پەیامی سیاسی یەکێتی ناڕوونەو لە ئاستی خەم و خواستی جەماوەرو کادیرەکانی نیە. کوردستان و ناوچەکە بە قۆناغێکی سیاسی ناسک و ناتەندروست و نالەباردا گوزاردەکاو،پێویستی بە جوڵەیەکی سیاسیانەی حەکیمانەی مام جەلالیانەیەو ئەو ڕۆڵە تا ئێستا غائیبە.

لێرەدە پێویستە بپرسین،ئایە کێ دەتوانێ لە ناو یەکێتیدا ببێتە سەرکردەی تێپەڕاندنی ئەم قۆناغەو پێشڕەوی ڕەواندنەوەی ئەو هەموو ترس و

دڵەڕاوکێیەی،کە بەهۆی کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلالەوە دروست بووە لە ناو کادیرو جەماوەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؟
ئایە خوێندکارو هاوسەنگەرانی مام،ماڵئاوایی یەکجارەکی مامیش ڕایان ناچڵەکێنێ،تا دەسبەرداری بەرژەوەندی کەسی ببن و خەمی جێبەجێ کردنی ڕێبازەکەی مام و دوا پەیام و ڕاسپاردەکانی بخۆن؟

# سوپاس مامە گیان

**ئەرسەلان مەحمود**

لەدیرۆکی گەلانی بندەستەو زوڵملێکراودا، زۆر بەدەگمەن هەڵکەوتووە ژیانی تاکە کەسێک بەهێندەی ژیانی مام جەلال کاریگەرو خاوەن نەخش و بەشدارو، پێشەنگایەتی کردبێت لەنەهێشتنی ستەمکاری و، برەودان بەهزری ئازادو، بونیادنانەوەی کۆمەڵگەی ئازاد دا. تاڵەبانی، لەمێژوی ژیانکردنی خۆیدا، ئەمەی وەک ئامانج، لەوپەڕی باوەڕو بوێری و بەرگەگرتن لەژینگەیەکدا بەرجەستەو بەماناکرد، زۆر لەدۆستە غەیرە کوردەکانی ئەمەیان بەمەحاڵ دەزانی، چونکە لایان وابوو هێنانە ئاراوەی ئازادی لەعیراق و کوردستاندا، پێویستی بەهێنانە ئاراوەی هەمان ئەو پرۆسەو پرەنسیپانە هەیە لەناو تەواوی ناوچەکەو گەلانی ناوچەکەدا، کەچی مام « ڕابەرە مەحاڵ شکێنەکە « هەنگاو بەهەنگاو، دەستیکرد بە بنکۆڵکردنی دیووی ناوەوەی ئەم فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسیە دژو دژوارەی ڕۆژ بەرۆژ دژو دوژمنایەتیکردنی ئازادی و، سات بەسات دژو دوژمنایەتیکردنی بەیەکەوە ژیانی گەلانی ناوچەکەی تیادا زیادی دەکرد، سنورەکانی بڕی و پەیامەکەی سەرخست، ئەمە مێژوی نزیک و دور، ئەمە ڕۆژانی شۆڕش و شاخ، ئەمە فرە حزبی، ئەمە بەهاری ئازادی، ئەمە هەڵبژاردنی پەڕلمان و، دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، ئەمە فیدراڵییەت و، سەرکۆماری عیراق، ئەمە جێگری سەرۆکی ئەنتەرناسیۆنال، ئەمە ئاشتەوایی نیشتمانی و ئەمە بەیەکەوە کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاوازە سەیرو سەمەرەکانی عیراق و ناوچەکە بەگشتی، ئەمە دۆستەکانی کورد ئەمە دوژمنەکانی، لەناو یارو نەیاردا تا

بەنەخۆشکەوتنەکەی دەگات، هیچ کەس و لایەک، هیچ هێزو بزوێک، هیچ مەزهەب و مەرجەعییەت و جەماعەت و دەوڵەتێک، نەیانتوانی یەک تاکە هەنگاو پاشەکشە بەهێزی هزری ئازادیخوازانەو مۆراڵە مرۆییەکەی تاڵەبانی بکەن و، بەر بەتێزو ئایدیاکانی بگرن. ئەم هەموو بەخش و نەخش و حیکمەتەی تاڵەبانی، وەک هەر یەک لەو تاک و مرۆڤە مەزنە دەگمەنانەی مێژوی مرۆڤایەتی، لەم نووسینەدا نەلەتوانای وردبوونەوەو، بەرجەستەکردنەوەی وەک خۆی منێکدان و نەوەها مەیلێکیش ئاوا سادەو هاسان دێتە دەست» هیوادارم ناوەندە ماریفی و زانستیەکانی کوردستان، وەها توێژینەوەو ساغکردنەوەیەک وردو بەدیقەتەوە بەئامانج بگرن و، خودی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هەرچی زووە سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بەمام دابمەزرێنن « بەڵام بەڕەهاییەوە دەتوانم بڵێم، لەبەر یەک هۆکاری زۆر سادە بووە ئەویش ئەوەیە»مام جەلال» هەرگیز بۆ ئەوەو بەتەمای ئەوە نەژیاو تێنەکۆشا تا هەموو ئەوە ببینێت، ڕۆژێک لەڕۆژان بۆ میللەتەکەی و بۆ مرۆڤایەتی، خەونی پێووە بینیووە، بۆ ئەوە نەژیاو تێکۆشا ئەوەی بەرهەمیهێناوە دواجار وەک ئامرازێک بۆ خود سەپاندن بەکاری ببات، بەڵکە هەموو ساتێ وەک شۆڕشگێرو، وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار، ئامادە بووە گیان بداو شەهید ببێت، بۆ ئەوە بووە بەنۆرەی خۆی وەک ئازادیخوازو نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە ڕۆڵبگێڕێت، مام ڕابەرو سەرکردەو سیاسییەکی فەل و فوتێکراو نەبوو، ئاریچەی چارەسەرەو ئەلتەرناتیڤی حازر بەدەستی زۆرینەی هەرە زۆری کێشەو ئاریشەو تەنگەژە جیاوازەکان بوو، ئەم هەموو پەرۆشییە ناوخۆییەی کوردەکان، ئەم هەموو سۆزو تازییە بارییەی عیراقییەکان، دەنگدانەوە جیهانی و پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکایەتی دەوڵەتان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێستای دنیا، تەنانەت هەن لەناویاندا، بێئەوەی گەر بشیانەوێ، ڕێک و، دروست، ڕەنگدانەوەی ئەم حەقیقەتەی

سەرەوەیان بەسەردا زاڵە، سەلمێنەری وەها ڕاستینەیەکی نکۆڵیهەڵنەگرن. تاڵەبانی، خۆپەرست و، خۆ ویست نەبوو، هەرگیز هیچ نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە پەلامار بدرێ و بچەوسێندرێتەوە، هەرگیز چاوی لەبستە خاکێکی کەس نەبوو، ئەو پێیوابوو هەموو دەبێ بەئاشتەواویی و لەئارامیدا بژین، وەک خودی خۆیشی هەرگیز لەبیری ژیانکردنی خۆیدا نەبوو، هەرگیز بوون و مانەوەو سەروەری و هەڵزنانی گەلەکەی بەباڵای ئازادیدا، بەند نەکرد بە بوون و مانەوەو سەروەر ژیاوی خۆیەوە، ئەمە لەکاتێکدا، ئەوە شۆڕش و کوردایەتی نەبوون تاڵەبانی-یان گەورە کرد، بەڵکە ئەوە خودی تاڵەبانی بوو، ماندوو نەبوو لەقوربانیدان و، بەرپاکردنەوەی شۆڕش، ئەوە تاڵەبانی بوو، دەستە وەستان نەبوو لەئاست بەبەمانکردنەوەی هەموو جومگەکانی شۆڕش، ئەوە تاڵەبانی بوو، شۆڕشێکی یەک پشووی سەرخست، ئەوە تاڵەبانی بوو، ئاریچەی دەروازە داخراوەکانی ئازادی، نەک هەر بەڕوی میللەتەکەی خۆیدا، بەڵکە بەڕوی هەموو پێکهاتەو، گەلانی تری عیراق و ناچەکەیشدا کردەوە. مام، ڕابەڕێک بوو، ڕەها لەجوانی و ئەمەک، ڕاستەقینە لەنیشتمانپەروەری و ئازادژیانیدا، مرۆڤێک بوو لەمرۆڤە دەگمەنە ئاشتیخوازو خۆشخوان و خۆشگونجاوەکانی دنیا، سپاس مامە گیان، سپاس بۆ هەموو ماندوبوونەکان، سپاس بۆ هەموو هەنگاوو هەوڵەکانت، سپاس بۆ تەرخانکردنی حەفتا ساڵەی تەمەنت لەپێناو بەدەستهێنانەوەی شوناسە دزراوەکەی ئێمەدا، سپاس بۆ شکۆمەندیت، وەفاو شانازی و خۆشەویستی ئەبەدی بۆ تۆوۆ، شوێنپێیەکانت ونناکەین، ئایدیاکانت لەبیر ناکەین، وەک هەمیشە ئەگەر هێز لەگەرمایی هەناسەو تینوتاوت وەرنەگرین، دڵنیام لاڕێ دەبین، سەرکردایەتی یەکێتییەکەت ئەگەر لەیەکەم هەنگاوی دوای تۆدا بەڵێن بەوەفاو فرێدانی لەڕەگ و ڕیشاڵەوەی ناکۆکیە بێ ناوکییەکانی ناوخۆیان نەدەن، ڕسوای

بەردەم خەڵک و شوێنکەوتەکانی مۆڕاڵ و ئایدیاکانی تۆ دەبن. دوردو هەزارانهەزار درود، پشووبدە ئیتر.

# مام جەلال ئەندازیاری سەلماندنی بەهاکان

**ئەمەل جەلال**

مام و مافەکانمان :
دەمەویت لە حزوری سیمبولی نەتەوەییم بەچەند زنجیرەیەک باسی مەزنی پیاوی َک بکەم کە می َژووی مرۆڤایەتی قەرزارییەتی چونکە کەمن ئەو مرۆڤانەی بە باوەرەوە هەنگاو بۆ سەلماندنی بەهاکانیان ئەدەن . مام جەلال مرۆڤیک لە رەگی داربەڕووەکانی کوردستان و پیاوی َک لە بۆنی مێخەک بۆ من ئەستەمە لە ساتە وەختێکدا کە زۆر سەختە بۆم باس لە دەسکەوتەکانمان بکەم کە لە سایەی مام جەلال بەدیهاتون .ساتێک بۆمن لە خەوێکی ناخۆش دەچێت و دەمەوێت بە خەبەر بێم تا ڕاستی ئەو هەواڵە بە درۆ بخاتەوە بۆ لەدەستدانی مرۆڤێک ،سەرکردەیەک ، نیشتمانپەروەرێک ،نوسەرو پارێزەرێک ، دیبلۆمات و سیاسیەک ،شۆرشگێڕو پێشمەرگەیەک ، زمان زان و ئاشتیخوازێک ،هونەردۆست و ئەدەب ناسێک ، خودایە تۆچیت خوڵقاند ئەمە چ سحرێکە ئەم هەموو توانایەت تیا کۆکردەوە ،
دەمێک بوو دەمووت مام جەلال پەیامبەری خوایە بۆ مرۆڤایەتی...... ئەمرۆ ئەو باوەرەم سەلما.کە چۆن ئاپۆرەی جەماوەری ناڵەی دەهات بۆ ماڵئاوایی لە شۆرە سواری کوردایەتی و پێ بڵێن خوات لەگەڵ ئەی ئەو مرۆڤەی سەلماندت هی هەمومانی بەڵی ئەمرۆ مام بیری خستینەوە کە بەهای مرۆڤ بون لە سەرمایەی مادی و جوانی روخسارو بنەماڵە نیە ، بەڵکو جوانی مرۆڤ لە مرۆڤبونییەتی ، ئەمرۆ مام لە کۆچەکەشی وانەیەکی تازەی بۆ

وتینەوەو کردیە بۆنەیەکی نیشتمانی وهەموو نەیارەکانی کۆکردەوەو بە بێ دەنگی دوور لە دەربڕین بە ئارامی وانەی ئاشتی و رەوشت بەرزی و پێکەوە ژیانی پێ وتین ، ئەمرۆ هەمووانی کۆکردەوەو بانگەوازی ئاشتەوایی ڕاگەیاند .

مام جەلال نە پێناسە دەکرێت و نە دەتوانرێت لە گۆشەنیگایەکەوە بیناسیت چونکە مام جەلال لە هەرگۆشەیەکی ژیانییەوە وانەیەکت فێردەکات و ناسنامەی مرۆڤێکت پێدەناسێنیت واتە لە یەککاتدا دەیان کەسایەتیت لە خۆیدا بۆ دەسەلمێنێت کە ناتوانیت تەنها بە یەک شێوە بیناسیت بۆیە ئەستمە لە ئاستی ئەم سەرکردە مەزنە بتوانیت پەی بە نهینی کەسایەتی ببەیت بتوانیت گوزارشت لە جوانی و بەهاکانی بکەیتەوە .بۆیە لە زنجیرەی یەکەممدا دەمەوێت وەک ژنێک بە شانازییەوە باس لەو باوەرو ئیرادەو هەڵوێستانە بکەم کە مام بۆ ئێمەی ژنان بەدیهێنا.

باس لە هەندێک لەو دەسکەوت و باوەرانە بکەم کە بە کردار نیشانی هەموانی داوەو لە کاری ڕۆژانەیدا پەیڕەوی کردوە :

مام جەلال بەر لەوەی سکرتێری حزبێک و بەرپرسێکی پایە بەرز بیت ، پیاوێک و هاوسەرێک و باوکێک بوە بۆیە بەرلەوەی باس لە دەرەوەی خۆی بکەین پێویستە باس لەو شوێنە شاراوەیە بکەین کە وەک پیاوێکی باشوری کوردستان و پیاوێک کە لە هەناوی کۆمەلگەیەکی باوک سالاری لە دایک دەبیِت و کە نەک باشوری کوردستان بەلکو ڕۆڵەی فێرگەیەکە کە دەرچوی کۆمەلگەی رۆژهەلاتی ناوەراست کە مرۆڤەکان بە ڕەگەزەکانیان پەروەردە دەکەن و گیانی رەگەزی تیا دەچێنن بەلاَم مام جەلال لە ناو ئەم هەموو بیرە تاریک ڕەگەز سالارییە ریگە ی نەدا باوەرەکانی بشێوینی و تیشکی خۆرو روناکی بیروراکانی لە سەر مەسەلەکانی ژنان هەر لە سەرەتای لاویدا بە باوەرەوە لە ئاکارو رەوشت و هەنگاوەکانی دەنەخشێنێت و دەیکاتە

نەخشە ڕێگای ژیانی خۆی وسەرەتا ئەم باوەرە لە ناو خیزانەکەیدا رەنگ دەداتەوە ودەبێتە هاوسەری ژنێک لە (رەنگی گوڵە هێرۆ) خۆشەویستی و راستگۆیی لە ژیانکردن چەکەرە دەکات و لەو گوڵە هێرۆیە ناسنامەی خێزانێک بەرهەم دێنیت کە نامۆیە بە کەلتورو باوەرە باوە پەیڕەو کراوەکەی رۆژهەلاَتی ناوەراست کە دەبێت ژن وەک کارەکتەرێکی کۆمەلاَیەتی وەزیفە و بەرپرسیارێتییەکانی سنووردار بکات و ئەو سنورە نەبەزێنی کە کۆمەڵگا بۆی کێشاوە ،لەگەڵ ئەوەی هاوسەرەکەی کچی خانەوادەیەکی شۆرشگێڕو تیکۆشەری بزوتنەوەی کوردایەتین و قوتابخانەکەی مامۆستای نەمر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە هەمیشە مام خۆی وەک خوێندکارێکی بیروباوەرە نوێخوازییەکانی دەناسێنێت هێرۆخان وەک نوسەرو راگەیانکارو پێشمەرگەی شۆرشی نوی کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بە تایبەتی شۆرشی نوێ قەرزاری نەبەردییەکانییەتی لە تۆمارکردنی مێژوی شۆرشێک کە ئەوە بابەتێکی ترە .بەلاَم ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم ویستگەکان و هەلوێستەکانی مام جەلال ە بۆ ناساندنی باوەرو بەهاکانی لە مەرمەسەلەکانی ژنان و مافە کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی و یاسایی و فەرهەنگی و کلتوری هەوڵی بێوچانی دەداو هانی دەداین خۆرگرو پێداگری مافە زەوتکراوەکانمان بین بە زمانێکی زۆر سادە لە کۆبونەوەکان دەیگوت وەرنە دەرەوەو مافەکانتان لەم سمێڵ بابڕانە بسەننەوەو پێداگیری لەوە دەکرد کە نابێ خۆشباوەربین پێمان وابێت زۆر ئاسانە بەڵکو پێویستی بە هاواروهاتنە دەرەوەی ژنانی پێویستە تا بیسەلمێنن کە هیچتان کەمتر نیە لە پیاوان بگرە زیرەکترو جدیترن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانتان .
مام جەلال وەک پارێزەری مافەکانی ژنان تێدەکۆشا و بە باوەرەوە هەنگاوی بۆ چەسپاندنی دەنا. زۆر بون ئەو دیاردە دزێوانەی بەرۆکی ژنانی باشوری کوردوستانی گرتبون لە وانە بە کالاَکردنی ژنان و کوشتن بە پاساوی

شەرەف پارێزی و هێنانی ژنی دوەم و سێەم و تۆقاندن و هەرەشەی کوشتن و کۆت و بەندکردنیان و پەراوێزخستنی ژنان لە پرۆسەی سیاسی و دانوستانەکان وئەمانەو دەیان پێشێلکاری کە روبەروی ژنانی باشوری کوردستان دەبیتەوە لە ناو ئەم هەموو دیاردە دزێوانەی کە بەرهەمی سیستمی شۆڤینی و رەگەز سالاری بوە پارێزەرێک بۆ ئێمەی ژنان دەبێتە فریادرەس بە دەنگی بەرز هاوار دەکات کە سەردەمی تۆڵە سەندنەوەو پلە دووکردنی ژنان بەسەرچوو ، پێویستە ژنان بپارێزرین لە سۆنگەی باوەربونی بە مافەکانی ژنان گشت هەوڵ و تواناکانی خستە گەڕ بۆ رازی کردنی پیاوانی ئاینی دادوەرو دامەزراوە قەزاییەکان لە گرنگی دەرچونی یاسایەکی مەدەنی بۆ کۆتایی هێنان بەو زولمەی لە سەر ژنان دەکرێت بۆیە بە سود وەرگرتن لەو پێگەیەی لە کاتەدا هەیبوو وەلاَمی داخوازییەکانی ڕیکخراوەکانی ژنانی دایەوەو بوو بە سەرەتایەکی مێژوویی و وەرچەرخانیک لە ژیانی کۆمەلایەتی ژنان بە دەرکردنی دوو بڕیار (٥٩,٦٢) قەدەغەکردنی فرە ژنی و سزادانی ئەو پیاوانەی ژنان دەکوژن بە پاساوی شەرەف پارێزی .دەرکردنی ئەم دوو بڕیارە سەرەتایەکی گرنگ و وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە خەباتی ژنان وهێزو پالنەرێکی گەورە بوو بۆ بزوتنەوەی ژنان لە باشوری کوردوستان .

دەرکردنی ئەو دوو بڕیارە بو بە هەوینی بنیاتنان و داڕشتنی دەیان پرۆژەی ژنان تایبەت بە هەمواركردنەوەی یاساکان بە تایبەت یاسای باری کەسیتی و دواتر هەنگاونان بۆ هەموارکردنی هەندی لە بڕگەو مادەکانی تایبەت بە ژنان لە یاسای سزادانی عیراقی و دەرکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ودالّدەدانی دەیان ژن و ناردنەدەرەوەیان بە نهێنی و هاوکاری ماڵەکانی دالّدەدانی ژنان و چەسپاندنی یاسای کۆتا بۆ زامن کردنی مافی بەشداری کردنی ژنان لە دەسەلاتی یاسادانان (پەرلەمانی کوردوستان) کاندید

کردنی ژنان بۆ پۆستی قایمقام و نوێنەرایەتییەکان ودامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان کە هەولێکی دەگمەنی ئەو سەردەمە بوو ، جگە لەوەی لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردوستان مام جەلال بە حیکمەت و فەلسەفەکانی جەختی لە نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری و پەراوێزخستن دەکردەوەو سەرپەرشتی دەیان کۆبونەوە و کۆنفرانسی بەهێز کردنی پێگەی ژنان ل ناوەندەکانی بڕیارو هێنانە پێشەوەی ژنان بۆ ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردوستان و پشتیوانی کردنی ژنە تێکۆشەرەکانی شۆرشی نوێ لە دامەزراندنی ( یەکێتی ژنانی کوردوستان ) لە ساڵی ١٩٨٩لە شاخ ئەمان مشتێک لە خەرواری هەوڵەکان و تێکۆشانەکانی پیاوێک بە کردنەوەی پەنجەرەیەک بۆ رۆشن کردنەوە و روناکی بۆ شەوە زەنگی ژنانی کوردوستان بەدیهینا .

مالت ئاوا ئەی راستگۆترین پیاوی سەدە جەنابی مام جەلال ئەندازیاری سەلماندنی بەهاکان.

روحت شاد بیت ریبازو باوەرەکانت فەلسەفە و رەوشت بەرزیت دەبیتە پایەیەکی گرنگی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێمەی ژنان دەیکەینە بەرنامەی هەمیشەییمان بۆ بنیاتنانی ئەو کوردوستانەی تۆ تەمەنی خۆت پێ بەخشی لە پێناو دامەزراندنی کۆمەلگەیەکی شارستانی و هاوچەرخ و چەسپاو بە مافە مەدەنی سیاسیەکانی هەردوو ڕەگەز بێ جیاوازی.

# پەیامەکانی ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی تاڵەبانی

**د.یەحیا عومەر ڕێشاوی**

ڕێورەسمی بەخاک سپاردنی جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری پێشوی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ئاماژەیەکی سیاسیانەی بەهێز بوو بۆ یەکدەنگی کورد و ئامادەیی بۆ یەکگوتاریی لە کاتی بونی مەترسی دەرەکی و روبەروبونەوەکاندا، ئامادەبونی بەرپرسانی کورد بە جیاوازی ئایدیاو بیروبۆچون و ئاراستەی سیاسی و فیکریەوە، هاوسۆزی و خرۆشانی کەموێنەی هاوڵاتیانی کوردستان بەجیاوازی ئینتیما و بیروباوەر و شوێنگەی جوگرافیانەوە بۆ لەدەستانی سەرکردەیەکی سیاسی، پەیامێکی کردەیی بوو بۆ ئیمکانی یەکگوتاریی و پێکەوەبون و بەشداربون لە خەمە هاوبەشەکاندا.

ئەم پەیامە بۆ کورد لە ئان و ساتی دەرەنجامەکانی ریفراندۆم و هەرەشەکانی دەوروبەر و مەترسیەکانی ناوخۆدا زەرورەتێکی حەتمیی بوو،دیمەنی ئاپۆرای جەماوەریی بۆنەکە رۆحێکی کردەوە بە بەر گشت ئەو دوودوڵی و راراییانەی کە لێرەو لەوێ وەک جەنگی دەرونیی ئاراستەی بریارە چارەنوسسازەکەی کورد دەکرێت بۆ(بەڵێ)کەی ریفراندۆم و خەونی بە دەوڵەت بون، هەرەشە و رارایی و دوودڵیەک کە هەندێک نان و پیازی پێوە دەخۆن و ئاواتی لەباربردنی پرۆسەکەی لەسەر هەڵدەچنن.

مێژوی هەندێک لە گەلان و ئاین و نەتەوەکان لە یەکدەنگی و یەکگوتاریی و خەمی هاوبەش بەڵگەی بەهێز و واقعین بۆ ئەم داخوازیە حەتمیە لە هێز و لایەنە سیاسیەکان کوردستان و هاوڵاتیانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی،

بەوەی ئەم گەلە دەتوانێت بە ئاواتەکانی بگات و خەونەکانی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی بکاتە ئەمری واقیع، تەنها و تەنها بە هاوخەمی بۆ یەکتر و یەکگوتاریی و یەکهەڵوێستیی لە پرس و بابەتە سیاسیە چارەنوسسازەکاندا.

ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی مام جەلال تەئکیدی ئەو ڕاستیەی کردەوە کە هاوڵاتیانی کوردستان وەک چۆن پارێزگاریی لە نەریتە ئاینیی و کوردەواریەکانیان دەکەن بە ڕێزگرتن لە کۆچکردوان و مردوانیان، بەرامبەر بە خەبات و قوربانیدانی سەرکردەکانیشیان وەفادران و لەگەڵ جیاوازیی بۆچون و ئایدیا سیاسیەکانیشاندا بەشداریەکی حەماسیانە دەکەن، ئەوەشی سەلماند کە هەستی نیشتیمانپەروەریی و سۆزی نەتەوایەتی پاڵنەریانە بۆ دەربرینی ئەم وەفاداریە بەرامبەر بە سیمبولە نیشتیمانیەکانیان.

بە دڵنیاییەوە لە پاش ئەم مەراسیمە ئێستە وێنای کورد لای چاودێران و نەیاران وێنایەکی دیکەیە و هەموان بە حساباتی سیاسیەنەیاندا بۆ شێوازی مامەڵە لەگەڵ کورددا دەچنەوە، ئەو خرۆشانە جەماوەریی و ئەو هاوسۆزیە بەسە بۆ تێگەشتن لە حەقیقەتی داواکانی کورد بۆ سەربەخۆبون و بریاردان لە مافی چارەی خۆنوسین،دیارە بۆ کەسێک کە بیەوێت لە پەیامەکە بگات.

جێی خۆشیەتی ئەم چەند رۆژە لە ئیعلانیکردنی وەفاتی مام جەلال و حزوری سیاسی و جەماوەریی و میدیایی لە مەراسیمی هێنانەوەی تەرمەکە تا ئەسپەردەکردن و پرسەکەدا ببێتە پەیامێکی وریاکەرەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد و بەتایبەت یەکێتی نیشتیمانیی کورددستان لە ئاست وەفاداریی و ئەمەک وحزوریی هاوڵاتیانی کوردستاندا، کە لەگەڵ بونی قەیرانە دارایی و سیاسیەکاندا و لەگەڵ پەرتەوازەیی نێو ماڵی کورددا لە پرسە سیاسیەکاندا، بەڵام هەستی نیشتمانپەروەریی و پاراستنی سیمبول وسەرکردە نیشتیمانیەکان گشت ئەو کێشە و قەیرانانەی تێپەراند، ئەم حاڵەتە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی

مێژوویی لە بەردەم خوا و خەڵکدا بۆ لاکردنەوە لە کێشە و قەیرانەکانی هاوڵاتیان و تۆخکردنەوەی بنەما نیشتیمانیەکانی قوربانیدان و برایەتی و پێکەوە ژیان و سوربون لەسەر وتە مێژویەکەی خاوەنی مەراسیم و پرسەکە کە هەمیشە دوپاتی دەکردەوە ئەویش مەبدەئی "چەپکە گوڵ" ەکەیە، کە زامنی یەکریزی و بنەمایەکی ئاڵتونیەبۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و پێکەوەژیان.

# دڵی کێ گرنگە؟

**د.ئیبراهیم محەمەد جەزا**

لە وتارێکی بەڕێز عادل عبدالمهدی کە لە ماڵپەڕی خەندان بڵاوبووەتەوە لە ٨-١٠-٢٠١٧ دیسانەوە کوردستان و حکومەتەکەی هەر بە هەڵە کردن تۆمەتبار دەکات کاتێک باسی ئاڵاکەی سەر تەرمی سەرۆک مام جەلال دەکات.

ئەوەندە ڕێگە بە خۆی دەدات کە پاش بینینی ئەو دیمەنە لەڕێگەی میدیاکانەوە، بۆیە بڕیار دەدات ڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی بگۆڕێت و بەشداری پێشوازی تەرمی سەرۆک مام جەلال نەکات!

باشە ئەمە تائێستا بیرکردنەوەو ئاستی تێڕوانینی کەسانی بەناو دۆستی کورد لە عەرەبەکان ئاوا بێت ئیتر چاوەڕێی چی بکەین!

بەهەرحاڵ ئەوەی من دەمەوێت بیخەمە پێشچاوی ئەم بەڕێزەو هاوشێوەکانی ئەو، ئەوەیە کە ئەم زمانی خۆبەزلزانین و برا گەورەییە تەواوبوو، چیتر تۆمەتبار کردنی کوردستان و حکومەتەکەی لەناو کوردستاندا جێگەی نابێتەوە.

ئەمەی ئەم بەڕێزە ئاماژەی پێدەدا کە گوایە دەبوو تەرمی سەرۆک مام جەلال بەئاڵای عێراق داپۆشرایە چونکە نزیکەی هەشت ساڵ سەرۆک کۆمار بوو، ئەی بیر لەوەش ناکاتەوە بەو هەشت ساڵەشەوە هەموو تەمەنی مام جەلال بۆ کوردستان کاری کردووە، ئێ خەڵکی کوردستانیش ڕازی نابن جگە لە ئاڵای کوردستان بەهیچ ئاڵایەکی تر تەرمەکەی داپۆشرێت.

ئەم زمانە زبرو نارەحەتەی کە بەمەبەستی درزخستنە ڕیزی کوردەوە هەڵیدەسووڕێنن، لای کوردستانییان ئاشکرا بووەو ئەمە هیچ بەهایەکی نییە! ئەوەی کە ئەم بەڕێزەو هاوشێوەکانی دەینووسن هەرگیز بەمەبەستی خەمخۆری و دۆستانەیی بۆ کوردستان نییە بەڵکو گومانم نییە کە مەبەستیان ئاژاوە نانەوەیە، ئەگینا کە ئەوەندە ئالای خۆتت لا گرنگە دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکەیت کە خەڵکیش ئالاکەی لا بەرزو بەنرخە! یان دیسانەوە هەر بەو عەقڵیەتە کاردەکەن کە ئێمە برا بچووک و گوێڕایەڵەکەی ئەوان بین!

بەبڕوای من یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش نەدەبوو ئەو پۆزشە لەسەر زمانی بەڕێز کاک مەلا بەختیار بهێنێتەوە کە گوایە هەڵەیەک هەبووە لەلایەن لیژنەی پرۆتۆکۆلەوە سەبارەت بە کاری دانانی ئالای کوردستان لەسەر تەرمی تێکۆشەرێکی گەورەی کوردو کوردستانی وەک مام جەلال، بەڵکو ئەوە دروستەو دەبوو هەرواش بێت! ئایا دڵی چل ملیۆن کورد گرنگە یان ڕەزامەندی چەند کەسێکی بەناو دۆستی کوردو کوردستان؟ ئەو دۆستانەی کوردستان هەر ئەمڕۆ کە ئێشتاچەند ڕۆژێک بەسەر ماتەمی سەرۆک مام جەلال تێنەپەڕیووە چەند بڕیارێکی نابەجێی تریان بۆ سەر کوردستان دەرکردووە! ئەمانە هەمووی لەپای ئەوەی کە میللەتێک ڕیفراندۆمێکی ئەنجامداوە کە هەموو دەقە یاسایی و ئاسمانییەکانیش ئەو مافەی داوەتێ و بڕیاریداوە بەسەربەخۆیی بژی و وڵاتێک دروستبکات هەروەک هەموو گەلانی تر! باشە ئەم خەڵکەی کوردستان نایەوێت لەگەڵ ئێوەی بەشێک لە نیشتمانی عەرەبیدا بژی، ئایا ئەمە تاوانە؟ بەکوردی و بەکورتی پێیان دەڵێین هاوڕێیان، برایان، خوشکان ئێمە نامانەوێت لەگەڵ ئێوەدا بژین، ئێ خۆ بە زۆر نییە!

# وەرە هەڤاڵ تۆ مەڕۆ

**د. سامالٚ مانیی (هاوڕێ ڕابی)**

"وەرە هەڤاڵ تۆ مەڕۆ، من و تۆ لێرەوە سەرپەرشتی شەڕەکە دەکەین"

پاش دوو سێ ڕۆژ بە پێ ڕۆیشتن لە تیپی ٢١ ی کەرکوکەوە لەگەڵ نزیکەی١٠٠ پێشمەرگەیەکی پیاودا گەڕامەوە بۆ دۆڵی پڵنگان بۆ بەشداری کردن لەشەڕی بێتواتە لە ١٩٨٣ دا. کە گەیشتین من و یەک دوو لە سەرکردەکانی شەڕەکە چوینە ماڵ/مقەڕی مام جەلال، بینیم مام جەلال لە یەکێکیان زۆر تورە بوو بوو. پاش ئەوەی ئەو رۆیشت، مام جەلال هێور بۆوە و دەستی خستە سەرشانی من و بردمیە ئەو لاوە و ووتی:

"وەرە هەڤاڵ، بە قسەی من بکە و تۆ مەڕۆ بۆ شەڕەکە، من و تۆ لێرەوە سەرپەرشتی شەڕەکە دەکەین"

ماوەی دە دەقە بەردەوام بووم لە پێداگرتن لە بەشداری کردن لە شەڕەکەدا. ئیتر مام جەلال زانی کە پێم ناخۆشە ڕێگای لێگرتووم بەشداری شەڕەکە ببم، ووتی: 'باشە، هەر دەتەوێت بەشدار بیت بەشدار بە، دوو پێشمەرگەمان لا ماوە هەردوکیانت دەدەمێ بیانبە لەگەڵ خۆت بۆ سەرشاخەکە، لەوێ ئاڕ بی کەیەکی لێیە ئەم دوو پێشمەرگەیە لە ئاڕ بی کەی نازانن بەلاّم دەتوانن یاریدەدەرت بن. پارێزگاری مقەڕەکانمان دەدەمە دەست تۆ، ئێمە لێرە پێشمەرگەمان لا نەماوە، هەموومان ناردوون بە هانای ئەوانەوە کە لە شەڕەکەدان. دوێنێ جاش و عەسکەریتر نێرراون بۆشەڕکردن لەگەڵمان و ئێستا بریندارمان هەیە، زۆریش لەو باوەڕەداین حکومەت تەیارەش بنێریت بۆ بۆمبارانی مقەڕەکانمان، حەتمان جاشەکان خەبەریان داونەتێ و دەشزانن

مقەڕەکانمان لێرەن، کە تەیارە هات تۆ لەسەر شاخەکەوە بەرەنگاریی بکە!.
بەوە هەم من بەشدار بووم و هەم ئەویش قسەکەی چوەسەر، ڕازی کردم و لەگەڵ دوو پێشمەرگەی پیاو ڕۆیشتمە سەر شاخەکە .
ئەمە تەنیا بەسەرهات نیە، بەڵکوو ئەمە یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی مام جەلال بوو، هەرکەسێک لەنزیکەوە ناسیبێتی ئەمە دەزانێت. هەڤاڵ مام جەلال دەیزانی چۆن خەڵک ڕازی بکات، ئەمە (زانین) ە لە بواری زانستی سیاسیدا. زانستی خەڵک ڕازیکردن و چارەسەر دۆزینەوە بۆ رازیکردنی دوو تەرەف لە سیاسەتدا گرنگە، هەم لە بەڕێوەبردندا و هەم لە ئاخافتن و پێکهاتنە دیبلۆماسیەکاندا. لەمەش گرنگتر، چۆنیەتی خەڵک ڕازیکردن لەکات و حاڵەتی ڕوودانی ناڕازیبووندا خەسڵەتێکی زۆر پێویستە بۆ هەموو سەرکردەیەکی سیاسی و بۆ هەموو ئەوانەی کە سیاسیکارن گەر لە ئاستی سەرکردایەتیشدا نەبن.
زۆر کەم لەسەرکردە و سیاسیە کوردەکان و ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەم خەسڵەتەیان تیا هەیە، مام جەلال بە چەپک ئەم خەسڵەتەی تیا بوو.
ماڵئاوا بەڕێز هەڤاڵ مام جەلال؛ دامەزرێنەر و سکرتێری گشتی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆکی کۆماری عێراق.
سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەکەی و حیزبەکەی دەکەم، هیوادارم بیرەوەریەکانی و ژیانی ببنە مایەی سەبوریيان.

# مەڕۆ مام مەڕۆ

**د.سامان جلال**

مەڕۆ مام مەڕۆ، وڵاتێک هاتە هەژان، نەتەوەیەک هاتە گریان.مامی هەمووان، هیوای گەلێک، دونیایەک هیوات پێ بەخشیووین.

ئەمڕۆ هەموو دەمانوویست نەڕۆیت،ئەمڕۆ هەمووان دەمانوویست لەگەڵت بین، لێک دانەبڕێن، چونکە دەترسین بێ تۆ شۆرشەکەمان زۆر کز بێت، دەترسین بێ تۆ پێکەوە ژیانمان مەحاڵ بێت، دەترسین بێ تۆ، نەزانین سیاسەت چ قودرەتێکی هەیە، دەترسین بێ تۆ، ئەوەی تۆ رووواندوتە بیشکێنین، دەترسین بێ تۆ، ئەو تەلارەی بونیادتناوە، درزی تێ بکەین و بیروخێنین، دەترسین بێ تۆ هەموو شتێک بین، تەنها وەک تۆ نەبین، بۆیە هەمووومان دەمانویست لەگەڵت بیین، مامی خۆم مام.

ئاخر مام، وڵاتێک...دونیایەک...ئاپۆرەیەک، لەچاوی تۆوە نیشتیمانییان بەسەوزی دەبینی. چاویلکەکەت:- مانای ووردی و دونیابینی و گەشبینی و دوورمەودایی لێ بەدی دەکرا. کۆچانەکەت:- تەرازووی عەداڵەت و چەکوشی دادگاکانی بێ لێ دەدرا. هەنگاوەکانت:- جەسارەت و نەسرەوتن تا سەرکەوتنی، پێ وێنا دەکرا. زەردەخەنەو پێکەنین و قسە خۆشەکانت:- کلیلی دەیان و سەدان گرێ کوێرەو دەرگا داخراوەکان بوون.

دەزانی مام، لەدوا وێستگەدا، دونیایەک پێکەوەیی بوونت بۆ دروستکردین و لەبەرگی تابووتەکەدا (بەئاڵای کوردستان)، یەک دونیا ووزەو هێزو رووسوریت، نەوەک هەر بەئێمە، بەڵکو بەسەرتاپای گەڵەکەمان بەخشی.

مام، مەڕۆ، مام، ئاخر مامێک وەک تۆ چۆن دووبارە دەبێتەوە، دەترسم مامێک وەک تۆ تائەبەد نەبینمەوە، کەچی هەر خۆم وەڵام دەدەمەوە، لەمەدرەسەکەی تۆدا، لێشاوێک گەشبینی دەهۆنمەوە، تەمانا دەکەم، مامێک شان بداتە بەر قوتابخانەکەت و شۆرشەکەمان زێدەدەتر پشکۆ پێ بخات و گڕوتین بەسەربەخۆیی و هەناسەی ئازادی بووندا بدات.

# ئێران دڵسۆزی بۆ مام جلال نیشاندا

**شاکێو جلال**

هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە تا کۆچی دوایی نزیکترین هاوڕێ و پشتیوانی و هاوکاری تەنیا وولاتی دۆست و دراوسێ کۆماری ئیسلامی ئێران بوو،

ئەوکاتەی مام جلال دەستی کرد بەدانانی یەکەمین بەردی بناغەی شۆڕشی نوێ تەنیا هەموو بەرزی و نزمیەکانی بڕی و دواجار لەساڵی ۲۰۰۵ بەپشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران مام جلال گەیشتە پۆستی سەرکۆماری عێراق هەرگیز لەکاتی بوونی کێشە و گرفتێک کۆماری ئیسلامی ئێران پشتگیری لەلایەنێکی شیعە نەدەکرد بەڵکو هەرچیەک مام جلال گوتبای هەر ئەوە ڕاست بوو هەر قسەی مام جلال قسەی کۆتایی بوو لای کۆماری ئیسلامی ئێران،.

ئەوکاتەی هەواڵی نەخۆشکەوتنی مام جلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەساڵی ۲۰۱۲ بڵاوکرایەوە ئێران یەکەمین وولات بوو کەئامادەی نیشاندا بۆ چارەسەری تەندروستی مام جلال چونکە ئێران هەم ئەرکی هاوڕێیەتی و برایەتی و هەم ئەرکی دراوسێیەتی لەبەرچاوگرتبوو تێگەیشتنی هەبوو کە ئەرکەکەی بەرامبەر ئەو سەرکردە مەزنەی کورد کۆتایی نەهاتووە ئەم وەفا و دڵسۆزیەی کۆماری ئیسلامی ئێران تا ساتی کۆچی دوایی و بەخاک سپاردنی بەردەوامی هەبوو،

کاتێک هەواڵی کۆچی دوایی مام جلال دەبێتە سەردێڕی هەواڵی میدیاکانی جیهان سەرکردە و بەرپرسەکانی ئێران یەک یەک پرسە و ماتەمینی و دڵتەنگی و خەمگینی خۆیان ئاڕاستەی هەموو گەلی کورد و تێکڕای گەلانی

عێراق کرد چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر باش مامی گەورەی ئەناسی و ئەیزانی چۆن کەسایەتیەکە هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەکرد،.
بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارەی بەشداری بەرپرسانی وولاتەکەی لەپێشوازی و بەخاکسپاردنی مام جلال دەڵێت هەموو بەرپرسانی وولات حەزیان هەیە بۆ بەشداربوون لەمەراسیمی پێشوازی و بەخاکسپاردن بەلام ئامادەبوونی وەفدێکی بالای کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەرۆکایەتی د.محمد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمەراسیمی پێشوازی تەرمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،.
جگە لەوەش بروسکەی ماتەمینی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران و سەرۆکی پەرلەمانی ئێران و وەزیری دەرەوە و زۆرینەی پەربرسە بالاکانی تری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کۆچی دوایی مام جلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرکۆماری پێشوی عێراق کە ٤٢ ساڵە ئەو ڕێبەرە مەزنەی کوردایەتی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە،.
وەفا و خۆشەویستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەموو ئاستە بالا جیاجیاکان تەنیا یەک ڕاستی دەردەخات ئەویش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێران لەو ڕۆژەی پەیوەندیت هەیە لەگەڵی تا ئەوساتەی لەژیاندایت و لەدوای کۆچەکەشت بەوەفا ئەبێت بۆت نەک ئەوکاتەی ئیشی پێت هەیە دواتر وەلامی سلاوت نەداتەوە لەبەرئەوە زۆر گرینگە سەرکردایەتی یەکێتی لەهاوخەمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هاوڕێ و دۆستی دێرینی ٤٢ ساڵەیان کە بەڕێز مام جلال تاڵەبانیە باش تێبگەن و خوێندنەوەی بۆ بکەن چونکە قازانجی گرینگ و بەرهەمدار لەوەدایە کەتێبگەن ئێران دۆستێکە ئەتوانێت لەهەموو قۆناغێکی ژیان لەگەڵت بێت لەکاتی سەرکەوتن دڵخۆش بێت و لەکاتی تەنگانە هاوکارت بێت.

ئەوەش ئەو جیاوازیەی کە لەساتی مەراسیمی پێشوازی لەتەرمی سەرکۆماری پێشوی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەفڕۆکەخانەی سلێمانی هەستی پێکرا سەرجەم وولاتانی بەشداربوو لەسەر ئاستی باڵوێز بەشدارییان کرد بەڵام جیاوازی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەبوو کە بەوەزیر و باڵوێز و کونسوڵی هەولێر و سلێمانی لەوێ بوون چاوەڕێی ئەوەش لەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێت لەڕۆژانی داهاتوو لەئاستی باڵاتر وەفدیان بێت بۆ بەشداری لەپرسەی مام جلال تاڵەبانی وەک چۆن کۆماری ئیسلامی ئێران بەوەفا بوو بۆ مام.

مامیش هەروا بوو بۆ ئەو وولاتە مانگێک لەمەوپێش سەرەڕای سەختی نەخۆشی بۆ دواجار سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و چاوی بەهەموو دۆستە دێرینەکانی کەوت.

ئەگەر یەکێتی تێگەیشتنی هەبوو درێژەی بەڕێبازی مام دا وەک جەواد زەریف گوتی ئەوا خۆی قازانج دەکات.

# گەورەیی مام جەلال لە دوو خاڵدا

**برایم جەهانگیری _ کەنەدا**

باوەڕ ناکەم کەس لەوانەی ڕەخنە دەگرن بە قەد من ڕەخنەی لە یەکیتی گرتبێ، دۆستێکی گیانی و تەمەنی منداڵیم هەیە کە خەڵکی سلێمانییە و هەڵبەتە خودا هەڵناگرێ ئەگەرچی ئێستا تەمەنی ٦٠ ی تێپەڕاندووە یەکجار دەمارگرژ و ویشکەڕۆیە. ئەو دۆستەم لەسەر ڕەخنەکانم لەیەکێتی هەمیشە ئەوەی دەکردە بەهانە نبۆ هەلاتن لە باسەکانمان کە تۆ دوژمنی سلێمانی ویەکێتی! منیش دەمکوت نا باوەڕ بکە من پتر دۆستی یەکێتیم تا تۆ، تۆ خەریکی یەکێتی بەرەو هەڵدێر دەبەی و مەن خەریکم وشیاری دەکەمەوە.

جا ئەو قسەیەم بۆیە گێڕایەوە تا ئەو دۆستانە بزانن کە من چەندە ڕەخنە گری یەکێتی بووم و ئەوەی منیش دەناسێ دەزانی کە یەکجار زۆرم لەسەر نوسیون بەڵام من هەرگیز لە هەق لانادەم و هەر شتەو لە جێگای خۆی باسی دەکەم.

ئەگەرچی مام جەلال وەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانی بەرپرسایەتی سەرەکی هەمووهەڵەکانی ناو یەکێتی هەیە بەڵام من لەوە دڵینام بەشێکی لە ژێر گوشاری ئەو لایەنە توندڕەوەی ناو یەکێتی دا بووە کە ماکەی شەڕ و ماڵوێرانی شەری براکوژی بوون، دەنا مام جەلال نیشانی داوە کە کەسایەتیەکی کورد و نیشتمانییە.

شەڕی سنوور و جوغرافیا لە مەجلیسی حوکم و قسە و گوتارەکانی سەبارەت بە کەرکووک و سنوری کوردستان وەک چیای حەمرین و وتارەکانی لە پشتیوانی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دوای ساڵەها

شەڕی براکوژی لە نێوان ئەم دووهێزەی کوردستان بەشێکن لەو کارانە کە دەبێ مرۆڤ بە نرخێکی زۆر لێیان بڕوانێ. ئەوە جودا لە کارامەیی سیاسیی و لێزانی ستراتیژی وهەڵبژاردنی تاکتیک دا و چۆنیەتی مامەڵە کردن دەگەل دەوڵەتان و لایەناکان. لە وتارێکی دا کە داکۆکی لە کاک مەسعوود دەکا بۆ سەرۆکی هەرێم، بەتایبەتی ئەمەی کە وا بە حەماسەوە دیفاعی لە بارزانی دەکرد و دەیگوت سەروکی ئێستا و داهاتووشمانە خۆ نانی بەقەرز نەدەدا، خۆ سەوادی دوولایەنە نەبوو دەنا دەبوو وەک ئەمانەی ئەمڕۆی قسەی کردبا کە لە ناو یەکێتی لەڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەدرڕدۆنگی سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی قسەیان دەکرد، نا مام جەلال بەو پەیامەی لەراستیدا کۆتایی شەڕی براکوژی دەگەڵ پارتی بە هەمووان ڕاگەیاند.
ئەگەر لەهەموو ئەو شتانە بگوزەرێین من دوونوکتە بۆ ئەو مەبەستەم هەڵدەبژێرم تا بلێم بەسە بۆ ئەوەی مام جەلال لای من هەر وا بەگەورەیی دەمنێتەوە.
١- بۆ وەستانی شەڕی براکوژی وێڕای نەرمی نواندنی کاک مەسعوود بۆ کۆتایی هاتنی شەڕی کورد کوژی ، ئەوە مامجەلال بوو کە خۆی چووە لای کاک مەسعوود و هەر بەو چوونەشی ئاوێکی بەو ئاگرە داکرد کە ساڵەها بوو جوولانەوەی کوردی لە باشوور پێوە دەسووتا. چوونی مام جەلال لەو کاتی دا ئەگەر کەسێک لە یەکێتی نیشتمانی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەویژدانەوە بیگێڕێتەوە ئەو کاتیش دەگەڵ موخالیفەتی توندرەوەکانی ناو یەکێتی بەرەوڕوو بوو بەڵام بڕیاری مام بۆ کۆتایی هاتی یەکجارەکی شەڕی براکوژی ودابینکردنی وئاشتەوایی بڕیاڕێک نەبوو بەو موخالیفەت کردنانە بوەستێ.
٢- کاک ئاسۆ کەریم دەنووسێ لە ٢٠٠٤ لێژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دەچنە لای مام جەلال و سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم

داوای هاوکاری لێدەکەن و ئەویش بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیان دەداتێ، پاشان کە ئەندامانی لیژەنەکە دەیانەوێ خوا حادفیزی لێ بکەن لە وڵامی سەرنجێکی کاک شەماڵ حەویزی دا مام جەلال دەلێ: " کێ دەوڵەتم بۆ دروست بکا ئەمن پێشمەرگەی ئەوم".
بەڵێ هەندێ شت هەن و هەندێ قسە و کردەوە هەن کە مەزنایەتیان لە پێوان نایە، من هەرگیز بە ڕق و نەفرەتەوە سیاسەت ناکەم و قۆنتراتیشم بۆ سیاسەت و بۆ بیرکردنەوە دەگەڵ کەس نەبەستووە، ئەوەی ئێوە لەسەر یەکیتی دەیزانن منیش دەیزانم، بەڵام یەکەم هەرشتەو لە جێگای خۆی و دووهەم هیچ سەرکردەیەک نییە کە هەڵەی نەکردبێ و ئەوەی لای تۆ موقەدەسە لای خەڵکی دیکە وەک تاوانبارێک سەیر دەکرێ، با ئەو نەریتە ببڕیتەوە و هەموو شتێک بە چاویلکەی حیزبییەوە سەیر نەکرێ، با ڕێز لە سەرکردەکانمان بگرین لانی کەم لە کاتی کۆچکردنیان و ماڵئاواییان دا.
یاد و ناوت هەر وا بە زیندووی دەمێنێتەوە مامی کوردان.

# مام جەلال و پرسیارێک

**ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد**

لەڕێ و ڕەسمی ناشتنی تەرمی سەرۆک مام جەلالدا، هاوڵاتییەکم بینی؛ گەلێکجاریتر لەناوچەی گەرمیان بینیبووم، دەمزانی جەنابیان گەرمیانیین، بەڵام نەمدەزانی ناوی چییە؟ دواندم و لێمپرسی: لەکوێوە هاتوویت؟ وتی "لەگوندێکی دوورەدەستی خاوەن ئەنفالی گەرمیانەوە هاتووم. تەنها لەبەر خاتری مام جەلال هەرچی سەروەت و ماڵ و منالم هەیە جێمهێشتووەو هاتووم بۆ ئێرە" لێمپرسییەوە: تائێستا لەنزیکەوە مام جەلالت بینیوە؟ وتی "نەبەخوا نەمبینیوە... تەنانەت گوندەکەشمان کارەبای نییە تاکو بڵێم لەتەلەفیزیۆن بینیومە... بەڵام تەنها لەبەرئەوە هاتووم پیاوێکی زۆرزان بوو، تاکو نەخۆش نەکەوتبوو وڵات ئارام بوو". دوای ئەو دوو پرسیارە لەئەو هاوڵاتییە گەرمیانییە. لەخۆمم پرسی ئەم هەموو خۆشەویستییە بۆ مام، لەپای چیدێت؟ وەک دەگوترێت "گەورەکان نامرن". ئەگەر جەستەی مام جەلال بخەینە جیهانێکیترەوەو تەنها بیر لەنوسین و سیاسەت و دنیابینی و خەبات و قسەخۆشەکانی بکەینەوە، مام جەلال هەمیشە ئامادەیە لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و نەتەوەیی ئێمەداو دەکرێت سەرۆک مام جەلال خالی بەهێزی ئێمەش بێت لەسیاسەت و کارکردن ئایندەدا. ئەم ئامادەگییە بەردەوامەی سەرۆک مام جەلال لەگەڵ ڕۆحی تاک و میللەت و تەنانەت گەورەبوونی پێگەی سەرۆک لەئاستی دەرەوەشدا، پەیوەندی نییە بەژمارەی ساڵ و زەمەنی خەباتەکەوە. بەڵکو پەیوەندی هەیە بەجۆرێتی خەباتەکەوە لەمێژووی زیاتر لەشەش دەیەدا. چونکە سەرکردەی زۆر هەیە لەجیهاندا کە

زیاتر لەسەرۆک مام جەلال ژیاوە، لەبەرئەوەی کارەکانی جێگەی ستایش نییە، هەرزوو ونبوو لەبیرکرا. بەواتایەکیتر؛ ئەوە زۆری ژمارەی ساڵەکان نییە سەرۆک مام جەلالی خۆشەویستکردووە لەچاوی هاوڵاتیان و جیهاندا، بەڵکو ئەوە گرنگی ئەو بابەتانەیە کە لەماوەی ئەو شەست ساڵەدا مام جەلال ئیشی بۆکردووە. بۆنمونە سەرۆک خۆی دەڵێت "حافز ئەسەد پێیوتم ئەگەر دەتەوێت لەلای سەرکردەکانی عەرەب خۆشەویست بیت و پەیوەندیت بەردەوام بێت، واز لەوشەی دیموکراسی بێنە. چونکە سەرکردەکانی عەرەب خۆشییان لەو وشەیە نایەت" بەڵام مام جەلال تادواچرکەی ژیانی دیموکراسی بەمافی تاک و گەلان دەزانی و پێداگری لەسەر دەکرد. ئەوەی مام جەلالی خۆشەویست کردووە لەلای هاوڵاتیانی کوردستان و ئەو ڕۆحە جوان و پڕ جەماوەرەی پێبەخشیوە، ناوەڕۆک و گرنگی ئەو پرسانەیە کە مام جەلال تەمەنی خۆیی پێبەخشیوە. کە مام جەلال داوای ئازادی دەکات؛ ئەوە خەونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشە. کە مام جەلال یاسای قەدەغەکردنی فرەژنی قبوڵدەکات و ئیشی پێدەکرێت؛ ئەڵبەت ئەوە خەون و هەوڵی ڕێکخراوەکانی ژنانیشەو پێی دڵخۆش دەبن. کە مام جەلال دەچێتە بەغداد؛ شەڕی هەموو عەرەب دەکات و لەمافەڕەواکانی کورد خۆشنابێت و ژیانی هاوڵاتیان بەرەوپێشەوە دەچێت. میللەت جێدەستی دەنرخێنێت. بۆیە ئەوەتا دەگوترێت "تاکو مام مابوو وڵات خۆشبوو لەهەموو ڕوویەکەوە". کە مام خەمی میدیاکاران بەخەمی خۆی دەزانێت و لەگەڵ ئەوەدابووە کە زانیاریان پێبدرێت؛ ئەوکات ڕاگەیاندنکارانیش خۆشیان ویستووەو بەشێکبوونە لەو خەونەی مام. ئەمانەو چەندان وێستگەو ڕێگایتر لینکی پەیوەندی سەرۆک مام جەلال بووە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. زۆرینەی ئەو کەس و تاکانەی لەپێشوازی تەرمی سەرۆک مام جەلالدابوون، نێوەندێکی تەمەنی زۆریان لەگەڵ تەمەنی مام هەیەو تائەو ئەندازەیەیش لەگەڵ مام نەژیابوون کە ئاشنای بیرو کردارەکانی مام بن.

بەڵکو خاڵی بەهێزی ئەو هاوارو گریانە بۆ خۆشەویستی مام؛ لەڕێگەی کردەوەو بیرکردنەوەکانییەوە بووە لەپێناو میللەتی کوردو کوردستاندا. ئەگەر بۆ خۆشویستنی مام جەلال لەلایەن هاوڵاتیانەوە؛ ساڵان و مانگان بکەینە پێوەری ئەو هەموو خۆشەویستییەی لە٦ ـ١٠دا لەدەباشان بینیمان. ئەوا مام جەلال پێویستی بەزیاتر لەسەدەیەکیتر تەمەن دەبوو بۆ نزیکبوونەوە لەو سەدان هەزار هاوڵاتییەی لەناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتبوونە دەباشان. بەڵام ئەوە مێژووی مام جەلال و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و کاریزمایی سەرۆک مام جەلالە ناچارمان دەکات خۆشمانبوێت و بەڵێن بدەین لەسەر ڕێبازەکەی بەردەوامبین. نەک ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی.

# مام جەلال گەردوونی بوو

**مستەفا شێخ محەمەد**

یەکەمجارە گەلی کوردستان لە مێژوی دورو نزیکیدا سەرکردەیەکی جیهانی بەخۆیەوە ببینێت، کە چەند خەسڵەتێک بەیەکەوە گرێبدات لەیەک کات، پێشمەرگەو رۆژنامەنوس و پارێزەرو دیبلۆماتکارو دیموکرات و ئاشتیخوازو سەرکردەیەکی جیهانی ئازادیخوازیش بێت.

مام جەلال لە شۆرشگێرێکی نەناسراوی ناو شاخ و داخەکانی کوردستانەوە، بزێویەکی گەورە دەکات و لە پەنجاکانەوە رودەکاتە میسرو لەوێوە، بناغەکانی گەردونی بونی کارەکانی دادەنێت، دواتر بەدونیادا دەگەرێت بانگ لە خەڵکی جیهان دەکات، بۆ ناسینی کێشەیەک.

لە سوریادا پشتیوانی حافز ئەسەدو حکومەتەکەی بۆ کورد مسۆگەر دەکات، بەجۆرێک تواناى دەستپێکردنەوەی شۆرش گەرەنتی بکرێت، مامجلال رۆڵێکی بنچینەیی دەگێرێت جگە لە کوردانی باشور، کوردانی پاچەکانی دیکە لە سوریادا، پەنابدرێن بۆ ئەوەی شۆرشی کوردستان بەردەوام بێت، ئەمە بە جۆرێکە ئەم وڵاتە دەبێتە شادەمارێکی گرنگ لەژیانی جوڵانەوە شۆرشگێریەکانی کوردستان..

سەرەرای هەموو ئەو دۆخە ناهەموارەیی، لەدژی کوردان بەرێوەدەچوون، مام جەلال وەک خەباتگێرێی بزێو لەناو گەلیکی (زۆرینە نەخوێندەوار) کە دەوڵەت نەتەوەکان برستی هەموو جوڵەیەکی لیبرى بوو، دەستدەکات بە خەبات، بەدانایی قەڵەمەکی لەناو گەلەکەی خۆی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەستپێدەکات.

دواتر دەبێتە دیبلۆمات و دانوستانکارو پارێزەری مافەکانی گەلی کوردستان، یەکێک لە دیارترین کەسایەتیەکانی کورد لە کۆتای پەنجاکان دەبێت، تا نسکۆی ١٩٧٤ کە هەموو کورد بەتەواوەتی توشی نائومێدی دەبێت، مامجەلال ناگاتە (عەبەسە وەتەولەو) نایەوێت لە دۆخی شکست ببێتە مەلاو دەستپێدەکاتەوە.

لە ١٩٧٥ بەدامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە دروشمی (یان کوردستان یان نەمان) ١٦ ساڵ دەبێتە ڕابەری شۆرشێکی خوێناوی، روبەروی بەعس دەبێتەوە، لەگەڵ دەیان ڕێگری و کۆسپی زۆری کوردستانی، روبەروی دڵرەقترین دوژمن، تا ١٩٩١ بەعس لە کوردستان ڕادەماڵ درێت.

مام جەلال دوای نزیکەی ٥٠ ساڵ لە خەباتکردن، دەگاتە لوتکەی حوکمڕانی و دەبێتە سەرۆک کۆماری عێراق، بەپێچەوانەی ئەوانەی نەیانناسی بوو، دەبێتە چەتری کۆکردنەوەی عێراق و لەماوەی سەرۆکایەتیەکەی لە عێراق نازناوی (صمام امان)ی پێدەدرێت، لەپای هەوڵەکانی لە بەرقەرارکردنی ئاشتی لە عێراقدا، لەو عێراقەی کە هیچ کەسێک ناتوانێت وەک کەسایەتیەکی دیموکرات و ئاشتیخوازێک تێیدا رێبەرایەتی سیاسی بکات.

ئەوەش دەرفەتێک دەبێت، کە مام جەلال تێیدا کێشەی گەلی کوردستان دەگەینێتە ئەو جێگایەی کە ئیدی هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، خۆشی دەبێتە پرێزەری داوایەیەکی هەق و ئەندێشەی سیاسی خۆی بۆ کێشەکانی ناوچەکە بەکاردێنێتە، بەجۆرێک ئەو مام جەلالە دروستدەبێت کە هیچ کەسێک ناتوانێت لە وەسفکردنی بۆی بەداخ نەبێت کێ دەتوانێت نەڵێت خەسارەتێکی گەورە بو ئاشتیخوازێکی گەورەمان لەدەستدا، شانازی دەکەین بەهارێیەتی...هتد ئەو ڕستانەن کە لە دەمی سەرکردە گەورەکانی جیهان

دەردەچن بۆ کەسایەتیەکی کورد، لە ناوجەرگەی ئاشوبی رۆژهەڵاتی ناوەراست.
مام جەلال لە کوردستاندا هەرچەند گیرۆدەیی ئەقڵیەتی کۆنەخوازی دەبێت، بەڵام دەیەوێت ئەو دەرفەتە مێژویەی نێوان ٢٠٠٣_ ٢٠١٢ لە عێراق بقۆزێتەوە بۆ بوژانەوەی کوردستان، چونکە لە روانگەی ئەو گەشەکردنی کێشەی کورد یەکسانە بە بەرەوپێشچونی کۆمەڵگاو کرانەوە، لەم ماوەیەی مام جەلال لە بەغدایەو پارێزەری داواو مافەکانی خەڵکی کوردستانە، جگەلەوەی لەم ماوەیە سەدان رۆژنامەو گۆڤارو چالاکی مەدەنی و ئابوری و ئاوەدانی لە کوردستان بەرێوەدەچن و شێوەیەکی دیکە بە ژیان دەدەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەیە، بەدەیان ملیار دۆلار دەڕژێتە هەرێمی کوردستان و بەماوەیەکی دیاریکراو، گۆرانێکی گەورە دروستدەبێت، لە هەموو روێکەوە، لەپاڵ ئەوەشدا مام جەلال دەبێتە پارێزەری خانوە قورەکان و رۆژنامەنوسان و تەنانەت ئۆپزسیۆن گەشە دەکات، مام جەلالیش لەپاڵ ئەرکەکانی خۆبەخشانە دەبێتە پارێزەریی تەنانەت رکابەرە سیاسیەکانی.
بە هەموو پێوەرێک مام جەلال کاریزمایەکە، کە لە پێشمەرگەیەکەوە کە قەدەغە بوو لەو وڵاتەکەشی بژیێت گەیشتۆتە، سەرۆکایەتی وڵات و لە جیهاندا ناوبانگێکی سەنگینی و گەردونی هەبوە، بۆیە مام جەلال چەندە کورد بوبێت هێندە زیاتر مرۆڤانە رەفتای کردوە، بەمەش بۆتە مرۆڤێکی گەردونی لەگوندێکی شارۆچکەی کۆیەوە، بەرەو دورترین سنورەکان رۆیشتوە.

# دوای جەنابی مام جەلال

**هەژار نامیق**

دوای ئەم کۆستە گەورەیە کە بەرۆکی کوردستانی گرت ئەرکی ئێمە سەخت و قورستر دەبێت لەبەر ئەوەی کاریزمایەتی جەنابی مام کێشەکان چەند گەورە بونایە لە حزوریی مام بچوک دەبونەوە ، هەروەک چۆن هاوڕێەکی مام دەیگێڕێتەوە کاتێک کێشەیەک دەهاتە پێشەوە مام دەیووت بە کەسایەتی مام جەلال چارەسەری بکەم یاخود کورسیەکەم ، ئەمە خۆی لە خۆیدا کاریزمایەتی و گەورەیی هەڤاڵ مام جەلال دەردەخات ، مردن لە ڕێگای هەمووماندایە بەڵام وەفاتی هەندێک کەس کارەساتێکە کە بە ووشە پێناسە ناکرێت.

یەکێتیەکان ئەوە باش دەزانن کە لە ئامادەیی جەنابی مام چۆن هەموومان لە دەوری مێزەکە کۆدەبوینەوە و چەند کێشەش هەبووایە ئەوا بە ئاسانی چارەسەر دەکرا یەکێتی بە بۆچونی جیاواز ناسراوە تاکە حیزبێکیشە کە زۆرترین بۆچوونی جیاوازی تێدایە و لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەم ساتەوە ختە بە یەکگرتنی چەند لایەنێک و ئاڕاستەیەکی جیاوازەوە دروست بووە ، ئێمە ئەگەر ئەمانەوێت لە سەر ڕێبازی چەپکە گوڵەکە بەردەوام بین ، ئەگەر ئەمانەوێت بەردەوامی بەڕێبازەکەی مام بدەین ، ئەگەر ئەمانەوێت یەکێتی بۆ خەڵک بێت و خەڵکیش بۆ یەکێتی بێت پێوستە بە خۆداچوونەوەی تەواو بکەین ، پێویستە کە تەنازول بۆ یەک بکەین و ڕێز لە بۆچوونە جیاوازەکان بگرین و سوودیان لێ وەربگرین بۆ بەرەو پێشبردنی کایەی سیاسیی و بەردەوامی دان بە خزمەتکردنی خەڵک ، یەکێتی دەریایەکی خوێنی

داوە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ، با چیتر یەکێتی لە پێناو کەسێک و دوو شپرزە نەبێت کێشە شەخسیەکان با تێکەڵ با کایەی سیاسی و حیزبی ئێمە نەبێت ، ئەگەر ئەمانەوێت ڕۆحی سەرۆک مام جەلال ئاسودە بێت پێویستە بە کردار ئەوە بکەین و بیسەلمێنین نەوەک بە دووبەرەکی و جیابوونەوە و وازهێنان ، لەبەر ئەوەی وازهێنان جۆرێکە لە بێدەسەڵاتی و پشووکورتی .

با فەرمایشتەکانی سەرۆک مام جەلال لە بەر چاو بگرین ، ئۆرگانەکانی یەکێتی لە خوارەوە کێشەیان نیە بەڵام بەڕاستی پێویستە نوێیان بکەینەوە کادیر و ئەندامی زۆر چالاک و لێهاتوومان هەیە کە پەراوێز خراون ، سەدان کەسایەتی سیاسی زیرەکمان هەیە کە ئەکرێت گوێیان لێبگرین نکۆڵی لەوە ناکرێت کە یەکێتی سەردەمی هەڤاڵ مام جەلال جارێکی تر نابێتەوە بەڵام ئەتوانین لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بین با یەکبگرین و پێکەوە دەست بخەینە ناو دەستی یەک چەپکە گوڵەکە لە دەستی مام وەربگرین و بەردەوامی پێ بدەین با خزمەت بە خۆمان و خەڵک بکەین، با چیتر بەرژەوەندی کەسی نەبێتە هۆی بچوککردنەوەی یەکێتی و لەناوبردنی ، سەرۆک مام جەلال فێری کردین ئەکرێت لە کەسێکی بچووکەوە بگەینە بەرزترین ئاستی باڵای دەسەڵات فێری پشوو درێژی ببین لە سەرۆک مام جەلال .

خۆمان ڕێکبخەینەوە هەمووومان گلەیی دەکەین لە حکومەت و ڕەخنە لە یەکێتی ئەگرین ئەوەمان لەبیر نەچێت چاکی و باشی یەکێتی خزمەتی بە خەڵک کردووە و هەرکاتێک یەکێتی نەخۆش بووبێت خەڵک و خزمەتگوزاری پەکی کەوتوە ، هەر بۆیە جارێکی تر دووبارەی ئەکەمەوە با دروشمی ((نەسرەوتن تا سەرکەوتن)) بڵێینەوە و چەپکەگوڵەکەی مام لە ئامێز بگرین

هەر هیچ نەبێت لەبەر ئەو هەموو خوێنەی لە ڕێگای ڕزگاری کوردستان داومانە لە پێناو ئاسودەیی ڕۆحی سەرۆک مام جەلال ..

ڕۆحت شاد بێت سەرۆک مام جەلال بەڵێن ئەدەین کە یەکێتیەکەت بمێنێتەوە و برینەکان سارێژ بکەین..

# ٧٣ ساڵ خەبات

**عەبدولواحێد محەمەد**

لەو رۆژە رەشەی مامی مامان ژیان ئاوایی کردووە، جۆرەها بیروبۆچونمان لەسەر خەرمانی خەباتی ئەو روحە پڕ لە مهر و خۆشەویستیە بیستوە، دیارە هەرچی وترابێت راستگۆیی تێدایە، بەڵام زۆر زۆر کەمترە لەو بەخشندەییەی ئەو کەڵە سیاسیە پێشکەشمانی کردووە، دڵنیام تا (١٠٠) ساڵی تریش هەر بوترێت و بوترێتەوە هێشتا بە پێزی و پڕ لە پڕشتی هەر تێدا دەمێنی، دەکرێ و دەشێت هەر رێباز و بەردەباز بێت بۆ ئەو ئاوات و ئامانجانەی کە کورد و کوردستان روبارێک خوێنی بۆ بەخشیوە، ئەوەی بەلای منەوە لەچەند رۆژی رابردوودا جێگەی هەڵوێستەکردن بووە، سیاسیەکان و کەسایەتیەکان هەر یەکەو بەشێوەیەک ئاماژە بەخەباتی مامی کوردان دەدەن، یەکێک ئاماژە بە نیو سەدە خەبات دەکات، یەکێکیتر دەڵێت مام (٦٠) ساڵ خەباتی بۆ نەتەوەکەی کردووە، یەکێکیتر لەولاوە دەڵێت (٧٠) ساڵ خۆنەویستی و بەرخودان، پێویستە بوترێ خەملاندنی خەباتی سەرۆک مام بەو شێوەیە، جۆرێک لەناهەقی تێدایە بگرە بۆ پیاوێکی وا مەزن و گەورە دەبێت چر بەچرکەی بۆ حساب بکرێت، ناکرێت هەر ژمارەیەک خۆت بەدڵت بێت بیڵێی، لەراستیدا رابەری کوردایەتی زۆر زوو نیشانەی ئەوەی پێوە دیار بووە کە کەسێکی ئاسایی نیە بگرە بەهرەیەکی ناوازە لە ناخیا هەیە، بۆ سەلماندنی ئەو راستیە من پێش (٢٢)ساڵ کە ئەو کات بەرنامەی پەیامی مامۆستام لە هەردوو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان -هەولێر و رادیۆی دەنگی مەڵبەندی سێی هەولێر پێشکەش دەکرد، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ خوا لێخۆشبوو (محمد

خچر) کە یەکێک بوو لە هاوتەمەنەکانی جەنابی مام، کرد،لە چوارچێوەی چاو پێکەوتنەکەدا دەربارەی مام ئاماژەی بە یەک زانیاری زۆر گرنگ دا، لەو بارەیەوە وتی من لەگەڵ مام بەیەکەوە لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوون، کە ئەو کات تەمەنمان تەنها (١٠)ساڵ بوو، لەوانەی خوێندنەوەی عەرەبی ( القراءە العربیە) بابەتێک هەبوو بەناوی ( نفگ العرب للعرب) ، مامۆستا ناوونیشانەکەی لەسەر تەختە رەشە نوسی، ئینجا داوای لە خوێندکارەکان کرد بەنۆرە بیخوێننەوە کە نۆرەی مام هات، چوە بەردەم تەختە ڕەشەکە و وتی (( نەوتی خۆمان بۆ خۆمانە)) ئەم خوێندنەوەیە سەرنجی مامۆستا رادەکێشێت، چەند جارێک پێی دووبارە دەکاتەوە، ئەویش هەر سور دەبێت لەسەر خوێندنەوەکەی خۆی، زیاد لەوەش رونیشی دەکاتەوە کە بۆ بەو شێوەیە دەخوێنێتەوە، لەسەر رونکردنەوەکەش مامۆستا لە مەترسی ئەو بیرو بۆچونە ئاگاداری دەکاتەوە، بەڵام سودی نابێت چونکە لەلایەن مامەوە ئەوە راستیەکی نەگۆڕ بووە، بۆیە بەمشێوەیە و بە دەربڕینی ئەو راستیە ساغدەبێتەوە مام هەر لە تەمەنی(١٠)ساڵیەوە خەباتی سیاسی کردوە بە بەراورد بە تەمەنی خۆی زۆر گرنگ بووە ئیتر دەبێت کۆی خەباتی مام بە (٧٣) ساڵ بەرجەستە بکرێت، چیتر نابێت ژمارەی جۆراوجۆر بخرێتە رو، بەراستی بە تاوانی دەزانم هەرکەسێک بە مەبەست یان بێمەبەست بەشێک لەو زەمەنە پڕ بەهایە کەمبکاتەوە.

# نان و ئازادی بۆ ئەدیب

**قوبادی جەلیزادە**

محەمەد موکری - چیرۆک نووس و رۆمان نووس و شاعیرو شێوەکارو وەرگێڕو رۆژنامە نووس - و...وەک من لەنزیکەوە ناسیبێتم ، کە هاوڕێی تەمەن بوو ، نە جەلالی بوو ، نە یەکێتی نیشتمانیی . موکری نوسەرێکی ئازادی خوازونوێگەرو رکابەر بوو ، کەلەشار بوو لەگەڵ دەسەڵاتدا هەڵی نەدەکرد ، لەشاخیش درێژەی بەو رکەبەرییەی دا .ئەو لەکایەکدا دەگەڕا ، ئازادانە تێیدا بنوسێت و دەنگی خۆی تێدا هەڵبڕێت.

کەبڕیاری دا ببێت بەپێشمەرگەی نووسەر یان نووسەرێکی پێشمەرگە ، ئەو شاخ و دۆڵ و هەڵەتانەی هەڵبژارد ، کە سەنگەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون ، چونکە پێی وابوو بەتەنێ ئەوێ و لەوێدا دەتوانێ لە نوسینەکانیدا بیروڕای ئازادو بۆچونی جیاواز پیادە بکات ، لەویش - پێی وابوو - پتر لە سێبەری خودی بەریز مام جەلال خۆیدا. لەسایەی بۆن و بەرامەی چەپکە گوڵەکەدا.

موکری کە لەشاخدا ، رۆمانی « سەگوەر>> ی بلاو کردەوە بوو بەهەرایەک ، ئەوسەری نەبێتەوە ، موکری بە بەبڵاو کردنەوەی ئەو رۆمانە وەک نووسەرێکی پووچگەرایی ودوژمن بە شۆڕش ، مامەڵەی لەگەڵدا کرا ، بەوە تۆمەتبار کرا کە سووکایەتی بە شۆڕش و پێشمەرگەو شەهید و قوربانیدان دەکات. لاوەکان لە خەباتو شۆڕشگێریی سارد دەکاتەوە. ئەم تۆمەتانە سەرەتا لەناو توێژی نوسەرو ئەدیب و سیاسەتمەدارەکانی ناو شۆڕشدا سەری هەڵدا ، پاشان وەک ئاگری بڵێسە سەندووی ناو پوش و پەڵاش ،

تەشەنەی کردوو پەڕییەو ناو تەواوی پێشمەرگە کانی شاخ وتەنانەت ڕێکخستەنە نهێنیەکانی شاریش .
زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەو دەمە بەحوکمی نەبوونی ژمارەیەکی ماقوڵ لەرۆمانەکە
و بە حوکمی نەخوێندەواری بەشێکی پان و بەرینی چەکدارەکان ، ڕۆمانەکەیان نەخوێندبۆوە ، بەلام لەهەموو ئەوانە توورە تر بوون ، لەهەموو ئەو توێژە خوێندەوارو نووسەرو ئەدیبانەی کە ڕۆمانەکەیان خوێبدبۆوە.
موکری کوشتن ، لەبەر دەمارگیری نەتەوە پەرستی کوردایەتی و کەف وکوڵی شۆڕشگێڕیەتی ، بوو بە خولیای زۆریک لەو پێشمەرگانە .ئیدی وەک کورد دەڵێ : ئەوەی موکری بکوژێت دەستی کەسک دەبێت.
ئەم لافاوی رق و کینەی ، کە دەرحەق بە موکری ، هەستی پێشمەرگەکانی غەرق کردبوو ، بەرهەمی نوسەرو ئەدیبەکان و سایسەتمەدارەکانی ناو شۆڕش بو پەریبۆوە نێو ڕیزەکانی پیشمەرگە سادەو ساکارەکان.
ئەگەر مام جەلال فریای موکردی نەکەوتایە ، ئەوا ئیستا یادی موکریمان وەک یەکەم شەهیدی شاخ ، لە پێناو بیروڕای ئازادا ، یاد دەکردەوە.
مام ، بەو نوسەرو سیاسەتمەدارو پێشمەرگانەی گوت :
موکری بەچی لیی داون بەوە لێی بدەنەوە ..
بەچەک لیی داون یان بە قەڵەم ....
گوتی ئێ .. کەواتە بەقەڵەم وەلامی بدەنەوە.
ڕۆمانی سەگوەر و بانگەوازەکەی مام ، دروشمێکی تازەیان لەشاخ داهێنا ( نان و ئازادی بۆ ئەدیب )
کەواتە دروشمی نان و ئازادی بۆ ئەدیب ؛
ڕۆمانەکەی موکری و هزری ئازادی خوازی مام جەلال ، بەرهەمیان هێنا.

# هەوڵێکی تیرۆرکردنی سەرۆک مام جەلال یەکێک لە یادەوەرییەکانم بۆ مێژوو

**د. زریان عوسمان**

پاییزی ١٩٨١
خڕی ناوزەنگ
کاتژمێر ١٠:٠٠ی بەیانی بوو لە نەخۆشخانەی شۆڕشی قوڵەهەرمێ بووم، لەگەڵ هاوڕێکانم خەریکی چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارەکان بووین. مام جەلال کە بارەگای لە نێوزەنگ بوو پێشمەرگەیەکی دەستەی خۆی ناردبوو بەدوامداو وتی کاری پەلەی پێتە، منیش دەستبەجێ لەگەڵی چووم.. کە چوومە ژورەوە مام پیاوێکی باریکەڵەی تەمەن سی ساڵێکی لەگەڵ دانیشتبوو. مام جەلال پێیناساندم و وتی ئەمە "د.ف"ـە با بۆ خۆی چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە.
ئەو دەستیپێکردو وتی: من دکتۆرام هەیە لە نەخۆشییەکانی هەناوی. لە ئەڵمانیا لەسەر کوشتنی ژنە ئەڵمانیەک ١٢ ساڵ حوکمدرابووم و لە بەندیخانە بووم. رۆژێکیان پیاوێک کە نەمدەناسی داوای چاوپێکەوتنی کردبووم لە بەندیخانە. پیاوەکە عەرەب بوو و پاش هەواڵ پرسین بە دەنگێکی نزم وتی کە ئەو سەر بە موخابەراتی عیراقیەو هاتووە دەربازم بکات لە بەندیخانە بە مەرجێک کە کاریان بۆ بکەم. منیش کە بێ هیواو خەمناک بووم و لەجیاتی بەسەربردنی ١٢ ساڵ لە بەندیخانەیەکی ئەڵمانی بێ ڕاوەستان قبوڵم کرد..

پێیوتم خۆت شێت بکەو ئێمە وادەکەین بتگوازینەوە بۆ نەخۆشخانەی دەروونی و لەوێشەوە ئەتدزین بۆ دەرەوە.
پاش چەند رۆژێک پلانەکەمان وەک دارێژرابوو بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا. کاتێک بەخۆم زانی لە سەفارەتی عیراق بووم و لەوێشەوە پاسپۆرتی دیبلۆماسیان بۆ کردم بە ناوێکی ترو هەتا ناو فرۆکەش لەگەڵم بوون و راستەوخۆ بۆ بەغدا. ساڵانێکی زۆربوو ماڵی باوکم لە بەغدا بوو لەگەڵ دایکم لەوێ دەژیان.
پاش چەند رۆژێک پشوودان، موخابەرات هاتن بەدوامداو منیان برد بۆ لای "فازل البراک". لە ژوورەکەی دانیشتم پێیوتم کە منیان تەنها بۆ یەک کار دەوێت و بۆ تەنها یەک مەبەست منیان لە بەندیخانەی ئەڵمانیا دەرباز کردووە. ئەگەر ئەو کارەمان بۆ ئەنجام بدەیت ئەوا یەک ملیۆن دینارت دەدەینێ. "یەک ملیۆن دیناری ساڵی ١٩٨١ دەیکردە زیاتر لە ٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی" هەروەها بەڵێنیان پێدام کە نەخۆشخانەیەکی تایبەتم بۆ دابنێن لە بەغدا. ئەگەرکارەکەشیان بۆ نەکەم یان ناپاکیان لێبکەم ئەوا دایک و باوکم لە بەغدا لەبەر دەستی ئەوان دەبن وەک بارمتە.
ئەرکەکەیان بەوردی بۆ باسکردم کە بەمشێوەیە بوو:
لەبەرئەوەی ماڵی ئێمە خزمایەتیمان هەیە لەگەڵ ماڵی مام جەلال، بەئاسانی بڕوام پێدەکرێت و دەبێت پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکەم و وەک دکتۆرێک چەند کەبسولێکیان دامێ کە ئەمانەن "٨ کەبسوولی سپی لەناو شوشەیەکی بچووکی دەرمان بوو لەدەستی دابوو" وتی: ئەمانە سایانیدی پۆتاسیۆمیان تێدایەو هەردانەیەکی دەتوانێت فیلێک بکوژێت. پێیانوتم وەک دکتۆرێک ئەم دەرمانە بدە بە مام جەلال کە نەخۆش کەوت یان بیکە ناو خواردن بۆی و مەبەستیان تەنها خودی مام جەلال بوو و دەیانوت خۆت بە کەسی ترەوە خەریک مەکە با کەشف نەبیت.

چەند جارێک منیان هێناو برد بۆ موخابەرات و هەرجارەی یەکێکم دەبینی، هەتا دواجار ئێوارەیەک منیان بردە لای خودی سەدام بەچاو بەستراوی و پاش پشکنینێکی زۆر چڕو کردنەوەی دەرگای چەند ژوورێک چاویان کردمەوەو خۆم لە ژووری سەدام بینیەوە.. سەدام داینیشاندم و پاش بەخێرهاتنم ئەو بەڵێنانەی پێیاندابووم ئەگەر ئەرکەکە ئەنجامبدەم دووپاتکردەوەو وتی: زۆر زیاتریشت بۆ دەکەین و هەمووی لە لاپەڕەیەک نوسرابوون و لەبەرچاوی خۆم ئیمزای کردو دایە دەستم، منیش کردمە ناو جانتا دیبلۆماسیەکەی کە پێمبوو. گەڕامەوە ماڵەوەو هەموو گیانم ئەلەرزی لەترسا. زۆر پەشۆکابووم و باوکم زۆر پەرۆشم بوو ناچار هەموو دۆخەکەم بۆ باسکرد. جانتا دیبلۆماسیەکەم کردەوە بۆ ئەوەی نامەکەی سەدام نیشانی باوکم بدەم بەڵام نامەکە نەمابوو، تەنانەت شوێنەواریشی نەبوو وەک ئەوەی بووبێت بە هەڵم و لەو بڕوایەم هەر واش بووبێت چونکە ئەوجۆرە کاغەزە هەن.

باوکم دوای زانینی مەسەلەکە زۆر نەسیحەتی کردم کە ئەو کارە نەکەم و گوێ نەدەمە ژیانی ئەو و دایکم، چونکە مام جەلال هەم خزمەو هەم ئەو سەرکردەو هیوای گەلێکە..

ئەوەبوو پاش چەند رۆژێک پیاوەکانی موخابەرات لەگەڵم هاتن هەتا قەلازێ و لەوێ تەسلیمی قاچاخچیەکانی دەهاتنە سنووری ئێران و دۆڵی نێوزنگیان کردم. دوو بار وڵاخیان لەهەموو پێداویستییەکان بۆ ئامادەکردبووم تەنانەت دەرمانی کێچ و ئەسپێش کە ئێمەی هەراسان کردبوو.

ئەوەبوو چیرۆکی د.ف بەکورتی.

نیوەڕۆ داهات لە خزمەتی مام. کێ بێت لە مام سەخی تر؟؟ وتم: دەڕۆم. وتی: نابێت، بەڵکو بەبۆنەی تۆ مریشکێک دەخۆین. نیوەڕۆ میوانی خوانی ئەو پیاوە مەزنە بووین کە سەدام ویستی بەدەستی خۆی دەرمانخواردی بکات. پاش

نانخواردنمان مام د.ف تەسلیم بە من کردو وتی لەگەل خۆتی دابنێ لە نەخۆشخانە، بەڵام چاودێری بکەو هەرچییەک بکات تۆ لێی بەرپرسیاری.

بۆ ئێوارەکەی فەرهاد سەنگاوی بە دەنگە زوڵاڵەکەی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاویکردەوە کە د.ف پەیوەندی بە شۆڕش و ی.ن.ک کردووە کە نیشانەی گەییشتنی د.ف بە شوێنی مەبەست بوو لەگەڵ موخابەراتی عیراق.

# مام جەلال، ئەفسوون و دانایی و گەشبینیی



**ژینۆ عەبدوڵلا**

چیرۆکی وێنەیەک

(دیدارێک لەگەڵ مێژوونووس، دیپلۆمات و رۆژنامەنووس دکتۆر فێردیناند هیننەربیشلەر)

سەرەتا:

زۆرن ئەوانەی بەم فۆتۆ مێژووییەی هەڤاڵ مام جەلال رابەری بزووتنەوەی رزگارییخوازی گەلی کوردستان سەرسام بوون و کەوتونەتە روانین و رامان وبیرکردنەوە وتێگەیشتن لە رۆڵ وجێدەست وکەسایەتیی وکاروان ومێژووی دوور و درێژی ئەو سەرکردە کەم وێنە و مەزنەی گەلی کوردستان و گەلانی تری ستەم دیدەی جیهان، کە بە شاهیدی دۆست و دوژمن سەرکردەیەکی سیاسیی و خەباتگێرێکی شێلگیر بووە بە پلەی نایاب. بەڵام دەشێت زۆر کەم بن ئەوانەی چیرۆکی ئەو وێنەیە و رووداو و بەسەرهاتەکانی دەوریان داوە دەزانن و ئاگادار و زانا بن بەوەی ئەو وێنە سەرنج راکێشەی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاشان سەرۆک کۆماری عێراق لە کوێ گیراوە، کێ گرتوویەتی، مامی گەورە چیی دەنووسێت و لە پێش ئەو وێنەیەدا چ دڵسۆزیی وخۆنەویستیی و پەرۆشیی و پشتیوانییەکی بۆ "پاراستنی براکان" نیشانداوە و چ رۆڵ وکاریگەریی و ژیریی و داناییەکی بەرجەستەکردووە بۆ رێگرتن لە کارەسات و کوشتارێکی گەورە لە کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوودا.

پێویستە بگوترێت ئەم وێنەیەی هەڤاڵ مام جەلال، هاوشێوەی سەدان و بگرە هەزاران وێنەی تر، وەک لە وتەی مێژوونووس، دیپلۆمات و رۆژنامەنووسی نەمسایی دکتۆر فێردیناند هینەربیشلەر (وێنەگرەکەی) دا دەردەکەوێت

خاوەنی چیرۆکێکی پڕ لە شکۆمەندییە و بە بڕوای ئێمە شایانی گێڕانەوە و بیرهێنانەوەیە لە ئێستا و داهاتووشدا بۆ تێگەیشتن لە مانا و مەغزاکانی سەرکردایەتیی و رابەرایەتیی. ئەم وێنەیە هاوشێوەی وێنە بەناوبانگ و مێژووییەکانی جەنگ و رووداوە سیاسییە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی، بەهەمان شێوەی وێنەی سەرکردە مەزنەکانی جیهان کە لە پێناو گەلەکانیان و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتییدا خەباتیان کرد، یاخود وێنەکانی ئەو پادشا و شاژن و شازادە و سەرۆک و سەرۆک وەزیر و وەزیرانەی بە هزر و بیر و باوەڕ و روانین و گوفتار و کرداری چاکیان بوونەتە بەشێک لە یادەوەریی نیشتمانیی گەل و نەتەوەکانی خۆیان و سیمبولێکیش بۆ حوکمڕانیی باش و خەباتی رەوای گەلان بۆ ئازادیی و مافی چارەنووس، ئا بەو چەشنە ئەم وێنەیەش بێ دوودڵیی وگومان شایانی ئەوەیە بە شانازییەکی شایستە و دوور لە هەر جۆرە دەمارگیرییەکی سیاسیی و نەتەوەیی بخرێتە یادەوەریی نەتەوەییمانەوە بەو پێیەی ئەو وێنەیە شاهیدێکی ترە لەسەر هەموو ئەو چیرۆک و بەسەرهات و یاداشتانەی لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا لەسەر گەورەیی و کاریگەریی کەسایەتیی سەرۆک مام جەلال نووسراون و دەنووسرێن.

لە سۆنگەی بڕوابوون بە بایەخ و گرنگیی وێنەی فۆتۆگرافیی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگە بەگشتیی و کایەی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی بە تایبەتیی و کاریگەرییەکانی بۆ گەیاندنی پەیام و ناساندنی کەسایەتییەکان بە جەماوەر و هێشتنەوە و بە دۆکیومێنتکردنی رووداو و بەسەرهاتەکان، بە پێویستمان زانی بچینە دیداری (دکتۆر فێردیناند هیننەربیشلەر ) کە یەکێکی ترە لەو دەیان و سەدان رۆژنامەنووس و کەسایەتییە ئەکادیمیی و دیپلۆماتە بیانییانەی بە دیداری هەڤاڵ مام جەلال شادبوون و ئەو رابەرە کەم وێنەیەی گەلەکەمان بوونەتە بەشێک لە مێژووی ژیانی تاکەکەسیی و پیشەییان.لەو

دیدارەدا دکتۆری دیپلۆمات و توێژەری بواری مێژوو و رۆژنامەوان ووردەکاریی گرنگ لە بارەی پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆک مام جەلال و کەسایەتییە کاریزمییەکەی وهەل و مەرجی تایبەت بەو وێنەیە باس دەکات کە بە کامێرای تایبەتیی خۆی لەجۆری (mm٣٥AS, ٢Nikon F) گیراوە. ئەمەی خوارەوە دەقی وتەکانی دکتۆر هیننەربیشلەرە کە لە چەند ناونیشانێکدا خوێنەری بەرێز دەیخوێنێتەوە.دوای دیدارەکەش پوختەیەک لە ژیاننامەی وێنەگری ئەو وێنە مێژووییەی سەرۆک مام جەلال خراوەتەڕوو.

-یەکترناسین لەگەڵ مام :

سەرەتای ناسینی من و مام جەلال دە گەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦. ئەو کاتە مام جەلال هاوڕێ لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئاد بە سەردانێک هاتبوو بۆ ڤیەننای پایتەختی نەمسا و لەوێ لە ماڵی فوئاد رەسوڵ یە کترمان ناسیی. ئەو کات تازە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرابوو، هە ر زوو پێی وتم تۆ دکتۆر (دکتۆر فێردیناند)یت وتم بەڵێ وتی من و تۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە دەبین. لە ماوەی پێکەوبوونماندا هەمیشە باسی خەبات و تێکۆشانی کوردی بۆ دەکردم . منیش بریارمدا هاوسەفەری مام جەلال بم لە کاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ماوەیەکی زۆر لە ساڵی ١٩٧٩یاوەری بووم و بەزۆریش لە بارەگای سەرکردایەتیی لە ناوزەنگ و سەرگەڵوو و بەرگەڵوو دەمامەوە.

– خاکیبوون، ئەفسوونی راکێشانی بەرانبەر

مام جەلال، گەورەترین چەکی پێیە بۆ ڕاکێشانی بەرانبەر کە خاکیبوونەکەیەتی ، ئەو چەکەی من ناوم ناوە سیحر (ئەفسوون)ی وتەکانی تاڵەبانیی و رەفتار و کردارەکانی کە هەر زوو قەناعەت بە یارو نەیار دەهێنن..ئەو دیپلۆماسییەتە گەورەیە کە من لە ماوەی هاوڕێیەتی مام جەلال تێبینیم کردووە بە تایبەت لە شاخ، کە چۆن لە ناو بێ هیوایی و نائومێدییدا هیوای دە بەخشییەوە بە هاوسەنگەرەکانی و بەردەوام بوو لە خەبات و

تێکۆشان بێ پسان و هەمیشە نمونەی نوێی بەرخودان و خەباتی پیشان دەدایت.

- نموونەیەک بۆ گەشبینیی و روانین بۆ دوور:

لێت ناشارمەوە لە دانیشتنێکماندا لە ناوزەنگ، ئەوکات کەڕژێمی عێراق لەوپەڕی بەهێزیی و تواناداوبوو بەتەواوەتی دژی هەموو مافێکی کورد بوو. وڵاتانی دراسێ و ئیقلمیش دژی داخوازییەکانی گەلی کوردبوون. لەو دەمەدا پێکەوە لەگەڵ مام جەلال کەوتینە گفتوگۆ و پێی وتم (فێردیناند) دەبینی ڕۆژێک دێت من دەبمە سەرۆک کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە ژیانی خۆمدا و تۆش شایەتییم بۆ دەدەیت. لە وکاتەدا وتم بەڕاستی مام جەلال زۆر گەشبیینە و زیادەڕۆیی دەکات چۆن کارێکی وا دەبێت بەڵام کە دواتر سەرۆک تاڵەبانیی بوویە سەرۆک کۆماری عێراق، ئەوکات زانیم من چەند هەڵە بووم و مام جەلال چەند دوربین بوو.

- سەرکردەیەکی جیاواز:

مام جەلال، زۆر جیاوازە لە سەرکردەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ، چونکە هەمیشە ڕابردووی خۆی لە یادەو پراگماتییە لە کارەکانیدا و هەمووش بینیمان کە سەرۆک کۆمار بوو، بە هەمان نەفەسی خاکیبوونەوە کاری دەکرد وهەرگیز نەمبینیوە ئەم پیاوە خاوەن کاریزمایە لە خۆی بایی ببێت و بەردەوام کلیلی چارەسەری کێشەکانی پێیە و دەرچەیەک هەر دەدۆزیتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئەمەش لای کەم سەرکردە هەیە و بەردەوام ڕێزێک گەورەش لە بیروڕاکانی دەگیرا.

- چیرۆکی ئەم وێنەیە

سەرەتا زۆر خۆشحاڵم، کە لەسەر ئەم وێنەیە بەسەرم دەکەنەوە، چونکە یادگاریی و چیرۆکێکی گەورەشی لە پشتەوەیە کەئێستا بۆتان دەگێڕمەوە، کە

ئەگەر حیکمەتی مام جەلال نەبوایە ڕەنگە کارەساتێکی گەورە بقەومایە و کوشتارێکی زۆری لیٚ بکەوتایەتەوە.
ئەم وێنەیە لە گوندی بوێرانی خواروو لە نزیک سەردەشت لە کوردستانی ئێران گرتومە لە نێو کۆمەڵێک وێنەی تردایە کە دەبێت وەک فۆتۆ ستۆری (چیرۆکی وێنەیی) باسی بکەین.
مانگی هەشت (ئاب)ی ساڵی١٩٧٩ بوو، دوای شەڕێکی خوێناوی سیٚ مانگە لە نێوان کۆماری ئیسلامیی(ناوە تازەکەی ئێران پاش شۆڕشی ئیسلامیی) و هێزە کوردستانیەکانی کوردستانی ئێران ، بە میانگیریی مام جەلال، نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرۆکایەتی داریوش فروهەر و کومیتەی شاری مهاباد بە سەرۆکایەتی دکتۆر عبدلڕەحمان قاسلمۆ (رابەر و سەرکردەی گەورەی کورد کە لە نەمسا تیرۆر کرا) و شێخ عزەدین، لەم شوێنە کۆبوونەوە . وەک لە وێنەی یەکەمدا دیارە کۆبوونەوەکان پڕۆکینەر بوون زیاتر لە نۆ سەعاتیان خایاند. کۆمیتەی مهاباد ١٢ خاڵیان پێبوو بارودۆخەکەش گرژ و ئاڵۆز و پڕ لە توندیی بوو. چاودێری نێودەوڵەتیی نەبوو هەر دوو لایەن توندبوون . هەڵچوون و توڕەیی و گرژیی و دەنگە دەنگ هە بوو. زوو زوو نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران داریوش فروهەر بە جیهازەوە دەهاتە دەرەوە لە گەڵ ڕێبەرانی شۆڕش لە تاران قسەی دەکرد. خەریک بوو کۆبوونەوەکان بیٚ هیچ ئەنجامێک دەگەیشتنە کۆتایی و ترسی ئەوە لە ئارادا بوو دۆخەکە بەرەو توندو تیژیی بڕوات. داریوش فروهەر هاتە دەروە بینی مام جەلال پیاسە دەکات و هات بۆ لای وتی مام جەلال کاری تۆ تەواو بوو بڕۆرەوە بۆ وڵاتی خوت و کارت نەماوە ئێمە خۆمان کێشەی خۆمان چارەسەر دەکەین. مام جەلالیش زۆر بە ئەعساب (دەروون) ێکی ساردەوە پێی وت "من لێرەم بۆ پاراستنی براکانم".داریوش فروهەر وتی باشترە بڕۆیت لێرە ٧٠ هەزار پاسداری لێیە، لەولا تریشەوە هێزێکی زۆری

پاسداری لێیە ئێمە ناتوانین ئەمنییەتی تۆ بپارێزین و تۆش ناتوانی ئەمان بپارێزیت. مام جەلالیش یەکێک لە پاسەوانەکانی خۆی بانگ کرد و وتی برۆ بەوپێشمەرگانە بڵێ کە خۆیان حەشارداوە خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەویش ڕۆیشت و هەزاران پێشمەرگە لەسەر شاخ و بەرزایی و پێدەشتەکانی دەوربەر دەرکەوتن و کە داریوش فروهەر بینی سەری سوڕماو کردی بە سوعبەت و وتی مام جەلال بە ئارەزووی خوت تۆ دەتوانی هەر بمێنیتەوە.

پێش ئەوەی کۆبوونەوەکان کۆتاییان بێت، مام جەلال چووە سەر ئەو پەیژەیە و ئەو نامەیەی نووسیی. لەڕاستییدا پلانی چۆنییەتی ڕۆشتنەوەی خۆی و هێزەکەی دادەڕشت کە چۆن بەسەلامەتیی بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و دواتر نامەکەی لوول کرد و وەک لایلۆنی چکلێت بچوک بووەوە و دای بە یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی هێزەکە بە نهێنیی و بەسەلامەتیی بگەڕێنەوە و دواتر ئەو نامەیە ناسرا بە (نامەی نوقڵ).

لەوکاتەدا، حیکمەتێکی زۆر گەوەی مام جەلالم بینیی. هەردوولای هێورکردەوە و داوی دان بەخودا گرتنی لێکردن و نەیهێشت هیچ کاردانەوەیەک ڕووبدات چونکە باردۆخەکە شڵە ژابوو پێویست بوو یەکێک کۆنترۆڵی باردۆخە بکات و کارەسات نەقەموێ، چونکە زیاتر لە ٧٠ هەزار پاسداری لێبوو ژمارەیەکی زۆر هێزی پێشمەرگەی حزبی دیموکرات (کوردستانی ئێران) ی لێبوو، ١٠ هەزار پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی لێبوو. لەو کاتەدا مام جەلال بارودخەکەی کۆنترۆڵ کردوو نە یهێشت لە دەست بچێت و وەک لە ڕەسمەکاندا دەردەکەوێت ویستم ڕەسمێکی بگرم مام جەلال گەشبین بوو و پێدەکەنی.بەڕای من ئەمە گەورەترین چەکی مام جەلالە کە بەهۆی سیحری قسە و کردارەکانییەوە هەموو تە سلیمی دەبن و بەقسەی دەکەن.

دەمەوێت لێرەشەوە ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە کە بە حوکمی ئەوەی من دیپلۆمات بووم و ماوەیەکی زۆر لە و سلکەدا کارم کردووە لەگەڵ دیپلۆماتی ئەمریکیی و ئەوروپیی و وڵاتانی ناوچەکە گفتوگۆم کردووە هەموویان ئەو ڕاستییەیان بۆ باس دەکردم و دەیانووت ئەگەر نا لەباریی تەندروستیی مام جەلال نەبووایە، نە هەرێمی کوردستان توشی ئەم قەیرانە سیاسۆی و ئابوورییە دەبوو نەعێراقیش تووشی ئەم قە یرانە ئەمنیی و سیاسییە دەهات چونکە مام جەلال بالآنسی ڕاگرتبوو لە نێوان شیعە و سوونە بەوەش هەرگیز داعش نەیدەتوانی موسڵ و ناوچەکانی تر بگرێت و دۆخی ئەمنیی شڵۆق بکات و هە موولایەک بە قسەی مام جەلالیان دەکرد و کێشەکانی هەولێر – بەغداش بە م شێوەیە نەدەبوون. قەیرانەکانی هەرێمیش نەدەگەیشتنە ئەم ئاستە.

بەشێک لە ژیاننامەی Dr. Ferdinand Hennerbichler:

- ١٩٤٦/١١/٣ لە لینز ، سەرووی نەمسا لە دایک بووە.
- رەگەزنامە:ئەوروپیی لە رەچەڵەکێکی نەمسایی
- پۆستی ئێستا: مێژوونووس ، دیپلۆمات و رۆژنامەنووسی پێشوو.
- ١٩٦٥-١٩٧٢ لە زانکۆی ڤیەننا مێژوو و زمانەوانیی و فەلسەفەی ئەڵمانیی خوێندووە.
- ١٩٧٢ دکتۆرای فەلسەفەی لە مێژوودا پێدراوە لە زانکۆی ڤیەننا.
- ٢٠١٢ دکتۆرای فەخریی لە زانکۆی سلێمانی ، هەرێمی کوردستان پێدراوە.
- ١٩٦٧-١٩٧٩،١٩٨٥-١٩٩٠ سەرنووسەری کاروباری دەرەوە و پەیامنێربووە بۆ دەزگای پەخشی نەمسا ( Austrian Broadcasting Corporation ORF
- بوارە سەرەکییەکانی کارکردنی : خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خۆرهەڵاتی ئەوروپا، یەکێتیی ئەوروپا، کورد، ئێران، عێراق، تورکیا، ئیسراییل –

فەلەستین، لوبنان و قوبروس بووە کە لە بەشی زۆری ئەم ناوچانەدا شەڕ و ململانێی نەژادیی، ئایینیی، وەرچەرخانی سیاسیی لە ستەمکارییەوە بۆ دیموکراسیی هەبوون و لە هەندێک ناوچەشیاندا خەباتی گەلی کورد بەردەوامە بۆ ئازادیی و مافی چارەنووس.

- سالّی ١٩٨٠ تویژینەوەی " شۆڕشی کوردی ئێران و سەرکردەکانی" بڵاوکردۆتەوە لە گۆڤاری مانگانەی سویس ریڤیو بۆ کاروباری جیهان.

-١٩٨٦ هەندێک رەهەندی گەڕاندنەوەی بزوتنەوەی گەلی کورد دوای ١٩٧٥. لە کۆنفرانسی نێودەولّەتیی کار و مێژووی کۆمەڵایەتیی لە ڤیەننا.

-٢٠٠٤ کتێبی (مێژووی گەلی کورد)

-بابەتێک لەسەر رەچەڵەکی کورد کە هەم لەشێوەی نووسراو و هەم لە زنجیرەیەک وانەدا لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی روسیا و نەمسا لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ پێشکەشی کردوون.

- ٢٠١٣ :تیرۆرکردنی عەبدولرەحمان قاسملو(١٩٣٠-١٩٨٩) ، هەڵسەنگاندنێکی تازە، لە کتێبی ساڵانەی دیراساتی کوردیی ڤیەننا.

# چیرۆکی ئەم وێنەیە



**کامەران سوبحان**

ڕۆژی ٢٠١٢/٦/١٠ مام جەلال لە قەڵاچۆلان، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ کاک شێرکۆ بێکەس ڕێکخست. لەو مەراسیمەدا، نووسەرانی دەزگای سەردەمیش بانگێشت کرابوین. لە مەراسیمەکەدا دوو ئەندامی م.س یەکێتی و کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی یەکێتی ئامادەی مەراسیمەکە بوون. سەرەتای مەراسیمەکە، مام جەلال وتەیەکی پێشکەشکرد. لە وتەکەیدا وەفا و ستایشی خۆی و یەکێتی بۆ کاک شێرکۆ بێکەس دووپاتکردەوە. ئاماژەی بەوەدا لە ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و نائومێدیدا، کاک شێرکۆ پشت و پەنای شۆڕش و یەکێتی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سێ قۆناغی زۆر هەستیاردا کاک شێرکۆ

ڕەخنەی لێگرتووین: یەکەم سەردەمی شەڕی ناوخۆ لە شاخ، دووەم کاتێ وەزیری ڕۆشنبیریی بوو. سێیەم لە ١٧ی شوباتدا.! بۆ هەمو ئەو ڕەخنانە، لەبەرچاوی هەموتان دەڵێم: کاک شێرکۆ لەسەر حەق بوە. ئەو هەمیشە دژی بەرتەسککردنەوەی ئازادی رادەربڕین بووە، هەمیشە خەمی فراوانکردنی ئازادی هەبوو. !

پاشتر کاک شێرکۆ وتەیەکی نووسراوی خوێندەوە، جگە لەوەی سوپاسی مام جەلالی کرد، کە هەمیشە پشت و پەنای خۆی و دەزگای سەردەم و نووسەران بووە. پاشتر کۆمەڵێ ڕەخنەی لە یەکێتی گرت، لەسەر گرفتەکانی سلێمانی و ئەو ململانێ سیاسییە توندەی ئەو ڕۆژگارە لە سلێمانیدا هەبون.!

دوای تەواوبوونی وتەکەی کاک شێرکۆ، مام جەلال بە پێکەنینەوە وتی:(برادەرینە، من نەموت کاک شێرکۆ هەر ڕەخنەمان لێدەگرێت؟!) لاپەڕەکانی دەستی کاک شێرکۆی وەرگرت، وتی:(سبەی دەبێت لە کوردستانی نوێ بەو رەخنانەی لە ئێمەت گرت، وەک خۆی ئەم وتەو رەخنانە بڵاو بێتەوە.! بڵاویش بوویەوە.)!

ئایا دوای مام جەلال هیچ سەرکردەیەکی تری یەکێتی هەیە وا مامەڵە لەگەڵ نووسەران و ئازادی رادەربڕین بکات؟ بەدڵنیاییەوە، نەخێر، چونکە بەشێکیان دەناسین و دەزانین چەند

چیگڵدانیان بچوکە.!

# کۆچی مام جەلال، قۆناغی فیترەت

**بابەکر درەیی**

دوایین کۆچی مام جەلال ، بە گشت ماناکان، کوردستان روەو قۆناغێکی جیاواز دەگوازێتەوە.

مام جەلال لە پێوانەیەکی ئیقلیمی و جیهانیدا لە ڕیزی پیاوە گەورەکان دێتە ژماردن.

کەسێک توانیبێتی لە تەمەنی چواردە ساڵییدا وەک « رەهبەر» ێک دەربکەوێ و لە سی ساڵیدا، لە ناو گەلێکی دواکەوتوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ببێتە خاوەنی خەت و فێرگەی تایبەت بە خۆی ، و بە بێ هیچ پشتیوانییەکی بنەماڵەیی و عەشیرەتی بەرامبەر گەورەترین هێزی سیاسی وڵاتەکەی راوەستێ و لە مەودایەکی زەمانی شەست ساڵیدا، ئیدارەی قورسترین ناکۆکی سیاسی و عەسکەری گەلەکەی بکات و لە دوایین ساڵەکانی تەمەنیشیدا ببێتە سەرکۆماری وڵاتیک کە نەوەکانی پێغەمبەر ، بە حوکمی ئەو غەدرەی ستەمکارە هاوئاینەکانیان لێیانکردن، بەر نەفرەتیان داو داوایان لە خوای مەزن کرد تا رۆژی قیامەت لەم وڵاتەدا میللەت دژی حاکم بێت و حاکمیش دوژمنی میللەت.

مردنی مام جەلال روداوێکی ئاسایی نییە، بە تایبەت لەو روەوە کە بزانین مام جەلال تاقە کەس بو کە دەیتوانی باڵانسی نێوان عەداڵەتخوازی و نەتەوەخوازی لە کوردستاندا رابگرێ و ڕێگە نەدا جەدەلی نێوان ئەو دو ئایدیا جیهانیە ( سوسیالیزم و ناسیونالیزم) بە ئاقارێکی مەترسیداردا برۆن و

وەک ئێستە کە لە کوردستانا بە ئاقارێکی یەکجار مەترسیدارا رۆشتون و ئاسۆی وڵاتیان بە تەواوی روەو تاریکی بردوە.

مردنی مام جەلال بە تەواوی مانا «قۆناغی فیترەت» لە کوردستانا دروست ئەکات. قۆناغی فیترەت بەو مانایەیە کە بەتاڵیەکی گەورە لە ئاستی سیاسی و حزبیدا دێتە ئاراوە و هیچ کەس نازانێ چەن ساڵ و چەن دەیە دەخایەنێ و، تەنها ڕێگر و بەربەست لەبەردەم ئەو بەتاڵییە ترسناکەی غیابی مام جەلال بۆ حزبەکەی و کۆی میللەت جێی ئەهێڵێ، هوشیاری و خۆنەویستی جێگرەوەکانی مام جەلالە کە بتوانن دەرکی قۆناغ بکەن و بزانن رەهبەرەکەیان چ ڕۆڵیکی مێژوویی وازیکردوەو بە چ میتۆدک هەڵسوکەوتی لەگەل روداوە ناوخۆیی و ئیقلیمیەکانا کردوە.

ئەوەی لەمەودوا ( لەم دۆخەدا بە فەوری و تەنانەت لە کاتی پرسەشدا) بۆ کەسە هوشیارەکانی ئەم وڵاتە بە گشتی و ئەندامانی ی ن ک بە تایبەتی گرنگە و پێویستە لە قۆناغی پۆست مام جەلالدا بیری لێبکرێتەوە، تەنها رەهەندە عاتیفیەکانی کۆچی مام جەلال نین ، چونکە مام یەکێکە لەو مرۆڤانەی لە مەودایەکی نیوسەدەیی زیاترا ، کاریگەری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری قوڵی جێهێشتوە ... بەڵکو بیرکردنەوە بریاردانە لەو زەرورەتە سیاسیانەی لە ئاستی ناوخۆو هەرێمدا دەستەویەخەی خەڵکی کوردستانن و بە شێوەیەکی قەتعی پێویستیان بە یەکلاکردنەوە هەیە... ئەرکی دەستەبژێری یەکێتی و حزبە سیاسیە نزیکەکانیەتی کە بە وردی تەگبیر لە پڕکردنەوەی واقعی ئەو بۆشاییە بکەنەوە کە پرۆسەی سروشتی مردنی ئینسانەکان و لەوانەش کەسایەتیەکی وەک مام بۆی دروستکردون.

مەرگی نەوشیروان مستەفا وەک رەهبەری باڵی عەدالەتخوازی ناو جوڵانەوەی کورد و هاوکات مەرگی مام جەلال وەک کەسایەتیەکی مێژویی و (دەوڵەتمەدار) لە مەودایەکی زەمانی چەند مانگیدا، نوخبەی سیاسی

کوردستان به گشتی و هەرێمی سلێمانی به تایبەتی، ڕوەو قەیرانێکی مەزن دەئاژوێ که به دڵنیاییەوه پێویستی بەوپەڕی حیکمەت و وردبینی و لەخۆبوردویی و گیانی خۆنەویستی وکارکردنی گروپی و دوربینی هەیە.

ئومێدی هەموان ئەوەیە که وەسێت و ئامۆژگارییەکانی دوا ساڵەکانی تەمەنی مام جەلال بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردستان ببنه کردارو، بەشێک له شوێنکەوتوەکانی نەبنه بەردی خڕ لەسەر ڕێگەی ئەو ئامانجه پیرۆزانەی مام جەلال به جدی و ڕونی ئەیویست پێش مردنی جێبەجێیان بکات.

# ئێوارەیەک لەماڵی مام جەلال

**بڕوا بەرزنجی**

چەند هەفتەیەک دوایی ڕوداوەکانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دوایی لە سلێمانی و دەوروبەری، کە هاوکات شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی کە ناونرا»بەهاری عەرەبی»، گەیشتبوە سوریا. مام جەلال سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی، لە بەغداوە گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی لە گردی دەباشانی سلێمانی.

ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی لە ئێوارەیەکی سەرەتای بەهاردا، ژمارەیەک نوسەر و ڕۆژنامەنوسی دەزگاو ناوەندە ڕاگەیاندنەکانی نزیک لە یەکێتی، سەردانی مام جەلال_مان کرد، لە دەباشان، کە من وەک نوێنەری دەزگای ڕۆشنگەری چاودێر بەشداربووم.

لەگەڵ گەیشتنمان مام جەلال لەبەردەم دەرگای ژورەکەیدا چاوەڕێی دەکردین، کاتێک تەوقەم لەگەڵ کرد بەتەواوی هەستم بە ماندویی و پیرێتی کرد، بەڵام لە قسەکردن و یادەوەریی و بیرتیژیدا هەر ئەو مام جەلالە بو کە لە مندالییەوە لە خەیاڵمدا بو. هەندێک لەو نوسەرانەی هاتبون پێشتر کتێبی خۆیان بۆ ناردبو، بەشێکیانی خوێندبوەوەو بەدەم بەخێرهێنانەوە سەرنجی خۆی دەوت. لەبەرامبەر ماڵەکەی گەنجێکی زۆر دەیانخواردەوەو گۆرانیان دەگووت، بەپێچەوانەی ئێستاوە کە قەدەخەیە ، بێجگە لە چەند پاسەوانێک کەسم نەبینی لەماڵی سەرۆک کۆمار، بەجۆرێک لە ماڵی بەرپرسێکی گەورەی کوردی نەدەچووو!

دوایی «چا» خواردنەوەیەک،وتی یەکەمین دیداری ئەم جارەم لە سلێمانی لەگەڵ ئێوەدایە، من هەمیشە گفتوگۆ و دانیشتن لەگەڵ نوسەران و ڕۆژنامەنوسانم پێخۆشە و بە زەروریەتی دەزانم، ئینجا فەرموی لێکردین بۆ ژوری کۆبونەوە، سەرەتای قسەکان، د.شێرکۆ عەبدوڵا قسەی کرد، وەک سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی نوسەران، کە قسەکانی دوو بەشبون، بەشێکی لەبارەی ناڕەزایی و ڕەخنەی شەقام لەبارامبەر دۆخی ئەوکاتی دوای ڕواداوەکانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانیی دوایی، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئازایانە ڕەخنەی خەڵکی گەیاندە مام جەلال، بەشی دووهەمی قسەکانی لەبارەی داوای یەکێتی نوسەران و نوسەرانی ڕێکخراوەکەیان بوو.
دوایی ئەو کۆمەڵێک نوسەر و ڕۆژنامەنوسیتر قسەیان کرد، کە هەندێکیان داوای تایبەت و بچوک بون، یان تەنها خۆشحاڵی دەربڕین بە بینینی مام جەلال، لەبەرئەوەی من گەنجترینیان بوم، لە دوایی ئەوان نۆرەی قسەکردنم بەرکەوت، پرسیار و قسەم زۆربو، هەوڵمدا زیاتر پرسیار بکەم، پرسیم چارەسەری ئێوە بۆ داوای خۆپیشاندەران چییە؟چونکە ئەوەی ڕودەدات لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایە و بەڕێزت بەرپرسی یەکەمیت لێی؟، وتی:»پێش هەموشتێک دەمەوێت بڵێم شەهیدەکانیان بە شەهیدی خۆمان دەزانم و چیش پێویست بێت بۆ بریندارەکان دەیکەین، هاتومەتەوە تا لە نزیکەوە گوێم لەداوای خۆپیشاندەران بێت، ئێمە ئامادەین بەدەم زۆرینەی داواکانیانەوە بچین، بەڵام بیرتان نەچێت ئێمە بەشێکین لەم حکومەت و دەسەڵاتدارییە نەک هەموی، بۆیە بەتەنها ناتوانین داواکان جێبەجێ بکەین، داوای خۆپیشاندەران ڕەوایە، ئەگەر گۆڕان و دوو حزبە ئیسلامییەکە یاریی سیاسی بە داواکانیانەوە نەکەن، دوێنێ ئێوارە پێش گەڕانەوەم نوری مالیکی هەندێ بەڵگەی بۆ ناردوم، کە ئاگاداری تەداخولی دەرەوە هەین، بۆیە

نوسخەیەکم داناوە بۆ مامۆستا عەلی باپیری بنێرم». من ویستم بپرسم بۆ عەلی باپیر و مام وتی ئەوەم لێمەپرسە.

هەر ئەوکات، هەفتەیەک دەبوو زاوایەکی ئەسەد کوژرابو، مام جەلال نامەیەکی بۆ خوشکی بەشار نوسی بوو، پرسیم، « بەڕێز مام جەلال، هەموو ئازادی خوازێک چاوەڕیی کەوتنی بەشارە، چی وادەکات لەم کاتەدا نامە بۆ خوشکی بەشار بنوسیت»، وتی:» بابەتێکی باشت باسکرد، یەکەمین ئێمە دۆستایەتیەکی کۆنمان هەیەو ڕۆژانێکی زۆر ئێمەیان لە ماڵی خۆیاندا پاراستوەو هاوکاری شۆڕشەکەیان کردوین، منیش واناسراوم بە وەفام بۆ دۆستە کۆنەکانم بە پێکەنینەوە ، دوهەمین ئێستایش کۆمەڵێک شۆڕشگێری کوردانی باکور لە ماڵی ئەسەد بێنە دەرەوە لە هەر کوێی دنیابن دەیانگرن و ڕادەستی تورکیایان دەکەنەوە، سێهەمینیش کە حەزدەکەم ڕای خۆمتان پێبڵێم، ئەوەیە کە بەشار ناڕوخێت. لەوانەیە تا نزیکی دیمەشقیش بکەوێتە دەستە هێزەکانیتر، تیرۆرو تەقینەوەو جەنگی زۆر ڕوبات، بەڵام بەشار دەمێنێتەوەو حاڵەتی سوریا وەک هیچ وڵاتێکیتر نییەو مەحاڵە ڕۆیشتنی بەشار».

مام جەلال، وەک ئەوەی پێشتر حەزیکردبێت یەکێک ئەو پرسیارەی لێبکات، درێژەی بە قسەکانیدا لەوبارەیەوەو بەوردی باسی ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانەی سورییایی کرد، کە وادەکات بەشار نەڕوخێت و وتیشی ئەوە لە بەرژەوەندی کوردە کە بەشار لاوازدەبێت بەڵام ناڕوخێت، «برایانی کورد لەوێ دەتوانن سود لەو بۆشاییە ببینن و کیانێک بۆخۆیان دروست بکەن و ئێمە لەسەر خەتین لەگەڵیان و لەوانەیە بتوانن تا فیدڕاڵی بەدەست بێنن».

پرسیم، ئایا بۆم هەیە سود لە وتەکانت ببینم بۆ بڵاوکردنەوە؟، وتی:»نەخێر، تکایە ئەوەی دەیڵێم تەنها بۆ خۆتانە نەک بلاوکردنەوە».

ئێستا لەم وتارەدا، وا هەندێک لە قسەکانی ئەو ئێوارە، کە لە یادمدا ماون، دەیگێڕمەوە، چونکە لە ئێستادا مام جەلال لە پۆستی سەرۆک کۆماریدا نییەو تا ڕادەیەکی زۆر لە دنیایی سیاسی و بەرپرسیارێتی دورکەوتۆتەوە.

**مام جەلال لە نێو شەمەندەفەری میزۆپۆتامیادا**

ساڵی پار، کتێبی «شەمەندەفەری میزۆپۆتامیا» کە یادەوەری نوسەر و ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی تورکیا» جەنگیز چاندار»ە، لە سلێمانی و بە ئامادەبونی خۆی بڵاوکرایەوە.

چاندار، کتێبەکەی پێشکەشی مام جەلال کردوەو وەک لە کتێبەکەیدا باسی دەکات لە ١٩٦٤ وە یەک دەناسن و بون بە هاوڕێ. یادەوەرییەکانی چاندار، پڕ زانیارین و بەشێکن لە مێژووی خەباتی سیاسی کورد، کە بە دیدێکی مێژووی و بە زمانێکی ڕۆژنامەنوسانە نوسراوە. ئەوەی لێرەدا بۆ من گرنگە، چاندار باسی بینینی مام جەلال و گفتوگۆکردن لەبارەی ئایندەی سوریاوە دەکات لە هەمان ئەو ڕۆژانەی کە لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی، کە دواتر مام جەلال چوە هەولێر.

ئەو ڕۆژنامەنوسە تورکە، کە هەمیشە دەوری گرنگی هەبوە لە کۆشکی چان کایە، بۆ ڕاوێژکردن لەبارەی چارەسەری پرسی کوردەوە، دەڵێت، ئەوکاتەی «بەهاری عەرەبی» گەیشتبوە سوریاو چاوەڕیی کەوتنی بەشاربوین، ڕۆژێک لە هەولێر میوانی نێچیرڤان بارزانی بوم، خۆم ئامادەکردبو بچم بەرەو فڕۆکەخانەو بگەڕێمەوە بۆ تورکیا، نیچیرڤان بارزانی وتی، مام جەلال و کاک مەسعود کەمێکیتر کۆبونەوەیان هەیەو منیش دەچم بۆ ئەوێ، بۆ نایەیت ئەوانیش ببینیت و ئەوکات بڕۆیت، منیش بەخۆشحاڵییەوە چوم.

بەگوتەی جەنگیز، لەگەڵ چا خواردنەوەیەک مام جەلال پرسیوێتی هەواڵی لای ئێوە چییە؟ چۆن دەڕواننە دۆخی سوریا؟.

چاندار دەڵێت: وتم ئێمە لە تورکیا، سەرۆکایەتی و حکومەت و هێزە ئێپۆزسیۆنەکان و نوخبەی ڕۆشنبیر و میدیاکارانیش چاوەڕێی ڕوخانی بەشارین و ئەوە شتێکی حەتمییە کە دەڕوخێت و لە بەرژەوەندی تورکیا کۆتایی دێت.

ئەو دەڵێت، کاک مەسعود تەواو هاوڕام بوو هەمان قسەی منی هەبو، بەڵام مام جەلال توڕەبو، وتی ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەموتان بە هەڵەیا چون، سوریا ناڕوخێت، ئێوە بە چاوی میسر و لیبیا و تونس سوریایش دەبین، دەکەونە هەڵەوە.

چاندار دەڵێت، لە دڵی خۆمدا وتم، من و مام جەلال هاوڕێین، قەیچێکا با ئەو وابیربکاتەوە، دواتر بیکردنەوە هەڵەکەی خۆی دەبینێت.

بەڵام ئەو کاتەی من لە هۆڵەکە دانیشتبوم و ێشتا کتێبەکەم نەخوێندبوەوەو چاندار خۆی ئەم قسانەی دەگێڕایەوە، بیرم لە دانیشتنی ئەو ئێوارەیش بوو، کە لەبارەی سوریاوە زۆر بە وردی هەمان قسەی بۆ ئێمەیش کرد، تاڵەبانی بابەتی ئایندەی سوریایی زۆر لاگرنگ بوو، ڕای وابو، ئایندەی سوریا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کێشەی کوردیشەوە هەیە، ئەو نەیدەشاردەوە کە تا بەشار لاوازبێت قازانجی کوردە بەڵام نەکەوێت، چونکە دەیزانی ئۆپۆزسیۆنی سوری کێن !

## نەخشەڕێگای ئازادکردنی ئۆجەلان

مام جەلال دوای پرسیار و قسەی ئامادەبوان بێجگە لە وەڵامدانەوە، شیکردنەوەیەکی بۆ دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆخی کورد لەو گۆڕانکارییانەدا کرد، یەکێک لەو پرسانەی جێی بایەخ بوو بۆ من، باسی نەخشە ڕێگایەک بوو بۆ ئازادکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، کە هەر لەو دانیشتنەدا کەسایەتی سیاسی نزیک لە پەکەکە و دۆستی تاڵەبانی، محەمەد ئەمین

پێنجوێنی هاتبوو، سەرۆک کۆمار ڕوو لە پێنجوێنی وتی پێکەوە سەرقاڵی ئامادەکاری نەخشە ڕێیەکین بۆ چارەسەری پرسی کورد لە باکوری کوردستان، کە کاریگەری گەورەی لەسەر ڕۆژئاوای کوردستانیش دەبێت، بۆ ئەوەیش هەوڵی ئازادکردنی ئۆجەلان دەدەین بە سێ قۆناخ، قۆناخی یەکەم ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە بهێنرێتە ئەستەمبوڵ و دەستبەسەر بێت، قۆناخی دووهەم ئازادبێت لە ئۆفیسێکدا کاری سیاسی و کۆبونەوە و بینینی ڕۆژانە بکات بێ دەرچون لەو ئۆفیسە، قۆناخی سێهەم کە قۆناخی ئاشتی تەواوەتیە، ئۆجەلان ئازادبکرێت.

ئاماژەی بەوەیشکرد، بۆ ئەو مەبەستە لە هەوڵی دروستکردنی کۆمیتەیەکی ئاشتەوایدان، کە مام جەلال و سەرۆکی ئەمریکاو سەرۆکی نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپاو ئەگەر پێویستیکرد ڕوسیاو چینیش بەشداربن تێیدا، وتیشی قسەم لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکاندا کردوە و ئامادەباشی پیشانداوە.

تاڵەبانی بیرێکی زیرەک و خەیاڵی گەورەی سیاسی هەبو، سیاسییەک خەون و خەیاڵەکانی لە هاوسیاسییەکانی گەورەتربوو، کە ئێستا یەکێتی بەدەردی بێ ئامانجی و بێ خەونی سیاسییەوە دەناڵێنێت، کە خەونەکان لە دێگەڵە دەرناچن و لە هەنێ پۆست و بیرەنەوتەکاندا ژەنگی کردوە، بەڵام ئەوەی تاڵەبانی باش بیری لێنەدەکردەوە، کات بوو، ئەو کە قسەیدەکرد، بیری لای گۆچانەکەی دەستی نەبوو، کە ئەوە گۆچانەکەی سەردەمی شاخ و شۆڕش نییە، کە ترسێکی گەورەبوو بۆ بەرپرسانی حزبەکەی، بەڵکو ئێستا گۆچانی پیری و کۆتایی ڕێیە.!

ئەو ساتە بیری وتارێکی خۆمم کەوتەوە، کە ساڵی ٢٠٠٩ لە ڕۆژنامەی چاودێر بڵاومکردەوە بە ناوی «تاڵەبانی و مێژوو»، کە خۆکاندیدنەکردنەوەی مام جەلال_م بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، بە زەرورییەت زانیبوو، تا ببێتە

نمونەیەکی دیموکراسی بۆ مێژووی نوێی عێراق و کوردستان، هەروەک یاداشتەکانی بنوسێت، کە بەشێکی گەورەیە لە مێژووی عیراق و کوردستان، کە زیاتر لە نیو سەدە ئامادەبونێکی دیار و گەورەی هەیە لەنێو ئەو مێژووەدا.

## گفتوگۆیەکی نەکراو، نانێکی نەخوراو

لە کۆتایی ئەو بینینەدا، ویستم داوای گفتوگۆیەکی تایبەت لە تاڵەبانی بکەم، لەبارەی مەرگ و بیرکردنەوەی سەرۆکێک لەو بابەتە فیکریی و بێ وەڵامە، کە دوای کتێبی «مردن بەڕێوە» کە گفتوگۆم لەگەڵ دەستەبژێرێک لە ئەدیبان کردبو لەوبارەیەوە،دەمویست لەگەڵ دەستەبژێرێکی سیاسیش گفتوگۆ بکەم، بەڵام بەهۆی وێنەگرتنی زۆر و هەنێ داواو و قسەیتری ئامادەبوانەوە نەمتوانی ئەو بەڵێنە لە مام جەلال وەربگرم.

بەڵام ئومێدێکیترم هەبو کە ئەو گفتوگۆیە بڕەخسێنم، ئەویش تاڵەبانی داوای لێبوردنی کرد، لەوەی بۆ نانی ئێوارە میوانداری میوانەکانی ناکات، کە بەهۆی ڕێگری دکتۆرەکانی و هێرۆخانەوە، ناتوانێت ئێواران نان بخوات و ئەگەر میوانیشی هەبێت ناتوانێت نانی باشیان لەگەڵ نەخوات، بەڵام پەیمانیدا لە گەڕانەوەی داهاتویدا میوانییەکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەنوسان و نوسەران ڕێکبخات. لەقسەکەی خۆیەوە قسەیەکی ڕۆماننوسی کۆچکردو محەمەد موکری_م بیرکەوتەوە، کە جارێک گێڕایەوە، لە شاخ بارەگای نوسەران نزیک بوە لە مام جەلالەوە، ئەویش زوو زوو «دەعوەت»ی کردون، وتویەتی حەزدەکەم گفتوگۆ بکەین، بەڵام دواتر هێرۆخان پێیان دەڵێت، ئەوەی لەبەر خۆیەتی و دەیەوێت بەهۆی میوانداری ئەوانەوە نانی چەورو بە دڵی خۆی بیخوات. بەڵام ئەوە دوا بینین بوو، تەندروستی مام جەلال کۆتایی بە گفتوگۆکە و «دەعوەتەکەیش هێنا.!

# مام جەلال و کوردستانی مەرکەزی

**شادمان مەلا حەسەن**

مام جەلال وێستگەی زۆرو دەوڵەمەندی هەیە لە ژیاندا، هەر وێستگەیەکی شایستەی چەندین وتارو بابەتە لەسەری بنووسی. ئەو هەندێ دەستەواژەی هەبوو بەکاری دەهێنا کەم سیاسی هەبوو ئەم دەستەواژانە بەکاربهێنێت. یاخود تێیبگات. یەکێ لەو دەستەواژانەی کە بەکاری دەهێنا کوردستانی مەرکەزی بوو. مەبەستی لە کوردستانی مەرکەزی، باکووری کوردستان بوو. دەیگوت کوردستانی مەرکەزی، میسری کوردانە. واتە وڵاتی میسر لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیو ژمارەی دانیشتوانیو بوونی ووزەو توانایەکی زۆر بۆ عەرەب چەند گرنگە، بۆ کوردیش کوردستانی مەرکەزی ئەوەندە گرنگە، چونکە تاکو کوردستانی مەرکەزی رزگار نەبێت، بەشەکانی تری کوردستان ناگەن بە دوا مەنزڵی رزگاری.

بۆچوونەکەشی راستو دروست بوو کاتێ لێکدانەوەی بۆ دەکرد، چونکە ئەگەر باکووری کوردستان بە مافی چارەنووسی خۆی بگات واتە بەشە گەورەکەی کوردستان لە رووی خاکو ژمارەی دانیشتوانەوە رزگاری بوو، سنوری کوردستان بەسەر دونیای دەرەوە زیاتر دەکرێتەوە، هەروەها هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هەتا رادەیەکی زۆر رێک دەبێتەوە بۆ کوردان. لەم روانگەیەوە هەمیشە چاوێکی لەسەر باکوور بوو، بۆیە ئەگەر مێژووی ئەم پیاوە بخوێنیەوە، ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ هاوکاری گروپو جوڵانەوە سیاسیو چەکداریەکانی کوردستانی مەرکەزی کردووە، بۆئەوەی بتوانن

بگەن بە قۆناغی رزگاری، هەر لەم سۆنگەیەشەوە دوو جار هەوڵی گەورەی دا بۆ هێنانەکایەی ئاشتی.

بێگومان قەناعەت کردن بە دەوڵەتی تورک بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کورد زۆر قورسە، مام جەلال توانی لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ تۆرگۆت ئۆزاڵی سەرۆکی ئەوکات رێک بکەوێت، تاکو ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانو بەڕێز ئاپۆدا بکات. جاری دووەمیش کە بووە سەرۆک کۆمار، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو، جارێکی تر پرۆسەی ئاشتی لە باکوور دەست پێبکاتەوە. ئەوە بوو ئەنجام پرۆسەکە هاتە کایەوە ئەگەرچی دوایی تێکچوو، بەڵام هەردووکی بایەخی گەورەی مێژووی خۆی هەیە، چونکە وای لە دەوڵەتی تورک کرد، کە وا بە ئاشکرا دان بەوەدا بنێ کورد لەم وڵاتەدا هەیەو خاوەن کێشەیەکی گەورەو رەوان، ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت ئەوا هەرگیز کێشە لەم وڵاتەدا کۆتایی نایەت. هەر لەسەر ئەم تێڕوانینەی مام جەلال-یش بوو، یەکێتی هاوکاریو پشتیوانیەکی زۆری رۆژئاوای کوردستانی کرد، تاکو لەسەر پێی خۆیان بوەستنو هەنگاوبنێن بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆیان.

راستی قسەکانم لەم وتارەدا لە لێدوانو راگەیاندنەکانی سەرکردەکانی کوردانی رۆژئاواو کوردستانی مەرکەزی پشت راست دەکرێتەوە، کە لە چەند رۆژی رابردوو بۆ کۆچی دوایی مام جەلال کردیان.

# دیپلۆماسی بە خاکسپاردن

**سەربەست جیهاد**

گلەیی‌و گازەندەیەکی زۆر کرا، هەر لە شوێن‌و چۆنیەتی مەراسیمەکە تا بە نۆرەی گوڵ دانان‌و جێگەی دانیشتنی میوانان دەگا، رەخنە هەبوو. بەشێک لە ئیرادو تێبینییەکان هی نزیکترین دۆستانی (جەنابی سەرۆک)و دۆستانی دێرینی گەلی کوردستان بوون لەگەڵ هەڵرشتنی فرمێسکی صادیقانەو صەدیقانە ئیرادو تێبینیان لە کولی مەراسیمەکە هەبوو، بەشەکەی تر رەخنەی ئەوانە بوو لەو مەراسیمە خەمناکەدا فرمێسکی هەمەجۆریان لە ئیمانە هەڵوەراند. خاڵی هاوبەشی هەموو رەخنەکان خەمی شکانی شکۆی دەوڵەتی عیراق بوو، گوایە بە ئەنقەست ئاڵای عیراق لە تەرمی پیرۆزی سەرۆک وەرنەپێچراوەو سروودی نیشتمانی‌و نمایشی شمشێربازی دەوڵەتی عیراق کە تەقلیدی سەردەمی مەلەکیەتە پشگوێ خراوە، خاڵی هاوبەش هەبوو مەرامی جیاوازیش لەو رەخنەو دنەدان‌و وورووژاندنانە هەبوو.

مەبەستی سەرەکی بەشی دووەمی ئەو رەخنەگرانە ئەوەبوو ئاراستەی رووداوی ئەسەف باری کۆچی (مام جەلال) وەربگێرن بۆ شەڕی ئیرادەی نێوانی لایەنگرانی یەکیەتی خاک‌و دەوڵەتی عیراق لەگەڵ لایەنگرانی سەربەخۆیی. ئەوانە مەبەستیان بوو دەوڵەت‌و حوکومەتی عیراقمان بە یەکجاری لێ هاربکەن‌و وادار بە ئیجرائێکی نەخوازراوی وەکو راگەیاندنی جەنگی بکەن، بەو بیانووەی گوایە شکۆی وولات شکاوەو سوکایەتی بە سەروەری کراوە، هەڵبەت ئەوانە وایان قرساندبوو کەلەو شەڕەدا تەنیا نابن‌و گریمانەی ئەوەیان کردبوو بەشێک لە دانیشتوانی کوردستان بەهۆی

نیگەرانیو مەترسیان لەسەر ئایندەی هەرێمو کاریگەریەکانی هەڕەشەو ئابلۆقەدان لە لایەکو ناکۆکی حزبەکانو سیاسیەکانی کوردستان لە لای دووەم، لەو ململانەیەدا لەگەڵیان دەبن.

هەموو ئەوانە بۆ گەلی ئێمە ناسراون، کەسایەتیان ناسراوە، فکرو تێڕوانینیانو سیاسەتیان ناسراوە، تواناو بڕشتیان بە باشی دەزانینو لە نیەتیان زوو حاڵی دەبین، دوای ئەوان توانستی حکومەتو دەوڵەتەکەشیان دەزانین، خۆشمان باش دەناسینو قەمچو مەودای دەستڕۆیشتنی خۆشمان دەزانین، قورس نییە بۆ گەلی ئێمە لەو کێبڕکێیەدا ببێتە تەرەفو وەک ئەوان قۆڵی لێ هەڵماڵینو مەیدان بگرینو گوێ بە عاقیبەتەکەی نەدەین، بەڵام ئەوە بژاردەی ئێمە نییەو نابێ.

سەرۆکی ئێمە فێری کردووین هەتا دەرفەتی ووتوێژو لێک تێگەیشتن هەبێ، روو لە کوێرەڕێی ئاڵۆزکردنو تێکدانی پەیوەندیەکان ناکەین. چەندی ئەوانی دی بیانەوێ پردەکان بڕوخێنو دەروازەکان داخەنو ئاسمانەکان قەدەغەکەنو حەشدو سوپا هانو سازبدەن بۆ شەڕو ماڵوێرانی، ئێمە هەر خەیاری دیالۆگ هەڵدەبژێرین. ئەمجارەش هەروامان کردو دڵنیامە لە داهاتووش هەروا دەکەین، ئێمە لە (ی.ن.ک)و دوای ئێمەش هەموو خەڵکی کوردستان نەمانویست بچینە ناو شەڕی شکاندنی ئیرادەی یەکتر، بۆیە ململانەکە هەر خێرا خاوبۆوەو مناسەبە غەمگینەکەش کرایە دەرفەتێک بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ.

جارێ زووە پێشبینی نەتیجەی گفتوگۆکانی نێوانی بەغداو هەولێر بکرێ، چونکە دانوستاندن لەسەر مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، کە دوو مەودای سیاسیو مێژوویی هەیە، بەڵام هەمومان لە (مام جەلال)ی رەحمەتی فێربووینە رێگای وتوویژ چەندی دژوارو دووردرێژیش بێ هەرگیز بەرنادەین.

# راسپاردەکانی مام

**هەڵکەوت زەنگەنە**

لەکۆستی کۆچی دوایی و دوامالْئاوایی سەرۆک مام جەلال-دا، باشترین وەفا بۆ سەرۆک مام جەلال ئەوەیە کەهەموو لایەک پێکەوە کاری جددی لەسەر جێبەجێکردنی راسپاردەکانی مام لەهەموو بوارەکاندا بکەن.

پێویستمان بەوەیە »سێ یەکێتییەکە، وەک بیلبیلەی چاومان بپارێزین«، دروشمی»بەرەو خانووە قوڕەکان« جێبەجێبکەین، «رووبکەینە گەڕەکە هەژارو کەمدەرامەتەکانو دێهاتی کوردستان، مشوری کرێکارانو جوتیاران بخۆین»، «پەرۆشی ژیانو گوزەرانو خزمەتکردنی زیاتری کۆمەلانی خەلْک بینو بەرژەوەندیی بالای گەل رەچاو بکەین»، «خۆمان بەبراو کەسوکاری خەلْک بزانین، خۆمان بەخزمەتکاریان بزانین، چاکەیان بدەینەوە، تۆلەی یارمەتیو هاوکارییان بۆ بکەینەوە، لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانو گوزەرانیاندا تێبکۆشین»، ئەو راستییە باش بزانین «کۆمەلانی خەلْک سەرچاوەی هەموو هێزو خەباتو سەرکەوتنێکن»، هەنگاو بۆ «گەشەپێدانی زیاتری هێزی پێشمەرگە» بنێینو لەخزمەت «یادەوەریی شەهیدانو کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، ئەنفالکراوان، کەمئەندامانی سەنگەرو تێکۆشەرە دێرینەکان» دا بینو بایەخی زیاتر بە »لاوانو ژنانو خوێندکاران بدەین»، هەمیشە »جەماعەتێکی بەوەفا» بین.

پلانو بەرنامەکانمان لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژین کە »هێشتا خەبات درێژەی هەیە»، بۆیە »بەردەوام پێویستمان بەیەکڕیزیی و هاوخەباتییە»و بەیەکڕیزیش «تا بەدەستهێنانی تەواوی ئامانجەکانمان لەخەبات، بەردەوام

بین»، بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانمان بەسەرکەوتوویی «سیاسەتی چەپکە گوڵەکە بەکارو کردەوەو لەهەموو بوارەکاندا بهێنینە دی‌و هەمووان بەشداریی بکەن لەبەڕێوەبردنی وڵاتداو بنەماکانی پێکەوەژیان پتەوبکەین».»خۆسازدان‌و ئامادەسازیی بەردەوامیش بەپێویست بزانین» و »خۆسازدان بۆ هەموو ئەگەرێک» بەئەرک بزانین، «داکۆکیکارێکی لێبڕاوی دیموکراسی‌و ئازادییەکان» بین، «نابێت واتێبگەین تەنها یەک رەنگ هەیە، بەڵکو دەبێت رێز لە رەنگ‌و بیروڕای جیاواز بگرین»، ئەو راستییە باشتر روونبکەینەوە کە «کوردستان موڵکی هەموومانە، خەڵکی کوردستان هەموومانین، هەموومان بەشێکین لێی، دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بۆ هەموومانە، زەرەرەکانیشی بۆ هەموومانە»، برەو بە »کاری پێکەوەیی‌و خەباتی هاوبەش‌و رێزگرتن لەخەباتی یەکترو پاراستنی زیاتری یەکێتیی ریزەکان» بدەین، «بەشێوەیەکی ژیرانەو دووربینانە درێژە بەخەباتەکەمان بدەین»، «پشوودرێژیی شۆڕشگێڕانەو لێکبووردن‌و گوێدانە یەکترمان هەبێت»، «لاپەڕە رەشەکانی نێوانمان بدڕێنین‌و لاپەڕە چڵکنەکان بسووتێنین، لاپەڕەی نوێ بکەینەوە، لاپەڕەی هاوخەباتی‌و برایەتی‌و پێکەوە تێکۆشان»، «بوغزو کینەو دڵڕەشی وەک شتێکی سووک تەماشا بکەین».

هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەوەی کە »هیچ ئیشێک بەبێ خەبات ناکرێت»، بۆیە دەبێت «تێکۆشانی پێویست بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان‌و پاراستنی دەستکەوتەکان»، «هەمیشە لە خۆ نوێکردنەوەدا بین»، تەئکیدبکەینەوە کە «ناکۆکی سەرەکی دوژمنانەمان لەگەڵ هیچ حزب‌و لایەنێکی کوردستاندا نییە، بەڵکو لەگەڵ دوژمنانی نیشتمان‌و کوردایەتییە»، ئەو راستییە مێژووییەش بۆ هەموو لایەک دووپات بکەینەوە کە »حەمرین سنووری کوردستانە». «هەموو لایەک لەئاست ئەو گرنگییەدا بین کە گەلەکەمان، بە کەرکوکی دەدات»، بیسەلمێنین «گەلی کوردستان وەکو هەموو گەلانی دیکەی دنیا مافی

چارەی خۆنووسینی هەیە»و ئەمەش پێویستی بە »نەسرەوتن تا سەرکەوتنە».
لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نابێ لە »سەرکەوتنو گەشەکردندا لەخۆ بگۆڕێین، لوتبەرزو لەخۆبایی بین، لەشکانو پاشەکشەدا ورەو وزە لەدەست بدەینو گۆڕەپانی خەبات چۆڵ بکەین»، «لەسەر چەپکەگوڵی سەرکەوتن خەومان لێنەکەوێت»، دەبێت «دەرگامان کراوە بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت دۆستایەتیمان بکەن»، «خۆمان رابهێنین لەسەر شێوە جیاجیاکانی خەبات»، چونکە »راستە دەستکەوتی زۆر گەورەمان بەدیهێناوە، بەڵام دەستکەوتەکان هێشتا دەڵەمەنو نەچەسپاون». «لە رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن نەترسین، گوێ لەهەموو رەخنەیەک بگرین و رەخنەی بنیاتنەر بەهەند وەربگرین بۆ ئەوەی کەموکوڕییەکان نەهێڵین».
بەجێبەجێکردنی ئەم راسپاردانەش هەموومان «هەمیشە هەرشادو سەربەرزو سەرکەوتوو» دەبین.

# تاڵەبانی، ساحیری کۆکەرەوەی دژەکان

**ئەحمەد میرە**

هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە تاڵەبانی دەناسن و باس لەوە دەکەن سیاسییەکی زۆر لێزان بووە و توانایەکی ئێجگار تایبەتی هەبووە لە ڕازیکردنی نەیارەکانی و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە ئاڵۆزە جیاوازە سیاسییەکاندا لە (تاڵەبانی)دا جگە سیاسی و پێشمەرگایەتی گرنگ بوون ئەمانەی خوارەوە بوون:

١.خاوەنی توانایەکی تایبەتی باوەڕپێکردنی بەرامبەرەکانی هەبووە.

٢.سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری تەمەنی لە شاخ و لە پێشمەرگایەتیدا بردووەتە سەر بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتدارێکی نەرم بووە بە پێچەوانەی نەیارەکانیەوە لەگەڵ عینادی سیاسیدا نەبووە.

٣.بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوەی دژەکاندا بووە بەڕادەیەک هیچ سیاسەتدارێک هێندەی ئەم لێزان نەبووە لە کۆکردنەوەی سەرە دژەکان لە مەنجەڵێکدا.

٤.هێزێکی سەرسوڕهێنەری هەبووە لە بڕیاردانی سیاسیدا و زۆرجار یەکەم بڕیار و دوابڕیار هەرلای خۆی بووە.

هەرچەندە لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەزموونی حوکمڕانییەکەی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووە، بەڵام لە پاڵ ئەو ڕەخنانەشدا دەبێت ئەوە بڵێین کوردستان بە وەفاتی(تاڵەبانی) سیاسیەکی کارامەو هۆشمەند و بەورەو لێزانی لەدەستدا، دڵتەنگین بە بۆ تاڵەبانی بە خەبات و پێشمەرگایەتی و لێزانین و لێبڕاوی ئەو لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا

خودا دەرگای بەهەشتی بەسەردا واڵا بکات و سەبووری هەموو ئەوانە بدات کە بۆ مەرگی ئەو دڵتەنگ و نیگەرانن

# ئەم خەمە بکەنە هەوێنی ئاشتەوایی نیشتمانی

**سەرتیپ جەوهەر**

وەستانی لایەنە سیاسییەکان بەتایبەت سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕان لەپرسەی سەرۆک مام جەلال، ئاماژەیەکی دڵخۆشکەربوو، وەستانو بەیەکەوە دانانی تاجەگوڵینە لە بەخێرهێنانەوەی سەرۆک مام جەلال لە فرۆکەخانەی سلێمانیو ئامادەبونو وەستانو گرنگیدانی ئیعلامیی هەموو لایەنەکان لەبەرێکردنی سەرۆک مام جەلال بۆ دوا مەنزڵی، دەکرێت لەچەند سوچێکەوە تەماشای بکەین.

یەکەم: مام؛ لەکۆچی دواییشیدا توانی هەموان کۆبکاتەوە، کۆکردنەوەیەک، هەموان چاویان لەگلەییو گازندەو کێشەکانیان نوقاند، بەتایبەت لەم دۆخەدا کە ئەگەر تا سەری ئەم مانگە گرێکوێرەکان نەکرێنەوە، بەدڵنیاییەوە کوردستان روو لە بارودۆخێکی ئاڵۆزتر دەکات، چونکە پەرلەمان ماوەکەی تەواو دەبێتو بەپێی ئاماژەکان، هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم زەحمەتە، کەواتە رێککەوتنێکی سیاسی دەبێتە هەنگاوێکی حەتمییو پێویستە هەموولایەنەکان سازش لەبەشێک لەداواو خواستەکانیان بکەن.

دووەم: لەفرۆکەخانە، لەبەرچاوی هەموو دونیا، کورد بەیەک رەنگ پێشوازیی لە سەرۆک مام جەلال کرد، بەیەکەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانو لایەنە سیاسییەکان تاجەگوڵینەیان لەرێورەسمی بەخاکسپاردن دانا، ئەم بەیەکەوە بوونە، نامەیەک بوو بۆ لێپرسراوانی بەغداو دراوسێ، کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرباری ناکۆکیو جیاوازی تێگەیشتنیان، بەڵام لەخەمی هاوبەشدا بەیەکەوەنو بەیەکەوە دەبن، لەکاتێکدا رەنگە لەپرسی ریفراندۆمدا،

سەربارى تێبينیو رەخنەو لەزەمەنو زەمينەى پرۆسەكە، بەڵام دواتر بەيەكەوەن.
سێيەم: لە هەموو رۆژانى پرسە، لە سلێمانیو هەولێر، مەكتەبى سياسىو سەركردايەتى پارتیو گۆڕانو لايەنەكانى ديكەش، هاوشان لەگەڵ مەكتەبى سياسىو سەركردايەتى يەكێتى، بەپێوە وەستانو پێشوازيان لەميوانان كرد، ئەمە ئاماژەيەكى دڵخۆشكەر بوو بۆ هەمووان، دەكرێت ئەو بەيەكەوە وەستانە بكرێتە هەوێنى خاوكردنەوەى گرژى نێوان لايەنەكانو بيركردنەوەى لايەنەكان لەچاككردنى ژيانى خەڵك بەگشتى، ناكرێت بەرژەوەندیو ژيانى خەڵك بكرێتە قوربانى ركەو (عيناد)یو سەرەنجام هەموان زيانمەند دەبن لێى.
چوارەم: گرنگترين خاڵ، كۆبونەوەى سەدان هەزار كەس بۆ بەڕێكردنى ئەو سەركردە مەزنە، پەيامێكى روون بوو بۆ هەموان كە گەورەيى لە خۆ بەگەورەتر بينين لەكێشەو گرفتەكان كۆكردنەوەى هەموان بوو لەسەر يەك خوان سەرچاوەدەگرێت، بۆيە دەرفەتە، ئەم روداوە خەمناكە، ببێتە هەوێنى كۆكردنەوەى هەموان، هەموو سەركردايەتى سياسى كوردستان، بەبێ سڵەمينەوەو بەبێ مەرجى پێشەكى، رۆژێك ديارىى بكەن بۆ گفتوگۆ، ئەو رۆژە ناوبنێن رۆژى ئاشتبونەوەى نيشتمانیو بەر لەهەموو شتێك داواو خواستى خەڵك جێبەجێبكەنو چاككردنى بژێوى خەڵك بخەنە پێش هەموو داواو خواستەكانى ديكە، دواجار هەم رۆحى ئەو سەركردە مەزنەو هەميش خەڵكى كوردستان ئاسودە دەبێت.

# مام و دۆستایەتی ئەدەب

**شوان مەندی**

مام جەلال وێرای کاریزمابوونی لەخەباتی سیاسی و دبلۆماسی و ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، کە وەک پیشەیەکی سەرەکی تیایدا کارا بوو، بەرئەنجامی رەنج و تێکۆشانی بەردەوامیشی لەوێدا جەنابیانی گەیاندە ترۆپکی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی وڵاتێک کە سەرۆک بوونی ئەو تیایدا لەسەرووی مەحاڵەوەبوو.

( مام ) لە چرکە ساتەکانی سەرقاڵبوونی ڕەوتی تەمەنیدا بەکاری سیاسی و ئەرکە سەختەکانی خۆی وەک ڕابەرێکی نەتەوەیی پڕ ئەزموون لەخەباتی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی کوردستان، لەپاڵ ئەوەشدا و هاوتەریب خولیاوحەزو هۆگرییەکی زۆریشی بۆ خوێندنەوەی بەردەوام هەبووە لە هەموو بوارەکانی نووسراودا، بە ئامانجی هەرچی زیاتر دەوڵەمەند کردنی هزری خۆی بەزانست و ڕۆشنگەری لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا بەگشتی و بەتایبەت لایەنی ئەدەبی لەو سۆنگەیەوە کتێبخانە تایبەتەکەی خۆی لەهەرکوی بوبێ هەرگیز بێ دیوانی شاعیرانی کلاسیک نەبوە، خۆی ووتەنی ئەگەر بەجوریک دڵ تەنگی و نیگەرانییەکی بوبێ بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرێکی کلاسیک دڵئارام بووەتەوە ئەگەرچی لەشیعری هاوچەرخیشدا واتە شیعری سەربەست چێژی لەشیعرە کانی خوالێخۆشبوو شێرکۆ بێکەس بینیوە، بەڵام لەهزرو تێروانینی بەڕێزیاندا شیعرو شاعیرانی کلاسیک جێگەو پێگەیەکی تایبەتی هەبووە.

هەربۆیە نزیکایەتییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی کورد و عەرەب و بەشێک لەنەتەوەکانی تریش، وە لەژیانیدا دۆستێکی نزیکی زۆرێک لە شاعیرانی تەمەنی خۆی و بەرهەمەکانی شاعیرانی پێش تەمەنی خۆی بووە وەک خوا لێخۆشبوان( جواهێری ، هێمن و هەژاری موکریانی، مامۆستا برایم ئەحمەد و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی وفایەق بێکەس و پیرەمیرد ، وە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیانی ئەزبەرکردوەو لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا بۆ مەبەستی پاراوکردنی کەشی کۆبوونەوەکان لەلایەک و لەلایەکیتر وەک پەند و حیکمەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نموونەی شیعرو پەندەکانی شاعرانی کلاسیکی دەکردە هەوێن و هەتوان بەخوێندنەوەیان لەزاری خۆیەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لە دەرفەتی خۆیدا ڕۆمان و چیرۆکە ناودارو ناوازەکانی ناوچەیی و جیهانیەکانشی بێبەش لەخوێندنەوەی خۆی نەکردووە، تەنانەت ئەو بابەتانەش کە بۆ منالآن دەنووسران تاوەکو سەرکردەیەک بابەتیانەو زانستیانەتر لەهەناو سایکۆلۆجییەتی منالآن نزیک بێتەوەو شارەزای خواستەکانیان ببێ

سەرۆک تاڵەبانی، ئەم سەرکردە مەزنە لە کۆی تەمەنی خەبات و تێکۆشانیدا قەڵەمی وەک چەکێکی هەرە کاریگەر نرخدارکردووە، هەر بۆیە هەمیشە پارێزەری راستەقینەی قەڵەم بەدەستانی بەهرەمەند بووە و بەردەوامیش هاوکار و هاندەرو داکۆکی کارێکی پشت پێبەستراوی گەشەکردنی ڕەوتی ڕۆشنگەری بووە لەوڵاتدا. کە نموونەی هەرە زیندووشمان ئەو داکۆکییە بوو لەنووسەری کۆچکردوو (محەمەد موکری) و رۆمانی سەگ وەرە.

هەزاران سڵاو لەرۆحی (مام) ئەو مرۆڤە مەزنەی کە سەکردەبوون چاوەڕێی دەکرد.

# مام له روحییەتی شیعرییدا

**دانا عەسکەر**

ئەوەی مام جەلال لەسیاسیەکانی تر جیادەکاتەوە ئەو روحییەتی رۆشنبیریی و شیعریەتەبوو لە ناخدا رەنگی دابوەوە ، زۆرجار قسەمان لەسەر ئەوە بوو کە دەبێ سیاسیەکان گوێ لە موسیقا بگرن ، شیعر بخوێننەوە ، ئەگەرنا روحە ئینسانیەکەی لە دەست دەدات ، هەدێک وێستگەی گرنگی مام لەبوارەکانی رۆشنبیریی و هونەری لای ئەو کەبە ژیانی مندا تێپەڕیون لەسەردەمی شاخ و شار ، زۆر گرنگی بە پیپی مۆسیقای شەهید کارزان دەدا و هیچ کات ریگرنەبوو لەبەرانبەر پێدا ویستیەکانیان و بگرە هاندەرێکی سەرسەختی ئەوان بووە، وێستگەی دووهەم نوسینەوەی کورتە رۆمانی » سەگ وەڕ « ی موکری نەمر بوو ، لەهەشتاکان ئەودەمەی لەخڕی ناوزەنگ موکری ئەو رۆمانەی نووسیەوە بەشێکی زۆر لە سیاسیەکانی ناو یەکێتی نیگەران و تەنانەت تووڕەش کرد ، ئەوەبوو مام جەلال پێشەکی بۆ ئەو رۆمانە نووسیەوە ئیتر ئاوێکی کرد بەو ئاگردا ، ئەوە هەر تەنها بێدەنگ کردنی سیاسیەکان نەبوو بەڵکوو هەنگاوێکبوو بەئاراستەی دیموکراتی و خەونی دیموکرسیانەی ئەو پیاوە بوو لەناو شۆڕش و کۆمەڵگەی کوردی ،وێستگەی سیهەم شیعرییەتی شیعرەکانی جەوهیری لای مام جەلاڵ کە هەموو دەزانین بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەو کەڵ شاعیرەی لەبەربوو بگرە بەقووڵیش لەشیعرییەتی ئەو تێدەگەیشت ، وێستگەی چوارەم جەختکردنی مام لە ساڵی ٢٠٠٨ تەئکیدی لەسەر کردنەوە سەنتەرێکی رۆشنبیریی گەورە لەکەرکوک کردەوە ئەوکاتیش وتی موکری دەنێرینەوە بۆ کەرکوک تا

سەرپەرشتی ئەو سەنتەرە بکات ، هەموو ئەم ویستگانە لەژیانی پیاوێکی سیاسی کەمن بۆ رۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ کە کەمن ئەو سیاسیانەی نە گوێ لە پارچەیەک مۆسیقا دەگرن و نەشیعرێکیش دەخوێننەوە ، ئەو روحەی سیاسیانەی ئەوان چەند خەونی سیاسی بە قووڵی رەنگ بداتەوە ناتوانێت وەک ئینسانێکی زیندوو ، وەک مرۆڤێکی خەمخۆر کە خەونی گەشەکردنی گۆمەڵە لە قولآیدا پەیوەستە بە کایەی رۆشنبیریی و هونەری ، ئەو هەستە قووڵەی لەبارەی مام جەلال و کاک نەوشیروان هەبوو لای هیچ سیاسیەکی کورد لەم قۆناغەدا نیە ، بەرۆیشتنی ئەو پیاوە دونیای رۆشنبیریی و هونەریی کەلێنێکی گەورەی تێکەوت .

# کێماڵئاوایی لێکردین؟

**محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی**

لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردا، چەندین کەسایەتی هەڵکەوتوون، ئەگەر بەناو ناویان بهێنین شێخ محمودی مەلیکی کوردستانو قازی محەمەدی سەرۆک کۆماری جمهوریەتی کوردستانو شێخ سەعیدی پیرانو مەلا مستەفای بارزانیو عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئەوە ناوی مام جەلال لەناویاندا شێخەلێکی سەوزو بنج ئەستوور و بالآبەرزو دیارەو لە هەموو لوتکەیەکی بەرزی شاخەکانی کوردستاندا بە شنەبای شەماڵ ئەشنێتەوە. مام جەلال لە تەمەنێکی منداڵیەوە وەکو خوێندکارێکی بزێو دەستی بە داری ئازادییەوە گرتووەو هەفتە بە هەفتەو مانگ بە مانگو ساڵ بە ساڵ گەشەی کردووەو زیرەکیو بلیمەتی لەگەڵ تەمەنیدا بالآیان کردوە.

مام جەلال ئەو پیاوە نەبەزو ئازاو جەربەزەو کۆڵنەدەرەی میللەتەکەمان بووە کە لە بوارە زانستو رووناکبیرو رۆژنامەگەریو ئەدەبیو یاساییو سیاسیو دبلۆماسیو پێشمەرگایەتیدا لە مێژووی تەمەنیدا مەلەوانێکی شارەزاو بە ئاگاو بیرتیژو نەخشە دارێژەری هەموو بوارەکان بوو. مام جەلال لە سەردەمی شاخو پێشمەرگایەتیدا لەوەی سەرکردەیەکی دیارو بالآدەست بووەو لەهەمان کاتیشدا پێشمەرگەیەکی ئازاو چاو نەترسبووە لە شەڕەکانی بەرگریو شالآو بردندا. لەکاتی راپەڕینە پر شکۆکەی ساڵی ١٩٩١ دا گەورەترین رۆڵی هەبوو تا ئەو کاتەی سێ پارێزگای کوردستان رزگار کران پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەمجار لەلایەن جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەوە هەڵبژێردراو بە دوایدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا،

مام جەلال داریژەری بەرنامەی دەسەلاتی خۆماڵی کوردستان بوو. تا ڕووخانی رژێمی بەعسو سەدام، مام جەلال مام جەلالانە کاری هەمەلایەنەی دەکرد. لە کاتی رووخانی رژێمی سەدامدا بووە هەوێنی پێکهێنانەوەو دامەزراندنەوەی حکومەتی ناوەندی عیراق بووە هەموو گەلانی عیراقو گەلانی عەرەبیو وولاتانی دەوربەرو دنیا ئاگاداری رۆلی مام جەلالنو کاتێکیش بوو بە سەرۆک کۆماری عیراق.. ئەگەر ویژدانی حزبو لایەنە عەرەبییەکان بە شیعەو سوننەوە نەمردبنو ژەنگیان نەگرتبێ ناتوانن رۆلی جوامێری مام جەلال لە یاد بکەن، مام جەلال تا رۆژی ٢٠١٢/١١/١٧ سەرۆک کۆمارێکی دیارو خاوەن ئەزموون بوو. لەدوای نەخۆشکەوتنی بارودۆخی عیراق لەهەموو روویەکەوە بەرەو تێکچوونو ئالۆزبوونو لێکترازان چوو، کە ئەو ئالۆزیو لێکترازانە کاری راستەوخۆی لە هەرێمی کوردستانو حکومەتی هەرێم و پەیوەندییەکانی کرد. سەرباری ئەوانەش کاریگەری تەواوی لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردو درزی دووبەرەکی و ململانێی لەنێوانی سەرکردایەتی پەرەی سەندو ناکۆکی لەنێوانی لایەنو حزبە کوردستانیەکانیشدا چەقیان بەستو کەسێک نەهاتە پێشەوە مام جەلال ئاسا ململانیەکان خاو بکاتەوە.

بۆیە دەڵێم کێ ماڵئاوایی لێکردین؟ بەڵێ ؟؟؟؟ ئەو پیاوە سەرکردەو ڕابەرو پێشمەرگەی خەباتی کوردایەتی مام جەلال بوو کە ماڵئاوایی لێکردین..مام جەلال بە گەورەیی ژیاو بە ئازایەتی ریبەرایەتی گەلەکەی کرد، بۆیە کۆچکردنەکەشی ئاسایی نییە. مێژووی گەلەکەمان تا هەتا هەتایە قەرزاری خەباتو شۆرشگێریی ئەم پیاوە مەزنەیەو بیروبۆچوونەکانی دەبنە سەرمەشق بۆ نەوەکانی ئێستاو ئایندە. بۆ درێژەدان بە خەباتو کۆڵنەدان لەپێناوی مافە رەواکانی گەلەکەمان بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنووسو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

بۆیە لەم بۆنەیەدا روو لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دەکەم کە کێشە ناوخۆییەکانیان چارەسەر بکەن‌و یەکێتی ناو یەکێتی بپارێزن رەچاوی خوێنی شەهیدان بکەن.

# شیعرەکەی حاجی بۆ مام جەلال بنوسن

**کیسرا ئەحمەد**

ئەستێرەی هیوای کورد کشا، ئەستێرەیەک جیا لە هەموو ئەوانی تر کە بە ئاسمانەوەن هیچیان وەک مام خاک و گەلی وڵاتێکی سەر گۆی زەوی لە ئامێزی نەگرتن.

مام جەلال بە درێژایی مێژوی تەمەنی بۆ دوو ئامانج تێکۆشا، ئامانجی گەیاندنی گەل بە سەروەریی و ئازادی و رزگارکردنی خاک لەدەستی داگیرکارو ستەمکاران، لە کۆتایی تەمەنیشیدا هەر ئەو دوانە وەفادارییان بۆ رەنج و ماندوبونی زیاتر لە حەفتا ساڵی ئەو دەربڕی. گەلێک نەک هاوزمانی خۆی، بەڵکو لە نەتەوەو گەلانی تریش رێزیان لەم رەنجە گرت و پێشوازیان لێکرد، ئەو خاکەشی بۆی تێکۆشا لە ئامێزی گرت کە خاکی نیشتمان و دایک-ـە.

نە نوسین و نە وتەو نە هیچ شتێک ناتوانێت گوزارشت لەو بیرو باوەڕی مام جەلال بکات، جارێکی تریش بۆ مێژوی کورد لەم سەدەیەدا ئەگەرچی رەنگە عومر رێگە نەدات ببیبنین، بەڵام مام-ێکی تر نە لەناو کوردو نە لەناو گەلانی ئەم ناوچەیەدا دروستنابێتەوە، ئەگەر هەشبێت وەک ئەو نابێت، مەراسیمی بە خاکسپاردنی سەلماندی ئەو نەک سەرکردەو سکرتێری حزبێک بوە، بەڵکو ئەو راستیە دوپاتدەکاتەوە خۆشەویستی هەموو گەلی کوردو گەلانی تری ناوچەکەو جیهان هەبوە.

کە دەنوسم وتەکانی لە مێشکمدا دێن و دەچن، وشەکانی ئەو بەرکاردەهێنمەوە، مام جەلال دەیوت، نوسەر دەبێت جوان بیبێژێت ئینجا

بیێژێت، هەرجارێک ئەو قسەی بکردایەو بینوسیایە بە تاسەوە گوێم لێدەگرت و دەمخوێندنەوە، چونکە دەمزانی هەموو دێڕێکی قسەو نوسینەکانی دنیایەک زانیاری، ئامۆژگاری لەهەموو روەکانی ژیانەوە تیادا بوو، ئەو ئەگەر لەسەر هەر رەوتێکی ژیانی مرۆڤایەتی قسەی بکردایە، نە دەبوو سودی نەبێت، جا لێرەدا هەرچی بنوسم بۆ وەسفی مام جەلال هەر کەمە بەو گوزارشتەی دەڵێن، وەک خاڵێک وایە لەناو دەریایەکدا، لێرەشدا هەرچی بنوسیت و بیێژیت کەمتریشە لە وەسفیدا.

ساڵی ٢٠١٢ چەند رۆژێکی کەم پێش گەڕانەوەی بۆ بەغداو نەخۆشکەوتنی، بیرمە مام جەلال بەشداری لە چلەیەکی ماتەمینی فەرماندەو پێشمەرگەیەکی دێرینی لە شاری کۆیە کرد. لەقسەکانیدا داوای کرد لەسەر کێلی ئەو فەرماندەیە شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی بۆ بنوسن و وتی: شیعرەکەی حاجی قادریشی بۆ بنوسنەوە، ئەڵێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە

ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

لەو کاتەوە من ئەم بەیتە شیعرەی حاجی قادرم لەبەر کرد، ئەو رۆژەی هەواڵی کۆچی دواییم بیست، ئەو کاتە ئەمەم بیرکەوتەوە کە خۆی وتی، بۆیە هەقە لە دوا مەنزڵگەی خۆشی ئەم بەیتە شیعرەی بە گەورەیی بۆ بنوسرێت.

رۆحت شادو گیانت ئارام بێت مامی هەموان.

# مام جەلال، پیاوی بەهرە جیاوازەکان

**شاخەوان سدیق**

که من ئەو مرۆڤانەی لە ماوەی ژیانیاندا بەهۆی تواناو بەهرەکانیانەوە، دەبنە سندوقی ڕەشی زانیاری و لەیەککاتدا چەندین بەهرەی جیاوازیان تیادا دەردەکەویت، بەبڕوای من (مام جەلال) یەکێکە لە نمونەی ئەو مرۆڤانە. بۆیە هەوڵدەدەم لەم نوسینەکورتەدا ئاماژە بە چەند بەهرەیەکی مام بدەم:

١- ئەدەبیات:

ئەگەر چاوێکی خێرا بە زۆرێک لە چاوپێکەوتن و ئەو وتارانەدا بخشێنین کە مام جەلال لەکۆڕو کۆبونەوەکاندا پێشکەشی کردوون و بەپێی وتەکانی هەموو ئەو هاوڕێیانەش کەلە مام جەلالەوە نزیک بوون، مام هەمیشە بۆ گەیاندنی بیرو باوەڕو سەرنجەکانی (شیعرو وتەی ناوداران و پەندی پێشینان)ی هێناوەتەوەو تێکەڵ بەقسەکانی کردووە، بەتایبەت ئارەزوی زۆری بۆ شیعری (حاجی قادری کۆیی) هەبووە، لەسەر ئاستی وڵاتان و ئەدەبیاتی عەرەبیش، زۆر حەزی لە شیعرەکانی شاعیری گەورە(جەواهیری) بووە، بەجۆرێک کە زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی لە بەربووە، ئەمەش نیشانەی ئاگاداربونی و حەزی ئەوە لە دونیای شیعرو ئەدەبیات.

٢- نوسین و ڕۆژنامەگەری:

(مام جەلال) بەحکومی زانینی چەند زمانێک هەر لە سەرەتای لاویەوە ئاگاداری دونیای دەرەوەی خۆی بووە و هەمیشە هەوڵی داوە ئەوەی

دەربارەی دونیاو بیرو ڕاکانیەتی بەنوسین دەری ببڕێت، بۆئەوەش پەنای بۆ کاری ڕۆژنامەگەری بردوەو لەسەرەتای لاویەوە کاری لە ڕۆژنامەی (خەبات و ڕێگای کوردستان و دواتر ڕزگاریدا)کردووە، و ڕۆلێکی ئێجگار گەورەشی لە دەرکردنی زۆرێک لە بڵاوکراوەکانی شاخدا هەبوە، بە دەرکردنی (شەرارەو ئیتحاد)یشەوە، تا ڕۆژنامەی (ڕێبازی نوێی و دواتر کوردستانی نویێ)وە.

ڕەوان بێژی:
یەکێک لە هەرە بەهرەتایبەتەکانی مام ڕەوانبێژی و توانای وتاردان و گفتوگۆو دیالۆگە. بەجۆرێک کە کەم کەس توانیویانە لەگفتوگۆدا بڕوا بە بیروڕاکانی نەهێنن و هاوڕانەبت لەگەڵی، ئەویش بۆ شارەزای و توانای بەهێزی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ دەربڕین کە هەمیشە سادەبووە لە گفتوگۆداو، قوڵبووە لە دەربڕیندا.

ڕوناکبیری و دوربینی:
مام بەسروست کەسێکی ڕوناکبیرو بیرتیژو ئازادی خواست بووە، هەمیشە وەڵامی نەیارەکانی بە حیوارو زمانی گفتوگۆداوەتەوە، ڕەنگە باشترین نمونەش بۆ ئەوە، نوسینی پێشەکی بێت بۆ ڕۆمانی (سەگ وەڕی) نوسەر(محەمەد موکری) ئەویش دوای ئەوەی کە (موکری) لە ڕۆمانەکەیدا ڕەخنە لە شۆڕش و هەندێک بەرپرسی دەگرێت، دەبێتە هۆی نیگەرانی هەندێک لە سەرانی شۆڕش، تا دەگاتە ئەوەی هەرەشە لە نوسەر دەکرێت، بەڵام مام کە هەواڵەکە دەبیستێت دەڵێت» ئەو بە قەڵەم لەسەری نوسیون، دەتوانن ئێوەش تەنها بە قەڵەم لەسەری بنوسن و وەڵامی بدەنەوە.

دەرەنجام:

ئەگەرچی مام خاوەنی چەندان بەهرەو سەلیقەو هونەری جیاوازەو لەم نوسینەکورتەدا دەرفەت نیە باس لەهەمویان بکرێت، بەڵام دڵنیام مێژوو بەگەشاوەی شارەزای و توناو بەهرەکانی ئەو دەنوسێتەوەو نەوەکانی داهاتوو چیرۆکەکانی ژیانی ئەو وەک وانەکانی قوتابخانەیەک دەخوێنەوە، کە لێیەوە بنەغاکانی ژیانی خۆیانی لەسەر بونیاتدەنێن. دواجار ئەم نوسینە بە پرسیارێکی مام خۆی کۆتای پێدێنم کە لە کتێبی (دیداری تەمەن)دا خۆی دەپرسێت و دەڵێت» ئەگەر دوور بخرێمەوە بۆ دورگەیەک و تەنها ڕێگەم بدەن (٣) کتێب لەگەڵ خۆمدا بەرم و لێم بپرسن ئەو (٣) کتێبە کامانەن، ئەوا دەڵێم (دیوانی شیعرەکانی جەواهیری، بیرەوەریەکانی ماوتیسۆنگ و کتێبێک لەسەر مێژووی کوردستان).

#ماڵئاوایی سەرۆکێکی سەربوردە پیرۆز و بلیمەت

**ئەحمەد حسین**

یەکێک لە نهێنیو دیاردە گرنگەکانی ژیان ئەوە لەهەر سەدەیەکدا جۆرە کەسانێک دروست دەبنو هەڵدەکەون دەبنە جێگەی شانازیو سەرسورمان بگرە لە ئەنجامی تێگەیشتنو چالاکیو بەهرەمەندیو داهێنانیاندا مێژوویەک بۆ خۆیان تۆمار دەکەن کە هەتا دنیا دنیایە ناویان دەمێنێو نەوە دوای نەوە پەرە بە ڕێبازو بیرۆکەو کارە پرشنگدارەکەیان دەدەن. پاش نیوەڕۆی سێ تشرینی یەکەم مەرگی گەورە پیاوی کوردو کوردستان مام جەلال تاڵەبانی لە میدیاکانی کوردستانو جیهانیدا بڵاو بووەوە. تارمایی پەژارەیەکی چڕ بەری ئاسمانی کوردەواری داپۆشی..بۆچی؟ چونکە مرۆڤێک کە ٨٤ ساڵ تەمەنی تێپەڕاندو بە شاهیدی ئاسۆی ویژدانو بەڵگەوە لە مێردمنداڵیو هەرزەکارییەوە خولیای کوردایەتیو بەدواچوون بۆ دۆزینەوەی ڕێبازەکەی لە جموجوڵو نەسرەوتندا بوو. ئەم قارەمانە گەشبینە لە دەستچووەمان یەکێکە لەو نموونە هەرە دیارانەی ژیاو لە هەردوو سەدەی بیستو بیستو یەکەم دا ١٩٣٣-٢٠١٧ کەسێک لەو تەمەنە کەمەوە لە پۆلەکانی پێنجو شەشی سەرەتاییەوە، هێزی لەبەرکردنو وتار پێشکەشکردنو گەڕان بە دوای ڕاستییەکان لە پێناوی ئازادیو دەستەبەرکردنی مافو ڕەوادا، نەک بەرامبەرەکەی، بەڵکو تێکڕای دەوروبەرو بیستیاریشی دەخاتە باری سەرسامی بوونەوە. مام جەلال تاڵەبانی لەو خوێندکارە وریاو ژیرو لەسەر خۆبوانە بووە، کە هەرگیز کاتی بەفیرۆ نەداوە. لەهەموو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی ناوەندی دواناوەندی کۆلێژی مافو ئەفسەری یەدەک دا، هەمیشە

به پلەی بەرزو باڵا نمرەی هێناوەو ناوبانگی شکۆی دەرکردوە. تەمەنی درێژی لەرێی کوردایەتیو رێکخستنو رۆژنامەوانیو سیاسەتی حەکیمانە بەسەر بردوە. زنجیرەی وتار و نووسینە بەبڕشتەکانی، ریزبەندی بەرهەمە لە چاپدراوەکانی وەکو ناوەرۆکی کتێبو نامیلکە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بوونەتە سەرمایەو گەنجینەی بایەخدارو سەرچاوەی برواپێکراو..لە شۆڕشی ئەیلوول دا، رۆڵی بەرچاوی هەبووە. خۆشەویستیو رێزی لە رادە بە دەری پێبەخشراوە. لەدوای خوا لێ خۆشبوو مستەفا بارزانییەوە ناوی هاتوەو جەماوەرێکی زۆری لە دەور کۆبۆتەوە. لە گەرمەی شۆڕش دا ماکی داگیرکەرانی کوردستانی بۆ پ.م و کۆمەڵگە روون کردۆتەوە. لە چەندان دانوسان دا سەرۆکی نێردە بووە. هەمیشە بڕیاردەرو دەروێشی یاساو یەکریزی دەستوور بووە. کاتێ لە بەدبەختی کورددا شۆڕش کەلێنی تێکەوتو پ.د.ک بوو دوو کەرتەوە، ئەم لە باڵی مەکتەبی سیاسیدا خۆی بینییەوە. هەمیشە دژی دوو بەرەکیو شەڕی خۆکوژی بووە. دوای تێپەڕاندنی سەردەمێکی تووشو تاڵ. دوای رێکەوتنی باڵی پ.د.ک بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانیو خوێندنەوەی بەیان نامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و گەڕانەوە هێمنی بۆ ناوچەی کوردستان. ئەوە بوو زۆری نەخایاند ئاشتبوونەوەی گشتی راگەیەندرا واتا زۆرینەی باڵی مەکتەبی سیاسی چوونەوە ناو ریزەکانی پ.د.ک لەوێ جۆشیان بە خەبات دایەوە. لەدوای ئەو ساڵانەوە رووی کردە دەرەوەی کوردستان لەوێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشێک لە کەسایەتییە شۆڕشگێرو دیبلۆماسییەکانی وڵاتانی دەوروبەرو جیهانی چڕ کردەوە. لەهەر شوێنێ ناوی ئاشتیو ئازادی ببرایەو قسەیەکی چاک بۆ کورد بکرایە ئەم رووی تێدەکرد پەرەی بەو ئایدۆلۆژیاو پرنسیپانە دەدا. ئیدی بەرەبەرە لە کەسێتییەکی شۆڕشگێرو سیاسیی کوردستانییەوە ، ناوبانگو دەنگی سنووری بەزاند. دوای بیانووگرتنو شەڕ پێفرۆشتنەوەی رژێمی

بەعسی رەفتار فاشی بە سەرکردایەتی کوردو پاشەکشە لە بڕیارەکانی ١١ی ئازار بۆ جێبەجێکردنی حوکمی زاتی. لە ساڵی ١٩٧٤دا شەڕی خوێناوی هەڵگیرسایەوە. لە ئازاری ١٩٧٥ دا بڵاوە بە شۆڕشی کورد کرا. کوردستان بووەوە بە دۆزەخو بە تاریکستانێکی هەرە ترسناک. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٥دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان لە وڵاتی شام دامەزراندو لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٦دا بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕشیان دا. ئەو دەم لە تاو دەستدرێژیو زۆرداریو دڕندەیی بەعسیان خەڵکی چاویان ترسابوو لە بێکەسیو بێ پشتیوانیدا زۆربەیان ورەیان بەردابوو.کە چەخماخەی شۆڕشی نوێ دەرکەوت ئاوات پەڕییەوە ناو دڵی شەیدانی ئازادیو سەربەخۆییەوە. هەردوو مام جەلالو کاک نەوشیروان هاورێکانیانو هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەیان داستانی گەورەیان خولقاند رووبەرووی گەورەترینو بەهێزترین رژێم بوونەوە. کارەساتی کوشتنو بڕین وەک بەڵا بەسەر کورددا دەباری. ئەمان بەرگەیان دەگرتو لە کاروانی تێکۆشانو بەرەنگاربوونەوە دوا نەدەکەوتن. لەم رووەوە مام جەلال لە کاتێک دا تەنگانەی گورچکبڕ رووی بدایە، لەلایەن رژێمو ئەوانەی چەواشەکارو بەرهەڵستیان دەکرد، ئەم بە وتاری ئاگرینو تێگەیشتنی سەردەمیانە ریزەکانی شۆڕشی دەوڵەمەندتر دەکرد. هەمیشە ئاکامی بۆچوون وتەکانی بەڕاستی دەردەچوون. خەبات درێژەی کێشا تا راپەڕینی بەهاری ١٩٩١و دروستبوونی بەرەی کوردستانی واتا چەپکە گوڵەکەی مام جەلال بۆ پێکەوە ژیانو دەسەڵات بەرێوەبردن.دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو پێک هێنانی حکومەتی هەرێم، ئابلوقە تەنگانە هاتە ئاراوە بەڵام خەڵکی کوردستان بەرگەیان گرت. ئەوەندەی پێنەچوو لە ساڵی ١٩٩٤دا شەڕی چەند ساڵەی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە. دیسانەوە ئاشتی بنیاد نرایەوە لەوە دوا هەوڵدرا دوو ئیدارەکەی هەرێم ببنەوە بە یەکو ئەمیش بە رواڵەت سەریگرت.

ساڵی ٢٠٠٣ کە رژێمی بەعسی سەرکێش‌و مرۆڤ کوژ روخێنرا ئیدی هیوای گەش بەناو دڵ‌و دەروونی هاووڵاتیاندا بڵاو بووەوە.مام جەلال لەو سەردەمانەدا دەگەیشتە کەرکوک‌و خانەقین‌و دوبزو خورماتو..تاد لەوێ وتاری پەرۆشانەو کوردانەی بۆ دەدات لەناو ئاپۆڕەی جەماوەری تینووی ئەو ناوچە دابڕاوانەدا خۆی دەبینییەوە ئەمیش لەوە دڵنیای دەکردن زوو بێ یا درەنگ ناوچەکانتان بە هەرێمەوە دەلکێتەوە.
کاتێ حکومەتی نوێی عێراقی دامەزرایەوە بە یەکەم سەرۆک کۆمار دانراو ئیدی پتر ناوبانگی پەیداکردو رێزی هەمو پێکهاتەکانی کوردی‌و عێراقی دەگرت‌و هەوڵی لپکردنەوەو کاڵ کردنەوەی کێشەکانی دەدان. مام جەلال بەوە ناسراوە هەمیشە بەرگەی تەنگانەی گرتوە لەپێناوی بەرژەوەندیی کوردەواری‌و تەباییدا وەکو رابەرێکی دڵسۆز تەنازولی کردوەو بگرە خۆی‌و یەکێتییەکەی باجەکەیان داوە. بەڵام خۆی واتەنی ئەم جۆرە تەنازولانە مێژوو حیسابی سەرکەوتنیان بۆ دەکات. مرۆڤێک لەم کەرەسانەی یاساو قانون‌و ئاشتی‌و تەبایی‌و ورەبەرزی‌و هەڵگرتنی تەواوی خەمە پیرۆزەکانی گەلی کورد بەتایبەتی‌و مرۆڤایەتی بە گشتی‌و خاوەنی خەرمانی چاوپێکەوتنی میدیایی‌و نووسینی سەدان وتارو لێکۆڵینەوەو دانانی ئەو هەموو بەرهەمانە بێت لە چمکێ یادەوەری‌و مێژوو. ئەڵبەتە بە بلیمەت‌و کارێزمایەکی گەلی کوردستان دادەنرێ. ئاشکرایە مردنی جوان‌و سەروەری درێژخایەن‌و پێوە لکاو بە هەموو کەسێ نابڕێ.
مام جەلالی بە جەستە کۆچکردووی بە گیان ئامادە لەلامان دیارە بە مەرجەعێکی زیندووی کوردستانی گەورە دادەنرێ. بێگومان خەونەکانی سەوز دەبن‌و ریزبەندی ئاواتەکانی بۆ سەربەخۆیی ئەمڕۆ بێ یا سبەی دێنەدی.

# سەلیقەی ئەدەبیی مام

**همایۆن صاحب**

کە گوێ بۆ وتاری مام ڕادەگیریت، یان چاوپێکەوتن و نوسینێکی دەبینین، هەست بە سەلیقەیەکی ئەدەبی دیاردەکەین، لە زمانیدا هەمیشە خۆی نواندووە. ڕازانەوەی قسەکانی بۆ سەرچاوەی ئەو سەلیقە ئەدەبیە دەگەڕێتەوە کە بەهێزترین دەرکەوتەی گیانی نوکتەیە، کە ئەدەبێکی تیژی میللیەو لە ناوەندی رۆشنبیری و سیاسیدا مامی پێدەناسرێتەوە. ڕواڵەتی نوکتەکانی مام سوعبەتکێشن و خاوبوونەوەو ئاساییکردنەوەی دۆخن لە گفتوگۆکانی تەنگو چەڵەمەدا، ناوەڕۆکی زۆربەشیان تەزوویەکی ڕەخنەگرانەو هەندێجاریش خاری تانەو تالیقی دبلۆماسیانەن لەگەڵ بەرامبەرەکانی دەرەوەی نەتەوەکەیدا. گێڕانەوەو دروستکردنیشیان زیرەکیەکی لە رادەبەدەری لێدەچۆڕێت، کە پەیامی خۆیان دەگەیەنن. دەکرێ ببنە سامانێکی باشی ئەدەبیاتی نوکتەو گاڵتە. لە دۆخێکی سیاسی تەمەنییشیدا جۆرێ لە شیعر دەبێتە نەیارێکی سەرسەختی و لەسەرێ تەشهیرو دوژمنایەتی دەکات و لە سەرێکیشەوە خۆراکی توونی قوڵکردنەوە دەرخواردی سەرە نەیارەکەی تردەدات. کەچی ئەم وەرزشکارانە دۆخەکە تێدەپەڕێنێت و لە چاوپێکەوتنەکاندا کە باس دێتە سەر ئەدەب بەڕێزەوە ناویان دەبات.

بڕشتی قەڵەمی مام لە ڕۆژنامەنووسی و پەیوەندی ئەدیبانەیدا ئەتوانێ لێکۆڵەرو ڕەخنەگرێکی باشیشمان پێبناسێنێ. بەتایبەتی ئەوکاتەی نامەو پەیامەکانی ئاڵوگۆڕدەکات لە گەڵ نووسەو هونەرمەندانی کورددا، کە دەشێ

بۆ خانەی ئەدەبیاتی نامە ببنە زەخیرەی لێکۆڵینەوە. مام ئەدەبی پارچەکانی کوردستانی گەورەش دەناسێ و لە ناوە دیارەکان یاددەکات. بۆ خۆیشی مەیلێکی ئەدەبی باشی بۆ رۆشنبیری عەرەبی هەبووە. لەڕێی پەیوەندی بە نووسەرەکانیانەوە رۆڵی هەبووە بۆ خاوکردنەوەی بیری شۆڤێنی عەرەبی و ئەوانیشی کردووە بە هاوخەباتی خۆی لەو مەیدانەدا. باڵاترین دۆخی ئەو پەیوەندیە جەواهیری یە. کە مام بەسەلیقەیەکی ئەدەبی و مێژوویەوە باس لە ئەرک و رۆڵی شیعری جەواهیری دەکات.

مام جەلال لە خوێندنەوەو ناسینی ئەدەبی جەواهیریدا بەجوانی تەشکی ئەدەبی ئەومان پێ دەناسێنێ و دەڵێت: جەواهیری لە شیعردا یەکیەتی دژەکانی نیشانداوە. زمان لە دەستیدا وەک هەویر بووەو عەرەبی کۆن و نوێ و ناوەندی تێکەڵکردووە، پەخشان و شیعری جەواهری نازانرێ کامیان رائیعترە، بەراوردو راستکردنەوەی قەصیدەی (کوردستان او موگن الابطال) دەکات و لەتەواوی چیرۆک و کاریگەری و نوکتەبازیەکانی ئاگادارە. چۆن جەواهری وتوویەتی:

شعب دعائمه الجماجم والدم
تتحطم الدنيا ولا يتحطم
سەلیم فەخری هەلیگەڕاندووەتەوە:
تتقدم الدنيا و لا يتقدم

# کێ ڕۆیشت؟

**ئارام هادی**

گوتەیەک هەیە دەڵێ «مێژووی مرۆڤایەتی هەر سەدساڵ جارێک کەسێکی نمونەیەکی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بەرهەم دێنێت و دەبێتە سەرقافڵەی خەباتگێڕان دژی داگیرکاری و توانەوە و نکوڵیکردن، تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەی»، بەڵام مام سنوری بیرکردنەوەی پێشبینییەکانی بڕی و کاریزمایەکی زۆر لێهاتو بوو کە لەپاڵ خەبات بۆ کوردایەتی خەباتی بۆ سەرجەم پێکهاتەکانیتری کوردستان و عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، باوەڕی وابو هەموو هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ڕەگەزە جیاوازەکان لە ماف و ئەرکدا وەک یەکن، ئەوەی گرنگ بوو بەلای مامەوە کە بە خاڵی جەوهەری دادەنرێت مرۆڤ بون بو.

١. لەبواری ڕۆژنامەگەری و ئازادی ڕادەربڕیندا خۆی وتەنی (کاری نوسەر ڕەخنە گرتنە نەک پیاهەڵدان)، بەردەوام پشتیوانی لە نوسەرە ڕەخنەگرەکان کردوە نمونەی ڕۆمانی»سەگ وەڕ»ی سەردەمی شاخ لەبەرچاوانە کەچۆن دژی هەموو ئەو کەسانە وەستایەکە کە دەیانویست لەبری وەڵامی قەڵەم بە قەڵەم، چەک لەبەرامبەر بەقەڵەمە ئازادەکان بەکاربهێنن!!، دواتر و لەسەردەمی خەباتی شاریشدا بەردەوام پشتیوانی لە ڕۆژنامەنوسە ڕەخنە گرەکان کردوە و هەندێک جار بانگهێشتی دەکردن و پشتیوانی خۆی بۆ چەند بارە دەکردنەوە بەڵام گەر هەندێک کێشەش لەم دواییانەدا لەنێوان میدیای ئازاد و یەکێتی دا ڕوویدابێت ئەوا مام لێی بێ بەری بوە و هەڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرپرسی دەزگا میدیای یەکێتی.

٢. هەوڵ و پشتیوانی یەکانی بۆ بەشەکانیتری کوردستان، هەرلەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە لە سوریا ئاشنای بەڕێز(ئۆجلان)دەبێت و بە حەرەکەتە شۆڕشگێڕی یەکانی ئەوکاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاربەدەستانی سوری و لوبنانی و سەفیری وڵاتانی جیهان لەسوریا دەناسێنێت، لەساڵی ١٩٩٣دا بۆیەکەم جار هەوڵی ئاشتەوایی نێوان دەوڵەتی تورک و حەرەکەتی شۆڕشگێری پەکەکە دەدات، کە ئەم هەوڵانەی مام بوە هۆکارێک بۆ بڕیاردانی یەکەم ئاگربەستی پەکەکە، دواتریش و لەسەردەمی سەرۆک کۆماری عیراقدا لەکاتێکدا ئەردۆغان دێتە بغداد مام دەیەوێت ئەو هەلە بقۆزێتەوە و بە (محمد ئەمین پێنجوێنی)دەڵێ «بەهەڤاڵانی پەکەکە بڵێن داواکاریەکانیان بنوسن بەڵکو بیدەمە ئەردۆغان» لەکاتێکیشدا کە بەڕێز (بەهرۆز گەلالی)دەست نیشان دەکات بۆ نوینەرایەتی یەکێتی لە تورکیا، مام پێی دەڵێ «تورکیا وڵاتێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و تۆ دەنێرمە ئەوێ تا پەیوەندی یەکی باش و تەندروست لەنێوان یەکێتی و ئەو وڵاتەدا بنیادبنێی بەڵام ئاگاشت لەوە هەبێت کە زیاتر لە ٢٠ملیۆن کورد لەوێ هەیە و هەوڵی ئاشتەوایی و تەبایی نێوانیان بدە»، لەسەرەتای ئاڵۆزی یەکانی سوریاشەوە کاتێک کوردانی ڕۆژئاوا گەیشتن بە هەندێک لەمافەکانیان دواتر بەداخەوە باری تەندروستی مام بەرە و خراپی ڕۆیشت بەڵام یەکێتی نیشتمانی لەژێر ڕۆشناییەکانی فکر و سیاسەتی مامدا بەو پەری توانایەوە پشتیوانی لە ئەزمونی ڕۆژئاواکرد و تائێستاش بەردەوامە.

٣. لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە هەر زوو مام بە (صەمام امانی)عیراق ناوی دەرکردو بوە خاڵی کۆکەرەوەی سەرجەم هێزە ناکۆکە عیراقیەکان وەک چۆن لەپێشتر هەوڵی یەکرێزی و تەبایی نێوان لایەنە کوردی یەکانی دەدا، هەوڵەکانی لەو پێناوەدا بەجۆرێک بوو بوەناوەندێکی گرنگ و هەموان پرس و ڕایان پێدەکرد و سودیان لە ئەزمونی مام وەردەگرت، بەداخەوە

لەدوای نەمانی ڕۆڵی سیاسی عیراق و هەرێمی کوردستانمان بینی ئێستا چۆتە چی قۆناغێکی مەترسیدار.

٤. ئەم سیاسیە وردبین و ستراتیژ زانە بەردەوام پشتیوانێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان بوە، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا کاک بەرهەم سالّح دەڵێ لەیەک ساڵدا مام سێ داواکاری گشتی ژنی لە دادگای سلێمانی دامەزراند بە هەموو دەسەڵاتەکانیانەوە، ئەمە جگە لە هاندانی ژنان بۆ کردنەوەی سەنتەر و ڕێکخراوە مەدەنی یەکان.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی بەجێی هێشتوە پێش هەرکەس یەکێتی دەبێت ستراتیژی یەن کاریان لەسەربکات و بەردەوام سودیان لێ ببینێت بەتایبەت بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چەقبەستوەی ئێستا، بەداخەوە مام تەنها لەبنەماڵەکەی و یەکێتی نەڕۆیشت بەڵکو لە کورد و پێکهاتە جیاوازەکانیتری ناوچەکە ڕۆیشت.

# مام و ڕەخنە و ڕۆژنامەنووس

**عەتا کەریم**

مام جەلال خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی بوو، کە لە کەسایەتیدا ڕەنگی دەدایەوە، بەر لەوەی سەرۆک بێت و دوای ئەوەی بووە یەکەمین سەرۆک کۆماری کورد لە مێژووی کوردستان و عیراقیشدا، دەستبەرداریان نەبوو.

زۆرێک مام جەلال، تەنیا وەک سەرکردە و رابەر و سیاسییەکی کاریزمای دەناسن و ناسیویانە، بەڵام ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنوسێکی بە سەلیقەش بوو، خوێنەرێکی بەردەوام و دانەبڕاوبوو، کەیف و خۆشیی لەو دیدار و کۆبوونەوانەش دەبینی کە لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی هاوپیشەی دەڕەخسان، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بوو، بۆیە پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەلای ئەم سەرۆک کۆمارەی کورد بایەخدار و سەنگین بوو، وەک هەمیشە باسیدەکرد پیشەی ڕۆژنامەنووسی خۆش دەوێت.

بە حوکمی کاری ڕۆژنامەنووسیم، چەندینجار دەرفەتی بینین و بەشداری و میواندارییەکانی بووم، کە چەند پرانسیپێکی چەسپاوی خودی هەبوو بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس و نووسەران هەمیشە بە داکۆکیکردنەوە پێداگری بوو « ئازادی و ڕەخنەگرتن»، بۆیە حزبەکەی خۆی پەیوەستی ئەو دوو ماف و چەمکە دیموکراسییە دەکرد و بە باوەڕی تەواوەوە ژینگەی بۆ لەباردەکرد و زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی یەکێتی لەسەر لادان و پێشێلکردنیان سەرکۆنە کردووە.

مام جەلال، چەندین هاوڕێی ڕۆژنامەنووسی هەبوو، لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوە و جیهانی عەرەبیش، سەرباری ئەوەش بە هەموو ماناکان لە کاری ڕاگەیاندن و کاریگەرییەکانی شارەزا و تێگەیشتووبوو، بەو پێیەی ئەو لە بایەخی هاوتەریبی سیاسەت و ڕاگەیاندن بەتەواوی شارەزابوو، مافی خۆیشی پێیان دەدا.

مام جەلال، قسەکانی دەکردە کردار و بەڵێنەکانی بەجێدەگەیاند بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان، بەتایبەتی فراوانکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنە، هەمیشە دەیوت:» ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن و ئازادی بێمەرج، ئەگەر ئەمەمان نەبێ ئەوا کێشە لە ئەزموونی دیموکراسیەکەماندا هەیە و دەبێت یەکێتیی و ڕاگەیاندنەکەی لێی تێبگەن»، بۆیە یەکەمین سەرکردە و سەرۆک بوو کە کاریکاتۆری لەسەر کرا و بە ئاشکرا نوکتەی سیاسیی لەسەرکرا.

لە (٢٠١٠ - ٢٠١١)، دوای گەڕانەوەی وەفدێکی باڵای ڕاگەیاندنکارانی یەکێتیی لە چین، دیدار و نیوەڕۆخوانێکی ڕەخساند، کە دەرفەتێکی باشتربوو کە لەنزیکەوە باس و خواسی ڕۆژنامەنووسی و بایەخی کادری ڕاگەیاندنی لەگەڵدا بکەین، ئەوە بوو ڕووی لە بەندەکرد و موناقەشەی وتارێکی کردم بەناوی «مێرووله شینەکانی چین» کە لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرابۆوە، وێڕای دەستخۆشی و پەسندکردنی، ئاماژەی بەوەدا کە ئاگایی و زانیاریی زۆر گرنگن بۆ ڕۆژنامەنووس و وتی:» منیش پێش سەردانی ئێوە چەند جارێک چوومەتە چین و سەرسامیم بەو وڵاتە وایکرد کە ڕاپۆرتێک بنووسم و منیش لە کوردستانی نوێ بڵاومکردەوە بەناوی (لێگەڕێن دێوە زەبەلاحەکە خەبەری نەبێتەوە)»، بۆیە مام لە پێگەی سەرۆک کۆماریشدابوو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی ئامادەکردووە و ئەم پیشەیەی هاوڕازی پۆستە باڵاکانی کردووە.

جارێکی دیکەش لە بینینەوەیەکی دیکەدا بەدیداری شادبوومەوە لەسەر بایەخی رەخنە قسەیکرد زۆر لەلای مەبەست بوو، بۆیە قسەیەکی زۆرجوانی کرد کە رەخنەی بیاتنەر زیان ناگەیەنێت و رەخنەی ناڕاست و روخێنەریش جێناگرێت، بۆیە وتی:» رەخنەگریش دەبێ خاوەنی هێزی بیر و قەڵەمی ئازا و نەترس بێت». بەپێکەنینەوە وتی:» رۆژنامەنووسی رەخنەگری ئازاد و ئازا، مەسئول ماستاوی بۆ دەکا».

تەوەری خوێندنەوە قسەوباسی ئەوجارەی گەرمترکرد و هەواڵی کتێبی نوێی پرسی، وتی ئێستاش سەرباری سەرقاڵی سەرۆکایەتی کۆمار لە خوێندنەوە دانەبڕاوم و کتێبەکەی بەردەستی نیشاندابن کە بە دیاریی تایبەت لەنووسەرەکەیەوە بۆی هاتبوو کە کۆندێلیزا رایس راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆی ناردبوو....

دیدار و بینینەکانی مام جەلال هەمیشە، بابەت و رووداوی نوێی تێدابوو، ئەگەریش نوکتەیەک یان بەسەرهاتێکیش بووبێت.

# بەردەوامیی ڕێباز یان دووبارەبوونەوەی مام جەلال

**خەڵەف غەفور**

لە مێژووی سیاسیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلاندا زۆرێک لە دەستکەوتەکان «هەڵبەت زانستی سیاسەتیش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە» بەرهەمی خەباتی کاریزماو سەرکردەکانن، لە مێژوودا نموونە زۆرن، دوورەکەیان سەربەخۆیی ئەمەریکا بەشێکی زۆری بۆ جۆرج واشنتۆن، نزیکیش کۆماری هاوچەرخی تورکیا بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورکو ئێران بۆ پێشەوا خومەینیو ئەڵمانیا بۆ بسمارکو سەرکەوتنی بزووتنەوەی نیشتیمانی کوباش بۆ چێ گیڤارا دەگەڕێتەوەو لە کوردستانیش نموونەی لەو چەشنەمان هەنە.

لە کوردستان «باشوورەکەی بەڕاستەوخۆو بەشەکانی دیکەشی بەناڕاستەوخۆ» هەمان دیاردەیی مێژوویی دەبینین، مام جەلال؛ لەسەرەتای ساڵانی پەنجاوە چووەتە کۆڕی خەباتی کوردایەتی، هاوشان لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو مەلا مستەفا بارزانی؛ پێکەوە پێشەوایەتی کاروانێکیان کرد کە بەداخەوە لەنیوەی ڕێگا ڕێگای لێبووەوەو ئاراستەی سیاسیش گۆڕا.

مام جەلال؛ لەوکاتەوە دەبێتە خاوەن بیرۆکەو شێوازی جیاواز بۆ خەبات، پاراستنی برایەتی کوردو عەرەبو بەرزکردنەوەی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین کە لە ریفراندۆمەکەی ٢٥ی ئەیلولی ڕابردوو کرایە کردارو ڕۆژی هێنانەوەی تەرمەکەیشی کەرنەڤاڵی جیاوازیی کوردستان لە عیراق دووبارەکرایەوە.

ئەزموونی مام جەلال لە خەباتی کوردایەتی لە شاخو شار تایبەتمەندی خۆی هەیە، ساغکردنەوەی ئەو راستییە کاری وتار نییە، بۆیە لەئێستا کردنەوەی سەنتەری توێژینەوە بۆ ئەنالیزەکردنی فیکری مام جەلال بەپشت بەستن بە ئارگۆمێنتی مێژوویی نیشتیمانی ئەرکی لەپێشەوەیەو پشتگوێخستنیشی کارێکی خراپو بێوەفاییە بەرانبەر بە مام جەلال. لە قۆناغی شۆڕشی نوێوە نەخشی بیرکردنەوەو جیهانبینی مام جەلال لەسەر رووداوەکان هەیە، رێبەرایەتی سادەو خاوەن فیکر، جیاکردنەوەی رەش لە سپی بێ رقوکینە، گرنگیدان بە راگەیاندنی ئازادو ئازادیی بۆ کاری نووسینو رۆژنامەوانی، بەرزکردنەوەی مافی چارەی خۆنووسینو دەستپێشخەریی ئاشتەوایی، گرنگترین وێستگەی سیاسیی سەرۆک مام جەلال-ە.

خاڵی جیاوازی مام جەلال لە مەسەلەی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عیراقو نەیارەکانی لەکاتی بێهێزی نەبووە، بگرە لە لوتکەی بەهێزیو جەماوەریتی، سەرکەوتن لە شەڕو هەڵمەتبردن بووە، ئەمە خاڵی بەهێزی کەسایەتی مام جەلال بووە. لە پەراوێزی ئەمەشدا خاڵی جیاوازی رۆشنبیریی سیاسیی مام جەلال؛ لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێکانی ئامادەگی هەیە، ئەوە سیفەتی خۆسەپاندنی نەداوە مام جەلال، بەڵکو سەرکەوتنی لە ململانێی دیاریکردنی شێوازی خەباتو ستراتیژیی یەکێتی بۆ دەستەبەرکرد.

کۆکردنەوەی خاڵی هاوبەشو بیرۆکە جیاوازەکان بۆ دانوستاندنی نێوخۆی حزبیو لەگەڵ حزبو حکومەتی نەیاری لە عیراقو کوردستان وەکو شێوازی کارکردنی مام جەلال-ە کە بە چەپکەگوڵێکی رەنگاوڕەنگ چوواندبووی، بۆ ئەوەش لە هەندێک وێستگەی سیاسیدا پەنای بۆ دانوستاندنی خۆڕزگارکەر لەململانێ ناوخۆییە حزبییەکانو لە شەڕی هەیمەنەو گرتنەدەستی دەسەڵات؛ لەگەڵ پارتی بردووە، کە هەندێک بە سازش ناویان دەبرد.

قۆناغی ئێستا، کە دانوستاندنی خۆڕزگارکەری بەکوردستانیشەوە پێویستە لە مەترسی دەرەکیو پشێویی ناوخۆیی، چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتیو گەیشتن بەسەربەخۆیی؛ سیاسەتکردنی لەو جۆرەی دەوێت لەکاتێکدا مام جەلال وەکو کارەکتەرێکی فیزیکی لەژیاندا نەماوە.

پرسیاری گرنگ بۆ دەستەبژێری دەسەڵاتداری یەکێتی ئەوەیە: ئایا دەیانەوێت درێژە بە سیاسەتو ستراتیژو بیرکردنەوەی سیاسیانەی مام جەلال؛ بدەن یان دووبارەبوونەوەی بەشێوەیەکی فیزیکی؟ لەمڕووەوە ئەزموونی سیاسیی گەلانو بزووتنەوەی سیاسیو حزبییەکان بەرچاوڕوونی ئەوە دەدەن چانسی دووبارەبوونەوەی کاریزماو سەرکردە کاریگەرەکان کەمترە لەکۆدەنگیی ناوخۆیی بۆ لەسەررۆیشتنی رێبازو ستراتیژی رێبەری سەرکەوتوو، دوای مام جەلال دەبێت یەکێتی یەکێک لەو دوو رێگایە تاقیبکاتەوەو بۆ ئەوەش هەموومان لە یارو نەیار چاوەڕوانین.

# مام جەلال، رابەرێکی روناکبیر

**خەلیل عەبدولا**

مام جەلال کەسایەتییەکی گەورەی سیاسیو دەوڵەتی بوو، نەک لەسەرئاستی کوردستانو عیراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش وەک سەرکردەو تێکۆشەرێکی مەزن و سومبلی گەلێکی خەباتگێڕ ناسراوە.

هەزاران لاپەڕە لەسەر ژیانو تێکۆشانی سیاسیو پێشمەرگانەی ئەم سەرکردە مەزنە نوسراوە، ئەوەی من ئەمەوێ رۆشنایی بخەمە سەر ژیانی نوسینو رۆژنامەگەری (مام جەلال)ە.

مام هەر لەسەرەتای ژیانی لاویو کە هێشتا خوێندکاری سەرەتایی بووە لە شاری کۆیە خولیای خوێندنەوەی رۆژنامەو کتێبی هەبووەو هەر بۆیەش لەساڵی ١٩٤٦لەگەڵ هاوڕێکانیدا کۆمەڵەیەکیان بۆ هاندانی خوێندنەوە پێکهێناوە بەناوی(کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە)و خۆشی بەسکرتێری کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوەو ئیدی لەوێوە کاروانی تێکۆشانی خوێندنەوەو نوسینو رۆژنامەگەری بەرێخستووە.

دوای ئەوەشی کە پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووەو لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو کە ئەبێتە یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی ئەو حزبە خۆی بۆ سەرپەرشتی رۆژنامەگەری نهێنیو ئاشکرای ئەو حزبە لەبەغداو کەرکوکو سلێمانی تەرخان ئەکاتو وەک پەیامنێرو نوسەرو تایپیستو سەرپەرشتیاری چاپو سەرنوسەر خزمەت ئەکات.

ساڵی ١٩٥٩ پێشنیازێک ئاراستەی مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەکات بۆ ئەوەی گۆڤارێک

بەناوی(رزگاری) بەزمانی کوردی لە بەغدا دەربکەن، مامۆستا برایم پێشنیازەکەی پەسەند ئەکاتو ساڵح حەیدەری ئەبێتە خاوەنی ئیمیتیازو فوئاد جەواد بەسەرنوسەرو مام جەلال بەهەڵسوڕێنەری کاروباری گۆڤارەکە.گۆڤاری رزگاری تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە.

دواتر رۆژنامەی خەبات وەک رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانە بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی لەشاری بەغدا دەرئەکەنو مامۆستا برایم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری ئەبێو مام جەلالو حیلمی عەبدولکەریم هاوکارو پشتیوانی سەرەکی رۆژنامەکە ئەبنو لەچواری نیسانی ١٩٥٩ تا ٢٨ی مارسی١٩٦١، (٤٦٢) ژمارەی لێدەئەکەن.

دوای ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی رەسمی کارکردن لەحکومەتی عیراق وەردەگرێ،ناوی رۆژنامەی خەبات ئەگۆڕن بە(کوردستان)و مامۆستا برایم ئەحمەد خاوەن ئیمتیازو مام جەلال سەرنوسەری ئەبێو عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەژارو حیلمی عەلی شەریف سێ هاوکارو پشتیوانی سەرەکی رۆژنامەکە ئەبنو رۆژنامەکە سیاسیو هەفتانە بووەو لە٤ی مارسی ١٩٦١ تا ١ی نیسانی ١٩٦١ پێنج ژمارەی لێدەرچووە.

مام جەلال لەو سەردەمە بەهۆی ئەوەی ئەفسەری یەدەگ بووە لەسوپای عیراق بەناوی (پیرۆت)ەوە نوسینەکانی بڵاو کردۆتەوەو دوای ئەوە بەناوی خۆیەوە نوسینەکانی بڵاو کردۆتەوە.

مام قەڵەمێکی دیار بووەو بەرهەدوو زمانی کوردیو عەرەبیو نوسیویەتیو هەربۆیەش بە ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنوسانی عیراق هەڵبژێردراوە کە شاعیری ناسراو محەمەد مەهدی جەواهیری سەرۆکی بووە. بواری رۆژنامەگەریو میدیا جێگەی بایەخی مام جەلال بووە، هەر بۆیەش لەکاتی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو لەکۆبوونەوەی دەستەی

دامەزرێنەردا بڕیاری ئەوە ئەدەن دوو رۆژنامە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی دەربکەن‌و ئەوەبوو هەر لەشامەوە رێبازی نوێ‌و ئەلشەرارە دەرکران‌و دواتریش رادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق خرایە گەڕو وەک سێ ناوەندی میدیایی رۆڵی خۆیان لەجۆشدانی شۆڕشی نوێدا هەبوو، کە بێگومان مام جەلال سەرپەرشتیارو بزوێنەری سەرەکی ئەو میدیایانە بوو.

بێ لەکاری رۆژنامەگەری لەبواری نوسینی تردا، مام جەلال قەڵەمێکی دیار بووەو خاوەنی چەندین کتێبی ناوازەیەلەوانە( الحركه التحرريه الكرديه، أغد و ديمقراگی و حرمان شعب حتى من حق الحلم؟ ، حول القچيه الكرديه، کوردایەتی، لەپێناوی پاراستن‌و سەرخستنی شۆڕشەکەی کوردستاندا،پێشمەرگەی کوردستان) و چەندانی تر.

لەدوای راپەرینیش مام جەلال رۆڵی دیاری هەبوو لەدەرکردنی رۆژنامەی کوردستانی نوێ‌و رۆژنامەی الاتحادو رۆژنامەو گۆڤارەکانی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و سەرباری ئەرکە سیاسییە زۆرەکانی، بایەخێکی زۆری بەبواری میدیا ئەداو لەرێی نوسینی وتارو ئامۆژگاری ئەو بڵاوکراوانەی بەسەر ئەکردەوە.

ئەو سەرکردە گەورەیەی لە خەباتی نهێنی‌و لەشاخ‌و لەکۆشکی کۆماری بایەخی بەرۆڵی میدیا ئەداو هەمیشە رێنمایی و ئامۆژگاری ئەکردن بەزمانی گوڵ بنوسن‌و بڕوایان بە پرنسیپی چەپکە گوڵەکە هەبێ.

تێبینی

بۆ نوسینی ئەم گۆشەیە سودم لە کتێبی( بیرەوەری رۆژنامەنوسیی مام جەلال)ی هاوار مستەفا خان وەرگرتووە.

# لەدوای مام جەلال

**مەسعود عەبدولخالق**

شارەزاییەکی یەکجار زۆری هەبوو لە سیاسەی دەولی ، تەنها ئەو توانی قسەیەک لەنیوان تورکیاو پەکەکە بکا ،ئەو توانی لەنیوان ئیران وئەمریکا قسەی هەبیت ،بۆ ناو عیراق تەنها ئەو دەیتوانی هەرسێ لای ناکۆکی عیراق کۆبکاتەوە ، بۆناوەخۆش لەدوای شکستی شۆرشی ئەیلول ئەو نەبوایە تاسالی ١٩٨٠ شۆرش نەیدەتوانی دەست پیبکاتەوە ، ئەگەر ئەو بمابوایە ئەوا کوردستان لەو ئاستە بەرزەی ئاوا تووشی دابڕانی جیهانی نەدەبوو وەک ئیستا تێی کەوتوە ، یان بەلای کەمی دەرچەی سەرکەوتوی دەدۆزیەوە .

سەبارەت بۆناوەخۆی (ی ن ک)کاریگەری یەکجارگگەورەی بەجیهیشت (بە غیابی نەوشیرەوان مستەفا)تازە ئەو قەبارە گەورەیەی یەکیتی بە کێ هەلدەگیرێ ؟ ئەو بوو دەیتوانی (ناکۆکەکانیش)کۆ بکاتەوە ، گەورەترین مونەزیر بوو ، دوودڵا نەبوون لە هەنگاوە ستراتیژیەکانیش، ئەگەر هەنگاوێکی ناوێزەش بوایە دەیتوانی پاساوی ماقووڵا بدۆزنەوە و ڕەتی بکا، دوو نمونەی زۆر زەق بۆ ئەو مەبەستە باس دەکەین:

یەکەم: لە زستانی ١٩٨١ لە (هۆڵێ سیمنیاری نێوزەنگ) مام جەلال وەسفی پەیکەری(ی ن ک)ی کرد بەوەی کە کۆمەڵە و بزوتنەوە دوو باڵن و خەتی گشتی و یەکێتیش لاشەکەن، ئیتر هەموو باڵندەیەک وەک یاسا دەبێ وابێ، کەچی لە هاوین خەتی گشتی و بزوتنەوە یەکیان گرت و دوو باڵەکە نەما جۆرە گوتارێکی سیاسی وای باسکرد لەو یەکگرتنە هەرگیز کەس لەبیری نەما کە باڵندە ئیتر بە یەک باڵا چۆن بفرێ یاخود بێ لاشە..

دووەم: لە هەمان شوێن لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئاخۆ دەکرێ (دانوستان) لەگەڵ بەعس بکرێ، لە وەڵامدا مام جەلال وتی: مەحاڵە..ووتی:ئەرێ دەکرێ بڵێین بەفری برژاومان بۆ بێنە؟! هەموو وتیان نەخێر، کەواتە (دانوستان) ئاوایە.. کەچی دوای ساڵێک ئەو دانوستانە کراو ئەوەی ناڕازی بوو بووە وەفدی دانوستان و بەفری برژاو هێنرا.

تەواو پیناسی کاریزمی لەو دوو نمونە بەرجەستە دەبیت ، کوردستانی پێش مامجلال ودوای مام جەلال زۆر جیاواز بوو و دەبێت.

# کۆچی تاڵەبانی کۆچی مێژووی قۆناغێکە

**عادل عەبدولمەهدی**

کاتێک سەرکردەی مێژووی تاڵەبانی کۆچیکرد، تێکۆشەرێکی گەورە، بە هەموو قورسایی خۆیەوە ووندەبێت، ئەوکارە ئاماژەیە بۆ پێچانەوەی مێژوویەکی دوورودرێژ تا مێژوویەکی نوێ دەستپێبکات، هاوکات ئاماژەیە بۆ کۆتایی هێنانی قۆناغی تاڵەبانی لە بەردەم قۆناغێکی تازەدا، تاڵەبانی وەک خود وەک قورسایی مێژوو قۆناغێک بوو. بگرە ڕووداوێک بوو، شایستەی ئەو ناوە بوو" زمانەی دڵنیایی کە نەجەف" دیارە مەبەست لە سیاسەتوانان‌و ڕۆشنفکرانی نەجەفە" لە ڕۆڵی تاڵەبانیان نابوو، کاتێک کە سەرۆکی وڵات بوو، چوون ئەو پێداگربوو لەسەر یەکپارچەیی وڵات‌و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی.

پەیوەندێکانم لە تەک تاڵەبانیدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو کات پەڕاگەندەی وڵاتی سوریا بووین، سەرباری جیاوازی بیرو باوەڕوپەیوەندی حزبایەتی، هاوڕێیەتی‌و تێڕوانینمان لە چۆنێتی کارکردندا کۆیکردینەوە، نەخشەمان دەکێشاو کارماندەکرد بۆ سەرخستنی گەلە ستەم دیدەکەمان،، بە گشت دیدو ئایدۆلۆژیا جیاوەزەکانەوە هەوڵمان بۆ یەکریزی ڕیزەکانی پارتە نەیارەکانی ڕژێم دەدا، خەومان بەسەرکەوتنی کارەکانمانەوە دەبینی.

تاڵەبانی کەسێکی سادەبوو، کەسێکی مەیدانی بوو لە تەک خەڵکوکادرەکانیدا دەژیا. ئەو خۆیی دروستکرد کە ببێت بە سەرکردەو ڕێکخەر، تێکۆشەرو دانوستانکار، هەمیشە هزرو دەستپێشخەرێکانی ئامادەبوون. هونەرمەندبوو، زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان، شیعری کوردی، عەرەبی‌و فارسی لە بەربوو،

زمانەکانی کوردی، عەرەبی‌و فارسی، ئینگلیزی‌و کەمێک لە فەرەنسی دەزانی. بەخشندەبوو، خاوەن نوکتەو مەتەڵ بوو، تا ئەوپەڕ کەسێکی خۆ بەکەم زانبوو، خوێنەرو چاودێرێکی باشبوو، باشترین دیاری کتێب بوو، باوەڕناکەم کەسێک توانیبێتی بەو شێوەیە هاوسەنگی پەیوەندێکانی لە تەک هەمووواندا ڕێکبخات ، سەربازگە سۆسیالستی‌و ڕۆئاوایەکان، ئیسلامێکان‌و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، هێزە عێراقیکان بە هەموو دیدگاو تێڕوانینیانەوەسەرباری خەڵکە سادەکە.

دوای هەرەسهێنانی شۆرشی کوردستان لە ١٩٧٥ "یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دروستکرد" ئەوی ڕۆژگاریَ دروستکردن‌و پێکهێنانەوەی شانە چەکدارەکان لە شارو گوندەکاندا، کۆکردنەوەی چەک‌و چۆڵ، ڕێکخستنی هێزەکان‌و بنیاتنانی پەیوەندی لە تەک وڵاتانی ناوچەکەوجیهان دەستپێکی ئیشەکانمان بوو بۆ چالاکی شۆرشگێرانە دژی رژێم. هەروەها یارمەتی گەلە ستەم دیدەکەمان بە جۆرەها شێواز لە وانە: چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەنامەو پاسپۆرت کە هۆکاربوو لە کارئاسانکردن بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و خانەوادە تا لە ژێر چەپۆکی ستەمکارانەی ڕژێم دەربازیان بێت.

ساڵی ١٩٧٨ بەسەرکەوتووی بەشێک لە شۆرشگێڕەکانی گەڕاندەوە بنکەکانیان لە ناوچەی سلێمانی، هاوکات شۆرشیَ گەلانی ئێران لە ئەوپەڕی هەڵکشانیدا بوو، ئەو ڕۆژگارە باسمان لە پرۆژەیەک دەکرد کە وڵاتان و گەلانی ناوچەکە لە خۆبگرێت بەشێوەیەک لە توانایاندا بێت پێکەوە بژین، وەک پرۆژەیەکی پێکەوە ژیان بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە ناوچەکەدا بێئەوەی وڵاتانی ناوچەکە تووشی شەڕولێکترازان ببێت.

شۆرشی ئیسلامی سەرکەوت‌و پاشان جەنگی ئێران - عێراق هەڵگیرسا، تاڵەبانی وهێزەکانی دیکە لە چیاو زۆنگاوەکاندا دەستیان بەچالاکیکرد، ئەوکارانە کۆڵەکەی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بوو، ئەو ڕۆژگارە کەسانێک پێیان

وابوو ڕاپەڕین بەو پێکهاتە جیاوازانەوە " کورد، عەرەب، سوونە، شیعە...هتد" کە دەستیانداوەتێ هۆکارێکە بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە، لە تەواوکردنی سەرکەوتنەکاندا، دواتر ڕێکەوتنی دەواری سەفوان‌و شازادە خالدو شوارسکۆف، هۆکاربوون بۆ ئەو قەسبخانەیەیی دژ بە ڕاپەڕیوان ڕێکخراوو هۆکاربوو بۆ مانەوەی "سەدام حسین"

جەنگی عێراق - ئێران، داگیرکردنی وڵاتی کوەیت، ئابلۆقەی ئابووری‌و بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، دواتر داگیرکاری ئەمریکاو کارەکانی لە بواری ناودەوڵەتییدا کێشەی گەلانی عێراقی گەیاندە لوتکە، پاشان قۆناغێکی ئاڵۆز دەستیپێکرد، کە هێزە عێراقی‌و ناوچەیەکان رۆڵیان تیادا هەبوو، بریتی بوو لە ڕوو بە ڕووبونەوەی توندوتیژی، پاکتاوکردنی پاشماوەی قۆناغی ڕابردوو، هەروەها بنیاتنانی کۆمەڵگاو دەوڵەتی نوێ.

لە نێو ئەم شەپۆلانەدا تاڵەبانی پێشەوایەک بوو لە ڕیزی پێشەوە، هەوڵیدا عێراق لە قۆناغێکەوە بگوێزێتەوە قۆناغێکی دیکە، لە مێژوویەکەوە بۆ مێژوویەکی دیکە، ئەگەر لە قۆناغی ڕابردوو حاڵینەبین، تێگەیشتن لەم قۆناغە زۆر قوورسە، لێرەوە ئامۆژگاریم بۆ نەوەی نوێ ئەوانەی خەم بۆ ئێستا دەخۆن، کە ڕابردوو بە باشی بخوێنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێوەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن لە نێوانی ئاستەنگەکاندا بە کاروانی پێشکەوتن بگەن. تاڵەبانی وەک سەرکردەیەک، تێکۆشەرێک و سەرۆکی وڵاتێک هێمایی ئەو دووقۆناغەو ئەو دوو مێژووەیە.

تاڵەبانی، کەسایەتییەکی دەگمەنی بزوتنەوەی ڕِزگاریخوازی نیشتمانی و عێراقی بوو، تاڵەبانی براو هاوڕیی ڕێگای من‌و کۆمەڵێکی زۆر بوو لەوانەی ڕۆڵیان هەبوو لە یەکێتی، پێشکەوتن‌و سەرخستنی گەلەکەماندا، یان ئەو ڕۆڵەی لە بارودۆخێکدا بۆ یەکپارچەی وڵات‌و یەکرزیی پێکهاتەکانیدا بینی کە پێویستیان بە ئازایەتی، دانایی‌و دووربینی هەبوو.

# ماڵئاوا مامی هەمووان

**د.سامان جەلال**

سەرکردەی زیاتر لەنیو سەدە، لەدوو سەدە. خەباتت کرد،مێژووت بەپاکی بونیاد کردو بەسەربەزی کۆتاییت پێ هێنا. بووی بەناسنامەی گەلێک و بۆ دۆست و دوژمن بووی بە دەرس و مەدرسە.

مێژووی هەموومانت جوان کرد، سەرمایەت بۆ هەمووان جێ هێشت. دوا کۆچت، تەنها بەجەستەیە، بەڵام روح و قوتابخانە و کۆڵنەدان و مقاوەمەتت، فێری هەمووومان کرد.

کە تۆ سەرکردەم بوویت، هەستم نەکردوە خەڵکی کام شارم، هەر وامزانیوە هی تەنها نیشتیمانم. کە تۆ سەرکردەم بوویت، نەمزانیووە، کۆیلەیی و کرنۆش بردن چیە، هەرگیز نەمزانیووە، کەکەوتین هەڵناستینەوە، چونکە لەکەوتنەکانیش هەر بیرمان لەهەستانەوە بووە.

بۆ نیشتیمانێک، گەلێکت دروست کرد، بۆ گەلێک بناغەی نیشتیمانێکت دانا، چونکە تۆ تەنها سەرکردەیەک نەبوویت، بەڵکو خۆت بەتەنها نەتەوەیەک بوویت.

مامی هەمووان، تۆ نەوەک هەر مێژوو، بەڵکو ئایندەت بۆ هەمووان رۆشن کرد. هەموو بیری تۆ لای پێکەوە ژیان بوو، زۆرجار گەورەیی زۆر گەورەت دەنواندو سارێژی زامی زۆر قووڵت دەکرد، کە بۆ هەمووان جێگای سەرسامی بوو.

لە مرۆڤایەتی، مرۆڤ دۆست و لەئاشتیدا ئاشتی خوازو لەدبلۆماسیدا خاوەن کارێزمایەکی بێ هاوتا بوویت. بەورو وریا، بەهێزو وزە بەخش،بۆیە

نائامادەیی تۆ بەنەخۆش کەوتنت، بینیمان، ناوە ناوە وڵات چۆن لەلێواری نغرۆبوون نزیک دەبۆوە.
سەرنجی دونیات راکێشاو رۆژهەڵاتی ناوەراستت هەژاندو عێراقت لەرەگەوە گۆڕی. ئاخر ئەگەر تۆ لەوێ دەبوویت، جبوری و عەبودی و مالیکییەکان و عیراقی عروبە، دەیانتوانی بیر لەسزادانی گەلێک بکەنەوە کە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کورد دابێت، ئاخر ئەگەر تۆ لەوێ دەبوویت، دەیانتوانی ئاسمان لەکورد رابگرن، ئاخر ئەگەر تۆ لەوێ دەبوویت، دەیانتوانی لەبەغدا پێشوازیمان نەکەن، یان هەمووانت دەهێنایە دەباشان.
ئێستا هەمووان لەجاران زێدەتر هەست بەگەورەیت دەکەین، چونکە تۆ بۆ هەمووان بوویت، ئەی مامی سەرکردە. بەمەرگت هەموومانت تاساند،روحت شاد، ماڵئاوا مامی هەمووان.

# کۆچێکی ناوادەبوو گەورەم

**هەژار نامیق**

مامە گیان ئێمە لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی هیواو ئومێد بووین، ئێمە چاوەڕوانی قسە حەکیمانەکانی جەنابت بووین، ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین تۆ بێت و ئەو گێژاوەی بۆمان گیراوەتەوە تۆ دەربازمان بکەیت، مامە گیان ئێمە چاوەڕوانی نوکتەو قسە خۆشەکانی تۆ بووین، مامە گیان ئەی نازانیت دوای تۆ چی ڕوویداوە؟! ئەی نازانی دوای تۆ ئەوانەی لە حزوری تۆ شەرمیان دەکرد سەریان هەڵبڕن ئێستا دەیانەوێت زگمان هەڵدڕن؟! ئەی مامە گیان ئەوە دەزانیت دوای وەفاتی تۆ سیاسەت مانای نامێنێت؟! ئاخر مامە گیان ئێمە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆ بووین، چاوەڕوانی ئەوە بووین ناو ماڵی کورد ڕێکبخەیتەوە ئاخر مامە گیان نازانم دەزانیت یاخود نا ئێستا هەڤاڵ و هاوڕێکانیش پێکەوە ناسازێن، ئێمە سەرگەردان بووین چەترەکەی تۆ نەیدەهێشت ئێمە تەڕببین. نەیدەهێشت تینی گەرمی خۆر بمانسوتێنێت بەڵام ئێستا سەرتاپای گیانمان سووتاوەو تەڕبووە، بگەڕێرەوە بە خۆت و گۆچانەکەت هەندێکیان پێویستیان بە ئامۆژگاریەو هەندێکیان سزاو هەندێکیشیان لێدان، تۆ بگەڕێرەوە شتەکان تێکچوون!؟ ئاخر ئێستا شیعەکانی دوێنێ کە تۆ ئەتپاراستن ئێستا دژمان وەستاون، لەدوای تۆ قووت و مووچەی هاوڵاتیان براوە لەدوای تۆ دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی و قێزەون دروستبووە لەدوای تۆ جۆگەلەی خوێن هەستاوە، تخوا گەورەم بیرت ئەکەین!؟ بگەڕێرەوە شاخەکانی کوردستان، دەشت و دۆڵەکانی کوردستان، ئاسمان و زەوی، منداڵی ساواو گەورەو پیر هەمووان چاوەڕوانتین،

دەبگەڕێرەوە گەورەم تخوا چیتر با ئێمەش سزا نەچێژین و سزانەدرێن، ئای گەورەم سکم پڕە لەقسە وەک منالێکی ساوا ئەمەوێت هەموو، ووشەکان دەرببڕم بەڵام ناتوانم نا نا، مامە گیان بگەڕێرەوە هەڤاڵەکانت بەڵێنیان داوە لەسەر ئەو بەڵێنەی کە بە تۆیان دابوو بەردەوامبن و بەڵێن دووپات بکەنەوەو چەپکە گوڵەکەی تۆ بگرنەوە دەست و بەڵێنی نەسرەوتن تا سەرکەوتن بهۆننەوە، مامەگیان تۆ فێرت کردین بۆ ئازادی بجەنگین، بۆ سەربەستی خاک تێبکۆشین، مامەگیان تۆ ئێمە فێرکرد نابێت میلەت برسی بکەین ئەبێت سواڵ بکەین بۆ ئەوەی میلەتەکەمان تێربکەین، مامەگیان ئایا دەزانیت دوای تۆ دەیان و سەدان ملیۆنێری سیاسی پەیدابوون، دەزانیت مافیا سیاسیەکان پەیدابوون دەزانیت دوای ڕۆشتنی تۆ نەزانەکان بوون بەزانا، لێنەوەشاوەکان بون بەشایستە وە لێهاتوو دەزانیت مامە گیان دوای تۆ دەیان حیزبۆچکەو سیاسۆچکە دروستبوون!؟ ئای مامە گیان چی بڵێم باسی کامە کەلێن بکەم دوای تۆ باسی کامە نەهامەتی و دەردەسەری و چەرمەسەری کورد بکەم گەورەم هەر ئێمەی یەکێتی وّ کورد نا بەڵکو سیاسیەکانی عەرەب و تورک و فارس بیرت ئەکەن، هاوپەیمانەکانت لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بیرت ئەکەن، دڵم پڕە مامە گیان چی بنوسم ئاخر قەڵەمەکە ج و کولەکەی من چۆن دەتوانێت وەسفی مەزنی و زانایی و لێهاتوویی و حەکیمی تۆ بکات ناتوانم مامە گیان مامە گیان تۆ سەرکردە بوویت، تۆ ڕێبەر بوویت تۆ ئازادیخواز بوویت تۆ مەزن بوویت مامە گیان تۆ ڕێبەری چەند دەیەی کورد بوویت تۆ لێزان و لێهاتوو ببویت، بەس ئەتوانم بەڵێن بدەم تا یەک کەس مابێت لەسەر ڕێبازە جوانەکەت بەردەوام دەبم و ئێستا زیاتر سورم لەسەر ڕێگاکە وەک خۆت هەمیشە دەتوتەوە؛ نەسرەوتن تا سەرکەوتن.

# کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال و چەند وتەیەک

**مەجید کاکەوەیسی**

- کۆچی دوایی سەرکردەیەکیتری مەزنی مەیدان و خەباتی کوردایەتی و مەردایەتی، ناوداریێکیتری سیاسەت و مێژوو، فەرهەنگ و کولتور، پێشمەرگە و دیپلۆمات، قسە خۆش و قسەزان و مەجلیس خۆش، بەڕێز؛ مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆککۆماری دوو دەورەی پێشووی عێراق، دوای سەکتەی مەغزی و لادانی لە خەباتی کردەوەیی بۆ ماوەی چوار ساڵ، بەرواری ٢٠١٧/١٠/٣ لە نەخۆشخانەیەکی سەرەکی وڵاتی ئاڵمان چاوی لێکنا و بەیەکجاری لە بنەماڵە و کەس و کار و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و سەرجەم گەلی کورد و جیهان ماڵئاوای کرد.

- ڕاستی هەرچەند بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە بەڕێزیان ماوەی چوار ساڵە لە هەر چەشنە کارێکی مەیدانی و وتەیی دابڕاوە؛ بەڵام بوونی بەو جۆرەش هێشتا پاڵپشت و هیوا بوو بۆ گەل و ئەویدارانی و هەردەم چاوەڕوانی دەرکەوتنەوەیان ئەکرد؛ داخم نە ئەو هەلە ڕەخسا و نەش کرا بەو شێوە بهێڵرێتەوە؛ بۆیە ئەجەلی هات و خوای گەورە قەدەری وا دیاری کردبوو کە هەر ئەوەندە و بەوجۆرە بێ..

- بە قەدەری خوای گەورە و ئەجەلەکانی ڕازین؛ بەڵام من وەک کەسێکی دڵسۆزی گەل و نیشتمان و تاکێکی کورد بە بیستنی کۆچی دوایی چاوەکانم فرمێسکیان باراند و کەوتمەوە یادی جارانی و وتە و کار و چالاکیە هیوابەخشەکانی، زار شیرینی و سەرنج ڕاکێشەکانی کە هەردەم هیوا بەخش بوون بۆ کورد.. لە ناخی دڵەوە هەژاندمی و خەمباری کردین.

- دیارە، لە سەر کەسایەتی و ژیاننامەی دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە سەروەری ئەو پیاوە مەزنە نە من دەتوانم هەقی خۆی پێبدەم بەم چەند دێڕە و نەش کار و پسپۆڕی منە لە وەها شاکارگەلێکدا بکەومە مەلەی دەریای بێ پەی و مێژووی پڕشانازی، کە نە قەڵەم و نە ئێمەمانان ئەتوانین و نە لە خۆمانڕا ئەبینین... بەڵام تەنیا بۆ ئاسوودەیی ویژدان و خەم ڕەواندنەوە ویستم چەند دێڕێک لەو مەزنە بدوێم..
- لانی کەم زیاتر لە نیو سەدە خەباتی بێوچان و نەبڕاوە و نزیک ٨٠ ساڵ تەمەنی پڕ سەروەری زۆر قازانج و بەرژەوەندی بۆ کورد و کوردستان بە جێهێشتووە کە وەک سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەبێ ببێتە ڕێڕەوی خەبات و مەردایەتی و کوردایەتی و بە شانازییەوە بۆ نەوەی نوێ تا کورد مابێ درێژەی ببێ...
- خەون و خەیاڵ و ڕوئیای ئەو پیاوە کە لە دیوەخانی شێخایەتی و ئاغایەتیەوە دەرکەوت و ڕێچکەی جیاوازی هەڵبژارد، و وەک لایەنگری خەباتی ڕەش و ڕووتان و یەکسانی و دادپەروەری، دەستی کرد بە شۆڕشی مەدەنی و سیاسی و دواتر چەکداری، و پێشمەرگایەتی، و لە شارەوە بۆ شاخ و لە شاخەوە بۆ ئاوارەیی و دیسان شاخ و دیسان شار و ڕاپەڕین، لە پێشمەرگایەتیەوە بۆ سەرۆک حیزب و لەوێوە بۆ سەرۆککۆماری وڵات و لەوێوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەندامەتی لە ڕێکخراوی ئینترناسینال سوسیالیستیەکان... هزر و بیر و هۆشیاری ئەو پیاوە خۆی و کوردی گەیاندە پلە هەرەبەرزەکانی دەسەڵات و سەروەری و شانازی بۆ گەل و نەتەوەکەی تۆمار کرد.
- لە تاریکترین قۆناخی بێهیوایی و خەبات و پێشمەرگایەتی، نسکۆی کورد لە ساڵی ١٩٧٥، هەر دوای چەند مانگ و ساڵی ١٩٧٦ز بە یەکەم بەیاننامە و یەکەم شریخەی گولەی پێشمەرگە و یەکەم دەنگی گەلی کوردستان و یەکەم

دروشمی " چارەنوس بۆ گەلەکەی" خەباتی نوێیان بە هاوکاری و هاوڕێی دەیان پیاوی مەزنی ئەو کوردستان دایساند و بە دۆست و دوژمنیان سەلماند کە کورد زیندووە و نامرێ تا سەرکەوتنی یەکجاری ڕێدەپێوێ... هیوایەکی وای بە کورد و خەباتی پێشمەرگە و شاخ و شاردا کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و بە چەند ساڵ هەر لە مناڵی ناو بێشکەوە تا پیری پەککەوتە بە دەنگی "جەلالی" و خەبات و شۆڕشی نوێ، ئاشنا بوون.... دۆستانی پڕ هیواکرد و دوژمنای تۆقاند....

- ئەو دەمانەی کە من تازە لاوێک بووم و ساڵەکانی ٨٠ز گوێم لە ڕادیۆ بوو، تەنانەت بە دزیەوە و لە نزیکەوە شایەتحاڵی دەیان قارەمانێتی پێشمەرگە بووم لە کوردستانی بەشی گەرمیان بە تایبەتی و شارەزوور، کە ڕۆژ نەبوو سوپای عێراق و بەعسیەکان نەترسێنن و لێیان نەکوژن... تەنانەت ئەو خەباتە و ترسی جەلالی و شۆڕشە نوێیەکەی دڵی کاربەدەستانی بەغدایان وەلەرزە هێنا بوو!!.. خەباتی بە گوڕ و تینی پاک و خاوێنی پێشمەرگە و سەرکردەکانی ئەو کات هندەی هیوایان بەخشیبوو بە کورد کە هەر کەسێکی کورد و هەر باوک و دایکێک بە شانازیەوە خۆی و نەوەکانی بۆ خەبات و پێشمەرگایەتی تەرخان ئەکرد و ڕەوانەی شاخیان ئەکرد بۆ بڵێسەدارتر کردنی خەبات و ئاسۆکانی سەرکەوتن..

- ئەمرۆ بە خۆشیەوە تەواوی ئەو کارو چالاکیانەی هەم خۆی و هەم هاوڕێ و حیزبەکانیان تۆماری دەنگی و ڕەنگی کراون و بە تۆمار کراوی هێشتوویانەتەوەو ماونەتەوە، پێویست بە زیاتر ڕوونکردنەوە ناکات...

- من هەر بۆ خاڵی نەبوون لە ئارامکردنەوەی رۆح و ویژدانم ویستم هنێک لەو سەرکردە مەزنە بدوێم و خوێنەران سەرنجڕاکێشم بۆ زیاتر شارەزا بوون لە خەبات و کار و چالاکیەکانی ئەو سەرکردانە...

- ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەک بوون و هاوکاری و یەکدەستیە بۆ ئەوەی دوژمنان نەتوانن زەبەرمان پێبەرن، و لە بۆشایی ئەو کەسایەتیانەدا لە پشتەوە خەنجەرمان لیٚ نەدەن.!. داوا لە هەموو شۆڕشگێڕان و دڵسۆزانی ژیرو وریای گەلەکەمان ئەکەین کە زیاتر پێکەوە کۆ ببنەوە و چارەنوسی گەلەکەیان گرنگتر بێت تا بەرژەوەندی تاکی حیزبی و بنەماڵەیی... دوژمن هەردەم لە پچڕان و ناکۆکیدا کەڵکی خرابی وەرگرتووە و کوردی بۆ پاشەوە گەڕاندووەتەوە.... با ئەمجارە و بە تایبەت لەم هەل و مەرجەدا مەرگی ئەم پیاوە بە گەورەتر سەیر بکەن و بیکەنە ئەزمونی یەکێتی و ئاشتەوایی گشت حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرکەوتن بە سەر کەند و کۆسپەکانی ناوچە و ناوخۆدا.... چارەنووسی گەلەکەمان ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکیتر لە حەساسترین قۆناخی خۆیدایە... خوانەخواستە ئەمجارە کورد نەتوانێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە دیسان ئەیهۆۆۆی گەرەکە!...

ڕۆحی مام جەلال بە بەهەشت شاد بێت و خوا لێی خۆش بێت.

# مام جەلال، کوردێک جێگەی گەورەتر لە کوردستان

**جەنگیز چاندار**

هەندێ لە مرۆڤەکان جێگەیان گەورەیە. لە کاتی کۆچیاندا زیاتر درک بەو راستییە دەکرێت. مام جەلال یەک لەو کەسانەیە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ ئەو رووداوە ناخۆشانەی کە روویاندا، کاریگەریی هەبوو لەوەی ئەو لە زەمینەی سیاسی دوورکەوتبووەوە. ئەوەی ئەو بۆ گەلی کوردی کردووە، تائێستا هیچ کەسێک نەیکردووە. لێرە بەدواوە پێموانییە کەس بتوانێ بەئاسانی ئەو کارە بکات. لەبەرئەوەی ئەو جگە لە سەرکردەیەکی کورد، کەسێتییەکی دەرکەوتوو بوو لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا لەسەر شانۆی مێژوو دەرکەوتبوو. لە روویەکی ترەوە تاڵەبانی کوردەکانی بە رووی جیهاندا ناساند.

هەندێکجار لە ئاستی کۆچی هەندێ کەسایەتی نازانین چی بڵێین و بەبێ دەنگی دەمێنینەوە، لە راستیدا ئەوەندە شت هەیە باسی بکەیت کە بێدەنگ نەبیت. بەڵام دڵت غەمگین و غەمبار دەبێت و دەمبەست دەبیت لە ئاست وشەکاندا. کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی مام جەلال-م بیست حاڵی من ئاوا بوو. نزیکەی نیو سەدە دەبێت یادەوەریم لەگەڵ مام جەلال هەیە، لە کتێبی شەمەندۆفەری میزۆپۆتامیا بەخۆشحاڵییەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی چاپکرا و بۆ مام جەلال-یان خوێندبووەوە، هەموو ئەو یادگارییانە باسکراون. مام جەلال لە پاش ساڵ و نیوێک لە وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەیەک لە بەرلین، لە تەمموزی ٢٠١٤ گەڕایەوە بۆ سلێمانی، چەندجارێک لە رێگەی نووسین و یەک بینینەوە گەردنی یەکترمان ئازاد کرد.

مام جەلال لە دیدی منەوە، کەسێکی سیاسی و بەنرخ بوو، دۆستێکی زۆر نزیک و تایبەتم بوو. لە پاش ئەوەی لە ١٧ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢، دوو جار تووشی خوێن بەربوونی مێشک بوو، لە نەخۆشخانەیەکی بەرلین بەشێوەیەکی سەیر لە مردن گەڕایەوە، مام جەلال گەڕایەوە بۆ ژیان، بەڵام چیتر ئەو مێژووی نەدەنووسییەوە، وەک کەسایەتییەکی گرنگ ناوی چووە مێژووەوە. مام جەلال توانای قسەکردنی لەدەستدابوو. نەیدەتوانی جوڵە بەلایەکی لەشی بکات. چاوێکی نەیدەبینی، سەرەڕای ئەوەش هەموو بەیانییەک لەماڵەکەیدا بە قات و بۆینباخەوە دادەنیشت و پێشوازی لە میوانانی دەکرد.

لە پاش نەخۆشکەوتنی بۆ یەکەمجار لە مارتی ٢٠١٥ سەردانم کرد، زۆر نیگەران بووم بە دۆخی مام جەلال، جاری دووەمیش لە شوباتی ٢٠١٦ بینیمەوە.

بۆ چاپی دووەمی کتێبەکەم بە کوردی شێوەزاری سۆرانی، دووبارە پێشەکیم بۆ نووسییەوە، چەند دێڕێکم بۆ زیاد کرد و پیشانی مام جەلالم دایەوە، ئەویش چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک، تاڵەبانی بە ئاگا بوو لە ڕووداوەکان و هەستی بە شتەکان دەکرد.

مام جەلال لە نیوەی ساڵانی ١٩٤٠ دا کاتێ لاو بووە، دەست بە خەباتی سیاسی کردووە و نزیکەی ٧٠ ساڵ لە کاروانی خەباتی سیاسی بەردەوام بووە. لە کوردستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەسایەتییەکی ناسراو و دیارە. بۆیە هەندێ لە کەسایەتییەکان زۆر گەورەن و پێگەیان گەورەیە و لە کاتی کۆچیاندا زیاتر شوێنیان دیار دەبێت. مام جەلال یەک لەو کەسانەیە. ئەو ڕووداوانەی لە ٢٠١٢ وە تائێستا ڕوویانداوە بەجۆرێک کاریگەری بەوەوە هەیە کە ئەو لە زەمینەی سیاسی غیاب بووە.

ئەگەر ئەو لە سیاسەتدا چالاک بوایە، ئایا ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی تر دەبوون؟

بەڵێ بەشێوەیەکی گشتی جیاوازتر دەبوون، بەوەی مام جەلال لە رووداوە مێژووییەکاندا رۆڵی زۆر کاریگەری گێڕاوە و هەوڵەکانی نموونەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ هەموو لایەک.

بەبیرم دێت لە ساڵی ١٩٩٢ بوو، تورگوت ئۆزاڵ پێیوتم کە متمانە بە بارزانی بکات یاخود تاڵەبانی، لەو سەردەمەدا سیاسەتی دەوڵەتی تورک وابوو کە ناکۆکی بخاتە ناو کوردەکانی عیراقەوە و دواتریش هەوڵ بدات کاریگەریی خۆی لە سەریان دروست بکات. تورکیا زۆر کاری بەو ئاڕاستەیە دەکرد تا بگاتە ئەو ئامانجەی. منیش لەوەڵامدا بە ئۆزاڵم وت: «بیر لە پیاوێک بکەرەوە کە لە ساڵانی ١٩٤٠ وە و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا کە چوار دەوری بە تورکیا و ئێران و سوریا واتە بەو دەوڵەتانەی کە لە دژی کوردن گەمارۆ دراوە، ئەو لە بەرامبەر بەغدا خەباتی کردووە، لە شاخەکاندا خەباتی چەکداری بەرپاکردووە، تەنانەت وەک ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بە مەلا مستەفای بارزانی رابەری بزووتنەوەی سیاسی کورد وەستاوەتەوە. لە جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چەندین شەڕ و هەوڵی تیرۆر کردن رزگاری بووە و توانیویەتی لە ژیاندا بمێنێتەوە. هاوکاتیش توانیویەتی پێگەی خۆی بباتە پێشەوە، ئەوەتا لەگەڵ ئێوەی سەرۆک کۆماری تورکیا دادەنیشێت و لە تورکیا پێشوازی لێدەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کەسایەتییەکی بەتوانا و سیاسەتکارێکی لۆژیکە، بۆیە پێشوازی لە کەسێکی سیاسی و لۆژیکی نابێت نیگەرانی سەرۆک کۆماری تورکیای لێبکەوێتەوە».

ئۆزاڵ پێیوانەبوو رۆژێک دێت و جەلال تاڵەبانی دەبێتە سەرۆک کۆماری عیراق و لە پاش رووخانی سەدام حسێن وەک سەرکردەیەکی کورد لەسەر کورسی سەرۆک کۆماری دادەنیشێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموونی سیاسی سەرکەوتوویی ئەو بوو.

ئەوەی مام جەلال-ی دروست کرد، کەسێتی سیاسی و لۆژیکی نەبوو، بەڵکو سەرکردەیەک بوو بۆ دۆزی رەوای گەلەکەی تێکۆشانی دەکرد. لەبەر ئەو سیفەتەی ئەوەی کەمێک لە نزیکەوە مام جەلال-ی ناسیبێت خۆشیویستووە. ئەو سیاسەتکارانەی کە مام جەلال پەیوەندیی هەبووە لەگەڵیان، سەرجەمیان ئەوپەڕی رێزیان لە مام جەلال دەگرت. ئەو سیاسەتکارانەی مامەڵەیان لەگەڵ مام جەلال کردبێت، ئەوا دواتر خۆشیان ویستووە.

مام جەلال، کەسێک لە میهرەبانی، قسەخۆش، بە وەفا و مرۆڤێکی جوان. ئەوەی ئەو بۆ گەلی کوردی کردووە، تائێستا هیچ کەسێک نەیکردووە. لێرە بەدواوە کەس بە ئاسانی ناتوانێ ئەوە بکات، لەبەرئەوەی ئەو وەک کوردێک، کەسایەتییەک بوو لە سنووری جوگرافیای کوردستان زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاتە ناو شانۆی سیاسەتەوە. لە روویەکی ترەوە کوردەکانی بەجیهان ناساند. لە وێستگە گرنگەکانی مێژوودا کاری گرنگی بۆ گەلی کورد کردووە، هەربۆیە لەلایەن گەلەکەیەوە نازناوی »مام«ی لێنرا. دەبێت لەوە بەنرختر چی بێت؟

لە راستیدا لە ساڵی ٢٠١٢ بەدواوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردەکانیش لەسەر ئەوە راهاتوون بەبێ ئەو بژین. هەرچەندە مام جەلال قسەی نەدەکرد و لە سیاسەت چالاک نەبوو، بەڵام بوونی ئەو هەر جیاواز بوو. ئێستاش کۆچی ئەو رووداوێکی جیاواز دەبێت و کوردەکان بە ئاسانی لەگەڵ ئەمە رانایەن.

بۆ کەسێکی وەک من کە زیاتر لە ٤٠ ساڵ و نزیکەی نیو سەدە مام جەلال هاوڕێم بووە، خۆم لەسەر ئەوە راناهێنم کە ئەو کۆچی دوایی کردووە. لە وەڵامی پرسەنامەکەی من بۆ تاڵەبانی، قوباد تاڵەبانی کوڕی نوسیویەتی » ئەو برای تۆ بووە، تۆش برای ئەویت«.

مرۆڤ لە کۆچی دوایی براکەیدا بڕوا ناکات و رانایەت بەو وەزعە، بۆ من سەدەیەک کۆتایی پێهات، لەبەر ئەم هۆکارە لێرە بەدواوە هەرچی بنووسم بێ هودەیە لە ئاست کۆچی دوایی مام جەلال. مام جەلال ماوەی پێنج ساڵ بوو نەیدەتوانی قسە بکات، چیتر قسە ناکات. ئێمەش لە ئاست کۆچی دوایی ئەودا، بێدەنگ بووین و سەرمان داخستووە.

# دواین نامەی مام جەلال

**ئاسۆ حاجی**

ئامادەیی و کاریگەری مام جەلال لە هەرشوێنێک و بۆنەیەک بووایە سێبەری بەسەر ئامادەبووان و ئاراستەی قسەکردن و گفتوگۆکان دادەکێشا، ئەوەش بۆ توانای ئەو لە زارخۆشی و تەڕدەستی لە وەڵامدانەوە و زوو وردکردنەوەی نیەتی ئامادەبووان و هەوڵدان بۆ لێکنزیککردنەوەی بۆچوونەکانیان لایەنی کام تا ئەو ڕادەیەی بەریەککەوتن دروست نەبێ، بۆیەشە زۆر کەس بە تایبەتی ئەوانی هێشتا بانگەشە بۆ برایەتی کورد و عەرەب دەکەن و عێراقی بوون دەکەنە خاڵی هاوبەشی پێکەوە ژیان حەز دەکەن بە مام جەلال بڵێن کۆکەرەوەی جیاوازەکان.

ئەوەیان ڕاستە مام جەلال بەردەوام توانیویەتی لایەنەکان کۆبکاتەوە و حەزیشی لەوە کردووە بەڵام قەت لە دەرەوەی ماڵی کوردستانیدا هەوڵی بۆ یەکخستنەوەی لایەنەکان نەداوە، مام جەلال لە سەر ئاستی عێراق لایەنەکانی کۆدەکردەوە، بەڵام لە کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ بارزانیدا لایەنەکان و دامەزراوە حکومی و ژیان و ژیاری خەڵکیان ڕێکدەخست و هەر کاتێکیش کۆبوونەوەی عێراقیەکان لە دژی یەکخستنی کوردستانیان بوایە ئەوە مام جەلال تێکدەر و هۆکاری کۆنەبووەوە دەبوو، ئەوەشیان لە دواین نامەی مام جەلال بەڕوونی و بەڕاشکاوی دیار بوو کە لای ئەو کوردستان و کورد بوون لە پێش هەر ئیعتباراتێک و پلە و پایەکی دیکەیە، ئەوەش لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی ڕوفات و ناشتنی لە خاکی پیرۆزی کوردستان و ڕەتکردنەوەی

داوای حکومەتی بەغدا بۆ ئەوەی ببردێتە بەغدا و لەوێ عێراقیانە پێشوازی لێبکرێ.
پەیامەکانی مام جەلال کە زیندووش بوو زۆربەی جار بەغدای دەهەژاند جا چ سەردەمانی چیا یان دوای ڕاپەڕین یان ئەو کاتەی لەسەر کورسی سەرۆکایەتی کۆمار دانیشتبوو بۆ کوردستان و بیروباوەڕی خۆی کاری دەکرد، کارکردن لە پێناو گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین کە تێیدا گەلی کوردستان بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا وەک هەر گەلێکی ئازاد.
ڕیفراندۆم کە عێراقی داگیرکەر و عەرەبە شۆڤینیەکانی خستۆتە سەر چۆک و ئامادەن چۆن لە ڕێککەوتنی شومی جەزائیر بەشێکی خاکی عێراقیان بە ئێران بەخشی بۆ نسکۆ پێکهێنانی شۆڕشی گەلی کوردستان ئێستا ئامادەن هەر هەموو عێراق بدەنە ئێران بێ یان تورکیا تەنها بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ نەبێ، بەڵام لە پەیامی مام جەلالدا کە جەوهەری کوردایەتی و کوردستان پەروەری تێدا بوو سەرانی شۆڤینی عەرەب بەو نیەتە هاتبوون کە مام جەلال چۆن کە لە ژیاندا مابوو بەهانایانەوە دەچوو ئەو جارەشیان شکۆ و خۆشەویستیەکەی لەلای گەلی کوردستان و بە تایبەتیش سەرۆک بارزانی بەهانایانەوە بچێ و دڵی بەرپرسانی باشوری کوردستان نەرم بێ و زۆر شت بکەنە قوربانی گۆڕی مام جەلال، بەڵام ئەوجارەیان مام جەلال خۆی بووە ڕیفراندۆمێکی دیکە و بەرزترین دەنگی کوردانەی بەڵێی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوو، گەڕانەوی مام بۆ باوەشی نیشتیمان شۆڕشێکی ئەخڵاقی و پێگیریەکی ئینسانی بوو، هەروەها شاگەشکەکردنی داگیرکەران بوو ئەوانەی سەت ساڵە تۆوی دووبەرەکی لەناو کورد دەچێنن و گرەو لەسەر خۆخۆری کورد دەکەن.
دوا نامەی مام بەر لەوەی بۆ عێراقیەکان بێ بۆ ئەو کوردانە بوو کە بوونەتە بەشێک لەو کارنامەی شیعە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستانی داناوە و بە

هەمان ئاوازی مالیکی و عەبادی کوردستانیان کردۆتەوە شیمالی عێراق و هەلهەلە بۆ داخستنی فرۆکەخانەکان و مانۆڕی سەربازی داگیرکەران لە سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان لێدەدەن، مام جەلال تێی گەیاندن کاتێک کوردستان لە مەترسی دابێ و گەلی کوردستان هەڕەشەی برسیکردن و دووبارە کۆماڵکوژیان لێبکرێتەوە، ئەوە ئەو دەنگە نەشازانە تەنها دەمێنەوە و قەت ناتوانن ببنە بەشێک لە شانازی، مام جەلال پێی گووتن کە سەرۆککۆماری لای ئەو تەنها ناونیشانێکی دیکە بوو بۆ زیاتر خزمەتکردن و هەنگاوێک بوو بۆ نزیکبوونەوە لە سەربەخۆیی ئەوەش بە ڕوون ئاشکرا لە فرۆکەخانەی سلێمانی و بە گووتنەوەی سرودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب و پێچانەوەی تەرمی پیرۆزی مام جەلال بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان ڕاگەیەندرا.

ئەو کەسانەی بۆ عێراق دەگرین و تورهەڵدانی ئاڵای بەعس بە غەدرکردن لە مام جەلال دادەنێن لە سەمایەکی دیکەی شێتانە زیاتر نیە بۆ ڕازیکردنی جەلادەکان، ئەوان گرەو لەسەر عێراقی بوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەن و دڵیان بە چەند نوزەیەکی بێ زایەڵە دەدەنەوە کە ناتوانن خاوەنداریێتی خۆیان بکەن چ جای خاوەنداریێتی کردن لە عێراق و ئەکراداتی مالیکی، بە تایبەتیش کە خاوەنە ڕەسەن و سەرکردە باڵاکانی یەکێتی خۆیان خاوەنی پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانن و هەروەک چۆن پارتی و بارزانی.

عەرەبەکان زوو لە پەیامەکەی مام جەلال تێگەیشتن و زانیان ئەوجارەیان کەس بەهانای عێراقەکەیانەوە ناچێ و زانییان کە حیزبەکەی مام و خانەوادەی مام هاوڕا و هاوبەش و هاوکار و تەواوکەری هەوڵەکانی بارزانین بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دانیان بەو ڕاستیە و شکستی خۆیان نا، بەڵام ئەکراداتی مالیکی هێشتا لە هەوڵی درێژەدانن بە دروستکردنی ناکۆکی

سیاسی و شێلوکردنی فەزای میللی و نیشتیمانی کوردستان لەوەش جگە لە ئاغاکانیان لە بەغدا پشتیان بەو هەڕەشە دەرەکیانەش بەستووە کە لە دراوسێکان لە کوردستان دەکرێن.

ئەو کەسانە بەرژەوەندی تایبەت و وابەستەییان بە داگیرکەران وا بەرچاوی تاریک کردوون تا ئەو ڕادەیەی ئەوە نابینن کە ئەوان بەشێکی بچووکن لە هەوڵی دوژمنکارانی داگیرکەران لە دژی کوردستان و داگیرکەرانیش بەشێکی بچووکن لە ناو جوگرافیای پان و بەرینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بۆیە ئەوان ناتوانن هیچ بەرامبەر ئیرادەی گەلی کوردستان کە بەشێکە لە ئیرادەی مرۆڤی ئازادیخواز کە مام جەلال بۆ حەفتا ساڵ نوێنەرایەتی دەکرد و ڕۆژانە بە سیاسەت و کاروکردەوەکانی گوزارشتی لێدەکرد.

# مام جەلال، مەرجەعێک بۆ سازان و چارەسەریی

**سمایل شەرەفی**

قسەکردن لە سەر کەسایەتییەکی وەک مام جەلال تاڵەبانی کە زیاتر لە نیو سەدەیە شوێنپەنجە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و عەمەلیی بە سەر بەشێکی ئەساسیی بزووتنەوەی میللەتێکەوە هەبوە و لە چەندین رەهەندی تێکۆشانی سیاسی، پێشمەرگانە، نووسین و رۆژنامەوانیدا، کارەکتەرێکی مەیدانیی ئەم گۆڕەپانانە بووە، کارێکی هەروا ئاسان نیە. بۆیە لانیکەم ناگونجێ لەم دەفەتەدا بپەرژێینە سەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مام جەلال و، لێرەدا تەنیا قسە لە سووچێکی تایبەتمەندییەکانی ئەم کەسایەتییە دەکەین کە ئەوەیش بریتییە لە باوەڕمەندبوونی بە یەکلاییکردنەوەی کێشەکان بە ئامرازی "چارەسەری".

هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە جەلال تاڵەبانییان ناسیوە و ئەوانەی ئاگاداری رۆڵی ئەم ریبەرە هەڵکەوتووەن بە سەر چۆنیەتی حەللی کێشەکان، چ لە سەر ئاستی ناوخۆیی بزووتنەوەی کورد و چ لە سەر ئاستی ناکۆکییەناوخۆییەکانی حیزبەکەی و، تەنانەت لە سەر ئاستی چۆنیەتی چارەسەری کێشەی میللەتەکەی لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا، دەزانن کە مام جەلال هەمیشە لە دەروازەی چارەسەرییەوە وەژوور کێشە و ناکۆکییەکان کەوتووە و هەمیشە قسەی لە چارەسەرییەکان کردوە. بۆ ئەمەیش هەمیشە هەوڵی داوە، لە خۆی مایە دابنێ و وەک هەمیشە دووپاتی کردۆتەوە، بۆ ئەو "تەنازول"کردن لە پێناو چارەسەریی کێشەکان بە

ئاراستەی قازانجی گشتی و نەتەوەیی‌دا، بەشێک لە شانازییەکانی ژیانی سیاسیی بووە.
مەشرەفخۆشیی مام جەلال و قسەخۆشەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان‌دا، ئامیان و چاشنییەکی بەهێزو ئامانجداری بووە بۆ ئەوەی بتوانێ بە نیەتێکی پاک و بێ‌گەردەوە بە مەبەستی بیرکردنەوە لە پێکەوەبوون و قسەکردن لە چارەسەرییەکان کار لە سەر رۆح و دەروونی تاکەکان بکات. مام جەلال بە نوکتە و قسەخۆشەکانی هەمیشە هەوڵی‌داوە جێی خۆی لە دڵ و دەروونی بەردەنگ و بەرانبەرەکانی‌دا بکاتەوە و، ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامەی بە هەموو دژبەیەکەکان داوە کە ئینسانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ، دەبێ دڵ و دەروونی لە ئاست کێشە و ناکۆکییەکان‌دا زۆر لەوە گەورەتر بێت کە نەتوانێ لە پێناو پێکەوەبوون بیر لە چارەسەری بکاتەوە.
هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانی و سیاسییە، مام جەلالی کردبووە کەسایەتییەکی جێی باوەڕ و متمانەی نێو بزووتنەوەی کورد نەک هەر لە باشووری کوردستان، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان. لە پرۆسەی دانووستانی بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە، بە بێ شک و گومان، جەلال تاڵەبانی عونسورێکی کارا، متمانە پێکراو و خەلاق بووە بۆ چارەسەریی کێشەکان. هەر ئەم رۆڵ و پێگەیە، مام جەلال و حیزبەکەی، یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی کردبووە دۆست و پشتیوانی راستەقینەی بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.
دۆستایەتی و پشتیوانیی جەلال تاڵەبانی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر تەنیا پشتیوانییەکی رووتی سیاسی نەبوو، بەڵکوو ئەو بەکردەوە لە پشتیوانیکردن‌دا دڵئاوەڵا و لە هەمانکات‌دا ئازا و نەتەوەیی بوو. کاتێک کە لە لایەن سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە داوا لە حیزبەکەی دەکرێ کە لە بەرانبەر هێرشی هێزە سەکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بۆ سەر کوردستان، پێشمەرگانە پشتیوانیان لێ بکرێ، مام جەلال وەک سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئازایانە بڕیار لە سەر ناردنی هێزی پشتیوان دەدات و لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "بۆ ئێمە پێشمەرگەکانی سەر بە هێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مایەی شانازی و سەروەرییەکی مێژوویی گەورەیە کە لەم ڕۆژەدا ئەرکی نەتەوایەتی و نیشتمانیی خۆمان بە سەربەرزی و سەروەرییە جێبەجێ بکەین".

مام جەلال لە هەموو قۆناغەکان‌دا چ بە ناردنی هێزی پشتیوانی حیزبەکەی بۆ هاوکاری کردنی هێزی پێشمەگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، چ بە دەستپێشخەریکردنی لە پرسی مزاکرەی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە گەڵ ڕێژیمی تاران، هەمیشە وەک دۆست و پشتیوانێکی ڕاستەقینە دەرکەوتووە. بۆیە هەر وەک بەڕێز مامۆستا عەبدوللا حەسەن‌زادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پەیامەکەی‌دا بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووەوە وتوویەتی، "مام جەلال وەک تێکۆشەرێکی بەناوبانگ، لەوە گەورەترە کە هەر ملکی بنەماڵەکەی یان حیزبەکەی خۆی بێ. لەدەستچوونی ڕێبەرێکی وا لێوەشاوە و دڵسۆز، کۆستی گەورەی هەموو ئازادیخوازانی کوردە. پێوەندیی خەباتگێرانە و برایانەی نێوان یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆر لاپەڕەی زێڕینی لەمێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا تۆمار کردوە بە پلەی یەکەم بەرهەمی هەوڵوتەقەلای بەڕێز مام جەلال و ڕێبەری نەمر دوکتۆر قاسملوو بوو.

لە کۆتایی‌دا هەر وەک لە پەیامی هاوخەمیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز مستەفا مەولوودی بە بۆنەی کۆچی‌دوایی ئەم کەسایەتییە بەرزەی میللەتەکەمانەدا هاتووە، "بە مەرگی مام جەلال، کورد

یەکێک لە ڕێبەرانی کاریزمای خۆی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دۆست و پاڵپشتێکی بەوەجی لە دەست دا. بەبۆنەی ئەو پێشهاتە تاڵ و ناخۆشەوە جارێکی دی لە قووڵایی دڵەوە هاوخەمیی خۆمان و هاوڕێیانمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بنەماڵەی بەڕێزیان و هەڤاڵانی بەڕێزمان لە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و هەموو هاونیشتمانان ڕادەگەیەنین."

# گوڵەکانی سەر جەنازەکەی تاڵەبانی

**هونەر تۆفیق**

لە مردنیشیدا جارێکی تر هەموو جیاوازیەکانی عێراقی کۆکردەوە.. بەپێی خوێندنەوەی تاجەگوڵینەکانی سەر جەنازەکەی بێت، نەخشەی سیاسی پاشخۆی نیشانیدا. خەت و ختوتەکانی هێز و بەرە سیاسیەکانی کوردستان و عێراقی بەهەمان شێوەی پەندە باوەکەی خۆی، چەپکەگوڵەکان خستەوەڕوو.

گوڵی سەرۆکایەتیەکان- کوردستان و عێراق: ئاسایی و تەشریفاتی تێپەڕی.

گوڵی ئێران: بەهێزترین گوڵ بوو لە ئاستی پلەی نێودەوڵەتی ئامادەبوانداو لەئاستی ڕۆڵی پۆزەتیڤی ئێران لە مەسەلەی ڕیفراندۆمدا. گوڵی ئێران مانای ئامادەیی و نزیکی و خەمگەرمی سیاسی ئێرانە لە هەموو بۆنەکاندا..

گوڵی عێراق: کردنەوەی دوو سێ دەرگا، بە ناچاری لەبەر گەورەیی تاڵەبانی، شکاندنی فەرمانی داخستنی مەتارەکان، هەستان لەبەر ئەیڕەقیب و ئاڵای کوردستان ، گەڕان بەشوێن تاڵەبانیەکی تردا لە کورددا.

گوڵی سەرۆکایەتی پارلەمان: جوانترین و پڕ ماناترین و باشترین گوڵی هەنگاوی ئاشتەوایی ماڵی کورد بوو، لەسەر جەنازەکەی مامی ئاشتی کورد نرا، هەرچەندە بەداخەوە بارزانی لەبەر ئەم هەنگاوە هەڵنەستایە سەرپێ، ئیتر نازانم لە قبوڵنەکردنی پەیامەکەبوو یان سەرنجی ڕانەکێشا !

گوڵی ئەمەریکی: لە گوڵی ڕوسی بە قوەت تر بوو.. ئیتر ئەمە زۆری بەدەمەوە دەبێت.

گوڵی سوننە: ئەگەرچی نوێنەری بەرزی دوو بەهێزترین جەمسەری سونە تورکیا و سعودیەی لێنەبوو. لەئاست نوێنەری شیعە - وەزیری دەرەوەی

ئێراندا بن . بەڵام نوێنەرایەتی کەسی پادشای ئوردن دەتوانرێت لەنێو ماڵی کۆی سونەدا حسابی سیاسی تایبەتی بۆ بکرێت ، چونکە نەوەکانی شەریفی مەککە تا ئێستاکە یاریکەری سەرەکی هاوکێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن .
گوڵی کاک کۆسرەت و مەلابەختیار بەناوی شەخسی خۆیانەوە؟!
گوڵی جێگرەوەی تاڵەبانی: تاجەگوڵینەی نوێنەرایەتی بنەماڵەی تاڵەبانی، قوباد تاڵەبانی بوو، واتە نوێنەری ڕەوانشاد مام جەلال تاڵەبانی.
وە هەروەها چەندەها گوڵی تر...

# ڕۆحی تاڵەبانی پێویستی بەهەڵوێستە نەک فرمێسک

**بورهان حاجی سلێمان**

هەرچەندی هەواڵی مردنی ڕەوانشاد سەرۆک مام جەلال کتوپڕ نەبوو، چونکە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، بە هۆی خراپی باری تەندروستییەوە، هەموومان ئاگامان لە ئازارەکانی ئەو سەرکردەیە بوو و دەمانزانی کە بەداخەوە چیتر ئەو مامە چوست و چالاکە ناتوانێت بێتەوە گۆڕەپانی سیاسی و باڵانسەکەی ڕاست بکاتەوە، یان هەر هیچ نەبێت بە گۆچانەکەی هەندێ خوێندکارە لەرێ لادەرەکانی (تەمێ) بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵەکەی سێشەممەی ڕابردوو هەمووانی تاساندو داخی نا بە ناخی هەموانەوە.

ئازارەکانی تاڵەبانی هەر تەنها لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نەبووە، بەڵکو بە درێژایی تەمەنی خەباتی کە نزیکەی سێ چارەکە سەدە دەبێت، ئەو ڕابەرە نەتەوەییە خەمی نیشتمانەکەی لە کۆڵ و ئازاری میللەتەکەی لە ناخ و بیری سەربەستی لە هزردا هەڵگرتووەو چیا بە چیا، شار بە شار وڵات بە وڵات، حەیرانی تراژیدیای گەلێکی ستەم دیدەو سروودی مافی چارەی خۆنووسین و گۆرانی پێکەوە ژیانی بە گوێی سروشت و مرۆڤۆڤایەتیدا چپاندووە.

ڕەنگە هیچ شتێک لە عێراقی پڕ (نیفاق)و کوردستانی پڕ لە (شیقاق)دا، هێندەی خەمی لەدەستدانی تاڵەبانی، سەرکردەو حیزب و مەزهەب و نەتەوە جیاجیاکانی کۆی نەکردبوونەوە، ئاخر مام جەلال ئەندازیاری دیبلۆماسیەت و شۆڕش، دەیزانی چۆن و کەی مافەکانی کورد بە ئاشتی بسەنێت و کەی پێویست بکات بە چەک وەریبگرێتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وای لە دوژمنانی کردووە ڕێزو خۆشەویستیان بۆی هەبێت.

هەواڵی کۆچی دوایی مام جەلال زۆر کەسی گریاندو زۆرتریشی خەمبارکرد، هەمووان لەدەستدانی ئەو سەرکردەیە بە زیانێکی گەورە بۆ کوردستان و عێراق و ناوچەکە دادەنێن، ئەو فرمێسک و حەسرەتانەش کاردانەوەیەکی سروشتی بوو بۆ پێگەو رۆڵ و مێژووی تاڵەبانی، بەڵام ناشرینترین فرمێسک لای من فرمێسکی هەندێک لە خوێندکارو هەڤاڵە دێرینەکانی خودی مام بوو ، کە لە دوای نەخۆشکەوتنی سەرۆک و سکرتێرەکەیانەوە، بە لادان لە رێبازەکەی تاڵەبانی یەکێتییان کردە حیزبێکی بێ ئیرادەو پاشکۆی ئەم و ئەو، لە حیزبێکی پێشەنگ و خاوەن دیدی تایبەت و هەڵوێستی جێگیریشەوە کردە حزبێکی راڕاو بێ سەرو بەرەو فرە کوێخا، تاوای لێهات ئەو سەرکردایەتییە عیللەتدارە پەتای دووبەرەکی گواستەوە بۆ قودسە یەکهەڵوێستەکەی مام و ئیرادەی سەقەتی دەستەمۆکراوی خۆیان بەسەر یەکێتییەکەی کەرکوکیشدا سەپاند.

ئێستا هەر ئەوانەی بوونە هۆی ئەوەی مام بە خەمی حاڵی یەکێتی و کوردستانەوە سەربنێتەوە، دەیانەوێت پاکانە بۆ خۆیان بکەن و وەکو داخ لەدڵی ئەم کۆستەی کوردان دێنە بەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و نمایش دەکەن.. براینە روحی مام فرمێسکی لێتان ناوێت هەڵوێستی دەوێت، وێنەی مام مەکەنە وێنەی پرۆفایلی فەیسبوکەکانتان، رێبازەکەی مام و پەیڕەوی یەکێتییەکەی بکەنە نەخشەڕێگای رابوونی یەکێتییەکەی مام، ئاڵای رەشی بۆ هەڵمەکەن، ئاڵا سەوزەکەی بەرزو پیرۆز راگرن.. پرسەی بۆ رامەگرن کۆنگرەی بۆ ببەستن و خوێنی نوێ بخەنەوە شادەمارەکانی حیزبەکەتاندا، تا رۆحی مام ئاسوودەبێت و گەردنتان ئازاد بکات.

# ڕۆڵی جەنابی مام جەلال لە کەرتی تەندروستی

**د. ڕێکەوت حەمە ڕەشید**

هەمووان دەزانن کە جەنابی مام جەلال سەرکردەیەکی سیاسی گەورە و خاوەن کاریزما بوو ، جگە لەوەش دەوڵەتمەدارێکی لێزان بوو بەڵام ڕەنگە زۆر کەس ڕۆڵی ئەو جوامێرە لە کەرتی تەندروستی دا نەزانێت و هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە ئاشنا نەبن بەوەی کە مام جەلال چۆن خەریکی دروستکردن و دامەزراندن و پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان بوو . لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئەو کات من لە دەزگای تەندروستی پێشمەرگە ، پزیشکی نیشتەجێی خولاو بووم ، کاک د.محمد قادر خۆشناو سەرۆکی دەزگا بوو ، بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جەنابی مام جلال تواندرا چەندنەخۆشخانەیەکی تر بخرێتە سەر نەخۆشخانەکانی شۆرش لە دەزگای پێشمەرگە، کە هەر جەنابی مام جلال خۆی لە ساڵی ١٩٩٧ دروستی کردبوو ، لەیادمە ئەوکات لەگەڵ کاک د.محمد ، بەیانیان کاتژمێر پێنج دەڕۆشتین بۆ سەراوی سوبحان ئاغا ، چوارقونە، قەڵاچوڵان و تاسلوجە و لەماوەی کەمتر لە شەش مانگ تواندرا پێنج نەخۆشخانەی تازە بخرێتە سەر دەزگای تەندروستی پێشمەرگە ، بەسەرپەرشتی و یارمەتی ڕاستەوخۆی جەنابی مام جەلال . کە ئێستا ئەم دەزگایە خزمەتێکی بەرچاو بەپێشمەرگە و کەس وکاریان و کەس وکاری شەهیدە قارەمانەکان و چین و توێژێکی فراوان لە هاوڵاتیان پێشکەش دەکات . لەساڵی ٢٠٠٨ دا فەرمانی بۆ دەرکردم وەک سەرۆکی دەزگای پێشمەرگە و پاڵپشتی تەواوی دەکردم بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەزگا گرنگە. هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونم وەک بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی لەساڵی

٢٠٠٩ ، جەنابی مام جەلال ، پارەی مانگانەی بۆ بەشەکانی چارەسەر بەتیشک و نەخۆشخانەی هیوا و پزیشکی دادوەری و نەشتەرگەری دڵی کراووە و بەشەکانی بێ هۆشکاری کە تاوەکو ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام بوو ، لەو کاتەدا فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی ویەکێک بوو لە باشترین بەڕێوەبەرایەتیە تەندروستیەکان لە ئاستی کوردستان و عێراق . لە هەموو هاتنەوەیەکی جەنابیان لە بەغدا کە ئەوکات سەرۆک کۆماری عێراق بوو ، هەواڵی نەخۆشخانە گەورەکانی ناوچەی قرگەی سلێمانی لێ دەپرسیم و دەی گووت چەند نەخۆشخانەمان هەیە و چەند تەواو بووە ، بۆیە حەقی خۆیەتی و لەجێی خۆی دایە کە نەخۆشخانەکانی ئەو ناوچەیە بکرێت بەشارەکی پزیشکی بەناوی جەنابی مام جەلال ەوە بێت و وادەکەین. دوای بوونم بە وەزیر لە کابینەی حەووتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، جەنابیان ئامۆژگاری کردم کە نابێت جیاوازی بکەم لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و بەیەک چاو سەیری هەموو ناوچەکان بکرێت. توانیم تاڕادەیەکی زۆر بەیارمەتی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە هەردوو کابینە ، ئەو هەنگاوە بنێین و لەماوەی تەنها ١٦ مانگ لە کابینەی حەووتەم ژمارەیەکی زۆر نەخۆشخانەی گەورە و دامەزراوە و باڵاخانەی تەندروستی بە بەهای زیاتر لە یەک ملیار و دوو سەد ملیۆن دۆلار بخەینە بواری جێ بەجێکردن کە بەداخەوە بەهۆی قەیرانی دارایی زۆربەیان تەواو نەکران ، بۆیە پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە بزانێت کە جەنابی مام جەلال ، بەو پەڕی توانای خۆی هەوڵی ئەدا کە خۆشگوزەرانی و ئاشتی و ئارامی بۆ هەموو تاکێکی کورد و عێراقی فەراهەم بکات و ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دەرەوە و لەناوەخۆ لە پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان. ڕۆحت شاد مامۆستای کوردایەتی ، سەرکردە گەورەکە ، هەردەم هەموو شتێک و هەموو

کەسێکت بیر بوو. لە هەموو بوارەکانی ژیان و خزمەتگوزاری جێ دەستت دیاربوو . بەئارامی بنوو مامی گەورەمان ، دڵسۆزان لەسەر ڕێگاکەت بەردەوامن.

# مام جەلال

**ئاسۆس هەردی**

ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ ئەو کاتەی باوکم بڕیاری دا بە یەکجاریی بێتەوە بۆ کوردستان، مام جەلال بەتایبەت هات بۆ ماڵەوە بۆ بەخێرهێنانەوەی، پاشان وەک خۆی وتی لەسەر شەرەفی ئەو ئێوارەیەک ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ئەدیبانی سلێمانیی دەعوەت کرد.
ئەو ئێوارەیە جگە لەمام جەلال خۆی، ژمارەیەک بەرپرسی باڵای یەکێتیش لەویێ بوون، ئەوانەی لەبیرم ماون: خوالێخۆش بوو د.کەمال فوئاد، مەلا بەختیار، سەعدی ئەحمەد پیرە، فەرید ئەسەسەرد، سەعدی دزەیی و چەند کەسێکی تر کە باش لەیادم نەماوە.
لە دانیشتنەکەدا یەکێک لەو بەرپرسە باڵایانەی یەکێتی رووی کردە من و وتی ئێوەی هاوڵاتی (ئەو کاتە رۆژنامەی هاوڵاتیمان دەردەکرد)، هەر قسە لەسەر ئێمە ئەکەن و قسە لەسەر پارتی ناکەن. منیش وتم سەیر ئەوەیە پارتیش بەپێچەوانەوە ئەیبینێ! بەڵام ئەو قبووڵی نەبوو و کەوتە رەخنەگرتن لە هاوڵاتی و منیش وەڵامم دەدایەوە، ئیتر بووە مشتومڕمان. مام جەلال پاش کەمێک گوێگرتن رووی کردە بەرپرسەکەی هاوڕێی و وتی فڵان کەس جا ئەگەر ئەوان بە دڵی تۆ بنووسن، ئەی کەواتە رۆژنامەی ئازاد-ی چی؟ ئەویش ویستی هەمان بۆچوونی خۆی دووبارە بکاتەوەو نموونە بێنێتەوە، بەڵام تاڵەبانی قسەکەی پێ بڕی و رووی کردە من و پرسی: کاک ئاسۆس تۆ تفەنگت پێیە؟ وتم نەخێر. دۆشکەت پێیە؟ وتم نەخێر. چیت پێیە؟ قەڵەمت پێ نیە؟ منیش وتم بەڵێ. ئینجا رووی کردەوە هاوڕێکەی و وتی: ئەم لەدایک

نەبووە کە تۆ نووسەر بوویت و شتت نووسیوە. ئەگەر ئەم رۆژنامەیەکی هەفتانەی هەیە، تۆ ئەوەندە رۆژنامە و ئەوەندە رادیۆو تەلەفزیۆن و چی و چیت هەیە. بۆیە ئەگەر راستی نووسیوەو رەخنەکانی لەجێی خۆیدان، ئەوا دەستی خۆش بێت. ئەگەر ناڕاستی نووسیوە، فەرموو وەڵامی بدەرەوە. خۆ تفەنگی پێوە نەناوی.

بیرمە یەکێک لە بەرپرسەکانی تر کە بەڕێکەوت بەرامبەر من دانیشتبوو، کە گوێی لەم قسانەی مام جەلال بوو وتی: مام جەلال ئەمانە ئەو قسەیەی تۆیان گوێ لێ نەبووە زۆر توندن لەسەرمان، پاش ئەم وتانە ئیتر بەتەواوی هەراسانمان دەکەن!

رەنگە گەلێک بۆچوونی جیاواز لەسەر تاڵەبانی هەبن، بەڵام بێگومان کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە سەرکردەیەکی دیارو پڕ لەوزەو چالاکی بوو، بەدرێژایی پتر لە نیو سەدە کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر رووداوە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش هەبوو. لەمێژووشدا هەمیشە وەکو یەکەمین سەرکردەی کورد دەمێنێتەوە کە بە شوناسی راستەقینەی خۆیەوەو بە هەڵبژاردن و کۆدەنگیی زۆرینەی هێزە سیاسیەکانی عێراق بە کوردو عەربو پێکهاتەکانی ترییەوە، بوو بە سەرۆکی دەوڵەتێکی گرنگی وەک عێراق.

# دەڵێن مام جەلالیش لێرە بووە

**ناسر حیسامی**

چیرۆکەکان، زۆربەیان بەخێر و خۆشی تەواو دەبن، بەڵام مێژووی کورد بە دەگمەن چیرۆکی وای تێدایە. چیرۆکی ڕاپەرین و سەنگەرکرتنی جەلال تاڵەبانی لەو دەگمەن بەسەرهاتانەیە کە نیشانی دا دەکرێ مێژوویەکی پڕ لە ئارەقە و ئازار و خوێن و ئاوارەیی، سەرەنجام بە سەرکەوتن کۆتایی پێ بێ. پێشمەرگەیەک لە پەنا بەرد و ناو ئەشکەوت و بن خێوەتەوە سنگ بە سنگی لەشکرێکی پڕ چەکەوە بنێ و سەرەنجام سەرکەوتوانە بچێتە ناو کۆشکی حوکمڕانی. ئێستا بۆ ناساندنی دەڵێن «جەلال تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی کۆماری عێراق». بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ناوە ناتوانێ جەلال تاڵەبانی بناسێنێ. سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق و کۆشکی کۆماری، تەنیا یەکێک لەو ناوانە بوون کە جەلال تاڵەبانی ڕێز و شکۆی پێ بەخشین. ڕێز و شکۆیەک کە جەلال تاڵەبانی بە تەمەنێک خەبات و خۆڕاگری خوڵقاندبووی و هەرجێگایەکیش چوو سایەی ناوی جەلال تاڵەبانی بەسەریەوە مایەوە. لە دۆڵەکانی پشتی ئالۆەتانیش ڕێبوار و دەشتەوان و کاروانی زۆر جار شێوێک نیشانی یەکتر دەدەن و دەڵێن مام جەلال لێرەبوو.

پیاوێک کە هێمای خۆڕاگری و هەستانەوە بوو. سەردەمێک خەڵک لە ماڵی خۆشیاندا تەنیا ئەو کاتەی دڵنیا بوایەن دەرگا و پەنجەرە داخراون و کۆڵان چۆڵە، دەیانوێرا لەگەڵ کەسانی زۆر بڕواپێکراو باسی بکەن و ناوی بهێنن و سەردەمێکی تر ناوبانگی سەرحودوودگرتن و سنووربەزاندنی چووە ناو بەیت وباوی بەرهەیوانی مزگەوتەکان و چووە ناو گۆرانیی زەماوەندەکان.

سەرەنجامیش دەنگی ئیرادە و دەسەڵاتی وا لەپەردە دەرهات لە شوانێکی دڵگەرم و شاییبەخۆی چیاکانی کوردستانەوە هەتا سەرۆک کۆماری ئامریکا ببنە هاوسوحبەتی.

ئێمە لەسەردەمێکدا ژیاین کە ئەویش دەژیا. ئێمە هەندێکمان ڕق و خۆشەویستیی وامان بۆی هەیە کە هەموو لایەنەکانی کەسایەتییەکەی نەبینین، بەڵام بێگومان جەلال تاڵەبانی بۆ نەوەکانی داهاتوو کەسایەتییەکی ناو کتێبەکانی مێژوو و پیاوی لە شکان نەهاتووی ناو چیرۆکی شەوانی درێژی پاییز دەبێ کە دایەگەورە و بابەگەورەکان بۆ نەوەکانیانی دەگێڕنەوە.

ئەو پیاوەی دۆست و دوژمنی پێیان وابوو هەموو شتێکی لەدەست دێ.

# بۆ كۆچی دوایی مامی هەموو كوردان

**نەوزادی موهەندیس**

• .. هەموان ناخۆشترین و بەسوێترین هەواڵمان پێگەیشت،كە ئەویش كۆچی دوایی یەكێك لە مەزنترین ڕابەر و كاریزما و سەركردە و سەرۆكی هەڵكەوتوو و بێوێنەی نەتەوەی كورد ((مام جەلال)) بوو..

• مام جەلال تەنها باوكی بافێڵ و قوباد نەبوو ، بەڵكو باوكی تەواوی هەژاران و شەهیدان و خەمخۆرانی نەتەوەی كورد بوو.

• مام جەلال تەنها مامی شێخ عەلی و ئاراس و لاهور و پۆلاد و ئاسۆ و ئەوانی تر نەبوو، بەڵكو مامی تەواوی نەتەوەی كورد بوو، نەک مامی كوردان مامی عەرەب و توركومان و مەسیحی و ئەوانی تریش بوو.

• مام جەلال بەتەنها هەربۆخۆی بەهێندەی شاخە سەركەشەكانی كوردستان ئازا و بوێر و سەربەرز و بێ هاوتا و خۆڕاگر بوو. مام جەلال بەهێندەی سەفین بەهێز و ڕەگداكوتراو و لەبن نەهاتوو بوو.

• مام جەلال، لەیەک كاتدا پێشمەرگە و خەباتگێڕ و ڕۆژنامەنوس وپارێزەر و ئەندازیار و دەستپێشخەر و داهێنەر و دامەزرێنەر و سەركردە و ڕابەر و دیپلۆماتكار وسەرۆک و كاریزمایەكی هەڵكەوتوو بوو.ئەو لەتەمەنی ١٥ساڵیەوە تائێستا بەردەوامە لەخەبات و كوردایەتی و نزیكەی ٧٠ ساڵی ڕێكە لەكاروانی خەباتی كوردایەتیدا پێشمەرگە و سەركردە و دامەزرێنەر و ڕابەر و سكرتێر و سەرۆک بوە.

• مام جەلال سەركردەیەكی عیامی و هەڵكەوتووی قۆناغێكی سەختی خەباتی كوردایەتی بوە و توانیویەتی بە چالاكی و بوێری و چاونەترسی و زیرەكی و

ژیری خۆی بێ پشتیوانی خزم و عەشرەت و خێڵ و بنەماڵە خۆی پێبگەیەنێت و بگاتە ئاستی سکرتێری گشتی گەورەترین حیزبی سیاسی وڕابەری کورد و سەرۆک کۆماری دەوڵەتێکی عەرەبی لە عێراقدا و جێگری یەکێک لەگەورەترین ڕێکخراوی سیاسی هەموو دونیا ((ئەنتەر ناسیونالّی جیهانی)).

• مام جەلال ڕابەرێکی چەپ و دیموکراتخواز و سۆسیالیستی و هەڵگری دروشمەکانی دیموکراسی و پێشکەوتوخوازی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و پێکەوەکارکردن و تەوافوقی سیاسی و خاوەنی ڕەوت و ڕچە و ڕێباز و سیاسەتێکی نەرم و حەکمیانە بوو.

• مام جەلال پشوودرێژوو بە ئارام و ورە پۆڵاین و چاونەترس و خۆڕاگر بوە،لەهەموو کاتە هەستیار و مەترسیدار و نسکۆو ڕووخاندنەکاندا،ئەو هەمیشە ورە پۆڵاین و خۆڕاگر و شاخێک بوە لە ورە و گەشبینی و بڕوابوون بەسەرکەوتنەکان و هەمیشەش ڕاوبۆچون و تێگەیشتنەکانی ئەو ئامانجەکانیان پێکاوە.

• بەلەدەستدانی مام جەلال خەباتی کوردایەتی قۆناغێک و لاپەڕەیەک و پەردەیەکی هەستیاری لەسەر شانۆ و گۆڕەپانی سیاسی خۆی دادایەوە و زۆر زەحمەتە کە چیتر کوردایەتی ڕابەرێکی مەزن و کاریزمایەکی بێ وێنەی وەکو مام جەلال بەخۆوە ببینێتەوە.

• مام جەلال تەنها سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەبوە ،تەنها سەرۆکی وڵاتێکی وەک عێراق نەبوە، تەنها سەرکردەیەکی کوردانی باشوور نەبوە، ئەو لەیەک کاتدا بەگەورەیی و ڕاستگۆیی و سەرسەختی خۆی سەرکردە و ڕابەر و سەرۆکی کورد و عێراق و ناوچەکە و دونیاش بوە.

• فکر و بۆچون و ڕچە و ڕێبازی مام جەلال پرشنگی داوەتەوە بەسەر هەرچوار پارچەکەی کوردستاندا و تەواوی سەرکردە و شۆڕش و خەباتگێڕاندا، هەموانیش بە سەرکردە و ڕابەر و مامی خۆیانیان دەزانی، دوژمنان و ناحەزان پێش دۆستەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە مام جەلال چەندە ڕۆڵی گەورە و کاریگەری لە عێراق و ناوچەکەشدا بینیوە.و هەمیشەش وەک (( یمام الامان)) تێیانڕوانیوە.چونکە لەسایەی حوکمڕانی ئەودا عێراق و کوردستانیش ئارام و ئاسایش و دوور لە جەنگی نارەوای تایەفی و ئاینی و نەتەوەیی بوو.

لەکۆتایدا تەنها ئەوەندە دەڵێم کە کورد و کوردایەتی چرایەکی گەش و ڕێبەرێکی مەزن و سەرۆکێکی بەوەفاو پێشەمەرگەیەکی قارەمان و کاریزمایەکی هەڵکەوتووی لەدەستدا. خوازیارم کە سەرجەم سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی کوردستانی گەورە ئەم بۆنەیە بکەنە خاڵی لێکنزیکبونەوە و یەک و یەکگرتویی ڕیزەکانی گەلەکەمان لە پێناو هەنگاونان بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ و دووربکەونەوە لە دژایەتی و ناتەبایی بۆ بەرپەرچدانەوەی گەلەکۆمەکی دوژمنانی ناوخۆ و ناوچەکە.

باشترین ئەمەک و وەفاش بۆ گیانی پاک و ڕێبازی درەوشاوە و فکری مام جەلال، پاراستنی یەک و یەکگرتوویی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و تەواوی گەل و نەتەوەی کوردە و درێژەدانە بە خەباتی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوەژیان و هەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنوسین و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دوورکەوتنەوەیە لە ناکۆکی و ململانێ و خۆخۆری و تەکەتولاتی نارەواو شەڕی ناوخۆی کوردان.

یادت بەخێر ومالئاوا مامی گەورە و مامی هەموو کوردان

مالئاوا سولتانی کوردایەتی

مالئاوا ڕابەری بێ هاوتا و بێ وێنە و کاریزمای هەڵکەوتوی نەتەوەی کورد

کورد و کوردستان سەربەرز و سەرفراز بن
نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کوردستان و خۆڕاگری بۆ هێزی پێشمەرگەی قارەمان

# مام جەلال کەسیایەتییەکی نیشتمانی بوو

**لوقمان فەیلی**

نیگەرانم لەو کێشمەکێشمە سیاسییەی ئەمڕۆ لەعێراق روویدا بەهۆی بوونی ئاڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تەرمی مام جەلال لەجیاتی ئاڵای دەوڵەتی عێراق.

مام جەلال وەک کەسایەتییەکی نیشتمانی یەکگرتوو لێی دەڕوانم، بۆ زیاتر لە ٨ ساڵ سەرۆکێکی هەڵبژێردراوی تەواوی عیراقییەکان بوو، ئەمڕۆ ئەو دەسکەوتە فڕێندرا. ئاخۆ ئەمڕۆ شانازی بە میراتە سیاسییەکەیەوە بکەین؟ بڕوا ناکەم وابێت. ئایا دەتوانین؟ لەوانەیە بەڵام ئەگەر هاتوو خۆمان لە تێفکرینە تەسکە دابماڵین. بەغەمبارییەوە سەیری مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەم دەکرد، بەڵام بۆم روونەبوەوە کە ئایا تەماشای مەراسیمی ناشتنی سەرۆک کۆمار دەکەین؟ یاخود بەرپرسێکی سیاسی؟ یاخود تەنها رابەرێکی کوردستانی؟ لەدەستدانی ناسنامەی عیراق لەدوای ٢٠٠٣ پێویستی بەهەڵوەستەیەکی گرنگ هەیە بۆ بیرکردنەوەو پێداچوونەوە. ئەگەر نا ئەوا مەراسیمی گرنگتر دەبینین کە ناسنامەکەی زۆر نارۆشن دەبێت.

مام جەلال کەسیایەتییەکی نیشتمانی بوو نەک هاوڵاتییەکی ئاسایی. بەهەر حاڵ هەلێکی مەزن لەبەردەستدا بوو بۆ یەکگرتنی وڵات، لەدەستماندا، بەتایبەت لەم کاتە هەستیارەدا.

هەموو مرۆڤێک شانازی دەکات بە وڵات و مێژووەکەی، سەرباری کەسێکی مەزنی وەک مام جەلال، ئەوەی لێرەدا هەمانە گەڕانە بەدوای وەڵامی پرسیاری تایبەت لەسەر وێناو دیمەنێکی گەورە نەک بەرتەسکی ناوخۆیی.

کورتکردنەوەی تەواوی ئەوەی رووبەروومان دەبێتەوە لە "سەربەخۆیی" یاخود" جیابوونەوە" سودی بۆ هیچ لایەک نابێت، سەرباری ئەوەی کە پێکەوە رووبەڕووی کێشمەکێشمی هاوبەش دەبینەوە. پێویستمان بەهەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقییە بۆ دیاریکردنی نەخشەرێگایەک لەپێناو چارەسەرکردنی تەواوی ئەو قەیرانانەی رووبەڕووی هەمووومان بووەتەوە، ئەوەش پێویستە یاریدەدەرمان بێت لەئیدارەدانی قەیرانەکە بەشێوەیەکی ژیرانە.

زۆرباش دەزانم هەندێک لە کوردان دڵیان بەلێدوانەکانی من خۆش نییە. بەهەمان شێوە هەندێکی تر دەیانەوێت هەر هەنگاوێکی کوردان نەفرەت لێبکەم کە دەینێن بۆ بەیهاتنی خەونی سەربەخۆییان، ناکرێت هیچ کەسێک بخرێتە گۆشەوە "لەگەڵ بۆچوونەکانم بێت یاخود لەدژی بێت"، خوازیارم ژیان بەو سادەییە بێت.

پێشتر خۆم بە مرۆڤێکی جیهانی وەسفدەکرد، دەمەوێت بەو شێوەیەش بیهێڵمەوە. بەبڕوای من، مرۆڤەکان دەتوانن پێکەوە بە ئاشیانە بژین، خوا دەزانێت.

دەڵێن تەواوی سیاسەتەکان ناوخۆیین، ئەوەش ئەمڕۆ بەرێژەی ١٠٠% سەلمێندرا، بەهەمان شێوە لەئێستادا گەلەکەمان پێویستییەکی زۆری بە "باوکان" هەیە . بابگەڕێین بۆ بۆنەیەکی خۆشی کە کۆمان بکاتەوەو یەکگرتوومان بکات.

# پێنج داهێنانی مام جەلال

**شێرکۆ ئامانج**

من لە ژیانمدا دووجار مام جەلالم دیوە. جاری یەکەم لە بەهاری ١٩٨٤ لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ‌و خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری، زانکۆی سەلاحەدین، بوو کە سەردانی گوندی بالیسانی دەڤەری خۆشناوەتیمان کرد. بەڕێکەوت مام جەلال هاتە ئەوێ‌و لە سەر ئەو جادەی بە دۆڵەکەدا تێپەڕدەبێت وتارێکی خوێندەوە. مام جەلال ئەوکات سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو. ئەوکات گفتوگۆ لەنێوان یەکێتیی‌و ڕژێمەکەی سەدام لەئارادابوو. لە وتارەکەی، ئەو هەندێک باسی لەو داواکارییانە کرد کە گفتوگۆکان خستبوویانە پێش حکومەت بۆ گفتوگۆ کردن لەسەریان. ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو ئەوەبوو کە مام جەلال قۆندەرەیەکی لاستیکی لە پێ بوو.

جاری دووەم، لە ئابی ٢٠٠٣ بوو کاتێک مام جەلال بەسەردان هاتە ئوستralیا. ئەو بۆ دیداری وەزیری دەرەوەی ئوستralیا هات بۆ ئەدلاید ئەو شارەی کە من لێ نیشتەجێم. لەسەردانەکە کاک عومەری سەید عەلی و کاک جەلال جەوهەریشی لەگەڵ بوو. من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کورد لە ئەدلاید ئەرکی ڕێکخستنی پێشوازیکردن لە "مام جەلال"مان پێسپێردرابوو. مام جەلال ئەوکات ئەندامی مەجلیسی حوکمیش بوو. ئەوەی کە سەرنجی من لەو سەردانەی ڕاکێشا سوربوونی مام جەلال بوو لەسەر سەردانی گلکۆی ڕۆژنامەنوسێکی ئوسترالی کە لەو ئانوساتدا لە کوردستان گیانی لە دەستدابوو. مام جەلال سەردانی دیکی ڕۆژنامەنوسەکەشی کرد وەک

پێزانینێک بۆ کارو چالاکییەکانی ڕۆژنامەنوسەکە لە گەیاندنی پرسی کورد بە دەرەوە.
من بە قسە مام جەلالم نەدیوە بۆیە ناتوانم هیچ شتێک لە ئەزمونی خۆم لەگەڵ ئەو بگێڕمەوە بەڵام بەردەوام یەکێک بوومە لەو کەسانەی کە موتابەعەی نوسینەکانو وتارەکانیم کردوە. دەتوانم بڵێم کە من مام جەلال، لەڕووە ئەرێنییەکەیەوە، بەم شتانە دەناسمەوە:
یەکەم، مام جەلال داهێنەری جیاکردنەوەی سەندیکاو ڕێکخراوە مەدەنیو پیشەییەکانی کوردستان بووە لەوانەی کە لە عێراق بوونیان هەبوو. لێرە مەبەستم سەرەکیم یەکێتیی قوتابیانی کوردستانە. پێداگری مام جەلال و هاوڕێکانی لە پەنجاکان لەوەی کە دەبێت کورد سەندیکاو ڕێکخراوی پیشەیی سەربەخۆی هەبێت بەشێک بووە لەو هەوڵانەی کە کورد داویەتی بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنێت گەلی کورد بەشێک نیە لە گەلی عێراقو کوردستان بەشێک نیە لە نیشتیمانی عێراق.
دووەم، مام جەلال داهێنەری زاراوەو چەمکی کوردستانی لکێنراو بە عێراقە، لانیکەم من لە نوسینەکانی ئەو یەکەمجار ئەو زاراوەیەم بەرچاو کەوتوە، ئەگەر کەسانی دیکە ئاماژەیان بەم زاراوەکردبێت پێشتر ئەوە من ئاگادارنیم لێی. ئەمەش دیسان بەشێکە لەو هەوڵانەی مام جەلا تاوەکو بیسەلمێنێت کە جەستەی کوردستانو جەستەی عێراق دوو جەستەی جیانو بەزۆر بەیەکەوە لکێنراون.
سێیەم، زاراوەی ئیستیطان (استیطان) لە کوردیدا من یەکەمجار لە ١٩٨٥ لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان گوێم لێبوو کە ئەگەر مام جەلال داینەهێنابێت ئەوە لە داهێنانی "نەوشیروان مستەفا"یە. من لە نوسینەکانی نەوشیروان دواتر بەدوای ئەو زاراوەیە گەڕام نەمدۆزییەوە. زاراوی ئیستیطان لە عەرەبیدا بۆ نیشتەجێکردنی جولەکەکان لە شوینی فەلەستینیەکان لە ئیسرائیل

بەکاردێت. ئەمەش دیسان هەوڵێکە بۆ وێناکردنی عێراق نەک وەک نیشتیمانێک بەڵکو وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر.

چوارەم، چەمکی مافی چارەنوس وەک مافێکو داوایەکی کورد لە عێراق لە پێش چلەکان لەوانەیە باسی کرابێت بەڵام دواتر لە ئەدەبیاتی کوردی بزردەبێت. لە کۆتایی هەشتاکان جارێکی دیکە پەیدادەبێتەوە. مام جەلال ئەم چەمکەی لە ١٩٨٧ خستە ناو پەیڕەو پڕۆگرامی بەرەی کوردستانیو دواتریش کردی بە کارنامەی سیاسی یەکێتیی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە ١٩٩٢ دا. ئەمەش دیسان بەشێکە لە هەوڵەکانی مام جەلال بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراقو دانانی سەربەخۆیی بە ئامانجی سەرەکی یەکێتییو گەلی کورد.

پێنجەم، مام جەلال یەکەم کەسبووە لە کوردستان کە نە مەلا، نە شێخ، نە ئاغا بووەو حیزبێکی کوردی دامەزراندوە کە توانی بەرەنگاری ئەو ڕەوتانەش بێتەوە کە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوبوون. مام جەلال لە ماوەیەکی کەمدا توانی حیزبەکەی بکات بە گەورەترین حیزب لە باشوری کوردستان.

سەرەڕای ئەمانە ناوی مام جەلال بە کۆمەڵێک چەمکو زاراوەی نێگەتیڤیش نوساوە، کە ئەمڕۆ لەوانەیە گونجاو نەبێت قسەیان لەسەر بکرێت بەڵام ناشکرێت پشتگوێ بخرێن.

سەرەڕای داهێنانی ئەو وشانە کە دەکرێت مام جەلالی پێبناسرێنەوە، کەچی ئەوەی لای من مام جەلالی پێدەناسرێتەوەو لە هەموو سەرکردەکانی دیکەی کوردستانی جیادەکاتەوە گەشبینیو کۆڵنەدەری ئەو زاتە بووە، بۆیە من پێموایە باشترین زاراوە کە وەسفی ئەو زاتە بکات "سیاسی محنک"ـە.

# میدیا جیهانیەکان مام جەلال بە سەرکردەیەکی کارییزمی ناودەبەن

**ژیمان**

پاش کۆچی دوای سەرۆک مام جەلال، میدیا جیهانیەکان لە هەواڵ و ڕاپۆرتی جۆراوجۆردا باس لە گرنگی کەسایەتی سەرۆک مام جەلال دەکەن و بەکەسایەتیەکی کاریزمی ناوی دەبەن لەهەمانکاتدا لە دەستانی بەخەسارەت بۆ ناوچەکەو جیهان پێناسەدەکەن.

**واشتۆن پۆست:** مام جەلال یەکێک بوو لە سەرکردە زیرەک و بەهێزەکانی عێراق.

ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمریکی لە ڕاپۆتێکدا لەسەر کۆچی دوای سەرۆک مام جەلال نوسیویەتی، مام جەلال یەکێک بوو لە سەرکردە زیرەک و بەهێزەکانی عیراق کە زۆربەی تەمەنی لەپێناو خزمەتکردن بە پرسی نەتەوەکەی بەسەر بردووە.

ڕۆژنامەکە دەشلێت، مام جەلال لە پیش و پاش نەمانی ڕژێمی سەدام حسێن بەردوام سەردانی پایتەختەکانی جیهانی دەکرد لە پێناو بەرەو پێس بردنی دۆزی میللەتەکەی، مردنی تاڵەبانی لە کاتێکدایە کە بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە بەغداد و هەولێر لە کێشەدان ، لەبەر ئەوەش عێراقیەکان دەپرسن ئەگەر مام جەلال لە گۆڕەپانی سیاسیدا بوایە ئاخۆ ئەو قەیرانانە دروست دەبون؟

**بی بی سی:** مردنی تاڵەبانی لەم کاتەدا بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە.

ڕۆژنامەی (بی بی سی ) ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا نوسیویەتی، کۆچی دوای تاڵەبانی لەم کاتەدا بۆشاییەکی گەورەی دروست کردووە کە پڕکردنەوەی ئەستەمە.
ڕاپۆرتەکە بەناونیشانی (سەرکردەی ڕۆژە هەستیارەکان) باس لەوە دەکات تاڵەبانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە بۆ هەموارکردنی ڕێ لەبەردەم بەدیهێنانی پرسی سەربەخۆی خەباتی گواستەوە بۆ بە دیهێنانی سیستمێکی فیدڕاڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا. هەروەها کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لە داڕشتنی دەستوری نوێی عێراقدا.
**ماڵپەری ڕوسیا تودەی:** تاڵەبانی تەمەنێکی زۆری لە پێناو میللەتەکەی بەسەربرد.
مەڵپەڕی ڕوسیا تودەی، لە بارەی کۆچی مام جەلال نوسیویەتی ، تاڵەبانی تەمەنێکی زۆری لە پێناو کێشەی کوردا بەسەر بردوەو سەرکەوتوو بووە لە گەیاندی دۆزی کورد بە وڵاتانی دەرەوە وەک ( فەڕەنسا، ئەڵمانیا، روسیا، چین ، نەمسا و وڵاتانی عەرەبی وەک سوریاو میسڕ).
ماڵپەڕەکا باس لە کەسایەتی مام جەلال دەکات کە هەیمشە بە خەندەو گێرانەوی نوکتە لەسەر مێزی گفتوگۆ لایەنەکانی ئاشت دەکردەو کێشە گەورەکانی چارەسەر دەکر.
**ڕۆژنامەی گاردیان:** مام جەلال کەسایەتی سیاسی دیار بوو.
ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەڕیتانی لە ڕاپۆرتێکدا بە وردی باس لە ژیانی سەرۆک مام جەلال دەکات و بە کاسەیەتیەکی دیار و کاریگەری سیاسی کورد و عێراق ناوی دەبات.
**فایناشناڵ تایمز:** مام جەلال خاڵی پێکەوە گرێدانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بوو.

ڕۆژنامەی (فایناشناڵ تایمز)ی بەڕیتانی لە بارەی کۆچی دوای مام جەلال نوسیویەتی، مام جەلال کەسایەتیەکی دیاری عیراق بوو کە خاڵی پێکەوە گرێدانی هەموو پێک هاتەکانی عیراق بوو، مردنەکەی لە کاتێکی هەستیار و یەکلاکەرەوەدایە بۆ کوردەکان کە دوای پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە.

**سکای نیوز:** مام جەلال یەکەم سەرۆکی کوردی عێراقە.

ماڵپەڕی (سکای نیوز) عەرەبی لە ڕاپۆرتێکدا باس لە وێستگەکانی ژیانی خەباتی سەرۆک مام جەلال دەکات و بە یەکەم سەرۆکی کوردو حەوتەم، سەرۆکی عێراق ناوی دەبات.

**میدیاکانی ئێران:** مام جەلال یاساناس و کەسایەتییەکی زیرەک و کاریزمایە.

هەواڵی کۆچی دوای مام جەلال لە میدیا ئیرانیەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە بە کەسایەتیەکی کاریزمی ناویان بردووە لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی (شەرق)ی ئێرانی نوسیویەتی "خوات لەگەڵ پیشمەرگە".

لە چەند ڕاپۆرتێکدا ڕۆژنامەکە مام جەلال بە پیشمەرگەو شۆڕشگێڕو کەسایەتی سیاسی بەهێز ناودەبات.

هەروەک میدیاکانی تر هەواڵی کۆچی دوای سەرۆک مام جەلال مانشێتی ڕۆژنامەو هەواڵی میدیا فەڕەنسی، یۆنانی و تەواوی میدیا عەرەبیەکانە هەموان بە گرنگیەوە باس لە ڕۆڵی سەرۆک مام جەلال دەکەن، بەیەکەم سەرۆکی ناعەبەری عێراق ناوی دەبەن.

سەرۆک مام جەلال سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق وسکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆچی دوای کرد.

# مام جەلال لە ئەلبوومی ناخی مندا

**مەلا ڕێباز**

پێشەکییەکی کورت:-
هەڵبەت ئەوە ڕوون و بەڵگە نەویستە کە مام جەلال لە درێژەی تەمەن و خەباتی سیاسی چەندین ساڵەی تایبەتی خۆیدا دەیان کاری جوان و ناوازەو پرشنگ هاوێژی کردووە . کە دەکرێت هەر یەکێک لەو کارانە کتێبێکی تایبەتی لەسەر بنووسرێت . بەڵام من لێرەدا تەنها پێنج لەو کارە جوان و ناوازانە دەخەمەڕوو . دیارە مشتێکیش نموونەی خەرواریکە . کارەکانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوەن .

**یەکەم :-**
**مام و هاوکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**(دەربارەی وێنەکەی مام جەلال لەسەر پەیژەکە)**
ئەم وێنەیە یەکێکە لە وێنە زۆر جوان و ناوازەکانی مام جەلال کە بۆ یادگاری گیراوە. وێنەکە لە ١٩٧٩/١٠/١٨ لە گوندی بێورانی دەڤەری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە لە کوردستانی ئێران لەلایەن (دکتۆر فێردینان هێنە بیشلە)وە گیراوە، ناوبراو خەڵکی وڵاتی نەمسایە. ئەم وێنەیە لە کاتی هاتنی وەفدی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراوە. وەفدەکەی ئێران بە سەرۆکایەتی ( داریوشی

فروهەر ) بوو .کە دواتر کۆماری ئیسلامی ئێران خۆیان کوشتییان. ئەندامانی وەفدەکەش بریتی بوون لە هاشمی سەباغییان وەزیری ناوخۆ . عیززەتوڵڵای سەحابی جێگری سەرۆک وەزیران . وەفدەکەی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەسەرۆکایەتی شیخ عیززەدینی حسێنی بوو . ئەندامانی وەفدەکەش بریتی بوون لە ... شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو .. غەنی بلووریيان .. سەلاحەدینی موهتەدی .. ئەوەی شایانی باسە ئەم گفتوگۆیە بە ناوبژیوانی مام جەلال بوو . ئەو خانووەش دوو قاتەو قاتی ژێرەوە وەفدەکەی ئێران و نوێنەری لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بوو، پەیژەکەش بە قاتی دووەمدا هەڵسپێردراوە. ئەو نووسینەش کە مام جەلال دەینووسێ ئەوە بۆ هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی و دیموکرات و کۆمەڵەی دەنووسێ و ئاگادارییان دەکاتەوە کە لە ئامادە باشیدابن نەوەک دەوڵەتی ئێرانی نییازی خراپ بێت و دەست لە نوێنەرانی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەشێنێت و بە غافڵگیری شەهیدییان بکات. ئەم ئاگادارکردنەوەیەش بۆ ئەوەیە لەکاتی ڕوودانی وادا ، وەفدەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سزای خییانەتی خۆیان بگەیەنێردرێنرێن. لەسەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆکەشدا داریوشی فروهەر بە مام جەلال دەڵێت ئەی ئێمە لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتبووین کە هیچ ڕۆژنامە نووسێکی بییانی هەواڵی ئەم دانیشتنە نەگوازێتەوە بۆ وڵاتانی تر ، ئەی ئەم کابرایە بۆ هاتووە کە خەڵکی وڵاتی نەمسایە . مام جەلالیش لە وەڵامدا بە داریوشی فروهەر دەڵێ .. دکتۆر فێردینان کوردە بەڵام لە وڵاتی نەمسا لە دایک بووە و لەوێش گەورە بووە . هەر بۆیە کوردیش نازانێت . ئەم وەڵامەی مام جەلال بۆ ئەوەبووە وەفدەکەی ئێران چەواشە ببن و ئیتر گەڕ بە دکتۆر فێردینان نەکەن و کێشەی بۆ دروست نەکەن . ئەو بەدووادا چوونەی داریوشی فروهەر نییاز خراپی ئەوان

بەرامبەر بە گفتوگۆ دەردەخات . گفتوگۆکەش لەسەر چەند خاڵێک بووە، لەوانە :-

١- ئاسایکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و کشانەوەی چەکدارەکانی قیادەی مووەقەتە لە شارەکان کە ببوون بە مایەی سەریەشە بۆ دانیشتووانی شارەکان .

٢ - کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت لە کوردستان .

٣ - زەمینە خۆشکردن بۆ گفتوگۆیەکی جدی لە نێوان هەردوو لادا .

هەر لێرەوە پێویستە ئەوەش بخەینە ڕوو کە یەکێک لەو پێشمەرگانەی لە وێنەکەدا لە پشتی مام جەلالەوە وەستاوە ناوی سەلمان محەممەد سەعیدە و خەڵکی گوندی ئاوبارەی سەر بە ناحیێ ئاغجەلەرەو بە سەلمانە سوور ناسراوە . ئەم پێشمەرگەیە لە ساڵی ٢٠١٤ بە جەڵدە گییانی لە دەستداوە و پرسەکەشی لە سلێمانی بوو . سەلمانە سوور دایکیشی بێدەرییە .. دکتۆر فێردینان دوو کتێبیشی لەسەر کورد نووسیوە کە بەم شێوەیەن : -

١ - مێژووی کورد لەسەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ .. واتە هەتا کاتی نووسینینی کتێبەکە .. کتێبەکەش بە زمانی ئەڵمانییە ..

٢ - کتێبێکی تر بە زمانی ئینگلیزی .. ئەم دوو کتێبە هیچییان نەکراون بە کوردی .. دکتۆر فێردینان لە ساڵی ٢٠١٧ لە سلێمانی خەڵاتی ڕێزلێنانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی پێ بەخشرا بەرامبەر بەو دۆستایەتییەی کە لەگەڵ کورددا هەیەتی و لە ئەورووپاش چەندین کاری باشی بۆ کورد کردووە . ئێستاش لە بەرنامەی دکتۆر فێردیناندایە چەند کارێکی تر بۆ باشووری کوردستان بکات بەڵام ناکرێت لێرەدا جارێ قسە لەسەر ئەو کارانە بکەین هەتا کاتی جێ بەجێ کردنییان . یەکێکی تر لەو کارانەی کە دکتۆر فێردینان بۆ کوردی کردووە کە مایەی ئەوپەڕی دەسخۆشییە ئەویش ئەوەیە کە لە ڕێی پشکنینی( D . N . A ) وە ئەیەوێت بیسەلمێنێت کە کورد نەتەوەیەکی

سەربەخۆیە و بەهیچ شێوەیەک نە ئەچێتەوە سەر فارس و نە ئەچێتەوە سەر عەرەب و نە ئەچێتەوە سەر تورک . ئەم پشکنینەش لەڕێی پشکنینی لیکەوە دەکرێت . بۆ ئەم مەبەستەش دکتۆر فێردینان زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە زۆربەی بەشەکاندا گەڕاوەو نموونەی لیکی بۆ کارەکەی وەرگرتووە . ئەوەی لەم نووسینەدا خستوومەتە ڕوو ڕونکردنەوەیەکی پێویستە لەسەر وێنەکەی مام جەلال لەسەر پەیژەکەو لەسەر ئەو نووسینەی کە مام جەلال دەینووسێت . بەهیوام ئەم نووسینە بەرچاو ڕوونییەک بێت بۆ هەمووان و . شیکردنەوەی چمکێکی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێت .

تێبینی:-

بەشێکی ئەم زانیارییانەم لە مامۆستا سەپان مهابادی وەرگرتووە کە لە وڵاتێکی ئەورپا دەژی. مامۆستا سەپان دۆستێکی نزیکی شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووە. هەروەها پرسیارەکانی منی بۆ دکتۆر فێردینان دەکرد بە ئینگلیزی و وەڵامەکانی ئەویشی بۆ من دەکرد بە کوردی کە لێرەوە زۆر زۆر سوپاسی ئەوو دکتۆر فێردینانیش دەکەم . هەروەها سوودم لە چاوپێکەوتنەکەی کاک خەڵەف غەفور لەگەڵ مامۆستا سلاحەدینی موهتەدیشدا وەرگرتووە . زۆر سوپاسی ئەوانیش دەکەم .

**دووەم:-**

**مام و زانکۆی سلێمانی**

کاتێک کە ڕێککەوتنی ٢٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لەنێوان باڵی مەکەتەبی سیاسی پارتی و حکومەتی عەبدلڕەحمان عارفدا مۆرکرا ، یەکێک لە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە ، کردنەوەی زانکۆیەکی گەورەبوو لە شاری سلێمانیدا . ڕێکەوتنەکە لە ١٢ خاڵ پێکهاتبوو کە زۆر لە بەیانی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ی نێوان سەدام و مەلا مستەفا و خاڵەکانی گفتوگۆی

بەرەی کوردستانی و بەعس کە ساڵی ١٩٩١ لەسەر ئێسک و پروسکی ڕاپەڕین پێکهاتبوو . پێشکەوتوتر بوو . ئیدی بە هیممەتی مام جەلال . حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف ڕازی بوو لەسەر ئەوەی زانکۆیەک لە ناو شاری سلێمانیدا بکرێتەوە. بەڵام بەهۆی هەندێ هۆکاری تەکنیکییەوە دوواکەوت . کاتێکیش لە ساڵی ١٩٦٨ دا کە حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف ڕووخاو بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم ، تەئکیدییان لەو ڕێککەوتنەی حکومەتی پێش خۆیان کردەوەو بەڵێنی جێ بەجێ کردنییان بە باڵی مەکتەبی سییاسی پارتی دا . وەک یەکەم هەنگاویش لە ٢٣ / ١٠ / ١٩٦٨ دا زانکۆی سلێمانییان کردەوە . ئەم زانکۆیە بوو بە سەرچاوەی زانست و مەعریفە بۆ باشووری کوردستان . بۆ ناو شاری سلێمانیش بوو بە فاکتەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشییاری و ڕۆشنبیری بۆ دانیشتوانی شارە حەیاتەکە . کاتێکیش لە ساڵی ١٩٧٤ دا بە هۆی تێکچوونی ئاشتی نێوان کوردو حکومەتی بەعسەوە ئەم زانکۆیە برایە شاری قەڵادزێی سەربەرز ، بەڵام بەعسی داخ لە دڵ بەرامبەر بە کورد ئەم زانکۆیەیان لە شاری قەڵادزێ خەڵتانی خوێن کرد . بەڵام ساڵی ١٩٧٥ و دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بە هیممەتی کورد پەروەران جارێکی تر زانکۆی سلێمانی هەر لەناو شاری سلێمانیدا بووژێنرایەوە و کەوتەوە سەر قاچی خۆی .بەڵام کاتێک لە ساڵانی هەشتاکاندا کە خۆپیشاندانەکان زۆربەی هەرەزۆری شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە زانکۆی سلێمانیش کەوتە گێڕانی ڕۆڵی پێشەنگی خۆی لەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بەرفراوانەدا . لە ئاکامدا دەیان خوێندکاری شۆڕشگێڕ گیران و لە سێدارە دران .ڕۆڵی پێشەنگی زانکۆی سلێمانی لە خۆپیشاندانەکاندا ڕقێکی ئەستووری لە ناخی بەعسی دەسەڵاتداردا دروستکرد.

هەربۆیە بەشێوەیەکی وەحشیگەرانە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی زانکۆی

سلێمانی داو لەبری ئەوە هەر لە ساڵانی هەشتاکاندا لە شاری هەولێر زانکۆیەکییان بەناوی بەناوی زانکۆی سلاحەدینەوە کردەوە . ئەم ناوەش بۆ ئەوە بووە کە بە حسابی ئەوان سلاحەدینی ئەیوبی باپیرە گەورەی عەرەبەو ئەم زانکۆیەش دەبێت بە هەڵگری ناوی ئەو . بەڵام دووای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٩١ زەمان و زەمینی ئەوە ڕەخسا و باشووری کوردستان بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری سەرتاسەری ڕێکخراو لە دەسەڵاتی بەعس پاککرایەوە . ئیدی دوای ئەوە بیری زیندووکردنەوەی زانکۆی سلێمانی ، هەست و بیرو مێشکی مام جەلالی داگیرکرد . بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا قسەی لەسەر کرا هەتا دوواجار لە ساڵی ١٩٩٢ دا کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان بەڕێزان مام جەلال وکاک نەوشیروان مستەفا و دکتۆر کەمال فوئاددا کرا . بۆئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت زانکۆی سلێمانی بژێنرێتەوە . هەتا لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوەش خرابووە ڕوو کە دکتۆر کەمال خۆشناو بکرێت بەسەرۆکی زانکۆکە . هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا بڕیار لەوە درابوو کە کاک نەوشیروان مستەفا بابەتی مێژووی سیاسی و کاک دکتۆر کەمال فوئادیش بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بڵێتەوە . تەنانەت مام جەلال لە حەزکردنی بۆ مامۆستایەتی زانکۆ لە بڕگەی وتارێکدا دەڵێت ئەگەر سیاسەتم نەکردایە حەزم دەکرد ببم بە مامۆستای زانکۆ . بەو شێوەیە لە ١٤ / ١١ / ١٩٩٢ دا زانکۆی سلێمانی ژێنرایەوەو بوو بەو زانکۆ ناودارەی کە ئێستا هەیە .کە ئەمەش بۆ هیممەتی مام جەلال دەگەڕێتەوە . ئیتر نازانم چۆن ڕاگەیاندنە چەواشەکارەکان ڕێگا بە خۆیان دەدەن کە قسە لەسەر ئەوە بکەن کە نابێت وێنەی مام جەلال لە دەروازەی زانکۆی سلێمانی دابنرێت .

**سێیەم:-**

**لە نێوان مام جەلال و کاک جەلالدا**

مام جەلال بەوە ناسراوە کە زۆر حەزی لە قسەی خۆش و نوکتەو گێڕانەوەی حیکایەتی پێکەنیناوی بوو . منیش لێرەدا ئەم نووکتەیەی مام جەلالتان بۆ دەگێڕمەوە کە یەکێکە لە نووکتە سەرەنج ڕاکێشەکان . لە گەرمییان لە ساڵانی هەشتاکاندا پێشمەرگەیەک ناوی جەلال دەبێت . ئەو دەڤەرەش لە خۆشەویستیدا پێی دەڵێن مام جەلال . ئەو جەلالە لەگەڵ پێشمەرگەکانی گەرمییاندا بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکێک دەچن بۆ یاخسەمەر .مام بەرگوێی دەکەوێت کە بەو پێشمەرگەیە دەڵێن مام جەلال . مامیش بانگی دەکات و پێی دەڵێت تۆ پێشمەرگەی کوێیت ؟ ئەویش دەڵێت پێشمەرگەی دەڤەری گەرمییانم . دوای ئەوە مام لێی دەپرسێت ئەی ناوت چییە ؟ ئەویش دەڵێت ناوم جەلالە بەڵام لە گەرمییان لەبەر خۆشەویستی پێمدەڵێن مام جەلال . مامیش دوای پێکەنینێک پێی دەڵێت مادام وایە ئیتر لە ئەمڕۆوە تۆ مام جەلال و منیش کاک جەلالم . چەند ڕۆژێک دوای ئەوە نامەیەک بۆ مام دێت . ئەو مامجەلالەی گەرمییان نامەکەوەردەگرێت و دەیکاتەوەو دەیخوێنێتەوە کە لە کاتێکدا کەس نەیدەوێرا هیچ نامەیەک لەو نامانە بکاتەوە کە بۆ مام دەهاتن . مام نامەکەی بە کراوەیی دەگاتە دەست . زۆر توڕە دەبێت و دەڵێت کێ ئەم نامەیەی کردۆتەوە ؟ پێی دەڵێن پێشمەرگەیەک کردوویەتییەوە ناوی مام جەلالە و پێشمەرگەی هێزەکەی گەرمییانە . مامیش بە توڕەییەوە دەڵێ هەر ئێستا ئەو پێشمەرگەیەم بۆ بانگبکەن . پێشمەرگەکەی بۆ بانگ دەکەن . مام بە گۆچانەکەی دەیەوێت لێی بدات . پێشمەرگەکەش گۆچانەکە دەگرێت و دەڵێت هەڤاڵ مام جەلال پەلە مەکە با بۆت ڕوونبکەمەوە بزانە بۆچی نامەکەم کردۆتەوە . مامیش دەڵێ فەرموو گوێم لێت گرتووە . ئەویش دەڵێ ئەی من و تۆ لەسەرئەوە ڕێکنەکەوتین کە ئیتر من مام جەلال و تۆش کاک جەلال بیت .

ئەی پێشنییازەکەش هەر هی خۆت نەبوو ؟ مام بە کوڵ دەسدەکات بە پێکەنین و دەڵێت وەڵڵاهی خۆ ڕاست دەکەیت وا بوو . ئیتر پێشمەرگەکەش دەڵێت لەبەرئەوە من نامەکەم کردۆتەوە . دوای ئەوە مام لێی دەپرسێت تۆ پلەی پێشمەرگایەتیت چی یە ؟ ئەویش دەڵێت فەرماندەی مەفرەزەم . هەر لەوێ مام پێی دەڵێت مادام تۆ ئەوەندە وریایت ئیتر تۆ لە ئەمڕۆوە فەرماندەی کەرتیت و تیپەکەشت لەو پلە بەرزکردنەوەیە ئاگادار دەکەمەوە . ئیدی پێشمەرگەکە بە فەرماندەی کەرت دەگەڕێتەوە بۆ تیپەکەی خۆی . بەڵام زۆر زۆر بەداخەوە ئەو پێشمەرگەیە لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەر هێرشی ئەنفال دەکەوێت و لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال دەکرێت .

**چوارەم:-**

**مام و حەسەن زیرەک**

**(مام جەلال چۆن حەسەن زیرەکی بردووە بۆ ڕادیۆیی کوردی بەغدا؟)**

هەتا ئێستا زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە مام جەلال چون حەسەن زیرەکی بردووە بۆ ڕادیۆیی کوردی بەغداو لەوێ گۆرانی وتووە . مام جەلال بۆ خۆی لە وتارێکی یادەوەری تایبەت بە گۆڤاری خاکدا . لە ژمارە ( ٤١ ) ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ ی ئەو گۆڤارەدا دەڵێت :- [ بەهارو هاوینی ساڵی خوێندنی ( ١٩٥٤ - ١٩٥٥) لەگەڵ هاوڕێی دێرینم کاک مستەفا قەرەداخی کە تازە لە ئەمریکا هاتبوەوە ، پێکەوە لە ژوورێک دەژیان لە ئوتێل ( الشمال الکبیر ) ی خوا لێخۆشبوو کاکە حەمە . لەو ئوتێلەدا حەسەن زیرەک وەک کرێکار کاری دەکرد . منیش ئەوسا وەک لاوێکی چەپی خۆ بە مارکسیست زان عەودالی هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنی ڕەنجدران و کرێکاران بووم . بۆیە دۆستایەتیم لەگەڵ پەیدا کرد . کە زانیم کوردی کوردستانی ئێرانیشە ئیتر ترسم لێی ڕەوییەوە کە سیخوڕی عێراق بێت .

بۆیە زووتر لەگەڵیا چوومە ناو باسەکانەوەو لە ڕێی کوردایەتییەوە ڕامکێشا بەلای خۆماندا ، تا وای لێهات ئەو بڵاوکراوانەی نهێنی ، چی هی خۆمان و چی هی حیزبەکانی تر ، لای ئەوم دادەناو ئەویش لە ژوورەکەی سەرەوەی ئوتێلەکە ، لەسەربانەکە ، کە زۆرتر نوێنی تێدا هەڵدەگیرا ، بۆی دەشاردمەوە . شەوانەش ناو بەناو کە ئیشی کەم دەبوو دەهاتە لام لە ژوورەکەم . تا ڕۆژێکیان بەسەریدا چووم کە گۆرانی ( کیژان دەچنە مێرگوڵان ) ی دەگوت . منیش تاوێک هەستم لێی ڕاگرت و گوێم لێ گرت و زۆرم بەلاوە خۆش بوو . ئیتر پرۆزباییم لێکردو تەشویقم کرد . شەویش کە هاتە ژوورەکەمان داوام لێ کرد گۆرانییەکم بۆ بڵێتەوە . بەڕاستی زۆرم بەلاوە خۆش بوو . ئەویش هەندێ گۆرانی تری فۆلکلۆری کوردی بۆ گوتین کە لە ناویاندا ( دەسماڵ هەریری سوورە ) شم زۆر بەلاوە خۆشبوو . ئیتر لەگەڵ کاک حەسەن زیرەکی هەڤاڵ و دەنگخۆشدا تا دەهات بەینمان خۆشتر دەبوو . ئەویش شەوان درەنگ کە کارەکانی لەسەر سووک دەبوون ، دەهاتە لام لە ژوورەکەمان و گۆرانی خۆشی بۆ دەگوتین . پاش ماوەیەک دیم دەنگی خۆشەو بە تایبەتی شارەزاییەکی باشی هەیە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا . بۆیە کەڵکەڵەی گەیاندنی ئەو دەنگەیم بە ڕادیۆ کەوتە سەر . بۆیە هەڵسام چوومە لای کاک ( عارف تاڵەبانی ) خزممان کە ئەوسا ( مفتش اداری ) بوو لە وەزارەتی ناوخۆو زۆر دۆستی مدیری ئیزاعەی کوردی بەغدا بوو . لەلای کاک عارف باسی حەسەن زیرەک و گۆرانییەکانم بۆ کرد ، ئەویش بەلایەوە باش بوو کە بیبەینە ئیزاعەی کوردی بەغدا . هەر بۆیەش لەبەر چاوی خۆم قسەی لەگەڵ مدیری ئیزاعەی کوردی کردو ئەویش ڕازی بوو ، داوای کرد من حەسەن زیرەک بەرمەلای و ئەوانیش تاقی بکەنەوە . ئەوەبوو منیش چوومەوە ئوتێل ومژدەکەم دا بە حەسەن زیرەک . ئەویش لە خۆشیانا قاچی ئەرزی نەدەگرت . بۆ ڕۆژی دووەم کە بردم لەگەڵ خۆم بۆ ئیزاعەی کوردی

زۆر لەسەر خۆ لە تاقیکردنەوەدا بەشداری کردو سەرکەوتوو بوو . لەو ڕۆژەوە وەرگیرا بە گۆرانیبێژ ، بەو شەرتەی هەفتەی جارێک بچێت گۆرانی بڵێت و هەر جارەی ٣ یان ٤ دیناری بدرێتێ . ئەوەش ئەوێ ڕۆژێ زۆر زۆر بوو ، چونکە ئەو لە ئوتێلەکە جگە لە خواردن و نووستن تەنها ٣ دیناری وەردەگرت . بەم جۆرە حەسەن زیرەک بوو بە گۆرانیبێژ لە ڕادوێی کوردی بەغدا . وەزعی مالیشی باشبوو .هەر لە سایەی خەباتگێڕیشدا بەکاک حەمە سوورم ناساند کە ئەویش کرێکار بوو لای برایمی مسور . هەردووکیانم لە شانەیەکدا کۆدەکردنەوە ، هەردووکیانیش بوون بە هەڤاڵ ، پاشان حەسەن زیرەک خوشکی حەسەنە سووریشی هێنا . هەرچەندە ئەم ڕاستییانەی سەرەوە وا بۆ یەکەمین جار بڵاو دەکرێتەوە ، بەڵام خانمی حەسەن زیرەک لێی ئاگادارە ، خوا لێخۆشبوو خۆشی جارێکیان باسی کردووە ، بەڵام چونکە لە زەمانی شادا نەیدەوێرا ناوی من بهێنێت ، دەڵێ یەکێک ئەوی بردۆتە ڕادیۆ کە پێیان دەگوت مام . ] . ئەمە حیکایەتی چۆنێتی بردنی یەکەمجاری حەسەن زیرەکە لەلایەن مام جەلالەوە بۆ ڕادوێی کوردی بەغدا . حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٦٧ یشدا ماوەیەکی زۆر لە شاری چەمچەماڵ ماوەتەوە و لە هەردوو چاخانەکەی شاردا بەرامبەر بە بڕێ پارەی کەم و بۆ دابینکردنی بژێوی ژییانی ڕۆژانەی خۆی ، گۆرانی وتووە . باوکم بۆی باسکردم ئەو بۆ خۆی لە چاخانەکەی مامە حوسەی نەریمانی برای سالار ئاغای هەکزی گوێی لە حەسەن زیرەک گرتووە کە گۆرانی وتووە . هەر لەو ماوەیەشدا حەسەن زیرەک لەگەڵ یەکێک لە کادیرە باڵاکانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا لە چەمچەماڵ دۆستایەتی یەکی پتەو دروست دەکات، بەوردیش باسی یەکم یەکتر ناسینی خۆی و مام جەلال بۆ ئەو کادیرە دەکات وئەوەشی بۆ باس دەکات کە چۆن مام جەلال بۆ یەکەمجار بردوویەتی بۆ ڕادیۆی کوردی بەغداو ئیتر لەوێ هەفتانە گۆرانی وتووە . ئیتر هەر لە ڕێی ئەو کادیرە پلە

باڵایەوە حەسەن زیرەک دەبرێت بۆ بەکرەجۆو لەوێ بۆ جاری دووەم بە دیداری مام جەلال شاد دەبێ . وەک وتمان یەکتر بینینی یەکەمییان لە شاری بەغدا بووە . لەم یەکتر بینینی دووەمەدا مام جەلال و حەسەن زیرەک بەیەکەوە دادەنیشن و باسی چۆنێتی یەکەم یەکتر ناسین دەکەن . ئیدی دوای ئەوە بۆ جاری دووەم هەر لە ڕێی مام جەلالەوە دەگەیەنرێتە ڕادیۆی کوردی بەغداو لەوێ چەند گۆرانییەک تۆمار دەکات . دوای ئەوەی کە حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کوردی بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان . فەرەنسۆ حەریری بەمە دەزانێت کە لە ڕێی مام جەلالەوە گەیشتۆتە ڕادیۆی کوردی بەغدا ، ئیدی بەمە فەرەنسۆ حەریری ئاگر لە کەوڵی بەردەبێت بۆیە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێت کە حەسەن زیرەک سەرخۆش بکات و بە گۆرانی سووکایەتی بە مام جەلال و باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بکات . فەرەنسۆ حەریری فرسەت دێنێت و حەسەن زیرەک سەرخۆش دەکات و گۆرانی داشۆرینی مام جەلال و باڵی مەکتەبی سیاسی پێ دەڵێت و لە کاسێتێکدا تۆماری دەکات . لە سەرەتای کاسێتەکەدا کەسێک بە قسەکردن بە حەسەن زیرەک دەڵێت فەرموو لەسەر داوای کاک فەرەنسۆ حەریری گۆرانی جاشی شەست و شەشمان بۆ بڵێ ئەویش بەپێی خواستی ئەوان گۆرانی داشۆرین دەڵێت . من بۆخۆم گوێم لەو کاسێتە بووە کە حەسەن زیرەک چی بە مام جەلال و باڵی مەکتەبی سیاسی دەڵێت . کە مام جەلال بەمە دەزانێت زۆر بێ تاقەت دەبێ هەر بۆیە لە ڕێی ئەو کادیرە پلە باڵایەوە زۆر گلەیی لە حەسەن زیرەک دەکات و دەڵێ نەئەبوو کاری وا نەشییاو بکات . کادیرەکەش هەموو گلەییەکانی مام جەلال دەگەیەنێتەوە بە حەسەن زیرەک . ئیتر دوای ئەوە حەسەن زیرەک زۆر پەشیمان دەبێتەوەو داوای لێبووردن دەکات و داوایش دەکات ئەو کادیرە پلە باڵایە بیباتەوە بۆ لای مام جەلال و هەتا ڕاستەوخۆ داوای لێبووردن لە مام جەلال بکات . کادیرەکەش حەسەن زیرەک دەباتەوە

بۆ بەکرەجۆو بۆ لای مام جەلال . ئیتر حەسەن زیرەک لەوێ زۆر داوای لێبووردن لە مام جەلال دەکات و دەڵێ ئامادەم کاسێتێکی تر دەرکەم کە تایبەت بێت بە هەجووکردنی مەلا مستەفاو حیزبەکەیان بەڵام مام جەلال بەمە ڕازی نابێت، نایەڵێت حەسەن زیرەک کاری وا بکات . لێرەوە تەماشای لێبووردەیی مام جەلال بکەن بۆ جاری سێ یەم ئەیباتەوە بۆ ڕادیۆیی کوردی بەغداو چەند گۆرانی یەکی تر لەوێ تۆمار دەکات و مانگانەش مام جەلال بڕی دە دیناری بۆ دەبڕێتەوە . کە فەرەنسۆ حەریری ئەمە دەزانێت ئەوەندەی تر شێتگیر دەبێت . ئیتر فەرەنسۆ حەریری دەکەوێتە هەوڵی ئەوەی چۆن حەسەن زیرەک لەناو ببات و بیفەوتێنێت . کاتێک کە هەردوو باڵەکەی پارتی یەکدەگرنەوە ، مام جەلال دەچەێتە دەرەوەی وڵات و ئیتر لە ساڵی ١٩٧١ دا فەرەنسۆ حەریری مانگانەکەی حەسەن زیرەک دەبڕێت و دەرمانخواردی دەکات . ئیدی بەمە حەسەن زیرەک توانای گۆرانی وتنی نامێنێت و نەخۆش دەکەوێت . لە ساڵی دوواتردا واتە لە ساڵی ١٩٧٢ دا بە یەکجارەکی ماڵئاوایی لە ژییان دەکات و دەمرێت . ئەو نووسینەی لای سەرەوە چۆنێتی یەکتر ناسینی مام جەلال و حەسەن زیرەکە . هیوا دارم توانیبێتم ڕاستی یەکانم وەک خۆی خستبێتەڕوو.

تێبینی:-

ئەم زانیارییانەم ڕاستەوخۆ لەو کادیرە پلە باڵایەی ئەوکاتی باڵی مەکتەبی سییاسی پارتی وەرگرتووە کە بە داخەوە ئێستا لە ژییاندا نەماوە. خواستی خۆیشی وابوو کە ناوی نەهێنم. زانیارییەکانیشم لەشاری سلێمانی و لە بارەگای کوردستانی نوێ لێوەرگرت.

**پێنجەم:-**

**مام و گەشبینییەکانی**

ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتداری ئەوکاتی عێراق ، دوای ئەوەی شەڕی ئێرانی لە کۆڵ بۆوە ئیتر بۆ گییانی کورد دەس ئاوەڵلا بوو . ئیتر بە سوپایەکی زۆری پڕ چەکی مۆدێرنەوە لە هەموو لایەکەوە کەوتە پەلاماردانی جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد .. لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا هەموو دەڤەرە ئازادکراوەکانی کوردستانی داگیرکردەوە . هێزی پێشمەرگە هەموو ئاودیوی سنوورەکانی ئێران بوین . بە بڕیاری سەرکردایەتی بارەگای مەڵبەندەکانیش هەر لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران دانران . مەڵبەندی ئێمەش کە مەڵبەندی دوو بوو لە بلەکێ وبانوان جێگیر بووین . کە هەر مەڵبەندێکیش لە چەند تیپێکی پێشمەرگایەتی پێکهاتبوو .. بەڕاستی زۆربەی زۆری هێزی پێشمەرگە ڕووخابوین . مام جەلالیش سەفەری دەرەوەی کردبوو .. زۆربەی بەرپرسەکانیش بە مەڵبەندەکاندا دەگەڕان . لەبری ورە خستنە بەر پێشمەرگە ، کەچی پێشمەرگەیان دەڕووخان . ئەیانوت ئێمە ئەم هێزە زۆرەمان بۆ ناژێنرێت ئیمکانییەتی ئەوەمان نییە ئیدارەی ئەم هەموو هێزە بدەین . دەشیان وت ئازادن چۆن بیر لە چارەنووسی خۆتان دەکەنەوە . ڕێگریتان لێناکەین بۆ چوونتان بۆ ئەوروپا یان کاسپی کردن لە شارەکانی ئێران .تەنانەت ڕێ لە گەڕانەوەشتان ناگرین بۆ عێراق . وتیان ئەگەر سبەیش شتێک بوو ئەوا ئێوە هەر پێشمەرگەکەی جارانن حسابی دابڕاوتان بۆ ناکرێت . ئەو سەرکردانە خەریک بوون بڵاوە بە هێزی پێشمەرگە بکەن . ئەم هەواڵانە هەموو گەیشتنەوە دەم مام جەلال . بۆیە بە پەلە گەڕایەوە بۆ ئێران . کەوتە کۆبوونەوەکردن بە مەڵبەندەکان .. سرەی کۆبوونەوەی مەڵبەندەکەی ئێمەش هات . ڕۆژێک لە نێوان بلەکێ و شاری بانەدا لە جێگایەکی خۆش و دڵگیردا هەموو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوو لەوێ کۆکراینەوە . پێویستە ئەوەش

بڵێین کە ئەو کاتە کاک قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەندو شەهید عەبدولڕەزاقیش لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و کاک حاکم عومەریش لێپرسراوی ڕێکخراوی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بوو . دوای چاوەڕێیەکی کەم مام جەلالیش گەیشتە جێ .سەرەتا خولەکێک بۆ گیانی پاکی شەهیدان بە پێوە وەستاین . ئیتر هەموو پێشمەرگەکان دانیشتین. مام جەلالیش دانیشت تەسجیلێکی لەبەردەمدا دانرا کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد . من ئەوە یەکم جارم بوو لە کۆبوونەوەی مام جەلالدا دابنیشم . مام جەلال سەرەتا بە سەرزەنشتکردنی ئەو بەرپرسانە دەستی پێکرد کە وورەی پێشمەرگەیان دەڕوخاندو خەریکی بڵاوە پێکردنی هێزی پێشمەرگە بوون . بەوردی باسی بارودۆخی نێودەوڵەتی بۆ کردین . ئەوەندە ورە بەرزانە قسەی دەکرد بەڕاستی بێ وێنە بوو . هەموومانی شەحن کردەوە . لە درێژەی قسەکانیدا وتی :- ئێمە کەسمان لێ زیباد نییە ڕێگە نادەین کەسیش بە هیچ لایەکدا بڕوات . بۆ هەمووان خولی سیاسی و سەربازی دەکەینەوە . بە دڵنیاییەوە بژێویی ژیانی هەمووتان بە زیادەوە دابین دەکەین . تەنانەت زۆر بە ورەیەکی بەرزەوە ئەوەشی وت کە مانەوەمان لە کوردستانی ئەمدیودا کاتییەو لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموومان سەربەرزانە ئەگەڕێینەوە بۆ شوێن و جێگاکانی خۆمان چونکە بارودۆخی نێو دەوڵەتی لە بەرژەوەندی ئێمەیە نەک دەسەلاتی ڕژێمی سەدام . دواتر دەرگای پرسیارو وەلام کرایەوە . دوای چەند پرسیارێکی کەم کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و مام جەلال بەرەو قاسمە ڕەش و ئێمەی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دوویش بەرەو بلەکێ و بانوان گەڕاینەوە . لە کۆتایدا ئەوە دەڵێم بەڕاستی مام جەلال سەرچاوەی ورەیەکی پۆلاین بوو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان . هەزاران سلاو لە گیانی پاکی و ڕۆحی ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

# مام جەلال و کڵاوەکەی محمد مهدی جەواهیری



خاتوو (مرواری احمد عبدالله) کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠ی شاری سلێمانیە، لە خۆشەویستی بۆ کوردستان و بۆهەڤاڵ مام جەلال لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا وایلێدەکات ساڵی ١٩٦٣ کڵاوێک بەدەستەکانی خۆی بۆ هەڤاڵ مام جەلال بچنێت.

کڵاوەکە لە ( بلوری سپی و کۆکلەی زەرد و ڕەش) دروستکرابوو، خاتوو مرواری مام جەلالی بە شایستەترین کەس زانیوە تا ئەو کلاوەی بەدیاری بداتێ چونکە لەسەر کڵاوە کە نووسرابوو (یا کوردستان، یا نەمان) .

ئەوکات مام جەلال وەفد بوو لەبەینی حکومەتی عێراق و مەلا مصطفی دا. کڵاوەکە دراوە بە (مجیدی مام تۆفیق) کە بیگەیەنێتە دەست مام جلال ئەوکاتەی لە گورگەدەر بوون .

لە کۆنفرانسێکی ئەدەبی ساڵی ١٩٦٣ لە بغداد (تاڵەبانی) محمد مهدی جەواهیری شاعیری گەورەی عەرەب دەبینێت و باسی توشبوونی بە نەخۆشییەک بۆ دەکات کە دکتۆر پێی وتووە دەبێت پارێزگاری لەسەری بکات لە تیشکی خۆر بەو هۆیەوە نیگەران بووە، جەواهیری وتوویەتی لەهەموو شوێنەکانی جیهان کڵاوم بۆ هاتووە بەڵام چارەسەر نەبوون بۆ سەرم تاڵەبانی دەڵێت من کڵاویکم لایە لێینووسراوە (یا کوردستان یا نەمان) ئەوەت بەدیاری ئەدەمێ ئایا لەسەری دەکەیت ئەویش ئەڵێت بەشانازیەوە .

بە وتەی دکتۆرە خەیال کچی جەواهیری، نەخۆشییەکەی باوکی بەو کڵاوە چاک بووە، بۆیە هەموو ساڵێک داوای لە تاڵەبانی کردوە تا کڵاوێکی بۆ بنێرێت، کڵاوەکەش تائێستا لای کچەکەی جەواهیری (دکتۆرە خەیال) پارێزراوە.



# وێنەکان


















































































PUKmedia












مَجلِس الحُكم






















'99 1 15
































78 12 31







































































































**!Error**
















La même année, Bernard Kouchner entre les dirigeants kurdes,
Talabani et Gassemlou. “Gassemlou, le démocrate de combat,
qui finira assassiné, m'a tant appris”, dit Bernard Kouchner.

















































